ژیـــر

# توێژینەوە

# کوردایەتی
# و
# سەربەخۆیی

ژیر

توێژینەوە



## نووسەر لەچەند دێڕێکدا

* کامیل ژیر نیزامەدین.

* بەکەلوریوس لەیاسادا سالّی 1966.

* پارێزەر

* سـەرۆکی لقـی سـلێمانیی کۆمەڵـەی یاساناسان 1970-1974.

* لەدامەزرێنـــــەران و ئەنـــــدامی سەرکردایەتیی کاژێك 1959 و ئەنـدامی نوسـینگەی سیاسـیی پاسـۆك 1991 و ئەنـدامی سـەرکردایەتیی پـارتی یـەکگرتن 1993 و ئەنـدامی لیژنـەی بـالآی کـۆنگرەی نیـشتمانیی کوردسـتان لەباشـوور 2002.

* دامەزرێنەری لیژنەی کۆششی نەتەوەیی 1994.

* سەرپەرشتیاری گۆڤاری هیـوا 1957 و

ژیـــر | توێژینەوە

# کوردایەتی و سەربەخۆیی

کوردایەتی‌و سەربەخۆیی
چاپی یەکەم: 2002
دانەر: کامیل ژیر
تیراژ: 1000 دانە
چاپخانەی رەنج
کۆمپیوتەر: سەیران ئەمین
ژمارەی سپاردن:(411)ی ساڵی 2002.
لەسەر ئەرکی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان چاپکراوە.

# وشەیەکی پێویست

کوردایەتیو دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ.. ئەوە ناوی ئەو نامیلکەیەمە کە ساڵی 1994 بنکەی چاپەمەنیی رۆژ لەسوید .. ستۆکهۆڵم لە 106 لاپەڕەدا چاپی کردو بڵاوی کردەوە. بەهۆی ئەوەوە کە ئەو نامیلکەیە تەنیا دە پازدە دانەیەکی گەیەنرایە کوردستان، ویستم لێرە چاپی دووەمی بکەمەوە، بۆ ئەو مەبەستە رووم لەوەزارەتی رۆشنبیری نا لەسلێمانی، ئەویش بەرهەمەکەیدا بەپسپۆڕێک. پسپۆڕی بەڕێز کە نازانم کێیە، بەسوپاسەوە هەندێک سەرنجی بەجێی هەبوو. لەوانە: (بەشێکی بابەتەکە بۆ چەند ساڵێک پێش ئێستا نوسراوەو ئەشێ بۆ ئەو سەردەمە گونجاوبێ)، جا ئەگەرچی وەزارەت، بەسوپاسەوە، ئامادەیی خۆی پیشاندا بۆ چاپی دووەم، بەڵام قسەکەی پسپۆڕ هانیدام چاوێک بخشێنمەوە بەبەرهەمەکەدا. لەئەنجامدا بوو بەبەرهەمەێکی جیاواز لەوەی پێشوو، ئەگەرچی هەر لەسەر بناغەکەی ئەو دام مەزراندەوە. بۆیە ناوێکی جیاوازیشم لێنا: کوردایەتیو سەربەخۆیی.

من هەمیشە لەو باوەڕەدا بوومو درکاندووشمە کە دامەزراندنی قەوارەیەکی رامیاریی کوردی، لەهەر جێگەیەکی کوردستاندا، لەپێویستییە لەپێشەکانی نەتەوەی کوردە، ئیتر بارستاییو جۆری ئەو قەوارەیە هەر چەندێکو هەر چۆنێک بێ، کە داشمەزرا، ئەبێ وەک بیلبیلەی چاو بپارێزرێو گەشەی پێ بدرێ. لەبەر ئەوە لەو رۆژەوە رەشم لەسپی جیاکردۆتەوە، هەوڵم داوە بۆ قەوارەیەکی لەو جۆرە. لەیەکەم رۆژی دامەزراندنی ئەم قەوارە رامیارییەی باشووری کوردستانیشەوە، دوای راپەڕینە پیرۆزەکەی بەهاری 1991، پەرۆشی پاراستنو گەشەکردنی ئەم قەوارەیەم. پەرۆشبوونەکەشم ئەم لایەنانەی گرتۆتە خۆی:

خەباتی کردەییو بیریاریو پاراستنی یەکێتی ریزەکانی گەل، وەستان دژی شەڕی ناوخۆو کۆششی ئاشتی، پەرەپێدانی هوشیاریی نەتەوەیی،

بەگژاچـــوونەوەی هــەر لایــەن‌و بیروبــاوەڕو کـــردەوەو دیارژدەیـــەکی زیانبەخش بەنەتەوەی کوردو.. هتد، لەو پێناوەشدا بەر گەلێ مەترسی کەوتووم. چەندین هەلی بەرژەوەندیی تایەبەتی خۆمم رەتکردۆتەوە کە ناجۆربووبێ لەگـەڵ بەرژەوەنـدیی گـشتی نەتەوەکەمـدا، هەمیـشە بـێ پــەردەو جەســوورانە کــارم کــردووەو دواوم. دەربەســتی کاردانــەوەی نەیارانیشم نیم.

مەبەستم لەو وقسانە، پیاهەڵدان نیە بە خۆمدا. ئەمەوێ لەنێوان ئەو قسانەوە بچمە ناو دەروازەی ئەم پەڕاوەوە کە چەند تەوەرەیەکی لەخۆی گرتووەو تەوەرەکانیش بەزۆری لەپێناوی خزمەت‌و پاراستنی ئەم قەوارە رامیارییـەی باشـوورو ئاڕاستەکرنیدایە بـەرەو کـەناری ئـارامی‌و ئـازادی‌و سەربەخۆیی سەرتاسەری کوردستان.

ئێمــە نــاتوانین‌و نــازانین ئــەم قەوارەیــەی ئێــستامان لەباشــووردا بپـارێزین‌و گەشـەی پـێ بـدەین، ئەگـەر مێـژووی رامیـاریی نەتەوەکـەمان زانستیانە شی نەکەینەوەو وەڵامی پرسیارە هەنووکەییـەکان، راشکاوانەو نەترسانە نەدەینەوە.

رۆژگارەکـانی مرۆڤایـەتی یەکەیـەکی نەپـچڕاوە، ئـەمڕۆ تەواوکـەرو درێژبوونـەوەی دوێنێیـە. سبەینێش هـی ئـەمڕۆ، ئەشـێ رابـردوو پەنـدو ئامۆژگاری بێ بۆ ئێستاو ئاینـدە. ئنجا چاوپۆشین لەهەڵـەکانی رابـردوو و ئێستا، هەرگیز خزمەتی مەسەلەکەمان ناکا. بەڵکو پێچەوانەکەی راستە. واتــا هەڵــەکان ئاشــکرا بکــرێن. رەخنــەکرێن، شــەرمەزارکرێن، رێگــای چارەســەرییان بــۆ بدۆزرێتــەوە. ئــەوەش ئــەرکی سەرشــانی هــەموو دڵـسۆزێکی نەتەوەکەمانـە، راسـتە مـن‌و هـەزارانی وەک مـن هـیچ پلـەو پایەیــەک‌و هــیچ دەســکەوتێکی تایبــەتیمان دەســت نەکــەوتووە لــەم دەسـەڵاتەی ئێـستای باشـووری کوردسـتاندا، بـەڵام هـەموومان بەشـدار ئـەبین لـەزیان‌و نەگبەتیەکـدا کـە لەئـەنجامی تێکـچوون‌و هەرەسـی ئـەو دەسـەڵاتەوە بکەوێتـەوە. بگـرە ئەشـێ ئێمـەومانان زیـاتر بـەر مەترسـی‌و کوێرەوەری بکەوین لەوانەی وەک بـەرزەکی بانان بـۆی دەرئەچن. ئەوەو

**لەگــەڵ بەتەنگــەوە بوونمــان بــۆ ئاینــدەی نەتەوەکــەمان بەگــشتیو گەشـەپێدانی ئـەو دەسـەڵاتە بەتایبـەتی، هانیـان دایـن بـۆ وەڵامدانـەوەی پرسـیارە هەنووکەییـەکان، ئـەو پرسـیارانەش لەخولگـەی ئـەم تەوەرانـەدا ئەسورێنەوە:**

**- کورد؟**

**- کوردستان؟**

**- کوردایەتی؟**

**- دەرچوون لەبازنەی سەپاو؟**

**- هۆی نەبوونی قەوارەیەکی رامیاریی سەربەخۆمان؟**

**- دەوڵەتی مادو نیمچە قەوارەکانمانو میرنـشینیەکانمانو حکومەتەکـەی شێخ مەحمودو تێکڕا شۆڕشەکانمان بۆ ئەنجامدار نەبوون؟**

**- کاژێکو پاسۆك بۆ بەردەوام نەبوون؟**

**- ئێستای باشووری کوردسـتان، ئایـا سـەرکردایەتیو رامیـاریی کـوردی ئەمڕۆ لەئاستی هەلی سەربەخۆییدایە؟**

**- ئایا پێکەوە ژیان ئەستەم نیە؟**

**- ئایــا ســەرکردایەتیی رامیــاری کــوردی ئــەمڕۆ لەئاســتی هــەلی سەربەخۆییدایە؟**

**- ئایا هەلومەرجی سەربەخۆیی لەئارادایە؟**

**- رێگای سەربەخۆیی، گرنگـی بەرنامە، پـرۆژەی بەرنامـەی سـەربەخۆیی، کارە هەنووکەییـەکان، پـرۆژەی بەرنامـەی ئاشـتیو سـەروەری یاسـا، کـاری بەکۆمەڵ، پرۆژەی بەرنامـەی نـەبوونی سـەربەخۆیی، کۆشـشە نەتەوەییـەکان، ئەوانە بابەتی بەشەکانی ئەم نووسینەمانن بەپێی راودیدو بۆچـوونی ئێمـە، بـۆ رەخنەو رای پێچەوانەش ئامادەو سنگ فراوانین. بەپیر هەر کەسێکی تریـشەوە ئەچین کە بەردێك بخاتە سەر بەردێك لەدروستکردنی تەلاری نەتەوایەتیماندا.**

**لەگەڵ رێزماندا**

**نووسەر**

# کــــورد

لەبارەی نەژادی کوردەوە زۆر نووسراوە.. کورد ئەوەیە کە ئەمڕۆ هەیە: خەڵکانێکی زیاد لەچل ملیۆن، نیشتەجێی کوردستانو پەڕەوازە بەجیهاندا، خۆیان بەنەتەوەیەك ئەزانن کە پێی ئەوترێ کورد.

# کوردستان

خاکی نەتەوەی کورد..

گۆی زەوی لەنەژادا ملکی هیچ کەسو کۆمەڵێك نەبووە. لەسەرەتای پەیدابوونی مرۆڤەوە، هەر کۆمەڵە خەڵکەو سروشتیانە لەسەر بەشێکی زەوی، هەستێکی هاوبەش کۆی کردوونەتەوە، لەخێزانەوە بۆ تیرەو بۆ هۆزو بۆ گەلو بۆ نەتەوە پەرەیان سەندووە، سنورێکی زەویان بەخۆیان رەوا بینیوە جیاواز لەسنوری نەتەوەکانی تر.

کوردیش وەك هەر نەتەوەیەکی تر، بەشێك لەگۆی زەویی بەخۆی رەوا دیوەو ناوی ناوە کوردستان.

تا ئێرە بەخاوەن بوونی نیشتمان، لەو سەرچاوەیەوە رەوایەتیی وەرگرتووە، ئەگینا ئەوەی بەزەوتکردن لەنەتەوەیەکی تر دەسکەوتبێ رەوایەتی نەبووە.

کوردستان لەدەریای سپی ناوەڕاستەوە تا گەرووی هورمز لە کەنداو، ئەکشێو ئەکەوێتە نێوان هێڵی درێژی 35–55 و هێڵی پانی 34–40. کورد سروشتیانە ئەو رووبەرەی کردۆتەوە نیشتمانی خۆی بێ زەوتکردن، ئەوەیە تاپۆی کورد بۆ کوردستان هەرچی نەتەوەو کەمە نەتەوەیەکی تری لەسەر بژی.

# کوردایەتی

کوردایــەتی هەســتو ســۆزو بیروبــاوەڕو خــەباتو بزوتنــەوەی کــوردە لــەپێناوی بــەرگری کــردن لەکوردســتانو لــەبوونی نەتەوایــەتیی کــوردو رزگاربوونو یەکپارچەیەتی کوردستانو سـەربەخۆییو ئـازادیو بـەختیاریی نەتــەوەی کــوردو رەخــساندنی هــەلی لــەبار بــۆ کۆمــەڵگای کــوردەواریو بــۆ بینینــی دەوری مێــژوویی خــەڵکی کوردســتان لەشارســتانێتیو لــەکاروانی گەلانـدا بەمەبەسـتی چەسـپاندنی مـافی مـرۆڤو سـەروەریی یاسـاو گەشـە پێــدانی کۆمــەڵگای کــوردەواریو چەســپاندنی بنــەماکانی مرۆڤایــەتی لەسەرتاسەری جیهاندا.

من کاتێ ئەڵێم کوردم، واتا هەست ئەکەم لەنەتەوەیەکم کە پێی ئەوترێ کورد. ئەم هەست کردنە یەکەم پاڵپشتی نەژادنامەی نەتەوایەتیمە. بێ ئـەم پاڵپـشتە کوردبـوونی مـن ناتــەواو ئـەبێ. نـەژادو زمـانو زەویو ئـابووریو دەوڵەت مـەرجی سـەرەکی نـین بـۆ پێکهاتـەی نەتـەوە، هەسـتەکە مـەرجی سـەرەکیە، ئـەوانی تـر تەواوکـەرن. بـێ ئـەو هەسـتە مـرۆڤ بێبـەری ئـەبێ لەنەتەوایـەتی. ئەوسـا ئـەو مرۆڤـە یـا ئـەژی بـۆ ئـەوەی بخـواو بنـوێ، یـا رێبازێکی نا نەتەوەییانە ئەگرێتەبەر لەژیانیدا. ئەشگونجێ هەندێ جار دژی رەگەزەکەی خۆشی بووەستێتەوەو کـار بکـات. هـەورەها ئەشـێ کەسـی وا کەرەستە (سلعە)یەك بێ بۆ کڕینو فرۆشتن.

کە هەستم کرد کوردم. سۆزیشم ئەبێ بـۆ نەتـەوەو نیـشتمانم ئەگەرچـی نیـشتەجێی وڵاتێکـی دووریـش بم لـەو نیـشتمانەوە یـا کەوتبمـە کـونجێکی ئــەوتۆوە کــە جگــە لــەخۆم، کــوردی تــری لێ نــەبێت. لەنزیکبوونەوەشــم لەنیشتمانەوە، سۆزەکە زیاتر ئەبێ.

مرۆڤ مندالّی خۆی خۆش ئەوێ، گەڕەكو شارو هۆزو کەسو وڵاتی خـۆی خـۆش ئـەوێ، ئـەم دیاردەیـە تـا ڕادەیـەك لەئاژەڵیـشدا هەیـە., ئـاژەڵیش بەچکەو هێلانەی خۆی خۆش ئەوێ، بنچینەی ئـەم خۆشەوسـتیانەش زیـاتر زگماکین.

تا ئێرە کوردایەتی، هەموو نەتەوایەتیەکیش تەنیا هەستو سۆزە، کاتێ ئەم هەستو سۆزە ئاوێتەی کۆمەڵێك بیرۆکەی لەگەڵ یەکتری گونجاودا ئەبێ بۆ گەیشتن بەمەبەستێکی دیاریکراو، لەپێناوی راژەی نەتەوەدا، ئەوسا هەستو سۆزەکە ئەبێتە بیروباوەڕ. دوای ئەوە ئەگەر ئەو بیروباوەڕە باری سەرنجی بۆ دیاری کرا بەرامبەر بەجیهانو ژیانو کۆمەڵو ئابووریو ئەودیو سروشتو.. هتد و وای لێکرا بۆ کارکردنێکی بەکۆمەڵ دەست بدات، پێی ئەوترێ ئایدیۆلۆجی.

بەو پێیە کوردایەتی کە ئێستا لەهەستو سۆز تێپەڕی کردووەو بریتیە لەکۆمەڵێك بیرۆکەی لەگەڵ یەکتریدا گونجاو بۆ بەرگری کردن لەکوردستانو یەکخستنەوەیو بەرگری لەبوونی نەتەوایەتیمانو ئازادیو بەختیاریی نەتەوەی کوردو خزمەتی مرۆڤایەتی لەژێر سایەی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا بۆ سەرتاپاسەری کوردستان، ئەوا کوردایەتی بۆتە بیروباوەڕ بۆ هەر مرۆڤێکی کورد کە دڵی بۆ ئەو مەبەستانە لێبدات. ئێستاش کە ئەم بیروباوەڕە باری سەرنجی دیاریکراوی هەیە بەرامبەر بەجیهانو ژیانو کۆمەڵو بنەما ستراتیجیەکانو ئامانجە کاتیەکانو گەلێ شتی تر لای هەندێ کەس یا لەهەندێك رێکخستندا، بیروباوەڕەکە بۆتە ئایدیۆلۆجی بۆ ئەو کەسانە یا بۆ هەر یەکێك لەو کۆمەڵە خەڵکەی لەو رێکخستنانەدا کۆبوونەتەوەو کاری بۆ ئەکەن. لێرەدا جیاوازیەك لەنێوان بیروباوەڕو ئایدیۆلۆجیدا دروست ئەبێ. واتا ئەگونجێ دوو رێکخراو لەبیروباوەڕدا یەکبن، بەڵام لەهەندێك خاڵی ئایدۆلۆجیدا جیاواز بن.

هەستو سۆزو بیروباوەڕو ئایدۆلۆجیش پاڵپێوەنەرن بۆ بزووتنەوەو کارکردن، واتا بۆ خەبات لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکاندا، ئامانجەکانی کوردایەتیش بەجۆرێکی گشتی ئەمڕۆ بەرگری کردنە لەکوردستانو بوونی نەتەوایەتیمانو رزگاربوونو یەکپارچەیەتی خاکی کوردستانو سەربەخۆییو ئازادیو بەختیاریی نەتەوەی کوردو خەڵکی کوردستانو رەخساندنی هەلی لەبار بۆ کۆمەڵگای کوردەواری کە بتوانێ دەوری مێژوویی خۆی

لەشارستانێتیو چەسپاندنی مافی مرۆڤو سەروەیی یاساو گەشەپێدانی بنەماکانی مرۆڤایەتی لەهەموو جیهاندا ببینێ.

وەك وتمان هەستی هاوبەش شاکۆڵەکەی بوونی نەتەوەیە. دیاردەکانی تری وەك هاونەژادیو هاوزمانیو هاومێژوویيو زەویی هاوبەشو ئابووریيو هاودەروونیو هاورۆشنبیرێتیو یەك دەوڵەتیو.. هتد گەشەپێدەرو یاریدەدەری هەستە هاوبەشەکەن. بوونیان بەکۆمەڵ زیاتر نەتەوە ئەچەسپێننو بەهێزتری ئەکەنو گەشەی پێ ئەدەنو دووری ئەخەنەوەلەتواننەوەو لەناوچوون. نەبوونی هەندێکیش لەو دیاردانە نەتەوەیەك لەنەتەوایەتی ناخەن، واتا ئەگونجێ نەتەوەیەك چەند دیاردەیەکی لەوانە نەبێت، بەڵام هەر نەتەوەش بێت، گرنگ مەرجە سەرکیەکەیە کە هەستە هاوبەشەکەیە، بێ ئەو هەستە، واتا بێ ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگایەك هەست بەوە بکەن کە ئەندامی یەك نەتەوەن، نەتەوە دروست نابێ.

ئەگونجێ کۆمەڵە خەڵکێك هەموویان لەیەك نەژادەوە نەکەوتبنەوە، کە ئەمەیان بەڵگە نەویستەو هیچ نەتەوەیەك نیە کە هەموو ئەندامەکانی لەیەك نەژادبن، هەر هیچ نەبێ لەڕێی ژنو ژن خوازیشەوە بێ نەژادی تری تێکەڵ بووە. ئنجا مەسەلەی یەك زمانیش هەروایە. لەناو هەر نەتەوەیەکدا ژمارەیەك هەن کە لەبەر هەر هۆیەك بێ زمانی ئەو نەتەوەیە نازانن، بەڵام خۆیان بەئەندامێکی ئەو نەتەوەیە ئەزانن. نەتەوەش کە رەگێکی قووڵی مێژوویيو سنوورێکی فراوانی جوغرافیی هەبوو، ناهاومێژوویەتی لەنێوان تیرەو هۆزو میرنشینەکانو ناوچەکانو فەرمانڕەوایەتیەکاندا هەر ئەبێ. بەتایبەتی ئەگەر نەتەوەیەك داگیرکراوو بەش بەش کراوبێ. مەرجیش نیە هەموو ئەندامانو کۆمەڵانی نەتەوەیەك بەدرێژایی مێژوو لەسەر یەك پارچە زەوی ژیابن، یا ئێستا ئەبێ هەموویان لەسەر یەك زەوی بن. دیارە کە ئەوانە وابوون ئەوا ئابووریی هاوبەشو هاودەروونیو هاورۆشنبیریو یەك دەوڵەتیش مەرج نیە دروست ببێت. کەواتە ئەوەی ناشێ نەبێ لەنەتەوەدا،

هەستە هاوبەشەکەیە، بۆیە کوردایەتی بەر لەهەموو شتێك هەستە، ئنجا سۆزو بیروباوەڕو بزووتنەوەیە، بزووتنەوەش ئەشێ کارکردن بێ بۆ بەدەست خستنی ئامانجەکانی نەتەوە. ئەشێ هەڵوێست بێ بەرامبەر کارو هەڵوێستە زیانبەخشەکان لەنەتەوە.

کارکردن بۆ بەدەستخستنی ئامانجەکانی نەتەوە گەلێ شێوە ئەگرێتە خۆی. وەك کاری سیاسی، سەربازی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری، خێرخوازیو.. هتد، جگە لەوانە هەڵوێست بەرامبەر دیاردە زیانبەخشەکان لەنەتەوە، بەشێکە لەبزووتنەوەی کوردایەتی.

هەڵگرانی بیروباوەڕی کوردایەتی، ئەوەندەی دەرفەتیان بووبێ، هەڵوێستداربوون بەرامبەر کارو دیاردە زیانبەخشەکان لەنەتەوەی کورد ئەگەرچی بەجۆرێکی گشتی هەڵوێستەکان کەم بوونو هاوتا نەبوون لەگەڵ زۆریی کارو دیاردە زیانبەخشەکاندا. هۆی ئەم کەمبوونەش بارودۆخە ناهەموارەکەی نەتەوەکەمان بووە لەهەموو روویەکەوە وەك نەتەوەیەکی داگیرکراوو سەرکوتکراوو هەژارو بێ قەوارەی سیاسی. ئەمە جگە لەوەی بەدرێژایی سەدان ساڵی ژێردەستەییو داگیرکراویمان، تۆوی ترسو خراپەکاریو دووبەرەکیو نەزانینو دەروون شکاندنو خۆخۆریمان تێدا چاندراوەو لەئەنجامی سەوزبوونی ئەوتۆوەدا ئاژاوەو سەر لێشێواوییەکی ئەوتۆ لەناوماندا دروست بووە کە دۆزینەوەی رێگای راستو هەڵبژاردنی هەڵوێستی راست ئاسان نیە. کوردایەتیەکەش زۆر دەمێك نیە لەهەستو سۆزەوە گوێزراوەتەوە بۆ بیروباوەڕو ئایدۆلۆجی. لەگەڵ ئەو ماوە کەمەشدا، لەو کوردایەتییەوە چوار دیاردەی گرنگ بەجۆرێکی گشتی لەویژدانی زۆربەی تاکەکانی گەلی کوردا چەسپیوە.

یەکەمیان: هەست کردنێکی زیاترە بەوەی کورد یەك نەتەوەیە.

دووەمیان: ئاواتخواستنە بەوەی ئەو نەتەوە یەك دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێ لەسەرتاسەری کوردستاندا.

سێهەمیان: ئامادەبوونی قوربانی دانە بەگیان یا بەماڵ بۆ نەتەوە.

چوارەمیان: کارکردنە (بەتاك یا بەکۆمەڵ) بـۆ خزمـەتی نەتـەوەو بـەدی هێنانی ئامانجەکانی.


بێگومان لەهەموو گشتێکیش دا بواردن یا بەدەربوون (اسـتثناء) هەیـە. ئنجا هەموو کـارکردنێکیش وەنـەبێ ئەنجامـدار بێـت یـا بـەقازانجی نەتـەوە بگەڕێتەوە (با ئەو خاوەن کـارەش نیازچـاك بـێ)، ئـەوەش ئاشـکرایە مـرۆڤ کە کاری کرد هەڵەش ئەکات، گرنگ ئەوەیە دەروون فراوان بـێ بـۆ رەخنـەو ئامـــادەبوونی هـــەبێ بـــۆ راســـتکردنەوەی هەڵـــەو ســـوود لـــەرۆژگارو لەڕێنمایی وەرگرێت.

# دەرچوون لەبازنەی سەپاو

یەکێك لەنهێنیەکانی پێشکەوتنی مرۆڤ، جۆرە بزواندنێکە کە دەرچوون‌و تێپەڕبوون ئەنجام بدات لەو بازنەیەی تێی ئەکەوێت یا ئەخرێتە ناوی‌و ئەسەپێنرێ بەسەریدا، ئەو دەرچوونەش هەموو بیرێك بۆی ناچێت، یا لەدەست هەموو کەس نایەت.

زیرەکی‌و جەسوورێتی دوو مەرجی سەرەکین بۆ دەرچوون‌و تێپەڕکردن لەبازنەی سەپاو، بۆ نموونە: ئێمە ئەگەر زیرەکانە بیربکەینەوەو توانای دەرچوونمان هەبێ، ئەتوانین بەئاسانی، بێ ئەوەی دەست‌و پێنووس هەڵگرین، بەسێ هێڵی راست‌و نەپچڕاو لەیەکتر، هەر پێنج بازنەکەی وێنەی (أ) ببڕین، ئەگەر زیاتر بیربکەینەوە، بەهەمان مەرج ئەتوانین هەر شەش بازنەکەی وێنەی (ب) ببڕین هەر بەسێ هێڵی راستی لەیەك نەپچڕاو، واتا بێ دەست هەڵگرتن. هەروەها بەو جۆرە ئەتوانین هەر نۆ بازنەکەی وێنەی (ج) بەچوار هێڵی راستی نەپچڕاو لەیەك ببڕین. دیارە دوای تۆزێکی تر رێنمایی بۆ ئاسانکردنی ئەم کارە ئەبینین.

وێنەی ج　　　وێنەی ب　　　وێنەی أ




با لەبواری بازرگانیشدا نموونەیەك لەسەر دەرچوون یا دەرنەچوون لەبازنەی سەپاو یا بەدەربڕینێکی تر لەباری سەپاو (الامر الواقع) بێنینەوە:

دوو برا دەست ئەدەنە جۆرە کاسبییەك، یا بڵێین جۆرە کاسبییەك ئەسەپێ بەسەریاندا لە دوو دوکاندا کە لەباوکیانەوە بۆیان ماوەتەوە. ئەو دوو دوکانە بەتەنیشت یەکەوەن‌و ئەوەندەی یەکن لەبازاڕێکدا بەسەرمایەیەکی یەکسان لەشارێکی بچووکداو دەسکەوتیشیان وەك یەکە.

بـرای گـەورە قایلـە بـەو دوکانـەو بـەو دەسـکەوتە. بـرای بـچووك چـاوی لەدەسـکەوتێکی زیاترەوەیـە. بـۆ ئـەو مەبەسـتە دوکـانی دراوسـێیەکی ئەکرێتەوەو ئەیخاتە سەر دوکانەکەی خـۆی‌و بـەوە لەسـنووری دوکانەکـەی خۆی دەرئەچێت‌و رووبەری دوکانەکەی ئەبێتە دوو ئەوەندەو کڕیاری زیـاتر ڕووی تـێ ئەکـەن‌و دەسـکەوتی ئەبێتـە دووقـاتی جـاران. دوای ماوەیـەك بەمەش قایل نابێت‌و ئەگوێزێتەوە بۆ بازاڕێکی گەورەترو دەسکەوتی ئەبێتە سێ قات. ئنجا جۆری ئیشەکەی ئەگۆڕێ‌و دەسـکەوتی ئەبێتـە چـوار قـات. دوای ئەوە سـەرمایەی کاسـبیەکەی زیـاد ئەکات‌ودەسـکەوتی ئەبێتـە پێـنج قات. ئنجا ئەگوێزێتەوە بۆ شارێکی گەورەترو دوکانێکی فـراوانترو بـازاڕێکی گرنگترو سەرمایەیەکی زیاترو ئەبینێ دەسکەوتی ئەبێتـە دە قـاتی جـاران. بەو جـۆرە لەگـەڵ هـەر دەرچـوونێکدا لەبازنـەی کارەکـەی پێـشووی، بڕێـك پێش ئەکەوێت‌و دوایی هەڵ ئەگرێت. بـرا گەورەکەشـی لەبازنـەی کارەکـەی خۆی دەرناچێت‌و تێپەڕ ناکاو وەك خۆی ئەمێنێتەوەو هەر لەجێگەی خۆیـدا چەقیو ئەبێ.

وەنـــەبێ هـــەموو دەرچـــوونێکیش ئەنجامـــدار بێـــت. بـــەڵکو ئـــەبێ دەرچوونەکان زیرەکانە بن. ئەگینا ئەوەشی هەیە لەدەست ئەچێت.

سیاسەتیش هەروایە، بگرە واتریشە، بۆ نموونە نەتـەوەی کـورد لـەدوای تێکچوونی دەوڵەتی مادەوە تا ئێستا نەیتوانی دەوڵەتێکی تری سـەربەخۆی فراوانـی وەك ئـەو دەوڵەتـە دروسـت کاتـەوە. وە نـەبێ دەستەوسـتانیش دانیـشتبێت، بـەڵکو دەیـان‌و سـەدان شۆڕشـی کـردووەو تەقـەلای داوە بـێ ئەوەی ئەنجامێك بەدەست بێنێت، بۆچی!؟

چـونکە هـەموو شۆڕشـێکی‌و هـەموو تەقەلایـەکی دووبـارە کردنـەوەی شـێوازی شـۆڕش‌و تەقەلاکـەی پێـشووی بـووە. واتـا لەسـنووری شۆڕشـە دۆڕاوەکەو تەقـەلا سـەرنەکەوتووەکانی پێـشوو تێپـەڕی نـەکردووە. چ وەك شـێواز (اسـلوب) چ وەك بنـەماکان (المبـادیء) چ وەك سـتراتیج. ئەگـەر

هەندێ جار جۆرە دەرچـوونێکیش بووبێـت لەوانـەی پێـشوو، دەرچـوونێکی زیرەکانەو کاریگەرانە نەبووە.


راسـتە تـا شەسـت سـاڵێکیش لەمەوبـەر هـەموو راپـەڕینو شۆڕشـەکانی کوردج بۆ سەربەخۆیی بووە. بـەڵام ئەوانـە هـەمووی لەلایـەك تـەنیا هـەوڵی ناوچەیی بوون نەك سەرتاسەری، لەلایـەکی تـرەوە هوشـیاریی نەتـەوەییان لەگەڵدا نەبووەو بێ بەرنامەی زانستیانە بوون.

بەو جۆرە کورد هەر بەدیلێتیو کوردسـتان هـەر بـەداگیرکراوی مایـەوە، لەکاتێکدا دەیان گەلانی تر رزگاریان بوو و سەربەخۆییان بەدەست هێنا بـێ ئەوەی نیو ئەوەندەی کورد شۆڕشیان کردبێو تەقەلاو قوربانیان دابێ.

کێشەی کورد کێـشەی جـوغرافیو نـەبوونی دەریـا نیـە. کێـشەی کـورد جۆرە ڤایرۆسـێکە لەناوخۆیـدا کـە توانـای بیرکردنـەوەی سـڕکردووەو لـەناو بازانەیەکی سەپاودا پەکی پەلهاویشتنو دەرچوونو تێپـەڕکردنی خـستووەو تووشــی شکــستیەکی دەروونـــی بـــووەو لـــەوە زیـــاتر تاقیکردنـــەوە سەرنەکەوتووەکانی پێشووی دووبارە کردۆتەوە، بیری بۆ رێگـە چـارەیەکی تـر نەچـووە تـا هـەنگاوی کاریگـەری بـۆ بنێـت. ئامـادەش نـەبووە بـۆ قۆزتنەوەی گەلێ هەلی رزگاری.


کورد تا ئێستا زیاتر بیری رزگاربوونی بۆ تەنیا شۆڕشی ناوشـاخ چـووە. هەموو جارێکیش ئەو شۆڕشـە بەسـەرنەکەوتوویی کۆتـایی هـاتووە، کەچـی زۆری پـێ نەچـووە هـەمان جـۆرە شۆڕشـی دووبـارە کردۆتـەوە بەهـەمان شێوازو بنەماو تاکتیكو ستراتیجی شۆڕشەکەی پێشوویو ئـەمیش بەهـەمان چارەنووس گەیشتۆتەوە. ئەوەشی بەچاوی خۆی دیوە کە بۆ نموونە، گـەلی جوولەکـە زیـاتر لەڕێگـەی بازرگانیـەوە سـەربەخۆیی بەدەسـت هێنـاوە. ژمارەیەکی زۆریش لەدەوڵەتە عەرەبیەکان لەڕێگەی پێکهـاتنو رێکەوتنـەوە لەگەڵ رۆژئاوادا بوونە حکومەت. لەوەش بێ ئاگـا نـەبووە تـورك خەلافـەتی ئیسلامیو فـارس شـیعەگەرێتیان بـۆ سـوودو مانـەوەو بـەهێزکردنی خۆیـان ئەنجامدا، ئەوانـە هـەمووی رێگـە چـارەی رزگـاربوونو پاراسـتنی قـەوارەی

نەتەوە بوون بێ شۆڕش‌و تەقەو خوێن. لێرەدا من مەبەستم ئەوە نیە کورد واز لەشۆڕشی ناوشاخ بێنێت. بەڵکو شۆڕشی شاخ‌و ماوە نەدان بەداگیرکەرانی کوردستان کە شاخەکانیشمان لێ زەوت بکەن، ئەوە تا ئێستا کوردی لەتوانەوەو لەناوچوون پاراستووە، بەڵام ئەوە سەربەخۆیی بۆ بەدەست نەهێناوین. لەبەر ئەوە ئەبوایە یا ئەبێ لەپاڵ شۆڕشی چەکدارانەی شاخدا، رێگاچارەی تریش بدۆزینەوە، واتا ئەبێ پێیەکمان لەبازنەی شاخ بمێنێتەوەو پێکەی ترمان لەشاخ دەرچێت‌و تێپەڕکات. ئەو تێپەڕکردنەش ئەبێ زیرەکانە بێت‌و بەپێی بارودۆخی گونجاوو هەلومەرجی رەخساو یا رەخسێنراو بێت. رەخساو ئەوەی لەخۆیەوە دروست ئەبێ، رەخسێنراو ئەوەی بۆمان ئەرەخسێنرێت یا خۆمان ئەیرەخسێنین کە ئەمەیان ئەبێ نەتەوەی کورد هەمیشە لەکاردا بێ بۆی‌و هەرگیز لەچاوەڕوانیی قەدەردا نەبێت، وەك هەوڵ ئەدەین لەبەشی داهاتووی ئەم نوسینەماندا لەدەرگای هەندێك لەراستیەکان بدەین‌و هێما بۆ ژمارەیەك لەهەڵەکان بکەین‌و ئاوڕێك لەرابوردوو بدەینەوە بەمەبەستی خزمەتکردنی ئێستاو داهاتوو و کێشانی نەخشەیەك‌و دانانی بەرنامەیەك یا چەند بەرنامەیەك بۆ رەخساندنی هەلومەرجی لەبارو رێ خۆش کردن بۆ دەرچوون لەبازنەی سەپێنراو لەبواری ئەو خاڵانەدا کە بابەتی ئەم نوسینەمانە نەك هەموو لایەنێکی کێشەو ژیانی کوردەواری، کە ئەوەیان توانای زیاترو کاتی زیاتری ئەوێت. بەڵام با جارێ بگەڕێینەوە بۆ بازنەکان‌و بزانین چۆن ئەتوانین بەکەمترین هێڵی راست، لەیەکیان بدەین، بۆ نموونە چۆن ئەتوانین بەتەنیا 3 هێڵی راست، بێ بچڕاندن‌و دەست هەڵگرتن، پێنج بازنەکەی وێنەی (أ) لەیەك بدەین؟




ئەبینین هەموو هەوڵەکان بێ ئەنجامن‌و هەرچەندێك خەریك بین ناتوانین بە 3 هێڵی راست، بێ بچڕاندن‌و دەست هەڵگرتن، ئەو پێنج بازنەیە لەیەك بدەین. بۆچی؟ چونکە هەموو هەوڵەکانمان لەسنووری پێنج بازنەکەدایە: بەڵام ئەگەر لەسنووری هەندێك لەو بازنانە دەرچووین، ئەبینین بەئاسانی کارەکە ئەنجام ئەدەین.


وەك ئەم هەوڵانە:




چونکە لەسنووری بازنەی 3،2 تێپەڕمان کرد، نەك هەر ئەوە بەڵکو ئەگەر بازنەیەکی تریش زیاد کەین، ئەتوانین هەر بەو 3 هێڵە هەموویان لەیەك بدەین:




چونکە ئەمجارەیان لەسنووری بازنەکانی 6،5،4،3 تێپەڕمان کرد، بەو جۆرە هەرچی چەندێك خەریك بین، ناتوانین بەچوارهێڵی راستی نەپچڕاو نۆ بازنە لەیەك بدەین، بەڵام ئەگەر لەسنووری بازنەکانی 4،3،6،5 تێپەڕمان کرد، ئەتوانیان بەچوار هێڵ نۆ بازنە لەیەك بدەین:




کێشەی کوردیش هەر بەو جۆرەیە، ئەبێ لەسنووری بازنە سەپاوەکان تێپەڕکات.

# بارودۆخو نەزانین

راستە هەندێ جار بارودۆخی گونجاو لەخۆیەوە، یا بێ ئەوەی خاوەن کێشەیەك دەستێکی هەبێ لەدروستکردنیدا، دروست ئەبێ، بەڵام بەزۆری ئەبێ خاوەن کێشەکە خۆی هەوڵ بدات بارودۆخی گونجاو بەدی بێنێت لەگەڵ ئامادەبوونیدا بۆ قۆزتنەوەی هەر هەلێك کە کێشەکەی بۆ ئاسان بکات، بەبێ ئەو ئامادە بوونە ئەگەر هەلێکی لەو جۆرەش رێکەوێت، لەدەست ئەچێتو پەشیمانیش داد نادات.

نەتەوەی کورد وە نەبێ تا ئێستا هەلومەرجی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆی بۆ دروست نەبووبێ، بەڵام چونکە لەوەوپێش ئامادە نەبووە بۆ قۆزتنەوەی ئەو هەلومەرجە، نەیزانیوە چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو هەلومەرجەدا بکاتو لەدەستی چووە.

سەرەتای ئەو زانینە وەك پێشتریش وتمان لەدەوڵەتی مادەوە دەست پێدەکات کە کورد نەیزانی چۆن پارێزگاریی ئەو دەوڵەتە بکات، ئەمە هەر ئەبێ وابووبێ، چونکە کاتێ کورد ئەو دەوڵەتە، بگرە ئەو ئیمپراتۆریەتەی هەبووە، نەتەوەکانی دراوسێ، یا نەیانزانیوە دەوڵەت چیە، یا ژێر دەستەی کورد بوون، هەندێکیشیان ئەگەر دەوڵەت بووبن، هاوشانی ئەم نەبوون، لەبەر ئەوە رووخانی ئەو دەوڵەتە لەلایەن کۆرشی فارسەوە کە ژێر دەستەو چەوساوەی مادەکان بوون[1] هەر ئەبێ هۆی کەمتەرخەمیو نەزانین بووبێ نەك لاوازی، چونکە مادەکان هەر ئەو مادانە بوون کە 607ی پێش زایین ئاشووریان داگیرکرد.[2].

---

[1] بڕوانە نیکولو مەکیاڤیلی ــ میر وەرگێڕانی لەعەرەبیەوە حسێن عارف ل 213 و 235.

[2] مینورسکی ــ الأکراد ـ وەرگێڕانی لەڕووسیەوە د. مەعروف خەزنەدار ل 22. بەپێی هەندێك سەرچاوەی تر ساڵی 612 ی پێش زایین نەینەوای پایتەختی ئاشوور داگیر کرا.

# هۆی نەبوونی
# قەوارەیەکی رامیاریی سەربەخۆ؟

کورد لەکوردستاندا چەندین قەوارەی رامیـاریی بەخۆیـەوە دیـوە، بـەڵام نەیتوانیوە پارێزگاریان بکات، لەوەش خراپتر، دوای هەرەسی ئەو قەوارانە، نەیزانیوە چۆن هەستێتەوە. یەکەم قەوارەیەکی رامیاری (سیاسی)ی کـورد، دەوڵەتی ماد بوو، نزیکەی حەوت سەد ساڵ پێش زایین. ماد تـوانی هەنـدێ بەشی تری کوردسـتان کـە کـەوتبووە ژێـر دەسـتی ئاشـورییەکانەوە رزگـار بکات، بەڵام ساڵی 550 پێش زایین ماد هەرەسـی هێنـا. بـۆ؟ چـونکە مـاد زیاد لەپێویست پـەلی هاویـشت بەدەوروبـەری خۆیـدا، بەڕادەیـەك کـە بـووە یەکێك لەدەوڵەتە هەرە گەورەکانی ئاسیا لەو رۆژەدا. بەواتایەکی تـر، بـووە ئیمپراتۆریـەت. بـەوە جڵـەوی فەرمانڕەوایەتیەکـەی شـل بـوو، وەك دەیـان ئیمپراتۆریەتی تر لەمێژوودا کە ئەنجامی هەموویان هەر هەرەس هێنان بوو، چونکە ئـەمڕۆ کـە لەگـەڵ زۆریـی ئـەو هـەموو ئـامێرو هۆکـاری پەیوەنـدیو گەیاندنەدا، جڵەوگیریی دەوڵەتێکی فراوانی فـرە نەتـەوە کـارێکی نائاسـانو ئاڵۆزبێ، ئەی ئاخۆ لـەو سـەردەمی تاریکستانیەدا ئـەو ئەرکـە ئـەبێ چـۆن بووبێ؟ هەر بەو هۆیەشەوە بـوو کـە لـەم دواییـەدا بەدەوڵـەتی عوسمانیـان ئـەوت: پیـاوە نەخۆشـەکە. ئـیتر هـەر ئـەو پەککەوتنـە بـوو هـەلی بـۆ کەیخەسـرەوی دووەم (کورشـی) فارسـی هەخامەنـشی رەخـسان کـە ئیمپراتۆریەتی ماد بڕوخێنێو نەتەوەی کورد تەفروتونا بکات دوای ناپاکیو نامەردی (هارباکوس)ی سەرۆکی بنەماڵەیەکی میدیی گەورە.

**پرسیارێکی بەجێیـە**.. ئـەی بۆچـی ئـەم نەتـەوەی کـوردە جـارێکی تـر دەوڵـەتێکی کـوردیی وەك مـادی بەخۆیـەوە نەدیـەوە؟ لەکاتێکـدا گـەلێ نەتەوەی تریش شکستیی لەو جۆرەی دیوە. بەتایبەتی ئەمڕۆ کـە رۆژگـاری مرۆڤایـەتیو رۆژگـاری چـەرخی بیـستو یەکەمـەو شارسـتانیی مـرۆڤ تـەواو لەبەرزیدایـەو پیـشەسازیو تەکنـەلۆجیاو کـارە سەرسـوڕهێنەرەکانی کۆمپیوتەر جیهانی کردۆتە گوندێکی بچووك! کەچی کوردەکە هێـشتا تاکـە

گـەورەترین نەتەوەیـەكی ژێـر دەسـتەیە ! ! هـۆ، هەڵكەوتـەی كوردسـتان‌و بـــارودۆخی جـــوگرافی‌و هەرێمایەتیەكەیـــەتی، شـــوێنی كوردســـتان‌و جوانییەكەی‌و بەروبوومە بەپیتەكەی، پاڵی بەنەتەوە هاوسێكانەوە ناوە كـە چاوی تـێ بـبڕن‌و داگـیری بكـەن‌و لـەنێو خۆیانـدا بەشـی كـەن، بـەو جـۆرە دوژمنـان پەزمەنـدەیان لەسـەر بەسـتووەو توانـای سـەركەوتنیان لـەكورد بڕیوە. جگە لەوەی كورد دەرەچە (مخرج)ێكی بۆ سەر دەریایەك نیە، ئەوە سـەرباری بـەهێزیی داگیركـەران‌و لاوازیـی كـورد لـەڕووی ژمـارەو چـەك‌و داراییەوە. بەڵام ئاخۆ ئەوە هـەر هەڵكەوتـەی كوردسـتان وایـە لەسـەر ئـەم گۆی زەمینە؟ ئایا هێزی ئەو هاوسێ دڕانە، بەتەنیا یا پێكەوە لەهێزی وڵاتە یـەكگرتووەكانی ئـەمریكا زۆرتـرو زیـاترە بەرامبـەر بـەڤێتنام؟ فەڕەنـسا بەرامبـەر جـەزایر؟ ئایـا پـەرەگوای لەئـەمریكا، سویـسرا لەئـەوروپا، ئەفغانستان لەئاسیاو نەیجەر لـە ئـەفریقا سـنووری سـەر دەریایـان هەیـە؟ بیرمان نەچێ ئێمەش ڕۆژانێك بـوو دەرەچـەیەكمان بـۆ سـەر دەریـای سـپی ناوەڕاست‌و دەرەچەیەكیشمان بۆ سەر كەنداو هەبوو. جا ئەمڕۆ كـێ لەسـەر ئەو ناوچانەی كوردستان نیشتەجێیە؟ ئـەوە لەكوردسـتانێتی ئـەو ناوچـانە كەم ناكاتەوەو ناگۆڕێ.

كەواتە ئەشێ هۆ، كاریگەرێتی بیریاری بێ وەك بـیری موسـوڵمانێتی كـە سـاڵی (18ك 639ز) كوردسـتانی گرتـەوە، یـا بیروبـاوەڕی ماركسێتی كـە لەچلەكانی چەرخی بیستەوە بەكوردسـتاندا بڵابـووەوە. بـاوەڕی ئیـسلامی وای كرد مرۆڤی كورد زیاتر گوێ بەپەرستن‌و ئەوەو دنیا بدات وەك لـەدنیای ئـەمڕۆ، ئنجـا لـەم دواییـەدا كاریگـەرێتی ئیـسلامی سیاسیـشی هاتەسـەر، بیرۆكـەی ماركـسێتیش بیرۆكەیـەكی نانەتەوەییانەیـە، نەتەوایـەتی لـەباری سەرنجی ئەواندا قۆناغێكە لەقۆناغەكانی مێژوو. بەو جـۆرە خـەڵكانی كـورد یا خەریكی پەرستنن یا گیرۆدەی خەباتی چینایەتی ! .

موسـوڵمانێتی تـەنیا ئـاینی كـورد نیـە، ئایـا پاكستان‌و ئەفغانـستانیش موسوڵمان نین‌و هەر یەكەی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیـشی هەیـە؟ وە نـەبێ

مارکسیێتیش لەکوردستاندا بەربڵاوتربووبێ لەیەکێتیی سۆڤێتو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، ئەوە بوو وازیشیان لەو بیروباوەڕە هێنا.

ئەشێ دووبەرەکیو یەك نەگرتنو ناپاکیی نیشتمانیو نۆکەرێتیو بێ باریو شەڕی ناوخۆو ئەو جۆرە شتانە ڕێگربوون لەڕێی ڕزگاربوونی کوردستاندا؟

ئەو دیاردانە گەلانی تریشی لێ بەدەر نیە، بەتایبەتی گەلە دواکەوتووەکانی تر، بەڵکو ئەوانە کەم تاکورتێك لەوڵاتانی پێشکەوتووشدا هەن.. بەم بۆنەیەوە ئەم سەرگروشتەیە:

سەرەتای شەستەکان، کاتێ لەگەڵ برای هاوبیری ئازیزم جەمال نەبەز لەشاری جنێڤی سویسرا ئەژیام بەمەبەستی خوێندن، برادەرێکمان لەوێ هەبوو ناوی حەبیبوڵای ڕەشیدی بوو، خەڵکی سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. لەسەرەتای پەنجاکانەوە لەجنێڤ ئەژیا، دەستەخانوویەکی بەبێ کرێ لەپرۆتستانتەکانەوە دەسکەوتبوو بەهۆی ئەوەوە گوایە ئەویش لەپروستانەکانی سنەیە! بەڵام شەوی سەری ساڵی 1962 لەو دەستە خانووە دەریان کرد. پرسیمان بۆ؟ وتی چووزانم، ئەمشەوی ڕابوردوو لەهۆڵێکی باڵەخانەکەماندا شەوی جەژنمان بەسەربرد، کەچی ئەم گەوجە دواکەوتوانە هەر لەئێوارەوە تا بەیانی قسەوباسیان هەر دژی کاسۆلیکەکان بوو، منیش خۆم بۆ نەگیراو بەڕوویاندا تەقیمەوەو وتم بەسە ئەم کەرێتییە! جیاوازی چیە لەنێوان ئاینزاکاندا؟! وتیان ئەوە تۆ چی ئەڵێیت!؟ ئەی تۆ پرۆستانت نیت؟! وتم نەخێر، من شوکر موسوڵمانم، هەر وام وت، هەستان شڕوشیتاڵمیان فڕێ دایە دەرێو لەدەستەخانووەکە دەریان کردم!

دەی کەواتە نهێنییەکە لەسەرکردەکانی کوردایە، نەتەوەی کورد بەملیۆن قوربانی داوەو خۆڕاگرو تێکۆشەرو شۆڕشگێڕە، بەڵام ئەوانەی ڕابەرایەتیان ئەکەن گونجاوو خاوێن نین. یا بەواتایەکی تر، نەتەوەی کورد تا ئێستا سەرکردەیەکی وای تیا هەڵنەکەوتووە کە توانیبێتی نەتەوەکەمان لەژێر چنگی داگیرکەران دەربێنێو کوردستان یەکخاتەوەو سەربەخۆییمان

راگەیەنێت. لەم بارەیەوە نووسەرێك وەك بەڵگەیەك ئەڵێ: (تشنگ ـ تشیت ــی چین ساڵی 228–221 پ.ز ناوچەکانی چینی یەکخست، ئیڤانی سێیەم 1642–1505 روسیای پاش 240 ساڵ ژێر دەستەیی لەمەغولەکان رزگار کرد. جورج واشنتۆن 1732 ـ 1799 ساڵی 1787 هەرێمەکانی باکوورو باشووری یەکخستو هەرێمە یەککگرتووەکانی ئەمەریکای دامەزراند، هوشی مینە 1890 ـ 1969 ڤێتنامی لەژێر دەستی فەرەنساو ئەمریکا رزگار کردو باکوورو باشووری یەکخست)[3]، ئەمەش بەو رەهاییە نیە، چونکە ئەمەش رامان ئەکێشێ بۆ پرسیاری تر: ئایا هەموو نەتەوەکان لەرێی سەرکردەیەکەوە رزگاریان بووە؟ یا بۆچی لەناو کوردا سەرکردەیەکی لەو جۆرانە هەڵنەکەوتووە؟ بۆچی سەرکردەکانی کورد گونجاونین؟.

هەر بۆ وەڵامی هۆی نەبوونی قەوارەیەکی رامیاریمان، با لەبارەی ئابووریشەوە شتێك بڵێین، هەندێك وای بۆ ئەچن کە باری ئابوورییە چاکەکەی کوردستان وای کردووە هیچ ناوچەیەکی کوردستان پێویستی بەناوچەیەکی تر نەبێ، یا تێکڕا نەتەوەی کورد پێویستی بەوە نەبووبێ وڵاتانی تر داگیر بکات لەپێناوی بژێوی خۆیدا، بۆیە بیری لەیەککگرتنو خۆ بەهێزکردن نەکردۆتەوە.

راستە ئەمەش باری سەرنجێکە، بەڵام پێچەوانەی ئەم رایەش هەیە، ئابووریی دەوڵەمەند پێویستی بەبازاڕی گەورەو زۆری وڵاتانی تریش هەیە، ئەی هۆی پەلهاویشتنی وڵاتە ئیمپریالیە گەورەکانو داگیرکردنی وڵاتانی تر، دابین کردنی بازاڕ نەبوو بۆ ئابوورییە دەوڵەمەندەکەیان کە زیادەی بەرهەمەکانیان تیا ساغ کەنەوە؟ جگە لەوەش، ئاخۆ لەناوچەکانی کوردستاندا چەند جار شەڕو پێکدادان رووی نەداوە لەسەر پاوانێك؟ ئایا

---

[3] فوئادی تاهیر سادق ـ هۆکارەکانی یەك نەگرتنی کورد ـ رۆژنامەی ئاڵای ئازادی ژمارە 410 و 411 رۆژی 15 و 2001/4/22.

ئـابووریی چـاك سەرچـاوەی هێـزو دەســەڵات نیـە؟ بـۆ وەڵامدانــەوەی دەرەبەگایـەتیش وەك هۆیـەك بـۆ یـەك نـەگرتنی کـورد، ئـەڵێین هــەموو نەتــەوەکانی ئـەم دنیایــە بــەقۆناغی دەرەبەگایەتیـدا تێپــەڕیون، ئــەوە سیستمێکی تایبەت نیە بەکورد.

نەخوێنـدەواریو نـەبوونی ڕۆشـنبیری دیاردەیـەکی خراپـە، بـەڵام ئـەم دیاردەیە لەگەڵ وڵاتانی تریشدا هەبوونو سەربەخۆیشیان بۆ خۆیـان دابـین کـردووە، ئنجـا وەنـەبێ نەتـەوەی کـود تروسـکەی ڕۆشـنبیری تیـا بـەدی نەکرابێ، بەپێچەوانەوە ڕۆژانێك نەتەوەی کورد خـاوەنی کتێبـە ئاینیـەکانی زەردەشتو خاوەنی مزگەوتە زەردەشتیەکان بـووەو ئـەو پەرسـتگایانە پـڕ لەکتێبو سەرچـاوەی ڕۆشـنبیری بـوون، گـەڵ نەتـەوەی تـر ڕەوەنـدبوونو ئەلفوبێی ڕۆشنبیرییان نەبووە. بۆ ئەمەش من لێرەدا پـەنا بـۆ تـەنیا یـەك بەڵگە ئەبەم:

لــەکاتی داگیرکردنــی کوردســتاندا لەلایـەن عەرەبـەوە، فەرماندەیـەکی عەرەب دەست بەسەر کتێبخانەیەکی گەورەی کوردستاندا ئـەگرێ لەیـەکێك لەپەرستگە ئاینیەکانی زەردەشتیدا، ئەو سەرکردەیە نامەیـەك ئـەنێرێ بـۆ عومەری کوڕی خەتابو لێی ئەپرسی چـی لـەو کتێبخانەیـە بکـات؟ ئـەویش لەوەڵامدا ئەڵێ: ئەگەر ئەو کتێبانە لەوانەی ئێمەن؟ ئەوا ئێمە زۆرمان هەیە، ئەگەر لەوانەش نین مانیان باش نیـە. کەواتـە لەهــەردوو بارەکـەدا لـەناویان بەرە.

ڕاستە تا ئێرە هەرچیمان وت: هەر یەکەو لایەنێکی ڕاستیی تیایە، بـەڵام ئەوانە بە (هۆ) ناژمێردرێن بۆ نەبوونی قەوارەیەکی ڕامیاری بۆ کورد، بـەڵکو ئەوانە یەقدانەوەی (افرازات) بەرئەنجامەکانی هۆکانن.

**کام بەر ئەنجام؟**

ورەی پـەك کەوتە، کەسێتی گیرۆدەی هەست بەناتەواوی کردن، بـاوەڕی لاواز بەسەرکەوتن، نائومێدیو ئەو جۆرە شتانە.. ئەم بەرئەنجامانە کارێکی خراپ ئەکەنە سەر ڕێڕەوی کوردو تووشی هەڵەی ئەکەن،

**ئەی هۆکە چیە؟**

جـارێ بـا قـسە لەئـەنجام بکـەین، ئێمـە قـسەمان لەبەرئەنجامـەکانو یەقدانەوەی بەرئەنجامەکان کرد. ئێستا دێمە سەر ئـەنجامو دوایـی هۆکـان، ئەنجامـەکان هەرەسـەکانن. مەبەسـتم هەرەسـی کـورد خـۆی نیـە، کـورد ئێـستاش خـۆڕاگرەو سوارچـاکی مەیدانــە، بــەڵکو مەبەسـتم هەرەسـی ســەروەرییەکانی کــوردە. ئەوانــەش: دەوڵەتــەکانیو شارســتانییەکانیو میرنشینەکانیو شۆڕشەکانیو راپەڕینەکانێتی.

ئاشکرایە کۆمەڵیش وەك تاکـە مرۆڤێـك، بەسـەرکەوتن سـەربەرز ئـەبێو بەژێرکـەوتنیش تووشـی ورە بـەردان ئـەبێ. جـا لەبـەر ئـەوەی کۆمـەڵو تاکەکانی کـار لەیـەکتری ئەکـەن، ئـەوا هـەر هەرەسێکی لـەو جـۆرە، بڕێـك نائومێدی بەجێ دێڵێو شکستییەك لەورەو کەسێتیو لـەباوەڕ بـەخۆکردنو لەهیوای کۆمەڵو تاکەکانیـشیدا دروسـت ئـەکات. ئـەوە بـوو، وەك وتمـان، هەرەسی دەوڵەتی ماد، یەکـەم گـەورە هەرەسێکی سـەروەرییەکانی کـورد بوو. دوای ئەو ژمارەیەکی تر هەرەس بەسەر کوردا هات بەدرێژایی مێـژووی رابردوومـان، وەك هەرەسـی هـەموو وردە دەسـەڵاتەکانو میرنـشینیەکانو شۆڕشەکانو راپەڕینەکانمان.

ئـەو هەرەسـانەش، بەگـشتی، بـەهۆی کـەم تواناییمانـەوە نـەبوو لەشەڕکردندا، بەڵکو لەئـەنجامی ناپـاکیی کەسـانێکەوە بـوون کـە زۆر نزیـك بوون لەسەرکردەکانی کوردەوە، یان وەك کوردە کە ئەڵێ: پوازی دارەکـەی خۆمانو هەندێك وردەکارێگەرێتی تر., بۆیە ئەشێ بپرسین:

**ئەم هەموو ناپاکیو پوازە بۆ!؟**

ئەوەیە دەردەکە.

باجارێ باس لەشتێك بکەین کە زۆر گرنگە، ئەویش هەستی نەتەوەییـە. هەستی نەتەوەییی، لەناخی هەموو نەتەوەو هەموو تاکەکانیدا هەیـە، کاتـێ بەپیادەکردنو بەخوێندن، بارستایی ئەو هەستە زیاتر ئەبێ، ئەوا هەستەکە

ئەگۆڕێت بۆ هۆشیاریی نەتەوەیی، بڕی ئەو هوشیارییەش یەکسان نیە، بەڵکو بەپێی هەر کەسو هەر گەلێك ئەگۆڕێت.

ئەگەر بەراوردێك لەنێوان گەلانی بەش بەش کراودا بکەین، ئێستا یا لەرابوردوودا، وەك گەلانی ئەڵمانو عەرەبو کورد، بەئاشکرا ئەوەمان بۆ دەرئەکەوێ کە بەرزترین ئاستی هوشیاریی نەتەوەیی لای ئەڵمانەو نزمترینی لای کوردە، لای عەرەبیش مامناوەندییە. ئەوە بوو ئەڵمان، دوای دۆڕاندنی دوو جەنگی جیهانی، توانی هەستێتەوەو پارچەکانی یەکخاتەوەو دەوڵەتی خۆی دوست کاتەوەو سەروەرییەکانی خۆی بژێنێتەوەو ئابوورییەکەی گەشەتر پێ بدات. ئەویش بەهۆی کاریگەرێتیی بیریارە نەتەوەییەکانیەوە وەك فیختەو هیگلو مویلەرو بسمارکو هیردەرو زۆری تر، بەڵام گەلی عەرەب کە لەدوای ئەڵمانەوەیە لەو ڕووەوە تا ئێستاش (22) پارچەو دەسەڵاتی جیاوازە، کوردەکەش هێشتا لەژێر باری داگیرکردنو بەش بەش کردندا ئەناڵێنێ. ئنجا نزمیی پلەی هوشیاریی نەتەوەیی کورد، زیاتر لەکاتی پەیدابوونی ئیسلامو پەلهاویشتنو داگیرکردنەکانیدا دەرئەکەوێ.

کورد بەبێ ئەوەی هیچ لێکدانەوەیەك بۆ خۆیو بۆ کەسێتیە نەتەوەییانەکەی بکات، بوو بەموسوڵمان، بەپێچەوانەی فارسەوە کە دیاردەی شیعەگەرێتیی کردە بەربەستێك بۆ خۆیو بۆ پاراستنی قەوارەی نەتەوەیی خۆی، دوای ئەوەش خۆی سەپاند بەسەر هەموو گەلانی شیعەدا. هەروەها تورك خەلیفەیەتی موسوڵمانی بۆ خۆی بچڕیو گواستیەوە بۆ ئەستەمبوڵو بەو بیانووەوە توانیی دەس بگرێ بەسەر زۆربەی وڵاتە موسوڵمانە سونیەکاندا. ئەوەشمان بیرنەچێ کە نە لەناو فارسداو نە لەناو کوردا، سەرکردەیەکی لێهاتووی وەك سەلاحەدینی ئەیوبیی رەوەندی (رەواندزی)و سوپا نەبەردەکەی کە پێکهاتبوو لەکوردە پاڵەوانە ئازاکان، هەڵنەکەوتبوو!.

سەلاحەدین سەرۆکی بنەماڵەی ئەیوبییە رەوەندییەکان بوو کە فەرمانڕەوایەتی میسرو سوریاو وڵاتی نێوان دوو رووبارەکەیان کرد ساڵانی 1169ز تا کۆتایی چەرخی سیازدەو پاراستنی ئاینی ئیسلامیان گرتە ئەستۆی خۆیان، ئەوەش لەرۆژانێکدا بوو کە دانیشتوانی وڵاتی نێوان دوو رووبارەکە (میسۆپۆتامیا) کورد بوون. ئەوەشمان بیرنەچێ کە ناوی عێراق ناوێکی بەڕەگەز کوردییەو بەشێوەزاری لوڕی (پێ دەشت یا وڵاتی نزم)ە، لەشێوەزاری کیشیی کوردیدا (ئەریکا)و شێوەزاری میدیاییدا (ئێراکستان)ی پێ ئەوترا. ئنجا کوردبوونی وڵاتی نێوان دوو رووبارەکە لەسەردەمی ساسانییەکاندا (224ــ 637ز)و پێش ئەوانیش، راستییەکی چەسپاوە لەمێژوودا بەدان پیانانی هەموو مێژوونووسە کۆنەکان بەمێژوونووسانی فارسەوەو بەجوگرافی ناسی یۆنان (سترابون)یشەوە. زمانی کوردیش زمانی ئەو ناوچانە بوو تا سەردەمی حەجاج کوڕی یوسفی سەقەفی (595 ــ 714ز).

جا ئەگەر لەناخی سەلاحەدینو بنەماڵە خاوەن دەسەڵاتەکەیدا، تۆزێك هوشیاریی نەتەوەیی کوردی هەبوایە، خزمەتێکیان پێشکەش نەتەوەکەی خۆیان ئەکردو کارێکی وەك ئەوەی تورکیان بۆ کورد ئەکرد. تورکەکان لەکۆتایی چەرخی سیازدەدا دەوڵەتی عوسمانیان بۆ تورك دروست کرد، بێ ئەوەی ئەوە هیچ زیانێك لەبیروباوەڕە ئیسلامییەکەیان بدات. ئەمەش قسەی ئەو وشکە موسوڵمانانە ئەبڕێ کە ئەڵێن سەردەمی سەلاحەدین تەنیا سەردەمی موسوڵمانێتی بووە!.

سەیر ئەوەیە، ئەم بنەماڵەی رەوەندییەکە پاراستنی ئاینی ئیسلامیی گرتە ئەستۆی خۆی، هەمان ئەو بنەماڵەیەیە کە پاراستنی ئاینی زەردەشتی گرتە ئەستۆی خۆی دوای ئەوەی ئاینەکە کەوتە دەست فارس. ئەوەبوو خۆیان خۆبەخش کرد لەسوپای فارسداو پاڵپشتی دەوڵەتەکەی فارسیان کرد لەناوچەی زێی گەورەدا کاتی خۆی!.

نموونەیـەکی تـر: کـەریم خـانی زەنـدو بنەماڵـە کوردییەکـەی، سـاڵی 1750ز فەرمانڕەوایەتیی وڵاتی فارسیان کەوتە دەستو کردیانە دەوڵەتێك کە پایتەختەکەی شیراز بوو و خۆیان سەپاند بەسەر هەموو ئێراندا بێ ئەوەی ئـەم هەلـە بقۆزێتـەوە بـۆ گێڕانـەوەی سـەروەریی مـادی باپیرانیو مافیان لەوەچەی کۆرش بسەنێتەوە، ئەو کۆرشەی نامەردانە دەستی گرت بەسـەر ئیمپراتۆریـەتی مـادو شارسـتانییەکەیداو هەرچـی خراپـە هەیـە بەرامبەر کورد کردیو راوی نان بۆ بەرزایی چیاکان دوای رەشەکوژیان. ئەم کـەریم خانـە بـەهێزو لەفەرمانڕەواییزانـە کـە تـوانیی ئارامییـەك لـەماوەی دەسەڵاتەکەیدا بۆ ئێران دابین بکات، نازناوی (شـا)یشی بـۆ خـۆی بـەڕەوا نەبینی بەپێچەوانەی هەموو فەرمانڕەوایانی ئێرانەوە. بەڵکو وای پێخۆشبوو ناوی خۆی بە (وکیل) ببات وەك هێمایەك بۆ ئەوەی بریکاری شا ئیسماعیلی سەفەویە، بەو جۆرە کەریم خـان بەفـەرمانڕەوایی ئێـران مایـەوە تـا مردنـی ساڵی 1779ز، ئیتر بەمردنی ئـەو ئاژاوەگەڕایـەوە بـۆ ئێـرانو کوردەکـەش سفر هیچ بەدەستەوە !.

نموونـەی سـێهەم: دەوڵـەتی ئەمـەوی عـەرەبی شـۆڤێنی سـاڵی 750ز لەسەر دەستی ئـەبو موسـلیمی خوراسـانی کوردیـدا رووخـا دوای شکستی سـوپای ئەمەوییـەکان لەناوچـەی زێـی گـەورەدا، بـەڵام ئـەم خوراسـانیەی خوێنی ژمارەیەك لاوی کوردی بەفیڕۆدا لەو پێناوەدا، نەك هـەر ئـەو هەلـەی نەقۆستەوە بۆ دروستکردنی سەروەرییەکو قەوارەیەك بۆ هاونەژادی خـۆی، بەڵکو لەهەمان سـاڵدا (خەلیفەیـەتی) موسـوڵمانی بەعەباسـییەکان سـپارد ! دوایش ئەبو جەعفەری مەنسوری خەلیفەی عەباسییەکان، پاداشتی چـاکەی ئـەبو موسـلیمی بەکوشـتنی دایـەوە وەك پاداشـتی سـنمار! !، بـەڵام بـەنی بۆیەی فارسی ساڵی 945ز دەستی گرت بەسـەر دەوڵـەتی عەباسـییەکانداو میری ئیمانداران (أمير المؤمنين)ی کردە گەمەی دەستی بوەیهیە فارسەکان تا ساڵی 1055 ز کە تغرل بەگی سەلجووقی بەسەریاندا سەرکەوت.

نموونەی تریش زۆرن بۆ نەبوونی هوشیاری نەتەوەیی لەناو کوردا:

مەلا ئیدریس بەتلیسی کە ساڵی 1520ز مرد، ئەویش ناهوشیارێکی تر بوو، ئەم مەلایە زانایەکی ئاینی گەورە بوو، بەڵام زانایەتییەکەی لەپێناوی نۆکەرێتیا بەخت کرد بۆ سوڵتان سەلیم. بەفیتی ئەو چوو هەموو میرنشینییە کوردییەکانی کردە پاشکۆی دەوڵەتی عوسمانی بەبیانووی سونی گەرێتییەوە !. ئەو ئەگەر ئەو دەمارگیرێتییەی لەجیاتی بۆ سونی گەرێتیی بوایە، بۆ نەتەوەکەی خۆی بوایە، ئەیتوانی هەموو ئەو میرنشینییانە یەکخاتو دەوڵەتێکی کوردیان لێ دروست بکات لەو رۆژگارەدا.. دیارە لێرەدا پرسیارێکی تریش خۆی ئەسەپێنێ: ئەی میرە کوردەکان بۆچی وا بەئاسانی گوێ رایەڵی ئەم مەلایە بوون! ؟ لەبەر هەمان هۆ، نەبوونی هوشیاریی نەتەوەیی لای ئەوانیش. ئەوانە ئەگەر تۆزێك هوشیاریی نەتەوەییان ببوایە، ئەیانتوانی یەك بگرنو لەهەر کاتێکدا لەدەوڵەتی عوسمانی جیاببنەوەو دەوڵەتی کوردیی خۆیان دروست کەن، وەك چۆن یونانو سربیا ساڵی 1830 لەدەوڵەتی عوسمانی جیابوونەوە. ئایا محەمەد عەلی پاشای والیی میسر کە ساڵی 1849ز مردو ئەویش بەرەگەز کورد بوو، لەدەوڵەتی عوسمانی رانەپەڕیو خۆیو وەچەی دوای خۆی نەکردە فەرمانڕەوای میسر؟.. ئەوە بوو توانیی ئەو وڵاتە هەستێنێتەوەو لەڕووی زانستیو رۆشنبیریو کشتوکاڵییەوە پەرەی پێ بداتو تا ئێستاش میسر سەربەخۆیە.

ئەگەر میرە کوردەکان، هوشیاریی نەتەوەییان هەبوایە، ئەوا راپەڕینەکەی محەمەد عەلی پاشا، چاکترین هەل بوو بۆ سەربەخۆیی کوردستان، چونکە ئەو پەیوەندیی لەگەڵ ئەو میرانەدا هەبووە، بەتایبەتی لەگەڵ میر محەمەدی رەواندزی، هانیشی ئەدانو یارمەتی واتاییشو کەرەستەیشی ئەدان بۆ ئەوەی بەڕووی عوسمانییەکاندا بوەستنەوەو لێیان جیاببنەوە. لەم بارەیەوە مێژوونووس سدیق دەمەلۆجی لەکتێبەکەیدا (امارة بهدينان الكردية ـ ص49) ئەڵێ: ئەگەر محەمەد عەلی پاشا سیان

لـەمیرە کوردییـەکانی لەیـەك ریـزدا بدیایـە لەبەرەیـەکی یـەکگرتووی سـێ میرنشینی سەرەکیدا، ئەوا لەکتێبی مێژوودا لاپەڕەیەکی تر ئەکرایەوە.

مـەلای خـەتێ، جگـە لەمەلایـەکی دەم هـەراش، چـیتر بـوو کـە تـوانی بەتاقی تەنیاو بەبۆچوونێکی ئاینی وشك، گیانی بەرگری لەمیری رەواندزیو سوپاکەیدا بمرێنیو چەکیان پێ فڕێداو بەوتارێك کە گوایە هەر کـەس تەقـە لەسـوپای خەلیفـە بکـات تـەڵاقی ئەکـەوێو وایـان لێ بکـا خۆیـان بـسپێرن بەسوپای عوسمانی! ؟.

دیاردەی جاشێتیش لەناو کوردا، دوای شۆڕشی ئەیلول، بەڵگەیەکی ترە بـۆ نـەبوونی یـا بـۆ نزمیـی هوشـیاریی نەتـەوەیی. هـەر ملـهوڕو گـەوجێك ئەیتوانی خۆی بکا بەموستەشارو سەدان لاوی کورد بکـا بـەجاشو لـەخۆی کۆبکاتەوەو بەڕووی شۆڕشەکەدا بوەستێو بیاندا بەکوشـت بەرامبـەر چـەند دینارێك کە ئەگەر ئەو لاوانە هەر کارو کاسبییەکی تریان بکردایە، زۆر لـەوە زیاتریان دەست ئەکەوت. لەو رۆژانەدا نەك هەر بۆ لاوانـی کـورد، بـەڵکو بـۆ ملیـۆن لاوی میـسریش کاروکاسـبی رووسـوورانە هـەبوو! ئەوانـەش کـە بیانوویـان ئـەوە بـوو لەترسـی سـەربازی ئـەو جاشـێتییە ئەکـەن، ببوونایـە بەپێشمەرگە، گیانیان پارێزراوتر ئەبوو، سەریشیان بەرز.

لێدوانو لێکۆڵینەوەو بەدواداچـوون لەسـەر هـۆی نـەبوونی قەوارەیـەکی رامیاری بۆ کورد، بابەتێکی زۆر گرنگە، مـن لـە 1997/5/17ەوە لـەژمارە (217)ەی رۆژنامـەی بـەڕێزی (الاتحـاد ئۆرگـانی یـەکێتیی نیـشتمانی کوردستان) سەرەتای ئەم بابەتەم بەوتارێك دامەزراند، دوای ئەوە، گۆڤـاری رێزداری (جەماوەر) بڵاوکراوەی بزووتنەوەی ئیسلامی، بەناونیشانی (رێگای سـەربەخۆیی: کێـشەی کـوردو قـەیرانی بـێ قـەوارەیی) رووی پرسـیاری لەژمارەیـەك نووسـەرانو سیاسـەتکاران کـرد، ئـەوانیش هـەر یەکـەو بـاری سـەرنجی خۆیـدا، منـیش تێکـەڵ بەباتەکـە بـووم، ئەمـە گوڵبـژێرێکی وەڵامەکانمە دوای ئەوەی بژاری ئەو دەقانە ئەکەم کە لەم نوسینەمدا هـەن.

ئەگـەر وردە دووبارەكردنەوەيـەكيش هـەبێ، رەنگـە پێويـست بـێ، يـا وەك عەرەب ئەڵێ: (في الاعادة إفادة):

**بەشی یەکەم: گۆڤاری جەماوەر ـــ ژمارە 81 ئەیلولی 1998:**

ئەشێ گۆڤاری بەڕێزی (جەماوەر) جێگەی بایەخ‌و سـوپاس بـێ بـۆ ئـەو دۆسیەیەی لەسەر کێشەی کوردو قەیرانی بـێ قـەوارەیی لـەژمارەی (80)ی تەمموز ـ ئاب 1998دا کردییەوەو راپرسێکی بۆ کرد.

کارەکەی جەماوەر بەلای منەوە بایەخێکی زیاتری هەیە، چونکە لـەئابی 1994 دا منـیش نامیلکەیـەکم بـەناوی (کوردایـەتی‌و دەوڵـەتێکی کـوردی سەربەخۆ) لە 107لاپەڕەدا خستە بەر دیدەی خوێنەرەوەی ئازیزی کـورد، ئەگەرچی نامیلکەکـە لەسـوید لەلایـەن بنکـەی چاپەمەنی رۆژەوە چـاپکراو ژمارەیـــەکی زۆر کـــەمی گەیـــشتە کوردســـتان. دوای ئـــەوەش لـــەژمارەی (217)ی رۆژنامـــەی بـــەڕێزی (الاتحـــاد)دا رۆژی 17ی ئایـــاری 1997 سەرەتای باسێکم دامەزراند بەناونیـشانی (حـوار مـع الـنفس ـــ البحـث عـن المـسببات لـسبب انعـدام الدولـة القوميـة المـستقلة لأمـة الكـرد) ئەگەرچـی رۆژنامـەی نـاوبراو رێگـەی نـەدام لـەو ئەڵقەیـە زیـاتری لێ بڵاوبکەمـەوە کـە لەئەڵقەکانی تریدا زیاتر هێمام بـۆ هـۆو هۆکـاری نـەبوونی قـەوارەی کـوردی کردووەو چارەسەرکانیشم دەست نیشان کردووە[4].

لەم وتارەدا، زیـاتر پێنووسـەکەم تـەرخان دەکـەم بـۆ بەدواداچـوونێکی خێرای ئەو وتارانەی بەڕێزان (د. محەمەد ئەحمەد، قادر عەزیز، زانا سـەعید روستایی، محەمەدی حاجی مەحمود، ئازاد حوجرانی، دارا محەمـەد ئـەمین،

---

[4] ئێـستا لەرۆژنامـەی بـەڕێزی (رايـة الحريـة ـــ کـە نوسـینگەی راگەیانـدنی پـارتی زەحمەتکیشانی کوردستان) دەری ئـەکات، لـەژمارە (19)ی رۆژی 2001/12/12ەوە خەریکی بڵاوکردنەوەی سەرجەمی ئەڵقەکانی ئەم وتارەمو تا 2002/9/10 دە ئەڵقـەم بەعەرەبی بڵاوکردۆتەوە. لەم کتێبەشدا هەندێك دەق‌و زانیاریم لەو وتارەوە وەرگرتووە.

خاڵە کاوە، سوبحی مەهدی). هیوادارم منیش بەشێك لەئەرکەکەم بەجێ هێنابێ.

لەبارەی بەدی نەهاتنی خەونی دەوڵەتی کوردییەوە، لەوەڵامەکانی ئەو بەڕێزانەدا پەنجە بۆ ئەم خاڵانە درێژ کراوە:

1-هۆی دەرەکی: پیلانی زلهێزەکانی دنیاو داگیرکەرانو وڵاتە هەرێمییەکانو دابەش کردنی کوردستان لەلایەن ئەوانەوەو ..هتد.

لەوەڵامدا ئەڵێین: ئاخۆ پیلانی ئەو زلهێزو داگیرکەرانە هەر لەسەر کوردستان بووە؟ ئاخۆ زلهێزێکی وەك ئینگلیز، بۆ نموونە نیوەی ئەو دنیایەی نەخستە ژێر رکێفی خۆیەوە؟ ئەی وڵاتە هەرێمییەکان هەر بەگژی کورددا چوونو هەر تەنیا کوردستانیان داگیرکردووەو هەر تەنیا لەگەڵ کورددا ناکۆك بوون؟ ئایا شەڕو ناکۆکیو هەوڵی داگیرکردن لەنێوان تورکو فارسو عەرەبدا، بەدرێژایی مێژوو تا ئێستاش، هیچی کەمترە لەهی ئەوانەو کورد؟

2-هۆی ناوەکی: شوێنی کوردستان کە کەوتۆتە نێوان کۆمەڵێك نەتەوەی لەخۆی گەورەترەوەو هەڵکەوتەی خاکەکەی شاخاوییەو بۆتە هۆی پچڕانی ناوچەکانو هۆزەکان لەیەکتریو سامانی سەر زەویو بن زەوی لەکوردستاندا کە بۆتە جێگەی تەماعی میللەتانی دوورو نزیكو نەبوونی دەرەتانی ئاوو نەبوونی ستراتیژیی نەتەوەیی.

لەوەڵامدا ئەڵێین: هەر وڵاتێك لەم دنیایەدا، بەکۆمەڵێك وڵاتو نەتەوەی تر دەورە دراوە، هەر کوردستانیش وڵاتێکی شاخاوی نیە، وە نەبێ کوردستانیش هەمووی هەر شاخ بێ. ئەوەندەی شاخی هەیە، ئەوەندەش پانتایی هەیە، زۆر وڵاتی تریش ئەوەندەی کوردستان سامانی هەیە.

لەبارەی ئەوەشەوە کە کوردستان دەرەتانێکی نیە بۆ سەر دەریا، ئەوە زۆر وڵاتی تریش هەن هەر وان. ئنجا ئەم کوردستانەی ئێمە ئەگەر ئەمڕۆ وای بەسەر هاتووە، رۆژێك بوو سەرێکی لەسەر دەریای سپی ناوەڕاست بوو، سەرێکی تری لەسەر کەنداو

لەبارەی دووبەرەکیو شەڕی ناوخۆو نۆکەرێتی بۆ بێگانەو.. هتد ئەوا ئەو دیاردانە لەناو نەتەوەی تریشدا هەن، بەتایبەتی نەتەوە دواکەوتووەکان.

بەر لەم بەڕێزانە، هێما بۆ بیروباوەڕی مەتریالییانەو ئایینی ئیسلام کراوە وەك هۆیەك بۆ نەبوونی قەوارەی کورد، بۆ ئەم ئەگەرە ئەشێ بلێین ئەو دووبیروباوەڕە لەبەشێکی زۆری ئەو دنیادا بڵاوەو قەوارەکەش هەیە.

راستە ئەوانەی ئەو بەڕێزانە هێمایان بۆ کردووە، ئێستا کۆسپو رێگرن لەرێگەی سەربەخۆیی کوردستاندا، بەڵام ئەوانە (هۆ)نین، بەڵکو ئەنجامن، هەروەها بێ ورەییو کەم باوەڕی بەسەرکەوتنو نائومێدیو کەسێتی شکست هاتوو هەست بەناتەواوی کردنو رووخاوی.. هتد ئەوانەش هەر هۆ نین، بەڵکو ئەوانە بەرئەنجامی هەرەسی دەوڵەتو شارستانیو میرنشینیو شۆڕشو راپەڕینەکانی نەتەوەی کوردن کە ئەوانەش بریتی بوون لەسەروەریو شانازی بۆ نەتەوەی کورد.

ئەوەی بە گەلی ئەلمان کراوە لەئەنجامی دوو جەنگی جیهانی یەکەمو دووەمەوە، بەکورد نەکراوە.

خۆ جوولەکە نەك هەر بێ قەوارە بوو، بەڵکو بەهەموو دنیاشدا پەرشو بڵاوکرایەوە، بەڵام لەبەر هەمان هۆ توانی خۆی بگرێتەوەو هەموو زلهێزەکانی دنیاش بەلای خۆیدا راکێشێ. ئەوەیش ئێستا بۆ کورد ئەکرێ وەك هێڵی 36 و ناوچەی ئاسایشو بنکەی ئەنجەرلیكو ئەو هەموو یارمەتیە مرۆییانەو بڕیاری 986و بڕیاری 688و گەلێ شتی تریش، ئەوسا ئەوەندە بۆ جوولەکە نەکرا. بەڵام جوولەکە بەهۆی هۆشیارییەکەیەوە توانی لەماوەی هەشت ساڵدا خۆی بکاتە دەوڵەتێك کە بەرامبەر سەد ملیۆن عەرەب راوەستێ، بەڵام کورد لەباشوور بەهۆی کەمیی هۆشیاریی نەتەوەییەوە لەماوەی هەشت ساڵدا کوردستانی کردە گۆڕستان بۆ کوژراوەکانی شەڕی خۆکوژیو هەرێمێکیشی کردە دووان.

ئنجا عەرەبیش هەر وەك كورد، سالآنێكی زۆر بێ قەوارە بوو، ئەوە بـوو لەبنەماڵەیەكی وەك هاشمیەكانەوە، مەلیكیان قـەرزكرد بـۆ عێـراقو هـەموو گەلی عەرەب لەعێراق قبوڵیان كرد، بەڵام بەرامبەر مەلیكی كوردستان شـێخ مەحمودی نەمر، هەر سەرەك هۆزێك لەئاستی خۆیەوە ئەیوت جـا مـن چـیم كەمترە لەخولەی شێخ سەعید!! ئەوە لەكاتێكدا كـە نەتـەوەی تـورك، بـێ مشتومڕ، سەركردایەتی ئەفسەرێكی وەك مـستەفا كـەمالیان پەسـەند كـردو دوای ئـەو هەرەسـە گەورەیـەی دەوڵـەتی عوسمـانی هەسـتانەوە، ئـەوەش بەهۆی ئاستی بەرزی هەستو هۆشیاریی نەتەوەییانەوە بوو.

ئێستا ئەشـێ پرسـیارێكی تـر بكـەین: ئایـا ئەگـەر هـەموو ئـەو دیـاردە دەرەكیو ناوەكیو بیرمەندییانەی باسمان كرد، ئەنجامو دەرەنجام بـووبنو هـۆ (سـبب) نزمـی ئاسـتی هەسـتو هۆشـیاری نەتـەوەیی بـێ بـۆ نـەبوونی قەوارەی كوردی، ئەی ئاخۆ ئەبێ بەر هۆ (مسبب)ی ئەو هۆیە چی بێ؟

لەوەڵامدا ئەڵێین: ژمارەیەك بەرهۆ هەیە بۆ ئـەو هۆیـە، لەوانـە نـەزانینو لـەخۆ بـایی بـوونو بـەرەڵاییو داگیركـردن. نەتـەوەی كـورد ئـەو رۆژەی دەوڵەتی مادی دروست كرد، نەزانین چاوی كار بەدەسـتانی ئـەو دەوڵەتـەی نابینا كردبوو، ئەو نەزانینـە كاربەدەسـتانی تووشـی لـەخۆبایی بـوون كـرد، لەخۆبایی بوونەكە بوو بەپاڵپێوەنەر كە ئەو كاربەدەسـتانە بـێ بیركردنـەوە لەئـەنجام، كەوتنـە ئـازاردانی نەتـەوەكانی ژێـر دەسـتیانو سـنووری دەسەڵاتیان زیاد لەتوانای خۆیان فراوان كردو ئەوانەش بەرەڵاییان دروسـت كرد لەبەڕێوەبردنو بەرگریدا، كاردانەوەو ئـەنجامی ئـەو دیاردانـەش وایـان كرد كەسێكی وەك كۆرشی فارس بەئاسانی هەرەس بەدەوڵەتی ماد بهێنێو كوردستان داگیر بكـاتو بكەوێتـە قەلاچـۆی كـوردو پـەرەوازە كردنیـان بـۆ شاخەكان!! داگیركردنەكەش ئەوەندەی تر نەزانینی سەپاند بەسەر مرۆڤی كورداو گرێی دەرونیـی تیـا دروسـت كـردنو هـەموو رێگەیـەكی لەنەتـەوەی كورد بڕی كە هەستو هۆشی نەتەوەییانـەی گەشـە بكـاتو كەسـێتی خـۆی دروست بكاتەوە.

**ئەی چار؟ ئەمەیان جێگەی باسی بەشی دووەمی ئەم وتارەمانە.**

**بەشی دووەم: جەماوەری ژمارە (82) کانونی یەکەمی 1998:**

لەبەشی یەکەمی ئەو وتارەدا، هۆی نەبوونی قەوارەی سیاسیی کوردمان گێڕایەوە بۆ نزمیو کەمیی هەستو هوشیاریی نەتەوەیی، بەر هۆ، یا هۆکار (مسبب)ی ئەو هۆیەش، وەك وتمان، نەزانینو لەخۆبایی بوونو بەرەڵاییو پەلهاویشتنی کورد (بۆ داگیرکردنی نەتەوەی ترو ئازاردانیان) لەرۆژگاری فەرمانڕەوایەتیی ماددا بوو کە بوونە هۆی هەرەسی مادو داگیرکردنی کوردستانو پەرەوازەکردنی کورد کە ئەوانەش لەکەسێتی کوردیان کەم کردەوەو نەزانینەکەش زیاتر پەرەی سەندو رێگایان لەگەشەکردنی هەستو هۆشیاریی نەتەوەیی کورد بڕیو دەرئەنجام قەوارە گەورە کوردییەکە دروست نەبووەوە.

لەم بەشەی وتارەکەماندا، ئەشێ وەك نموونەو بۆ راستیی بۆچوونەکەمان، هێما بۆ هەندێ بەڵگەی تری مێژوویی بکەین؟

کاتێ ئایینی پیرۆزی ئیسلام پەرەی سەندو هەل ڕەخسا بۆ ئەوەی نەتەوەی کوردیی ماد رزگاری ببیو کارێك بکات بۆ دروستکردنەوەی قەوارەیەکی یەکگرتوو بۆ سەرتاسەری کوردستان، دیسان نزمی ئاستی هوشیاریی نەتەوەیی کورد، ئەو هەلەشی لەدەس دا، بەڵێ ئەوە هەلێکی زێڕین بوو، چونکە لەو کاتەدا کورد هیچی نەبوو تا لێی بسەنرێتەوە، بەڵام فارس تەختو بەختی تێکچوو. کورد ئەیتوانی بەهۆی ئەو ئاینە پیرۆزەوە خۆی هەستێنێتەوە، لەڕا0ستیشدا هەستایەوە، بەتایبەتی لەرۆژگاری سەلاحەدینی ئەیوبیدا نەك هەر کوردستان بەمسیۆپۆتامیاشەوە، بەڵکو تێکڕا کورد، بووبەڕابەرو بەپارێزەری ئاینی پیرۆزی ئیسلام لەهەموو ناوچە ئیسلام نشینەکاندا بێ ئەوەی قەوارە کوردییەکە دروست کاتەوە بۆ خۆی کە ئەوە هیچ پێچەوانەیەتییەکو دژایەتییەك نەئەبوو بۆ ئاینەکە، کەچی فارس دوای ئەو شکستە گەورەیە دیاردەی شیعەگەرێتی بۆ خۆی قۆستەوە.

دوور نەڕۆین ئەوە لەبیرەوەریی باوكو باپیرانی ئێمەدایە كە مستەفا كەمال ئەتاتورك، هەرچی ناپاكیو خراپەو كۆمەڵكوژی هەیە بەرامبەر بەكورد كردی، كەچی (مستەفا) و (كەمال) ناو لەناو كوردا لەناوە بڵاوو زۆرەكانن. تا پێش راپەڕینیش دیاردەی صدام ناو كەم كەمێ كەوتە ناو منداڵی كوردەوە، هەموو ئەوانەو دەیانو سەدان نموونەی تر. نیشانەو بەڵگەی لاوازیی هەستو هوشیاریی نەتەوەییە لەناو كوردا. ئەمڕۆش بەچاوی خۆمان دیمان كە كورد چۆن دەستی چووە خوێنی كوردەوە لەپێناوی نیمچە دەسەڵاتێكو هەندێ دراودا كە ئەتوانرا ئەو نیچمە دەسەڵاتە لەماوەی هەشت ساڵی رابردوودا بكرێتە بنكەیەكی پتەو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی كوردی **سەربەخۆ وەك فرانسوا میترانی سەرەك وەزیرانی فەرەنسا لەنیسانی 1991ز بەكەنداڵ نیزانی سەرۆكی پەیمانگەی كورد لەپاریس راگەیاند كە دەوری تۆ بەرگری كردنە لەمافی كورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیان نەك ئۆتۆنۆمی** (بڕوانە لاپەڕە 141 لەكتێبەكەی جوناسان راندل ـ امة في شقاق ـ وەرگێڕانی فادی حمود ـــ دار النهار للنشر في بيروت) كە هەر لەو لاپەڕەیەدا نووسەری ئەمریكی جوناسان راندل ئەڵێ: **بەڵام كوردەكانی عێراق چاكترین هەلیان لەدەستدا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان.**

## وتمان ئەی چار؟

بەر لەم پرسیارەی من، گۆڤاری بەڕێزی جەماوەر خۆی پرسیاری لەئالەتی زاڵبوون كردووە بۆ بەدیهاتنی خەونی دەوڵەتی كوردی، ئەو بەڕێزانەش كە پرسیارەكەیان ئاڕاستەكرابوو، هەر یەك لای خۆیەوە هەوڵی دابوو وەڵامێك بداتەوە.

تێكڕا وەڵامەكان بریتی بوون لەهێماكردن بۆ كۆسپەكانو هۆكارەكانیان گوایە ئەگەر ئەو كۆسپانەو هۆكارەكانیان نەهێڵران، ئەوا خەونەكە دێتەدی، ئەوەش بۆچوونێكی بەڵگەنەویستە، یا وەك بنەما یاساییە گشتییەكە ئەڵێ:

ئەگەر رێگر نەما، رێلێگیراو دێتەوە (إذا زال المانع، عاد الممنوع)، بەڵام کێشەکە لەوەدایە ئەو رێگرە چۆن نامێنێ؟ یا چۆن ناهێڵرێ؟

کاتێ بەڕێز دکتۆر محەمەد ئەحمەد ئەڵێ: پێویستە ناومالّی خۆمان رێکبخەین دووبەرەکایەتی وەلا بخەین، لەئالیەتێکدا هێزەکان کۆببنەوە، ئەم پارچە نەبێتە گرفت بۆ پارچەیەکی تر، پشتیوانی بۆ کێشەکەمان دروست بکەین، یەك دەنگ بین، رابوونی ئیسلامی باش پێ بگات، کەسێتی کورد بەهیوای چاوبڕینە پاداشتی خوا دابڕێژرێتەوە، گیانی فیداکاریو خزمەت دارێژین، تەکنەلۆجیا بەدەست بهێنین، هاوکاریی ژنو پیاو، کۆمەڵگا رزگارکەین لەنەخۆشیەکان، گەشەپێدانی ئابووریو رۆشنبیریو زانستی، نەهێشتنی دیکتاتۆریو توندوتیژیو پاوانخوازی، رابوونی ئیسلامی پشتیوانی لەکێشەکەمان بکاتو.. **هتد**. ئەشێ بپرسین **ئەوانە چۆن بەدی دێن و ئالیەتەکە چیە؟**

لەبەڕێز قادر عەزیز ئەپرسین ئەو بزاڤە سیاسییەی ئەو داوای ئەکات لەئاستی بزاڤی رزگاریخوزانەماندا بێت، چیەو چۆن دروست دەبێ؟

بەبەڕێز زانا سەعید رۆستایی ئەڵێین: ئاخۆ هیچ نەتەوەیەك هەیە زیاتر لەکورد وابەستەی ئیسلام بێ؟ ئەی سەرکردایەتی بزاڤو شۆڕشەکانی کورد پیاوانی ئاین نەبوون؟

بەڕێز محەمەدی حاجی مەحمود کە ئەڵێ: (کورد لەچوارچێوەی عێراق موشکیلەی خۆی فیدراڵی لەگەڵ حکومەتی عێراق حەل بکاتو لەتورکیاو ئێرانیش عەینی شت). ئەی ئێمە ئەوە زیاد لەچل ساڵە چی ئەکەینو چەند وتووێژمان کردو چەند شەهیدماندا لەپێناوی لامەرکەزیو ئۆتۆنۆمیدا؟

منیش لەگەڵ بوونی ستراتیژدام وەك بەڕێز ئازاد حوجرانی داوای ئەکات، بەڵام ئاخۆ بەم حاڵەی ئێستامانەوە ستراتیژی هاوبەش دروست ئەبێ؟

چی لەوە باشترە کە بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی بخرێتە لاوە وەك بەڕێز دارا محەمەد ئەمین داوای دەکات، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە **ئایا بەرژەوەندی حیزبایەتی هەمووی هەر تەسك نیە؟**

بەڕێز خاڵە کاوە کە ئەڵێ بێجگە لەرژێمی ویلایەت و ویلایەتی تایبەت بەکوردستان چیتر بەواقیعی نازانم، ئەکرێ ئێمە لێی بپرسین بۆچی رژێمی ویلایەت یا فیدراڵی، ئەوە شتێکی واقعیە بۆ ئەقڵیەتی ئەو نەتەوانەی کوردستانیان داگیرکردووە؟ ئاخۆ لەسەر **نەخشەی دەوڵەتی عوسمانیو دەوڵەتی ئێستای ئێرانی ئیسلامی، پانتاییەك ئەبینرێ پێی بوترێ ولایەتی کوردستان؟** راستە گەلی کورد ئەتوانێ سوود لەهەندێ بۆشایی وەرگرێت وەك بەڕێز صوبحی مەهدی ئەڵێت. بەڵام وشەی گەلی کورد وشەیەکی گشتییەو ئەگەر ئەو سوودە وەرنەگیرا، یەخەی کێی لەسەر بگرین؟ منیش کە لەبەشی یەکەمی ئەم وتارەمدا وتوومە: هۆی نەبوونی قەوارەی نەتەوەیی، نزمیی ئاستی هەستو هۆشیاری نەتەوەییمانە، ئاخۆ (تەنیا) بەبەرزکردنەوەی ئەو ئاستە، قەوارەکە دروست ئەبێ لەم رۆژگارو بارودۆخەماندا؟

راستییەکەی نەتەوەیەك زیاد لە (2500) ساڵ ژێر دەستەو داگیرکراو، خاکی دابەشکراو، بێگانەی تیا نیشتەجێ کراو، لەدەرەتانی ئاوو دەریا دوورخراو، سەرکوت کراو، چەندجار کۆکوژکراو، نەزانینو نەخوێندەواری تیا بڵاو، کەسێتی کۆمەڵانو تاکەکانی شێوێنراو، تۆوی دووبەرەکیو ناکۆکیو ناپاکی تیا چێنراو، بیروباوەڕی نامۆی تیا بڵاو، باری دەروونی شێوێنراو، نائارامو دەربەدەرکراو، شارستانێتیو شانازییەکانی زەوت کراو، مێژووی ونکراو، سامانی سەر زەویو بن زەویی تاڵان کراو، کەلەپووری دزراو، لەکەژو کێو تونگ کراو، جێ تەماعی گەلێ چاو، لەیەکتر دابڕاو، هەموو شتی لێ سەنراو.. بێگومان **دروستکردنەوەی قەوارەیەکی نەتەوەیی بۆ نەتەوەیەکی لەو جۆرە، هەر قەوارەیەك، ئۆتۆنۆمی یا فیدراڵی یا کۆنفیدراڵی یا سەربەخۆیی، کارێکی ئاسان نیەو بەرنامەیەکی دارێژراوی هەمەلایەنی زانستیانەی ئەوێ.**

بەر لەوەی لەو بەرنامەیەو لەئامێری جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە بدوێین، ئەشێ ئەوە بڵێین کە ئەمڕۆ هەڵکەوتی نەتەوەی کورد، تایبەتمەندێتییەکی خۆی هەیەو جیاوازە لەتایبەتمەندێتیی هەر نەتەوەیەکی تر، بۆیە ئەبێ شێوازی چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەم نەتەوەیە، جیاوازبێ لەهی نەتەوەکانی ترو تایبەت بێ بەخۆیەوە. لەهەمان دیدوبۆچوونەوە، پێویستە بەرنامەو دەستوورو یاساو رێساو ئامێرو دەزگاو دامەزراوەکانیشی، هەر تایبەت بن بەخۆیەوەو مەرج نیە دەقاودەق وەك هی نەتەوەکانی تر بن، جا پشت بەم راستیە، خەباتی رزگاریخوازانەی کورد پێویستی بەبەرنامە هەیە.

لێرەدا وتارەکەی گۆڤاری جەماوەرو گرنگی (بەرنامە) جارێ رائەگرم بۆ ئەوەی بەکورتیو بەخێرایی لەدەرگایەکی تر بدەین، دەرگای:

## میرنشینییە کوردییەکانو شۆڕشەکانمان بۆ ئەنجامدار نەبوون؟

دوای تێکچوونی دەوڵەتی ماد، نەتەوەی کورد هەرگیز دەسەوستان دانەنیشتووە، هەمیشە لەتەواوی جەوامێرییەوە، شۆڕش لەدوای شۆڕشی بەرپاکردووەو چەندین دەسەڵاتو فەرمانڕەواییو میرنشینی بۆ خۆی دروست کردووە وەك فەرمانڕەوایی مەردانیەکان. پێش ئەویش دەسەڵاتی خێزانە کوردەکانی وەك هۆزی رۆژەکی لەفەرمانڕەوایی کردنی بەتلیس دا. هەروەها میرنشینیەکانی وەك روادیو بەتلیسو حەسنەویەکانو دوستەکیو لوڕیو جزیرەو ئەردەلانو سلێمانیو بادینانو سۆرانو هەکاریو بۆتانو شەمدینانو بایەزیدو موکریو بانەو بابانو هی تریش کە بەجۆرێکی گشتی بەهێزو بازووی مەردانە دروست ئەبونو بەهەڵخەڵەتاندنو لەخشتەبردنو ناپاکی لەناو ئەچوون. نموونەیەکی ئەوانە بزووتنەوەکەی یەزدان شێری خزمی بەدرخان پاشایەکە لەهەکاریو بۆتانەوە ساڵی 1855 دەستی

پێکردو بەتلیسو موسڵی گرتو ئنجا رووەو باشوور کشا تا هەموو ئەو زەوییانەی گرت کە ئەکەونە نێوان (وانو بەغداد)ەوە. کەچی یەزدان شێری ئازاو جەنگاوەر بەبەڵێنێکی درۆی سیخوڕێکی کۆنسۆڵی ئینگلیز، خۆی سپاردو دەسگیرکراو نێردرا بۆ ئەستەموولو بزووتنەوەکەی دامرکێنرایەوە.[5] جگە لەوە، کورد توانیویێتی لووتی چەندەها ستەمکاری وەك هولاکۆو جەنگیزخان بشکێنیو راویان بنێ بۆ ئەوەی ئەو هێزو توانایەی بەکاربێنێ بۆ کوردستانی سەربەخۆ، لەوانەش سەیرو سەمەرەتر وەك پێشتر وتمان کوردێکی ناوداری وەك سەلاحەدینی ئەیوبی، کە فەرمانڕەوایەتی میسرو سوریەو وڵاتی نێوان دوو رووبارەکەی کردووە، یا کەریم خانی زەند کە فەرمانڕەوایەتی ئێرانی کردووە[6]، هیچ کارێکیان بۆ نەتەوەکەی خۆیان نەکردووە، ئەوەش تەنیا لەڕوی نەبوونی هوشیاریی نەتەوەییەوە بووە نەك لەڕووی نەزانینی راستیەکانەوە. کەریم خانی زەند زۆر چاك زانیویێتی کە فارسەکان لەدوای تێکچوونی مادەوە تا کاتی فەرمانڕەوایەتیەکەی ئەو، چییان بەکورد کردووە، مێژووی لەدایکبوونی سەلاحەدین ئەوەندە زۆر لەدوای داگیرکردنی کوردستان ــ لەلایەن عەرەبەوە ــ نیە کە نەیزانیبێ ئەو عەرەبانە چییان بەکورد کردووە، سەلاحەدین ئەگەر لەدەمی باوکو باپیرانیشیەوە بیستبێتێ، زانیویێتی کە بۆ نموونە:

هورمزگان رمان ئاتران کشان ویشان شاردەوە گەورەی گەورەکان
زورکار ئارەب کردنە خاپوور گنای پاڵەیی هەتا شارەزوور
شنو کنیکان ودیل بشینا میرد ئازا تلی وەرووی هوینا
رەوشت زەردشترە مانوەبێکەس بزیکانەکا هورمز وە هیچ کەس[7]

---

[5] مینورسکی ــ الاکراد ــ وەرگێڕانی لەروسیەوە د. مەعروف خەزنەدار ل27.

[6] هەمان سەرچاوە ــ ل 30 .

[7] 1– عەلائەدین سوجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی ل130.

واتا

**مزگەوتان رمان، ئاگران کوژان خۆیان شاردەوە گەورەی گەورەکان**
**زۆرداری عەرەب کردنی خاپوور دێی کرێکاران هەتا شارەزوور**
**ژنان و کچان بەدیل ئەگیران پیاوانی ئازا لەخوێنا ئەتلان**
**رەوشتی زەردەشت مایەوە بێ کەس یەزدان بەزەیی نەهات بەهیچ کەس**

ئنجا ئەم سەلاحەدینە، نەك هەر تۆڵەیەکی باپیرانی نەکردەوە لەو داگیرکەرانەی مزگەوت و پەرستگا کوردییەکانیان ئەڕوخان و گوندەکانی کوردستانیان خاپوور ئەکردو دایکان و خوشکانمانیان بەدیل ئەگرت و باوکان و برایانمانیان خەڵتانی خوێن ئەکردو بنەما رەوشتیە ئاینیەکانمانیان بێ خاوەن ئەهێشتەوەو ئەو ئاگرانەیان ئەکوژانینەوە کە نیشانەی رووناکی و شارستانیمان بوون.. نەك هەر ئەوانە، بەڵکو هەموو دنیای رۆژئاواشی لێ کردینە دوژمن و **ئێستاش رۆژئاوا تۆڵەی سەلاحەدین لەنەتەوەی کورد ئەکاتەوەو نەتەوەی کورد باجی سەلاحەدین ئەدات!** چونکە ئەوە بوو قەیسەری دیانەکان و ریشاردی یەکەمی ئینگلیزو فلیبی ئاگوستوسی فەڕەنسی شکاند.

---

2–ئەم هەڵبەستە بەبۆچوونی هاوڕێ باخەوان ــ ئالای کورد ــ ل27 هی پیرشالیاری زەردەشتیە کە زێوانێکی ئایینی زەردەشتی بووە لەکوردستانداو وێنەی ئەو رووداوانەمان بۆ ئەکێشێ کە لەکاتی هێرشی عەرەبدا بۆ سەر کوردستان روویان داوە.

3–هەر لەم بارەیەوە، ابن الاثیر لە (الکامل في التأریخ) دا ب2 ل 16، هەروەها (الشیخ محمد خضري بیگ)یش لەکتێبی (تأریخ الأمم الاسلأمیة)دا باسی یەکەمین ئەنفال و رادەی خوێنڕێژیی و دڕندەیی لەشکری داگیرکەری موسوڵمان ئاوها بۆ دەگێڕێتەوە: "لقد سلط بعض قادة عمر بن الخطاب 634–644م کعزرة بن قیس وعتبة بن فرقد وقیس بن سلمة الاشجعي، الحرق والغرق علی سکان شهرزور (واتا خەڵکی شارەزووریان لەخوێن و خۆڵەمیشدا وەردا) بڕوانە کوردۆ عەلی گۆڤاری باسکار، ژمارە 1 ـ ل30.

سەڵاحەدین‌و تێکڕا بنەماڵەی ئەیوبییەکان بەهێزی بازووی جەنگاوەرە کوردەکان دەستیان بەسەر فراوانترین ناوچەی مسوڵماننشیندا گرت، وەك: میسر، سوریا، عێراق، کوردستان، خوراسان، یەمەن، تەرابلوسی رۆژئاواو جێگەی تریش، بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو فراوانی‌و هێزو دەسەڵاتەدا کارێکی وایان بۆ کوردەکە نەکرد کە وەك قەوارەیەکی سەربەخۆ بەردەوام بمێنێتەوە، ئەوەش بەهۆی ئەوەوە بوو کە موسوڵمانێتییەکەیان ئەوەندە بەوشکی وەرگرتبوو کە دەماری نەتەوایەتییەکەیانی سڕکردبوو، جا بەزۆری هەر ئەم هۆ ئاینییەش بوو کە هەرەسی بەزۆربەی میرنشینیە کوردەیکان هێنا. چونکە لەرۆژانی فەرمانڕەوایی ئەو میرنشینیانەدا، پیاوە ئاینییە کوردەکان هەمیشە خەڵکی کوردیان بەوە ڕائەهێنا کە ملکەچی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیەکان بن‌و ئەیانوت جەنگ دژی سوڵتانەکانی عوسمانی جەنگە دژی ئاینی ئیسلام، ئەیانوت ئەبێ وەك کەسێکی پیرۆز سەیری خەلیفەکانی عوسمانی بکرێ چونکە ئەوان جێگرەوەی پەیامبەری موسوڵمانن، دیارە هۆکاری تریش هەیە بۆ هەرەسی ئەو میرنشینیە کوردیانە وەك: دووبەرەکی، ساویلکەیەتی کوردو زوو هەڵخەڵەتاندنیان‌و خۆش باوەڕیان بەدوژمنان، ناپاکیی کەسانی دەسەڵاتدارو نزیك لەمیرە کوردییەکانەوە. جگە لەوانە میرە کوردەکان لەجیاتی ئەوەی هەرەوەزی‌و هاریکاری یەك بکەن‌و رێزی یەکتربگرن‌و هەوڵ بدەن یەکێتییەك لەناو خۆیاندا پێك بێنن‌و هێزێکی هاوبەش دروست بکەن بەرامبەر دوژمنانی کورد، بەتایبەتی عوسمانی‌و سەفەوی، کە چی ڕکەبەرایەتیی یەکیان ئەکردو شەڕی براکوژیان لەنێوان میرنشینیەکاندا هەڵئەگیرسان‌و بۆ گیانی یەکتری دەستیان بۆ دوژمنان‌و داگیرکەرانی کوردستان درێژ ئەکردو یارمەتیان لێ وەرئەگرتن، هەڵبەت کەم توانایی میرە کوردییەکان بەتایبەتی لەڕووی بیریاری (فکری)یەوە، ئەویش هۆیەکی ترە بۆ شکستیی میرنشینیەکانمان.

هەموو ئەو لایەنە نەرێتیانەی هێمامان بۆ کردن، کاریگەرێتی خراپیان کردۆتە سەر شۆڕشەکانیشمان، جگە لەوانە، زۆربەی ئەو شۆڕشانە لەخۆیەوە (عفوی) هەڵگیرساون، واتا نەخشەیەکی زانستیانەو خۆ بۆ ئامادەکردنی پێشەکیو پیلانو بەرنامەیان نەبووە. ناوچەیی بوون نەك سەرتاسەری، ئەم شۆڕش سوودی لەهەڵەی شۆڕشەکانی پێش خۆی وەرنەگرتووە، زیاتر دووبارەکردنەوەی یەکتری بوون، گەورەترین هەڵەی شۆڕشەکانی کورد ئەوە بووە کە پشێویو نائارامیان نەخستۆتە ناو ماڵی دوژمنەکانو داگیرکەرەکانی کوردستانەوە. ئەبوایە ئەو شۆڕشانە خەڵکی فیداکاریان رابهێنایە کە لەپایتەختەکانو شارەکانی ئەو داگیرکەرانەدا کردەوەی سەربازیی وەك تەقینەوەو هەڵتەکاندنی ئابووریو شێواندنی ئارامیو کوشتنی ئەو تاوانکارانەیان ئەنجام بدایە کە سەرچاوەی بڕیارن یا ئەوانەی راستەوخۆ تاوانی گەورەیان لەناو کوردستاندا ئەنجام داوە، بۆ نموونە کەسانێکی وەك زەعیم سەدیقو مولازم موحسن دوای ئەوەی کۆتایی بەدەورە تاوانکارییەکانیان ئەهێنرا لەکوردستاندا، ئەگەڕانەوە شارەکانی خۆیانو بەدیزداشەیەکو جووتێ سۆلەوە ئەسوڕانەوەو زۆر بەئاسانی ئەتوانرا تۆڵەیان لێ بسەنرێتەوە، بەڵام ئەوە لەبەرنامەو ئەقڵیەتی سەرکردایەتی شۆڕشەکانی کوردا نەبوو. بیانووشیان ئەوە بوو کە ئەوە قوربانیدانێکی زۆری ئەوێ، کەچی لەپێناوی کوشتنی چەند سەربازێکدا چەندین گەڕەكو شارۆچکەو گوندیان بەکاولکردن ئەداو خەڵکیان بەکوشت ئەدا.

من نامەوێ لێرەدا ئەم نووسینەم بەشێوازی مێژوونووسان بنووسم وەك ئەوەی کارەکەم بریتی بێ لەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکانو هێماکردن بۆ سەرچاوەکانو ژمارەی لاپەڕەکانیان، لەو بارەیەوەو بەو شێوازە زۆر نووسراوە. من تەنیا مەبەستم دەرخستنی سەرەداوەکانە بۆ ئەوەی لەڕێگەی ئەو سەرەداوانەوە هەندێك ئەنجام پیشان بدەم، لەوانە:

یەکـەم: ئـەو دیاردانـە هەمیـشە بوونەتـە هـۆی لاوازکردنـی دەسـەڵاتە کوردییـەکان بەهـەموو حکومەتـەکان‌و میرنـشینەکان‌و شۆڕشـەکانمانەوە، بەوەش هێزی سیاسی‌و سەربازیی کورد هەمیـشە کـەم‌و نـا بەرامبـەر بـووە لەچاو هێزی سیاسی‌و سەربازیی زۆری داگیرکەرانی کوردستاندا.

دووەم: هۆی سەرەکی بۆ ئەو دیاردە نەرێتیانە (سلبی) بەزۆری نـەبوون یانزمیی هوشـیاریی نەتـەوەیی بـووە. با ئـەوەشمان لـەیاد نەچـێ کـە ئـەو هەولانەی لەرابوردوومانـدا دراون بۆ سەربەخۆیی، مەرج نیە بەڵگەو نیشانەی هوشـیاریی نەتـەوەییمان بـووبن. **راسـتە ژمارەیـەك لەمیرنـشینییەکانمان‌و شۆڕشەکانمان خواستی سەربەخۆییان هەبووەو کاریـشیان بـۆ کـردووە، بـەڵام خواست‌و کارێکی ناهوشیارانەی نانەتەوەیی بووە بەم بەڵگانە:**

1– هــەردوو میرنــشینی ســۆران‌و بابــان، زۆر بــێ بەزەییانــە لــەبرا ئێزدییەکانمانیان داوە تەنیا لەبەر ئەوەی موسوڵمان نەبوون! [8].

2–هـەولێکی سـەرکەوتوانە نـەبووە بـۆ یەکخـستنی میرنـشینیەکان یـا شۆڕشەکان، بەپێچەوانەوە لەکاتێکدا دوژمن لەیـەکێکیانی داوە، ئـەوانی تـر یا سەیرکەر بوون، یا یارمـەتیی دوژمنەکـەیان داوە. یـا بـەبێ هانـدانی هـیچ دوژمنێکیش پەلاماری یەکتریان داوە!.

3–هوشیارێکی نەتەوەیی، زوو هەڵناخەڵەتێ بەدوژمنەکانی‌و خۆشباوەڕ نابێ پێیان وەك چەندین جار لەسەرکردایەتی شۆڕشەکان‌و میرنـشینەکانمان روویان داوە.

سێهەم: سەرکردایەتیی سیاسی ئەمڕۆی کـورد، جیاوازییـەکی ئـەوتۆیان نیـە لەگـەڵ سـەرکردایەتییەکانی پێـشترماندا وەك لەبەشـێکی تـری ئـەم نووسینەماندا زیاتر لەسەر ئەم لایەنە ئەڕۆین.

---

(8) 1–صديق الدملوجي ـ اماره بهدينان الكرديه ص 52.

2–سيتڤن هيملى لونگريك ـ أربعـة قـرون مـن تـأريخ العـراق الحـديث ـــ مطبعـة الأركـان 1985.

ئەوە بەگشتیی میرنشینیەکانو شۆڕشـەکانمان، بـەڵام حکومەتەکـەی شـێخ مـەحمود کـە یەکـەم حکومـەتێکی کـوردی بـوو لەچـارەکی یەکـەمی چەرخی بیستەمداو پێش دامەزراندنی ژمارەیەك لەحکومەتـەکانی دەوروبـەر کەوت، پێویستیی بەتەرخانکردنی بەشێکی تایبەت هەیە لەم نووسینەماندا. چـونکە بـۆ سـەرنەکەوتنی ئـەو حکومەتـە، بارودۆخێـكو ژمارەیـەك هـۆی جیاوازو تایبەت هەیە.

## حکومەتەکەی شێخ مەحمود 1919 ـ 1924 بۆ سەرنەکەوت؟ (9)

لەدوای جەنگی جیهانیی یەکەم، هەلێکی باش رەخسا بۆ ئەو نەتەوانـەی لـەژێر دەسـتی ئیمپراتۆرییـەتی عوسمانیـدا بـوون، کـە رزگاریـان ببـێو دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی خۆیان دامەزرێنن.

نەتەوەی کوردیش، وەك هەر یەکێك لەو نەتەوانەی تر، هەوڵی خۆیدا بـۆ ئەو مەبەستە، بەشێك لەو هەوڵانە شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی نەمر بوو.

شێخ مەحمود خۆی وەك کوڕی شێخ سەعیدو کـوڕەزای کـاك ئەحمـەدی شێخو کوڕەزازای شێخ مارفی نۆدێ کە رابەری تەریقـەی قـادری بـوو و لـەو ڕووەوە پایەیەکی بەرزی ئاینیان هەبوو، تێکڕا خەڵکی کوردستان بەچاوێکی رێـزەوە سـەیری شـێخ مـەحمووودو ئـەو بنەماڵەیـەیان ئـەکرد. ئەمـە جگـە لـەوەی کـە شـێخ مـەحمود خۆیـشی کەسـێکی هەڵکـەوتوو و کەسـێتییەکی لێهاتوو و بەتوانا بوون. هەر لەمنداڵیەوە کوڕێکی زیرەكو زرنـگو ئـازا بـوو، بنـەماکانی سـەرکردەیەتی لەروخـساریدا بـەدی ئـەکرا. هـەر بـەو منداڵییـە سیاسـەتمەدارێکی رۆژی خـۆی بـوو. زیـاد لەمانـە، سـوڵتان عەبدولحەمیـدی

(9) بـۆ وەڵامـی ئـەم پرسـیارە سـوود لـە هەنـدێك سەرچـاوە وەرگـیراوە. لەوانـە: نووسینەکانی مامۆستا جرجیس فەتحوڵڵاو یاداشتەکانی خوالێخۆشـبوو رەفیـق حیلمـیو هەندێك لەبەڵگەنامەکانی ولایەتی موسڵ.

عوسمانی گرنگیەکی زۆری بەبنەماڵەی شێخانی سلێمانی ئەدا کە ئەویش هۆیەکی تر بوو بۆ پەرەسەندنی دەسەڵاتی ئەم بنەماڵەیە، شەهیدکردنی شێخ سەعیدی باوکیو شێخ ئەحمەد لەموسڵ بەدەسیسەو پیلانی کۆمەڵی ئیتیحادو تورەقی دژ بەکورد، ئەوەندەی تر خۆشەویستیی شێخ مەحمودی لەدڵو دەروونی کوردا زیاد کرد.

یەکەم هەوڵێکی راستەوخۆی شێخ مەحمود بۆ دروستکردنی حکومەتێکی کوردی، لەو نامەیەوە دەرئەکەوێ کە بۆ میستەر ویلسنی گەورەی هێزەکانی ئینگلیزی لەکەرکوك نووسیو تیایا داوای ئەوەی لێکرد کە بڕیار بدەن بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی.

دووەم هەوڵ، نامەیەکی تر بوو هەر بۆ ویلسن کە ئەمجارەیان شێخ مەحمود متەسەریفی سلێمانی بوو، ویلسنیش حاکمی گشتیی عێراق بوو. ویلسن لەوەڵامی ئەم نامەیەدا میجەر نوئێلی ناردە سلێمانیو رۆژی 1918/11/1 لەکۆبوونەوەیەکی بەر دەرکی سەرادا نوئێل بڵاوی کردەوە کە شێخ مەحمود لەلایەن حاکمی گشتیی عێراقەوە (ویلسن) کراوە بەحوکمداری کوردستان.

سێهەم هەوڵی شێخ مەحمود لەم بارەیەوە ئەوە بوو کە مەزبەتەیەکی بەئەهالیو عەشایەری ناوچەی سلێمانی مۆرکرد کە بەپێی ئەوە شەریف پاشای کوردی دانیشتووی پاریس کرا بەنوێنەری کوردەکان لەکۆنفرانسی ئاشتیدا بۆ داواکردنی مافی نەتەوەی کورد.

چوارەم ئەو نەخشەیە بوو کە شێخ مەحمود بۆ مەحمود خانی دزڵیی کێشا بۆ گرتنی شاری سلێمانیو دەرکردنی ئینگلیزەکان لە 1919/4/21 داو لەئەنجامدا شێخ مەحمود ئیدارەی سلێمانی بەتەواوی گرتە دەستو دوای ئەوە شەڕی ئینگلیزو شێخ هەڵگیرساو بەشەڕی دەربەندی بازیان کە شێخ مەحمودی تیا برینداروو ئەسیر کرا کۆتایی هات.

پێنجەم کە دوا هەوڵی کاریگەری شێخ مەحمود بوو بۆ سەربەخۆیی کوردستان، دامەزراندنی حکومەتی کوردستان بوو لەرۆژی 1922/11/3دا کە تیایا بەمەلیکی کوردستان ناسرا.

ئەمە جگە لەهەوڵو کۆششە لاوەکیو نهێنییەکانی تری کە تێکڕا لەو پێناوەدا شێخ مەحمود چەندجار تووشی گرتنو سزادانو حوکمی خنکاندنو دورخستنەوە بوو.

هەموو ئەوانە بەڵگەی ئەوەن کە شێخ مەحمودی قارەمان زۆر هەوڵی داوە بۆ رزگاریو سەربەخۆیی کوردستان، بەڵام ئەی بۆ لەئەنجامدا بەو ئاواتە نەگەیشتووە؟ بۆ کوردستان رزگاری نەبوو؟ بۆ حوکمداریو حکومەتەکانی شێخ مەحمود کۆتاییان پێ هێنرا؟ لەکاتێکدا کە وڵاتانی تری ژێر دەستی عوسمانی، دوای جەنگی یەکەمی جیهان، رزگاریان بوو بێ هیچ شەڕو شۆڕێك یا بە هەوڵو تەقەلایەکی کەم!. هەروەها ئەشێ لێرەدا ئەوەش بپرسین بۆچی کوردستانی خواروو، واتا ولایەتی موسڵ خرایە سەر عێراقی عەرەبی؟ لەکاتێکدا نە شێخ مەحموودو نەدانیشتوانی کوردستان قایل نەبون بەو کارە بەم بەڵگانە:

1–خاتو کورترودیل لەنامەیەکیدا بەبەرواری 1921/5/29 ئەڵێ: (بیر لەوە ئەکەمەوە کە لەکۆتایی هەفتەدا بچم بۆ سلێمانی بۆ چەند رۆژێكو دوایی بۆ کەرکوك بۆ دوو شەو بەسواری ئوتومبێل، سلێمانی لەئەنجامی دەنگ وەرگرتندا (استفتاء) ئەوەی رەت کردەوە کە لەژێر حوکمی دەوڵەتێکی عەرەبیدا بێت، لەم کاتەدا ئەبێ بەهەرێمێکی کوردیی بچووك لەژێر سەرپەرشتی سێر پرسیی مەندوبی سامیدا راستەوخۆ، دانیشتوانی هەموویان کوردنو ئەڵێن نایانەوێ ببن بەبەشێك لەدەوڵەتێکی عەرەبی.

2– گۆلە سمیس کە ئەفسەرێکی سیاسی تازە دانرابوو بۆ سلێمانی، لە 1921/5/14دا بۆ مەندووبی سامی ئەنووسێو ئەڵێ: کوردەکان بەرهەڵستیی ئەوەش ئەکەن کە تەنانەت بەشەرتو شروتیشەوە لەگەڵ عێراق دا یەك بگرن.

3– ئەدمونز لەهەولێرەوە رۆژی 1922/10/21 بۆ مەندووبی سامی ئەنووسێو ئەڵێ: شێخ مەحمود هەر بەجارێك رێگە نادات بەهیچ شێوەیەکی سیادەی عێراقی، پاڵپشتییەکی زۆریش ئەکرێت لەهەولێرو کەرکوکەوە، داراییەکەشی بریتییە لەرەسمی تووتن.

هەندێك ئۆباڵی سەرنەکەوتنی شۆڕشەکانی شێخ مەحمود ئەخەنە ئەستۆی شێخ مەحمود خۆی کە گوایە بۆ داڕشتنی بناغەیەکی باشو بەهێز بۆ حکومەتەکانی تەقەلایەکی تەواوو بەکەڵکی نەداوە. یان گوایە دەوروپشتەکەی پاكو بەتوانا نەبوون، یا شێخ مەحمود نەیزانیوە بەسیاسەت لەگەڵ ئینگلیزدا بیگوزەرێنێو دڵیان راگرێت.

هەندێکیش بۆ ئەوە ئەچن کە ئینگلیز دوژمنی کورد بووە، یا دوژمنی شێخ مەحمود بووەو بەو هۆیەوە رێگەی نەداوە کورد بەئاواتی خۆی بگات لەرزگاریو سەربەخۆییدا.

راستتیەکەی نە ئەمیانەو نە ئەویان.

جا بۆ ئەوەی رێخۆشکەین بۆ گەیشتن بەوەڵامێکی راست، با تۆزێك زیاتر بگەڕێینەوە بۆ دواوەو چەند لاپەڕەیەکی پتر لەمێژوو هەڵدەینەوە.

لەگەڵ پەیدابوونی پیشەسازیی پاپۆڕو دەریاوانیدا، وڵاتانی رۆژئاوا بەگشتیو بەریتانیای گەورە بەتایبەتی، گرنگیی مادەی نەوتیان بۆ دەرکەوت وەك سووتەمەنیەکی پێویست بۆ ئەو پیشەسازییە. ئەمیرال فیشەر کە دائیرەکانی دەریاوانیی لەساڵی (1886)ەوە بەشێتو شەیدای نەوت ناویان ئەبردو لەپێش جەنگی جیهانی یەکەمدا فەرماندەی گشتیی دەریاوانی بەریتانی بوو، میستەر چەرچڵیش وەزیری دەریاوانی بەریتانی بوو.. شەیدایەتییەکەی فیشەرو خواستی چەرچل لەیەکیانداو لەساڵی 1912دا کاریان کردە سەر ئەنجومەنی گشتیی بەریتانیو لیژنەیەکی شاهنشاهیان پێك هێنا بۆ لێکۆڵینەوە لەسەرچاوە نەوتیەکان لەجیهاندا کە پێویستیەکانی دەریاوانی بەریتانی دابین بکات. بۆ ئەم مەبەستە چەرچل لەوتارێکی دا لەبەردەم ئەنجومەنی گشتیدا ئەوەی درکان کە ئەبێ ببین

بەخاوەنی نەوت، یا بەهەر حاڵێك بێ دەسبگرین بەسەر پێویستیەکانماندا لەنەوت. لەم کاتەدا ئەو نەوتەی کە لەبازاڕەکانی جیهاندا بازرگانیان پێوە ئەکرا بەزۆری، لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو مەکیسکۆوە دەرئەهێنراو بلاو ئەبووەوە، ئەوسا نەوتی روسیاو رومانیاو عەبادان شتێکی ئەوتۆ نەبوون. بەپێی راپۆرتێکی حکومەتی بەریتانیش کە لە 1921/6/12 دا نووسراوە، نەوت لەگەیارەدا هەبووە کە ئەڵمانەکان لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا سوودیان لێ وەرگرتووەو رۆژی دە هەزار گالۆن بەرهەمی داوە. هەروەها لەزاخۆو دووزو قەلای نەوتیشدا هەندێك نەوت دەرئەهێنرا. هەر بەپێی ئەو راپۆرتە پەیوەندییەکی جیولۆجی لەنێوان نەوتی کەرکووكو نەوتی وڵاتی فارسدا هەیە.

لەنێوان ساڵەکانی 1900 تا 1914شدا ژمارەیەکی زۆر لەکۆمەڵە بازرگانیە دەوڵەتیەکان کە لەپێشبڕکێدا بوون بۆ گەیشتن بەسامانی نەوت، گەلێ داخوازیان پێشکەش کرد بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی پشکنینی نەوتو دەرهێنانی نەوت، ئەوەبوو لەساڵی 1912دا گروپێك لەکارمەندانی بەریتانیو هۆڵەندیو ئەڵمانی پێکهاتن بۆ دروستکردنی کۆمپانیای نەوتی تورکی T.P.C و ئیمتیازی پشکنینو دەرهێنانی نەوتی ولایەتی موسڵو بەغدادیان وەرگرت.

ئنجا بەپێی هەوڵدانێکی نهێنی لەلەندەن دەسکرا بەلێکۆڵینەوە لەپێشنیارێك بۆ لەیەکدانی کۆمپانیای نەوتی ئنگلو ــ فارسو کۆمپانیای نەوتی تورکی. لەپێش هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمیشدا، بەریتانیا بڕیاریدا کە 51٪ی سەهمەکانی کۆمپانیای نەوتی ئینگلو ــ فارسی بکڕێت. بەلام بەهەڵگیرسانی جەنگ ئەو هیوایە نەما کە کۆمپانیای نەوتی تورکی بتوانێ کار بکات بۆ دەرهێنانی نەوتی میسۆپۆتامیاو بەدرێژایی سالانی جەنگ لەو رووەوە کارێك نەکرا. هەرچەندە بەریتانیا گەیشتبووە ئەو ئەنجامەی کە کوردستانی خواروو لەسەر دەریایەکی زێڕی رەش وەستاوە.

حکومەتی بەریتانیا ئەوەی ئەشاردەوە کە ئەو گرنگییەی ئەیدات بەولایەتی موسڵو عێراق لەبەر نەوت نیە، بەڵام راستییەکەی هەموو کارێکی ئەنجام ئەدا لەپێناوی ئەوەدا کە دەسگرێ بەسەر عێراقو کوردستاندا لەپێناوی دەرهێنانی نەوتەکەیاندا، بۆیە جەنگی جیهانی یەکەمی بەهەل زانی بۆ ئەوەی لەساڵی 1914دا لەخوارووی عێراقەوە هێرش بەرێو ساڵی 1915 بەسرە بگرێو ساڵی 1917ش بەغداد. ئنجا هیچ گوێی بەوەش نەدا کە بەپێی موتارەکە، واتا بەپێی هودنەی وەستانی جەنگ، ئەبێ چالاکییەکانی جەنگ راگیرێ. هەر سی رۆژ دوای ئەو وەستانی جەنگە هێرشی بردە سەر ولایەتی موسڵو پایتەختەکەی گرتو خۆی داکوتاو دوایی کەرکوکیشی گرتو ئنجا بەپێی رێکەوتنێك لەگەڵ شێخ مەحمودا پێی خستە سلێمانیشەوە.

لێرەوە گەمەی پەیمانی سیڤەرو حکومەتی کوردستان دەس پێ ئەکات کە ئەوانە لەسرکردنی دەمار بەولاوە چیتر نەبوون. شێخ مەحمود بەنیازی کوردستانێکی سەربەخۆو ئاوەدان، ئینگلیز بەنیازی نەوتێکی زۆرو فراوان، ئینگلیز دەستێکی خستە ناو دەستی شێخ مەحمودەوەو دەستەکەی تریشی خستە ناو دەستی عەرەبەوە لەبەغداد، جیاوازییەك کە لەنێوان ئەم سێ لایەنەدا بوو ئەوەبوو ئینگلیز بەئاگابوو لەنیازی شێخ مەحمود، بەڵام شێخ مەحمود نەیئەزانی ئینگلیز بۆ چ هەریسەیەك ئەگری. عەرەبیش خۆی مەڵاس دابوو بۆ ولایەتی موسڵی پڕ لەخێرو بێر. لەبەر ئەوە بەریتانیا بۆ ئەوەی شێخ مەحمودو نەتەوەی کوردی لێ نەورووژێو بەئاسانی بەمەبەستەکەی بگات، رۆژێك لەپەیمانی سیڤەردا خۆیو هاوپەیمانەکانی تەفرەی بزووتنەوەی کوردایەتیان ئەداو بەهەندێك بەڵێنی سەر کاغەز بۆ مافی کورد، کوردیان سڕ ئەکرد، رۆژێکی تر لەپەیمانی لۆزاندا پاشەکشەیان لەو بەڵێنانە ئەکرد. رۆژێك میجەر نوئیڵی دۆستی کوردی ئەکرد بەحاکمی سیاسی لەپاڵ شێخ مەحموداو جارێ حوکمدارێتی شێخ مەحمودی پێ ئەداو بۆ کوردستانی گەورە ئەهاتو ئەچوو، رۆژێکیش میجەرسۆنی دوژمنی

حـوكمی شـێخ مـەحمودی ئـەكردە راوێـژكارو حـاكمی سیاسـی ناوچـەكەو ریسەكەی میجەر نوئیڵی پێ ئەكردەوە بەخوری.

عەرەبیش لەولاوە لەهەوڵێكی بەردەوامدا بوو بۆ ئەوەی بەوە شـاد ببـێ كە ولایەتی موسڵ بخرێتە سەر عێراق، بۆ نموونـە لـەرۆژی 1923/10/1دا فەیسەڵ لەنامەیەكیدا بۆ (لـورد كـرزن) دڵخۆشـی خـۆی پیـشاندا بەرامبـەر بـەوەی كـرزن لـەكۆنگرەی لۆزانـدا سـەركەوتنی بەدەسـتهێناوە لـەوەدا كـە مەسەلەی ولایەتی موسڵ واز لێبهێنرێ بـۆ ئەنجومـەنی كۆمـەڵی نەتـەوەكان (عصبة الامم)، سوپاسی ئەوەشی كرد كە كرزن ماندوو بووە بۆ بەرگریكردن لەمافی گەلی عێراقو تكای ئەوەشی لێ كرد مەسەلەی موسڵ كە ژیـانی گـەل عێراقی لەسەر وەستاوە. جێگەی گرنگی دانی بێتو گەوهەرێكی بەنرخ بێت لەتاجی سەركەوتنیدا! بەر لەمیش حسەینی باوكی فەیسەڵ كە بەشـەریفی مەكـە ناسـرابوو لەبـەرواری 1915/7/14دا نامەیـەكی بـۆ سـێر هنـری مـەكماهونی جێگـە بـاوەڕی بـەریتانیان لەمیـسر نـاردبوو لـەبارەی ئـەو مەرجانەوە كە هەرەوەزیی ئەوو بەریتانیای لەسەر بەندە بۆ جەنگی جیهانی یەكەمو لەنامەكەیدا دەڵێ: (كوردستانی باشوور بخەرە ناو سنووری وڵاتـی عەرەبی سەربەخۆوە) مەلیك فەیسەڵی یەكەمیش جارێكی تـر لـەراپۆرتێكا بۆ كۆمەڵی نەتەوەكان ئەڵێ : ولایەتی موسڵ بـۆ عێـراق وەك سـەر وایـە بـۆ لەش، لەبەر ئەوە ئێستا خۆشیو ناخۆشیی چوار ملیـۆن بەشـەر لەدەسـتی لیژنەكەتاندایە)، كە مەبەستی ئەو لیژنەیەش ئەوەیە ولایەتی موسڵ بخرێتـە سـەر عێـراق. سـێر برسـی كوكـسیش بـاری سـەرنجی مـەلیك فەیـسەڵ بـۆ وەزارەتی موستەعمەراتی بەریتانی ئەنوسێو ئەڵێ: (مـەلیك ترسـی ئـەوەی هەیـە كـە هانـدانی هـەر دەوڵـەتێكی كـوردی جیـاكراوە لـەعێراق لەولایـەتی موسڵ ئەبێتە هۆی ئەوەی كوردەكانی توركیاو ئێران پەیوەندیی بكـەن بـەو دەوڵەتەوە. ئەوەش ئەبێتە گەورەترین مەترسی هەمیشەیی لەسـەر عێـراق. هەروەها مەلیك مەبەستی لەوەدا كە كوردستان بخرێتە سەر عێـراق ئەوەیـە

که سوننه زیاتر بن لەشیعه لەو ئەنجومەنی تەئسیسییەدا کە نیاز وایە ببەسترێت.

کە ولایەتی موسڵیش خرایه سەر عێراق، کار دەبەستانی عێراق بەنیمچە مافێکی ئوتونومیو ئیدارە محەلیش رازی نەبوون بۆ کورد، تەنانەت لەوەش سڵیان ئەکردەوە لەپەیوەندییەکانی ئیدارەی شارێکی وەك سلێمانی کە لەبارو دۆخێکی تایبەتیدا بوو، راستەوخۆ لەگەڵ مەندوبی سامیدا بێت. حکومەتی بەغداد بەنامەی تایبەتی بۆ مەندووبی سامی نووسی کە ئەوە نابێو پێویستە سلێمانیش وەك شارەکانی تری عێراق بێت لەهەموو روویەکەوە !.

لێرەدا ئەشێ پرسیارێك بکرێت: ئایا زەرەری چی ئەبوو بۆ ئینگلیز ئەگەر دەوڵەتی کوردستانی دروست بکردایەو نەوتەکەشی ببردایە بۆ خۆی؟ واتا بێ ئەوەی ولایەتی موسڵ بخاتە سەر عێراق؟

وەڵامی ئەم پرسیارە لەو قسەیەدا بەدی ئەکرێ کە ئەدمونز لەکتێبەکەیدا (کوردو تورکو عەرەب) ئەڵێ: **لای هیچمان گومان لەوەدا نەبوو کە ئێمە شەڕی ژیانو مردن ئەکەین بەنیسبەت عێراقەوە، دڵنیاشین لەوەی کە بەغدادو بەسرە بەبێ موسڵ دەوڵەتێکی شیاوی لێ دروست ناکرێ لەرووی ئابووریو ستراتیجیەوە، بەریتانیا ئەوەشی ئەزانی کە بەبێ عێراقێکی پڕ لە ئاژاوەی فرە نەتەوەییو فرە ئاینی کە هەمیشە لەبەر شەڕی نێو خۆیان نەیانپەرژێتە سەر ئەو، ئەشێ ئەو پارووە چەورەی نەوتی ئەم ناوچەیەی بۆ قووت نەدرێ.** جگە لەوانەش بەریتانیا بەو کارەی بەتیرێك چەند نیشانێکی شکاند:

یەکەم: عێراق کە لەو کاتەدا لەژێر ئینتیدابی خۆیدا بوو، گەلی عەرەب قایل نەبوون بەو بارەو هەمیشە شۆڕشیان لەدژی ئەکرد. جا بەتەماعی ئەوەی کوردستان ئەخاتە سەر عێراقو ئەیانکات بەوڵاتێکی دەوڵەمەند بەهۆی نەوتی کوردستانەوەو ئەوەش بەبێ ئینگلیزو مانەوەی لەم

ناوچەیەدا ناکرێت، کار بەدەستانی بەغدادو خەڵکی ئەو ناوەی پێ دەمکوت کردو حکومەتی فەیسەڵی یەکەمی دروست کردو کردییە کۆیلەی خۆی.

دووەم: ئەگەر دانیشتوانی کوردستان ملیان نەدا بۆ بەرژەوەندییەکانی بەریتانیاو بوونە کۆسپێك لەڕێگەی نەوتەکەدا، ئەوا ئەوسا شەڕەکە لەگەڵ کوردا بەحکومەتی عێراق ئەکات. چونکە کۆسپێکی لەو جۆرە هەر تەنیا بەرژەوەندی ئینگلیز ناخاتە مەترسییەوە، بەڵکو بەرژەوەندیی عێراقیش ئەخاتە مەترسییەوە. یان بەدەربڕینێکی تر ئەتوانین بڵێین ئینگلیز لەعێراقدا عەرەبی کرد بەپاسەوانی نەوتی کوردستان.

سێهەم: ئینگلیز هەمیشە لەبزووتنەوەی شیعەگەریتی ترساوە لەعێراقدا، شیعە لەعێراقدا بەبێ کوردستان زۆربەی زۆرن جا بۆ ئەوەی شیعە زۆر نەبێو رۆژێك لەرۆژان لەگەڵ ئێراندا نەبن بەیەك، کە ئینگلیز هەمیشە لەگەڵ ئێراندا ناکۆك بووە. کەواتە لەبەرژەوەندی ئینگلیزو سوننەی عەرەبی عێراقیش بوو ولایەتی موسڵ بخرێتە سەر عێراقو سوننە ببێتە زوربە، کە بەوە ئەو مەترسییە نامێنێ عێراقو ئێران ببن بەیەك.

چوارەم: تورکیاش هەمیشە لەوە ئەترسا کە کوردەکانی ولایەتی موسڵ جۆرە سەربەخۆییەك بەدەست بهێننو ئەوە ببێتە کێشەیەك بۆی لەبەردەم کوردەکانی باکووردا. لەم بارەیەوە مەندوبی سامی لە 1923/11/1دا بەبروسکەی ژمارە (543) بۆ وەزیری موستەعمەراتی بەریتانیا ئەنووسێو ئەڵێ: (من وای ئەبینم کە ئێمە ئەتوانین وتووێژکردنی سنوور ئاسان بکەین ئەگەر بتوانین بەڵێن بەتورکیا بدەین کە واز ئەهێنن لەوەی ئۆتۆنۆمی بدەین بەکورد وەك لەپەیمانی سیڤەردا دیاری کراوەو ئێمە ئامانجمان ئەوەیە کە هەموو ولایەتی موسڵ بخەینە سەر عێراق.

پێنجەم: تورکیا بەردەوام داوای ولایەتی موسڵی ئەکردەوە، بەڵام بەوەی کە ئەم ولایەتە خرایە سەر عێراقو پەیمانی دیاریکردنی سنوور لەگەڵ تورکیادا مۆرکرا بەرامبەر هەندێك تەنازولات بۆ تورکیاو بەرامبەر بەبەشێك لەسەهمەکانی کۆمپانیای نەوت، تورکیا لەو داواکارییەی بێ دەنگ

بوو. بەتایبەتی ئەو کاتە هێشتا گرنگی ولایەتی موسڵ دیاریی نەدابوو. ئەوسا مەسەلەی نەوت لەنێوان خەیاڵو واقیعدا بوو، ئینگلیز کە تەواو جێ پێی قایم کرد، لەساڵی 1927 دا دەستی کرد بەهەڵکەندنی چاڵە نەوتەکان، ئەوە بوو لەبەرەبەیانی رۆژی 1927/10/13دا نەوتی بابەگورگور لەکەرکوك بەشێوەی فوارەیەکی گەورەو بەهێزو بەبەرزایی (40) مەتر دەرپەڕی کە لەو رۆژەدا بەمەزنترین بیرە نەوتی گێتی ناسراو (29000) بەرمیل نەوتی ئەدا لەرۆژێکدا.

بەو جۆرە ئەبینین ئەوەی پێی ئەوترێ زێڕی رەش و بۆ وڵاتانی تر مایەی خێرو خۆشییە، بۆ کورد بوو بەقوڕی رەشو بوو بەمایەی دیلێتیو کوێرەوەری، بوو بەهۆی ئەوەی کە هەردوو کوردستانی باکوورو باشوور لەیەك دابڕێنو ئەویان لەسەر تورکیا بمێنێتەوەو ئەمیان بخرێتە سەر عێراق بەپێی ئەو پەیمانو رێکەوتننامانەی لەسەر حسابی نەوتی کوردستان مۆرکران. بوو بەهۆی بەردەوام بوونی شەڕی نێوان کوردو ئینگلیزو کوردو تورکو کوردو عەرەبو کوردو فارس. بوو بەهۆی لەدەسچوونی گیانی هەزاران هەزار مرۆڤ.

بەریتانیا وەنەبێ هەر لەگەڵ کوردا ئەوەی کردبێ، لەگەڵ فەڕەنسای هاوپەیمانی خۆیشیدا شتێکی لەو بارەیەوە کردووە کاتێ رێکەوتننامەیەکی لەگەڵ فەڕەنسادا مۆرکرد. بەپێی ئەو رێکەوتننامەیە، فەڕەنسا ولایەتی موسڵی لەمانگی دوانزەی ساڵی 1918دا بەجێهێشت بۆ بەریتانیا. بۆ پێکەنین، پێش ئەوەی کلیمەنسووی سەرۆکی فەڕەنسا رێکەوتننامەکە مۆرکات، یەکێك لەراوێژەکارەکانی پێی ئەڵێ: مەیاندەرێ، ئەم ناوچەیە نەوتی تیایە، کلیمەنسوو لەوەڵامدا ئەڵێ جا نەوت چیە، من هەر کاتێ نەوتم پێویست بێ ئەچم لەدەرمانخانە ئەیکڕم!. بەڵام کاتێ گڕی نەوتەکەی بابەگورگور شەوی نەزانینی کلیمەنسووی رووناك کردەوە، پەشیمانان شاخیان لێ رواو کاڵەکیان بەئەژنۆ ئەشکاند.

بەریتانیا کە دەستی فەڕەنسای هاوپەیمانی خۆیو کوردی تازە ئاشنای بڕیو شۆڕشو حکومەتەکانی شێخ مەحمودی هەڵوەشاندەوە، ئەوە لەئەنجامی ئەوەوە نەبووە کە ئینگلیز لەناخیا دوژمنی فەڕەنسەو کوردو شێخ مەحمود بووە. هەروەها لەبەر خاتری چاوی رەشی عەرەبیش نەبووە. بەریتانیا بۆ سوودو بەرژەوەندیی خۆی ئەو کارانەی ئەنجام داوە. ئنجا بەریتانیا هەڵوێستی عەرەبو حکومەتی عێراقیشی پێ خۆش نەبووە کە کورد لەهەموو مافێکی نەتەوەیی خۆی بێبەش بێت. بەڵکو لای خراپ نەبووە کورد جۆرە مافێکی وەك ئۆتۆنۆمی یا لامەرکەزیو ئیدارەی ناوخۆی خۆی هەبێ.

چەرچڵ لەوەڵامی بروسکەکەی سێر برسی کوکس دا، کە باری سەرنجی فەیسەڵی تیا پیشان دابوو کە گوایە فەیسەڵ مەبەستی لەوەی کوردستان بخرێتە سەر عێراق ئەوەیە کە ژمارەی سوونی زیاد بکات لەئەنجومەنی تەئسیسیدا کە نیازبوو دابمەزرێنرێت، ئەڵێ: (بروسکەی ژمارە 513ی رۆژی 9/20 تان بەجێیە بەمەرجێك کورد نەخرێتە ژێر دەستی عەرەبەوە ئەگەر خۆیان پێیان خۆش نەبوو.

ئەو بەڵگە نامانەش کە تا ئێستا ماون لەفایلەکانی کۆمەڵی نەتەوەکان (عصبة الامم)دا لەبارەی ئەوەوە کە کوردستانیان پێ خرایە سەر عێراق لە ساڵی 1925دا. رێزی مافەکانی کوردیان تیا گیراوەو کاتێك کۆتایی هێنرا بەئینتیداب لەسەر عێراقو عێراق وەرگیرا بەئەندام لەعصبە الامم دا رۆژی 1932/10/3، کۆمەڵێ مەرج دانرا کە دەوڵەتی عێراق رێزی مافی نەتەوەیی کورد بگرێتو مافی مرۆڤ لەم وڵاتەدا رەچاو بکاتو بەشی عێراق لەسامانی نەوتی کوردستان بۆ کوردستان خۆی سەرف بکرێتەوە. هەر کاتێکیش عێراق بەپێچەوانەی ئەو مەرجانەوە جووڵایەوە بەرپرسیار ئەبێ لەبەردەم کۆمەڵی نەتەوەکانو دادگای هەمیشەیی نێو دەوڵەتیدا.

بەو جۆرە بینیمان کە رێگە نەدان بەسەربەخۆیی کوردستانو بەردەوام نەبوونی حکومەتەکەی شێخ مەحمود، پەیوەندییەکی بەوەوە نەبووە کە

گوایە شێخ مەحمود بۆ داڕشتنی بناغەیەکی باش‌و بەهێز بۆ حکومەتەکەی تەقلایەکی تەواوو بەکەڵکی نەداوە یا لەبەر ئەوە بووە کە دەوروپشتەکەی پاك‌و بەتوانا نەبوون یا شێخ نەیزانیوە لەگەڵ ئینگلیزدا بیگوزەرێنێ‌و دڵیان راگرێت، شێخ مەحمود درێغیەکی وەهای نەکردووە کە ببێتە هۆی تێکچوونی دەوڵەتێك، هەموو جۆرە سیاسەتێکیشی لەگەڵ ئینگلیزدا بەکارهێناوەو ویستوێتی دڵیان راگرێت لەپێناوی بەرژەوەندیی نەتەوەکەی‌و بەردەوام بوونی حکومەتەکەی‌و سەربەخۆیی کوردستاندا. دەوروپشتی ئەو حکومەتانەی تریش کە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم دروست بوون لەدەوروپشتی حکومەتەکەی شێخ مەحمود پاکتر نەبوون‌و هیچ کامیش لەسەرۆکەکانی ئەو حکومەتانە لەشێخ مەحمود هەڵکەوتووترو بەتواناترو دبلۆماسی تر نەبوون. ئینگلیزیش، وەك وتمان، لەناخیا نەدوژمنی نەتەوەی کورد بووەوە نە دوژمنی شەخسی شێخ مەحمود بووەو نە دۆستی نەتەوەی عەرەب یا حکومەتی عێراقیش بووە. ئەو بەشوێن بەرژەوەندیی خۆیدا گەڕاوەو هەموو دنیاش بەشوێن بەرژەوەندی خۆیاندا ئەگەڕێن، پێویستە نەتەوەی کوردیش دەرسێك لە رابردوو وەرگرێت‌و بەشوێن بەرژەوەندیی خۆیدا بگەڕێ‌و لەبەربوورە نە کەس بکاتە برای هاوپشتی خۆی‌و ساڵەهای ساڵ گۆرانیی بەسەر برایەتیی گورگ‌و مەڕدا هەڵدات‌و خۆی بکاتە گاڵتەجاڕی گورگەکەش‌و ئەو دنیایەش، نە کەسیش بکاتە دوژمنی خۆی‌و لەخۆی بوروژێنێ، یا لەبەر خاتری خاتران لیسی کوێرانەی بۆ بهاوێت.

جاری لەسیاسەتدا، برایەتی هەر نیە، بەڵکو دۆستایەتی‌و دژایەتی هەیە، ئنجا نەدۆستایەتیەکەش دۆستایەتیی هەمیشەییە، نە دژایەتییەکەش دژایەتی هەتا هەتایە. ئەوانە پەیوەندن بەبەرژەوەندییەکەوە، برایەتیی، راستیەکە لەنێوان کەسان‌و کۆمەڵانی یەك خێزان‌و یەك نەتەوەدا کە ئەبێ ببی‌و ئەبێ هەتا سەر بێ.

بۆ نموونە: وەك بینیمان، رۆژێك لەرۆژان ئینگلیز لەپێناوی بەرژەوەندیی خۆیدا دژایەتی کوردو شێخ مەحمودی کردو وڵاتەکەی بەش کردو نەوتەکەی

زەوت کرد. هەر لەو پێناوەشدا دۆستایەتیی عەرەبو حکومەتی عێراقی کردو کوردستانی پێشکەش کردنو عەرەبی کرد بەپاسەوان بەسەر نەوتی کوردستانەوە. بەڵام کاتێك ئەو پاسەوانە نەوتەکەی خۆماڵی کردو ئینگلیزی دەرپەڕان، یا بەوتنی عەرەبی (حامیها حرامیها) دەرچوو، ئینگلیزو هەموو ئەوانەی بەرژەوەندییان هەبوو لەکۆمپانیای نەوتی عێراقدا، کەوتنە دژایەتی عێراقو گێچەڵی وەك شەڕی ئێرانو کوێتیان بۆ دروست کردو ئابلۆوقەی ئابووریان خستە سەرو تا ڕادەیەکیش بەلای کوردا بایاندایەوە. گرنگ ئەوەیە کوردیش سوود لەم بارە وەرگرێتو لەگۆشە نیگای بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە بڕوانێتە پەیوەندییەکانی[10].

---

[10] ئەم وتارەم بۆ یادی حەفتا ساڵەی دامەزراندنی حکومەتەکەی شێخ مەحمودی نەمر لە1992/11/10 ئامادە کردبوو و لەهۆڵی ڕۆشنبیریو جەماوەر لەسلێمانی لەئێوارە کۆڕێکی ئەو یادەدا خوێندمەوە.

# کاژێك‌و پاسۆك بۆ بەردەوام نەبوون؟

**یەکەم: لەبارەی کاژێکەوە:**

مێــژووی بزووتنــەوەی رزگــاریخوازی کــود، بەشــێوە تازەکــاری (مۆدێرن)ەکەی زۆر کۆن نیە، لەچلەکانی چەرخی بیستەوە، واتـا شەسـت ساڵێك لەمەوبەر، ئەو بزووتنەوەیە، لەسەرکردایەتی خێڵەکی‌و تاکە کەسیی سەرەك هۆزو شێخ‌و مەلاوە، گواسترایەوە بۆ سەرکردایەتیی پـارت (حـزب). پارتایەتییەکەش سەرەتا دوو رێبازی گرتبـووە خـۆ: رێبـازی کومۆنـستانەو رێبازی جۆرێك نەتەوەییانە، رێبازە نەتەوەییانەکەش جۆرێك لەپاشـکۆیەتی رێبازە کۆمۆنیستانەکەی پێـوە دیـار بـوو. وەك ئـەوەی حیزبـی دیمـوکراتی کوردستان لەرۆژهەلاتی ولات‌و پارتی دیموکراتی کوردسـتانیش لەباشـووردا گەلێ جار بەگەزی کۆمۆنیستانە جاوی کوردایـەتیان ئـەپێوا لەهـەردوو رووی بیریاری‌و کردەییەوە بەتایبەتی دوای چواردەی تەموزی 1958.

لــەرووی بیرییاریــەوە، لەپــەیرەوو پرۆگرامــی پــارتی دیمــوکراتی کوردستاندا، ئەوە هاتبوو کە سـوود لەمارکسێتی ــ لینینێتـی وەرئـەگرن، شیکردنەوە بیرییارییەکانیشیان، کەم تا زۆر، مۆرکی مارکسێتی پێوە بوو.

لـەرووی کردەییـشەوە، ژمارەیـەك کـادیرانی کۆمۆنیـستی وەك: سـالح حەیدەری‌و حەمید عوسمان‌و خەسرەو توفیق‌و دارا تۆفیـق‌و دکتـۆر مـورادو هی تریش کەوتنە ناو سەرکردایەتی پارتییەوە، مقۆ مقۆی ئـەوەش دەسـتی پێکرد کە خەریکە رێکخراوەکانی لاوان‌و قوتابیان‌و ژمارەیەك رێکخراوی تری پارتی ئەچنە ناو رێکخراوەکانی گەنجان‌و قوتابیـانی عێـراق‌و رێکخراوەکـانی تری حیزبی شیوعیەوە کە ئەوانە وایان کرد ژمارەیەك رۆشنبیری نەتـەوەیی کــورد، ترســی مەرگەســاتی بزووتنــەوەی کوردایــەتیان لێ بنیــشێ‌و بــیر لەدامەزراندنی پارتییەکی نەتەوەییانە بکەنەوە وەك پێویستیەك بۆ خـەباتی رزگـاری خوازانــەی نەتەوەکــەمان، ئــەوە بــوو کاژیـك (کۆمەڵــەی ئـازادی‌و ژیانــەوەو یــەکێتی کــورد)و پــارتی گــەلی کــورد دامــەزران. زۆری نــەبرد

هەردووكیان بوون بەیەك، هەر بەناوی كاژیكەوەو كەوتنە چالاكیی سیاسی، دواتریش پاسۆك (پارتی سۆشیالیستی كورد) لەبارودۆخێكی تردا دروست بوو. هەڵبەت دێڕەكانی ئەم نوسینەمان تەرخانە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی سەرەوە: (كاژیكو پاسۆك بۆ بەردەوام نەبوون؟) نەك بۆ پێكهاتەو ئایدیۆلۆجیەتیان، بۆیە راستەوخۆ دێمە سەر وەڵامی پرسیارەكە:

لەراستیدا پرسیارەكە گرنگەو بەجێیە، چونكە پێشتر، لەم نووسینەماندا، چەند جار وتوومانە هۆی سەرەكیی نەبوونی قەوارەیەكی رامیاری سەربەخۆ بۆ نەتەوەكەمان، نەبوون یا نزمیی ئاستی هوشیاریی نەتەوەییمانە. دەی خۆ كاژیكو پاسۆك هەوڵی بەرزكردنەوەی ئەو ئاستەیان ئەدا، ئەی بۆ بەردەوام نەبوون!؟

لەوەڵامدا ئەڵێم هۆی سەرەكیی، ئەوە بوو خەڵكی وەك پێویستی بەردەوام بوونی پارتییەك كە ئەركی سەربەخۆیی كوردستانی لەئەستۆ گرتبوو، لەدەوری كاژیكو پاسۆك كۆنەبوونەوە، هۆكاری ئەو كۆنەبوونەوەیەش لەم خاڵانەدا بەدی ئەكرێ:

1- **كاژیك پێش رۆژگارەكەی كەوت:** ئەم پارتییە لە 1959/4/14 دا دامەزرێنرا، تا ئەو بەروارەو بگرە تا ئێستاش، زەمینەی سەوزبوونو گەشەكردنی بزووتنەوەیەكی باوەڕدار (عقائیدی) نەتەوەیی وەك كاژیك لەناو كوردا نەڕەخساوە. تا ئێستا بزووتنەوە گشتییەكان، باوەڕدارو بێ باوەڕ، لەناو نەتەوەی ئێمەدا، لەخولگەی موسوڵمانێتیو ماركسێتیو سۆزی كوردایەتیو بۆرە دیموكراسییەكدا ئەسوڕێنەوە، ئەم چوار جۆر بزووتنەوەیە، هەریەكەیان پێشینەیەكی دێرینی هەیە، موسوڵمانێتی لە پەیدابوونی ئیسلامەوە، ماركسێتی لەبیریار (مفكر)ە زۆرەكانی ئەو رێبازەوە كە كارل ماركس 1817 – 1883و فەردریك ئینكلس 1820–1895 سەرەتا رابەرێتییان كردو دوایش چەندین دەوڵەتیان لێوە كەوتەوە. دیموكراتێتیش لەشۆڕشی فەرەنسەو پیادەكردنیەوە لەناو

دەوڵەتانی ڕۆژئاوادا، سۆزە کوردایەتییەکەش زیاتر کاردانەوەی ئەو زۆرو ستەمانە بووە کە بەرامبەرمان کراوە.

موسوڵمانێتیو مارکسێتی کە هەردووکیان دوو بیرۆکەی نێو نەتەوەیی (اممی)ن هەر یەکەو ڕەگێکی قووڵی بەناو بیری ژمارەیەکی زۆر لەمرۆڤی کوردا داچاندووە. دیموکراسیش تەنیا وەك دەنگی دەهۆڵێکی دوور بەر گوێی خەڵکی کوردستان کەوتووە، ئەگینا لەنزیکەوە کورد پێی ئاشنا نەبووە بەهۆی ئەوەوە کە کورد خۆی ژێر دەستە بووەو سەردەستەکانیشی فریان بەسەر دیموکراتێتیو مافی مرۆڤو حوکمی یاساو ئەو جۆرە قسە خۆشانەوە نەبووە نە لەگەڵ ئێمەداو لەناو خۆشیاندا، لەبەر ئەوە، پیادەکردنی دیموکراسی لەپڕێکداو بێ ئەوەی کەشێکی گونجاوی بۆ سازکەیت، ئەنجامدار نابێو زوو لەبار ئەچێ بۆیە بە (بۆرە دیموکراسی) ناومان برد، بیری نەتەوەییش بەدەردێکی خراپتر لەدیموکراسی چووە لەناو نەتەوەی ئێمەدا لەدوو ڕووەوە، یەکەم: هەڵوێستە نەتەوەییە شۆڤینییەکانی نەتەوە سەر دەستەکانی کورد، هەموو جۆرە نەتەوایەتییەکی تری لەبەرچاوی مرۆڤی کورد خستووە، دووەم: ڕووە گەشەکەی نەتەوایەتی، دوور لەشۆڤێنێتیو فاشیستێتی، لەڕووی کردەییەوە پێشینەیەکی لەناو نەتەوەی کوردا نەبووە. لەڕووی بیریاری (فکری)شەوە، سامانێکی بیریاریمان نەبووە وەك ئەوەی بیریارەکانی وێنەی فیختەو هیگڵو هیردەرو نوفالیڼو نیتشەو مویلەرو تریتشکەو بسمارکو زۆری تر نەتەوەی ئەڵمانیان پێ گۆش کرد بەر لەوەی بیرۆکەکانیان بچنە قالبی ڕێکخستنی حیزبییەوە، جوولەکەش بەهۆی ئاینەکەیانەوە کە لەئەنجامدا بوو بەهەوێنی نەتەوایەتی بۆیان، عەرەبیش بەهۆی ئاینی ئیسلامەوە کە گەورەترین خزمەتی نەتەوەییانەی بەگەلی عەرەب کردو لەزەمانی ئەمەوییەکانەوە نەتەوایەتی بەشۆڤێنێتیشەوە لەناو عەرەبدا سەری هەڵدا.. ئەوانە هەر هەموویان بوونە خاوەنی پێشینەو سامانێکی بیریاری نەتەوەیی لەسەر بنچینەی ژیرێتیو زانست بۆ ئەڵمانو جوولەکەو

عەرەب. بەڵام کورد تەنیا لەڕووی سۆزەوەو بەبێ هیچ پێشینەیەکی کردەیی‌و بیریاریی زانستیانە کوردایەتیی کردووە[11]، بۆیە بەبۆچوونی من بزووتنەوەی دیموکراسی‌و نەتەوەیی سەرکەوتوو ئەنجامدار نابن، هەتا کەش‌و هەوای گونجاویان بۆ نەڕەخسێنرێ لەناو کوردستاندا. ئنجا ڕەخساندنی کەش‌و هەوایەکی لەو جۆرە چۆن ئەبێ؟ ئەوە جێگە باسێکی ترمان ئەبێ لەم پەراوەدا لەژێر ناونیشانی: (ڕەخساندنی کەش‌و هەوای دیموکراسی‌و نەتەوەیی).

2- **پارتی هەڵبژاردە:** سەرەڕای ئەوەی بارو دۆخەکەی هاتنەئارای کاژیك بەو جۆرە بوو، کاژیك خۆیشی خۆی کردبووە پارتێکی هەڵبژاردە، (حزب نخبوی) بوونە ئەندام لەکاژیکدا بۆ هەموو کەس نەبوو، ئەبوایە هەموو مەرجەکانی جەوامێری‌و خاوێنی تیا بوایە!

3-**ترسناکیی بیرۆکەکان:** ئەوساو ئێستاش هەموو کەس ناوێرێ لەپارتییەکی وەك کاژیکدا کار بکات، بەتایبەتی لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستاندا کە گەلێ جار لەسەر داواکردنی مافێکی وەك ڕۆشنبیری، کوردیان ئەکوشت، وەی لەوەی داوای سەربەخۆیی ئەکرد!

**4-کانی ماسی:** ساڵی 1964 کارەساتی دڵتەزێنی کوشتنی ژمارەیەك شیوعی لەسلێمانی بەناڕەوا روویدا کە بەکارەساتەکانی کانی ماسی ناوئەبرێ، نەیارانی کاژیك ئەوەیان بەهەل زانی‌و بەپروپاگانتە تاوانەکەیان دایە پاڵ کاژیك، ئەو کاتە کاژیك نەتوانای کوشتنی کەسی هەبوو، نەئەیویست کەس بکوژی، نە دەزگایەکی چاپەمەنی‌و نەجەماوەرێکی زۆریشی هەبوو کە بەهۆیانەوە بەرامبەر بەو پروپاگانتانە بوەستێتەوەو

---

[11] ڕاستە هەندێك سەرهەڵدانی بیریاریانە هەبووە وەك هەڵبەستەکانی ئەحمەدی خانی (1650-1707)و حاجی قادری کۆیی (1815-1892)، بەڵام ئەوانە لەکاتی خۆیدا لە کەشکۆڵی هەندێك دیوەخان تێپەڕیان نەکردووەو نەگەیشتوونەتە جەماوەر، مەگەر لەم ساڵانەی دوایی‌دا کە هێنرانەوە سەر شانۆی بزووتنەوەی کوردایەتی.

بـەدرۆیان بخاتــەوە، ئــەم قــسانەش بیانوویــەك نیــە بــۆ كەمتەرخــەمیی سەركردایەتی كاژیك كە ئەبوایە ئەگەر بەدەسـخەتیش بوایـە بڵاوكراوەیـەكی بەو خەڵكە راگەیاندایە كە تیایا ئەو پروپاگانتانەی بەدرۆ بخستایەتەوە[12].

ئــەم كارەســاتو پروپاگانتانــەو كەمتەرخەمیــە، وایــان كــرد خــەڵكی بــاری سەرنجێكی خراپ بەرامبەر كاژیك وەرگرنو لێی نزیك نەبنەوە.

5-**سەركردایەتیی كاژیك:** نـاوی ئەنـدامانی سـەركردایەتیی كاژیـك، وەك مەتەڵێكی لێهاتبوو، هەر كەسەو بەئارەزووی خۆیو بۆ مەبەسـتی تایبـەتیی خۆی، ئەو سـەركردایەتییەی ئەدایـە پـاڵ چـەند ناوێـك بەتایبـەتی نـەیارانی كاژیـك هێمایــان بــۆ ژمارەیــەك دەرەبــەگو كۆنەپەرسـتو پاشــەڵ پــیسو گومانلێكراوو پیاوی بێگانە ئەكرد! . نەش ئەكرا ئەو سەركردایەتییە خۆیـان ئاشكرا بكەن لەبەر زۆریو درندەیەتی هەندێك لەنەیارانی بەتایبـەتی رژێمـی بەغداد.

ئنجا سەركردایەتییەكە خۆیشی تا سەر لەپاڵ یەكدا نەمایەوە، ئیحسان فوئاد بۆ گوزەراندنی دكتۆرا چوو بۆ یەكێتیی سۆڤێت، پێش رۆیشتنی پێـی راگەیانـدین كـە ئـیتر ناتوانــێ وەك ئەنـدامێكی كاژیـك بمێنێتــەوە. جـەمال نەبەزیش هەر بەمەبەستی گوزەراندنی دكتۆرا چوو بـۆ سویـسراو دوایـی بـۆ ئەڵمانیاو تا ئێستاش هەر لەوێیە. ئەم لـەكاژیك نەپـچڕا، بـەڵكو چـالاكیەكی بیرمەندیانــەو كردەییانــەی زۆریــشی هــەبوو بــۆ كاژیــكو تێكــڕا خزمــەتی قوتابخانەی بیری نەتەوەیی كوردی، ئێستاش هـەر بەردەوامـە، بـەڵام هـەر

---

[12] بۆ زانیارییەكی زیاتر لەبارەی رووداوەكانی كانی ماسییەوە، بڕوانە:

أ-كامیل ژیرـ وەڵامێكی دۆستانە بۆ بـەڕێز د. كـوردۆ علـی رۆژنامـەی كوردسـتانی نـوێ ژمارە 1991 بەرواری 1999/11/3 ل8.

ب-حەمەی عەزیز (خالەحەمە) بیرەوەری ـ گۆڤاری باسـكار ـ لەنـدەن ژمـارە 3، سـاڵی 1999 ل 75 تا 91.

چۆنێ بێ ئەو دوورکەوتنەوەیەی بوو بەکەلێنێك لەسەرکردایەتیی کاژیکدا لەناو کوردستاندا.

خوالێخۆشبوان عەبدوڵڵا جەوهەرو فەرەیدون عەلی ئەمین، هەر یەکەیان لەناوەختێکدا وازیان هێنا! بەپێی نەخشەیەك بڕیارمان دا خوالێخۆشبوو شێخ محەمەدی هەرسین‌و خاڵە حەمە (محەمەدی عەزین) خۆیان لەبارەگای بارزانی نزیك بخەنەوە بۆ ژمارەیەك مەبەست لەوانە: هەوڵ بدەن رووی گەشی کاژیك لەسەرۆك بارزانی بگەیەنن، شۆڕشی ئەیلول زیاتر رێبازی نەتەوەییانە رەچاو بکا، ئەوەندەی بۆیان بکرێ لەو رێگایەوە یارمەتیی واتاییو کەرەستەیی بۆ کاژیك دابین بکەن‌و.. هتد، بەڵێ ئەو دوو بەڕێزە توانیان لەماوەیەکی کەمدا جێی خۆیان لەپلەیەکی بالای بارەگای بارزانیدا بکەنەوە، بەلام کاژیکیان بیرچووەوە.

بەو جۆرە سەرکردایەتیی کاژیك لەنۆوە بوو بەسێ. نووسەری ئەم دێڕانەش (کامیل ژیر) لەدروست بوونی کاژیکەوە تا ناوەڕاستی 1968 بۆ خوێندن‌و بەفەرمانبەری لەبەغداد بوو. راستە من جار جار سەری سلێمانیم ئەدایەوە. لەبەغدادیش کارەکانی کاژیکم وەك لێپرسراوی بەغداد ئەنجام ئەدا، بەلام ئەوە وەك ئەوە نەبوو لەنزیکەوە لەسلێمانی رۆژانە لەگەڵ سەرکردایەتیدا بوومایە.

بەو جۆرە سەرکردایەتی کاژیك مایەوە دوکانی بەکرو دوو قاڵب سابوون، مایەوە ئەحمەد هەردیو فایەق عارف. هەردیش ئەوساو ئێستاش باری تەندروستییەکەی بەهۆی تەنگەنەفەسیەوە (ربو) زۆر خراپەو بەردەوام لەپشێوی (قلق) دا ئەژی. ئنجا بۆ ماوەیەکیش خوالێخۆشبوو عەبدولکەریم عارف پلەی بەرزکرایەوەو کرایە ئەندامی سەرکردایەتی، بەلام کەلێنەکان بەو پڕ نەکرانەوە.

6-**شۆڕشی ئەیلول:** پێشتر وتمان کاژیك لەئەنجامی وەرچەرخانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەلای چەپدا هاتە ئاراوە. ئەو ترسەی لەدامەزرێنەرانی کاژیك نیشتبوو لەو ئەنجامە، لەخەڵکی تریش نیشتبوو.

بۆیـه دوای دامەزرانـدنی کاژیـك، بەتایبـەتی دوای بڵاوبوونـەوەی نامیلکـەی (کوردایەتی بیروباوەڕمانـه ــ ئامـانجی نزیـكو دوورمانـەی ــ کامیـل ژیـر)و نامیلکەی (کوردایەتی بزووتنەوەو بڕواو رژێمه– زەردەشـت) خـەڵکێکی زۆر روویـان کـردە کاژیـكو رێکخراوەکـانی تـری کاژیـك وەك لاوانـی نەتـەوەییو قوتابیـانی نەتـەوەیی. ئـەو بـرەوەی کاژیـك، بـەردەوام لەزیادیـدا بـوو تـا بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلولی 1961. لەوە بـەدواوە برەوەکـەی کاژیـك وەك پـێش شۆڕشـەکە نـەما. چـونکە خـەڵکی بەچـاوی خـۆی ئـەیبینی بـارزانیو پارتی دەسـتیان داوەتـەوە چـەكو شۆڕشـی خوێنـاوی ئەکـەن بـۆ سـەندنی مــافی کــورد. لەلایــەکی تریــشەوە ســەرکردایەتی پــارتی لــەکادیرە کۆمۆنیـستەکان بـژارکرانو دوورخرانـەوە، نـەك هـەر ئـەوان بـەڵکو هـەمزە عەبدوڵڵاش کـه چـەپڕەوێکی کـۆن بـوو لـەناو پارتیـدا دوورخرایـەوە، ئنجـا کاژیك خۆیشی کەوتە پشتگیری کردنی شۆڕشەکە بەم رێگایانە: بەنووسینو وریاکردنـەوەی خـەڵکی، بـەناردنی ژمارەیـەك لەسـەرکردەکانی خـۆی وەك هەردیو فەرەیدون عەلی ئەمینو شێخ محەمەدی هەرسینو محەمەدی عەزیز بۆ ناو شۆڕشو بۆ پـاڵ بـارزانی، بەهانـدنی ئەندامـەکانی بـۆ نـاو ریزەکـانی پێـشمەرگە بەتایبـەتی بـۆ نـاو هێـزی خـەبات کـه لەئەنجامـدا ئـەو هێـزە بەهەردوو سەرکردەکەیەوە خوالێخۆشبووان فەتاح ئاغاو نوری حەمه عـەلیو بەزۆربەی پێشمەرگەکانیەوە ئەندامو لایەنگیرانی کاژیكو لاوانـی نەتـەوەیی بوون. بەڵام ئەوانە هەر هەموویان وەك سەربازێکی نادیار بۆ کاژیكو دیار بۆ پارتیو شـۆڕش کاریـان ئـەکردو ئەجـەنگانو ئـەنجام ئەوانـه بـێ سـوود بـۆ کاژیكو بەسوود بۆ پارتی مانەوە.

ئاوا بەو جۆرە تێکەڵاو بوونەکەی کاژیك بەشۆڕشو پارتی درێژەی کێشا تـا هـاوینی سـاڵی 1974 کـه کۆنفرانـسی کاژیـك لەنەغـەدە بەسـترا. لـەو کۆنفرانسەدا راستییەکانو هەڵکەوتەی کاژیك تاوتوێ کرا. ئەنجام ئەوە بـوو کاژیك هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە کوردایەتیی زیاتر لا مەبەسـت بـووە وەك لەحیزبایـەتی، لەلایـەکی تریـشەوە تێکـەڵاوبوونی کاژیـك بەشـۆڕشو

بەپارتی لەوە تێپەڕی کردبوو کە بتوانرێ جیاکرێنەوە، ئنجا کە ئامانجیش هەر کوردایەتی بێ، کۆنفرانس بڕیاری هەڵپساردنی کاژیکیدا بۆ ئەوەی هەموو تواناکان تەرخان بن بۆ سەرکەوتنی شۆڕشەکە. بەتایبەتی لەو کاتەدا هەموو هێزە نیشتمانییەکانی تریش بەباڵەکەی تری پارتی ـــ سەر بەلیژنەی مەرکەزی ـ ئیبراهیم ئەحمەدیشەوە خۆیان تەرخان کردبوو بۆ سەرخستنی شۆڕشەکە.

#### دووەم: لەبارەی پاسۆکەوە:

دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول، وردە وردە ڕێکخراوەسیاسییەکان بەخۆیاندا چوونەوەو هەندێکیان دروست بوونەوە، هاوبیرانی کاژیکیش بۆ هەمان مەبەست جموجۆڵێکیان کرد، گێڕانەوەی درێژەی ئەو جموجۆڵە دوا ئەخەم بۆ دەرفەتێکی تر، هەر چۆنێ بێ جمودجوڵەکە ئەنجامدار نەبوو، لەلایەکی ترەوە، ژمارەیەك لاو، پاسۆك (پارتی سوشیالیستی کورد)یان لە 1975/9/11دا دامەزران.

پاسۆك لەڕووی بیروباوەڕەوە، وەك کاژیك بوو بەڵام لەڕووی شێوازی کارکردنەوە جیاواز بوو، هەندێك لەو کۆسپانەی ڕێگربوون لەبەردەم کاژیکدا لەڕێی پاسۆکدا نەبوون، وەك کارەساتەکانی کانی ماسیو نەزانینی ناوو کەسێتی سەرکردەکانو پەرشو بڵاوبوونەوەیانو کاریگەرێتی شۆڕشی ئەیلولو بەنهێنی کارکردن.

سەرکردەکانی پاسۆك ئەزانرا کێن، لەخەباتی نهێنی ژێر زەمینیشەوە بازیاندا بۆ شۆڕشی چەکدارانەی ناو شاخو وەك پارتییەکی سەربەخۆش خەباتیان ئەکرد، ڕێکخراوە سیاسیەکانی تریش سەرەتا هەر وەك پاسۆك لەژمارەیەکی کەمەوە دەستیان پێکردەوەو چوونەوە شاخ، کەچی ئەوان پەرەیان سەندو پاسۆك پەرەی نەسەندو هەروەك ناو ئەبران بە (کۆمەڵی بەمەنجەڵێ یاپراخ تێر ئەخۆن) مانەوە، بۆ؟

چونکه هەمان هۆی سەرەکیی: نەرەخسانی زەمینەی سەوزبوون و گەشەکردنی بزووتنەوەیەکی باوەڕدار (عقائدی نەتەوەیی) هێشتا لەناو کوردا نەڕەخساوە. ئێستاش موسوڵمانێتی و مارکسیێتی و بۆرە دیموکراتێتییەکە هەوێن و هۆکارو هاندەری برایەتی کوردی ژێر دەستەو نەتەوە سەر دەستەکانێتی، هەر یەکەو بەجۆرێك بیری نەتەوەیی مرۆڤی کورد سڕ ئەکەن، بەربەستی بیرۆکەی سەربەخۆیین. لەمپەرن لەڕێی هوشیاریی نەتەوەیی کوردیدا.

دوای راپەڕین پاسۆکیش وەك هەموو رێکخراوە سیاسییەکانی تر، لەتەنگژەی شاخ دەربازبوو، لەهەموو شارو شارۆچکەکانی ناوچە رزگارکراوەکان بارەگای کردەوە. بەئاشکرا کەوتە بانگدان بۆ بیروباوەڕو رێبازەکەی.. کەچی ئەوەندەی پێویست خەڵکی لێ کۆنەبووەوە.

پاسۆك هەستی بەم ئەنجامە کرد، بۆیە لەگەڵ سوشیالیست لیستەی هاوبەشیان بۆ هەڵبژاردنە گشتییەکە پێشکەش کرد، کەچی تەنیا (2.572٪)ی دەنگیان هێناو نەبوونە خاوەنی هیچ کورسییەك لەپەرلەماندا. ئەوە وای کرد هەنگاوێکی تر بۆ خۆ بەهێزکردن بنێ و لەپاسۆك و سوشیالست و گەل، حیزبی (یەکگرتن) پێك هات و رۆژانی 20-1992/8/27 لەکۆنگرەی یەکگرتن دا بڕیار لەسەر پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی حیزبە یەکگرتووەکەدرا کە لەراستیدا ئەو پەیڕەوو پرۆگرامە سەرکەوتنێك بوو بۆ بیری نەتەوەیی کوردی بەگشتی و بۆ لایەنە بیریارییەکەی پاسۆك بەتایبەتی وەك لەم دوو خاڵەی ئامانجە ستراتیجییەکانی ئەو حیزبەدا دەرئەکەوێ:

**1- کورد لەکوردستاندا یەك نەتەوەیە کە خاوەنی مێژوو و خاك و زمان و داب و نەریتی تایبەتی خۆیەتی و لەلایەن داگیرکەرانەوە بەپێچەوانەوەی خواست و ویستی خۆی دابەش کراوە لەبەر ئەوە خەبات دەکەین لەپێناوی سەربەخۆیی کوردستان و وەدەست هێنانی دیموکراسی و ئازادی وەك هەمو نەتەوەیەك لەجیهاندا.**

**2-ڕادەگەیەنین کە سامانی ژێر زەوی‌و سەر زەوی کوردستان موڵکی کوردە، بۆیە خەبات دەکەین لەپێناوی بەکارهێنانی سامانی نەتەوەییمان بۆ پێشخستنی دانیشتوانی کوردستان لەهەموو روویەکەوە بەتایبەتی خەڵکی ڕەنجدەرو هەژاری گەلەکەمان کە ژیانیان ئاسوودەو بەختیار بکرێت لەگەڵ نەهێشتنی هەموو جۆرە چەوسانەوەیەك‌و بەرپاکردنی دادی کۆمەلایەتی.**

لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵانەدا، بزووتنەوەکە تا ئەبوو ئەیدایە دواوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی سەرچاوەی دارایی لەیەکگرتن، واتا لەهەر سێ حیزبەکە بڕرا کە ئەوە گورزێکی کوشندە بوو لەیەکگرتن چونکە ئەو هەموو بارەگاو پێشمەرگانە بەبێ خەرجی‌و مووچە نەئەچوون بەڕێوە. وردە وردە هەڵگێڕانەوەو هەڵگەڕانەوە لەسێ حیزبە یەکگرتووەکە دەستی پێکرد. بۆیە بەناچاری روو لەرێکخستنە سیاسییەکانی تر کرا بەتایبەتی بۆ ناو پارتی‌و یەکێتی‌و ژمارەیەکیشی بێ لایەن مانەوە. بەو جۆرە کۆتایی بەپاسۆك هات.

لێرەدا وەك راستییەك ئەشێ ئەوە بڵێم کە دوای ئەوەی گوشاری زۆر خرایە سەر پاسۆك‌و دوو حیزبەکەی تر، سوشیالیست‌و گەل، بەتایبەتی دوای ئەوەی سەرچاوەی داراییان لێ بڕرا (پێش دروستبوونی حیزبی یەکگرتن) من وەك ئەندامێکی سەرکردایەتیی پاسۆك، ئەم پێشنیارەم بۆ سەرکردایەتی پاسۆك کرد:

(راستە ئێمە، پاسۆك، دوای ئەوەی پارتی‌و یەکێتیی سەرچاوەی داراییان لێ بڕیوین، ناتوانین ئیتر ئیدارەی ئەو هەموو بارەگاو پێشمەرگە چەکدارانەو مەسرەفی ئەو هەموو ئوتومبیلانەمان بکەین‌و ئەو هەموو مووچەیە بدەین. بەڵام ئەتوانین هەرچیمان هەیە بیکەین بەپارە (خۆشمان پاشەکەوتێکمان هەبوو) بەو پارانە ئەتوانین تا چەند ساڵێکی تر درێژە بەخەباتی سیاسیمان بدەین، واتا واز لەچەك‌و ئوومبیلەکان‌و بارەگا سەربازییەکانمان بێنین‌و خۆمان تەرخان کەین بۆ کاری بیریاریانەو جارێ

خـەریکی بەرزکردنـەوەی ئاسـتی هوشـیاریی نەتـەوەیی بـین‌و.. هتـد بـەڵام پێــشنیارەکەم لەلایـــەن ســـەربازکارەکان ـــ عەســـکەرییەکان ـــ ەوە رەتکرادایەوە) ئەوە بوو دوایی حیزبـی یـەکگرتنمان پێـك هێنـا، کـە هاتینـە سـەر ئـەوەی تواناکانمـان یەکخـەین، بەتایبـەتی دارایـی، هـەردوو حیزبـی سۆشیالیست‌و گـەل وتیـان خـاوەنی یـەك فلـس نـین!! لەکاردانـەوەی ئـەو قسەیەیاندا رووم کردە سەرکردەکانی سۆشیالیست‌و گـەل‌و پـێم وتـن ئێـوە بەتاوانی ـ اختلاس ـ تۆمەتبارن. چونکە ئێمە، پاسۆك، کە رێـژەی داهـاتی گومرگمان لە ئێوە زۆر کەمتر بوو، ئەوەتا ئێستا خاوەنی ئەوەندە پـارەین، داوام لێکردن تۆماری حساباتیان بێـنن. گاڵتـەیان بەقـسەکەم هـات‌و وتیـان حساباتی چی! ئێمەش هەتا ڕادەی فلس حساباتمان بەپێی تۆمارو لیستەی مووچەو پسووڵە بوو. ئنجا ئەو بڕە پارەیەی مابوومـان لەگـەڵ بڕێـك چـەك‌و تەقەمەنی کە لەماڵی مامۆستا هادی قایمیمان کردبوو، لەگەڵ شەڕی پـارتی‌و یـەکێتی لەمایـسی 1994 دا دەسـتیان بەسـەردا گـیرا. شـایەتی ئـەو دوو هەڵوێستەم هاوبیران بەختیار زەنگەنەو عەلی بەگی جافە کە لەیاداشـتەکانی خۆیدا ئەوانەی نووسیوە.

# پێکەوە ژیان .. ئەستەمە

دروشمی پێکەوە ژیانی گەلان، لەئەنجامی بیرۆکەی مارکسێتییەوە سەری هەڵداو گەشەی کرد، بەپێی ئەو بیرۆکەیە مێژوو بریتییە لەململانێی چینایەتی، کەچی بەپێچەوانەی ئەو بیرۆکەیەوە، ئەبینین مێژوو بەزۆری بریتی بووە لەململانێی نێوان خێزانەکان، تیرەکان، هۆزەکان، گەلان، نەتەوەکانو دەوڵەتەکان، یا گەلانو حکومەتەکانیان، ململانێی نێوان دەرەبەگو جوتیار، سەرمایەدارو کرێکار، رێژەیەکی زۆر کەم پێك ئەهێنن لەچاو رێژەی ململانێکانی تردا.

جا بۆ ئەوەی مارکسیەکان ئەو بیرۆکەیەو سەرجەمی بیرۆکەکانی تریان کە دژو پێچەوانەی بیرۆکەی نەتەوایەتین بسەپێنن، کۆمەڵێك بیردۆزەی ناسروشتییان هۆنیەوە بەتایبەتی بۆ رێگرتن لەمافی چارەنووسی گەلان.

مافی چارەنووسی گەلان، یان وەك لەڕووی زمانەوانیەوە بەهەڵە رۆیشتووەو بەمافی چارەی خۆنووسین ناو ئەبرێ، مافێکە لەبنەمای (ئازادی)یەوە سەرچاوەی وەرگرتووە، ئاشکراشە کە ئازادی پیرۆزترینو بەنرخترین مافێکە لەمافەکانی مرۆڤ. هەر لەسەرەتای بوونو ژیانەوە هەموو گیانلەبەرێك خوازیاری ئازادییە بەتایبەتی مرۆڤ، هەموو گەلانی دنیاش لەپێناوی ئەو ئازادییەدا لەململانێدا بوونو هەنو بۆ ئەمە بیرۆکەی مافی چارەنووسی گەلان هاتە ئاراوە. ئەوە بوو لەکاتی جەنگی جیهانی یەکەمدا، سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (ولسن) لە 27/ مایۆی 1916دا لەوتارێکیدا وتی: (مافی هەموو گەلێکە لەژێر سێبەری هەر سەروەری (سیادە)یەکدا بژی کە خۆی هەڵی ئەبژێرێ بۆ خۆی)، هەروەها لەوتارێکی تریدا بۆ ئەنجومەنی پیران رۆژی 22ی یەنایری 1917 وتی (نابێ هیچ نەتەوەیەك رژێمی فەرمانڕەواییەکەی خۆی بسەپێنێ بەسەر نەتەوەیەك یا گەلێکی تردا، بەڵکو پێویستە هەموو گەلێك ئازاد بێت لەبڕیاری رژێمی

فەرمانڕەوایی خۆیو ڕێگەی گەشەکردنیدا بەبێ هیچ کۆسپو هەڕەشەو ترسێك، ئیتر ئەو گەلە بچووك بێ یا گەورەو بەهێز).

جا ئەگەرچی ولسن نەیتوانی ئەو خواستانەی، دوای شەڕی جیهانی یەکەم، یا لەپەیمانی کۆمەڵی نەتەوەکان (عصبة الأمم)دا بچەسپێنێ. بەڵام دوایی مافی چارەنووسی گەلان لەپەیمانی ئەتڵەنتی 1941و کۆنفرانسی سان فرانسیسکۆ 1945و پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان (جاڕی گەردوونی) 1948 و پرۆژەی پاراستنی مافی مرۆڤ 1951و بڕیاری کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان 1960دا چەسپا، سەرانی یەکێتیی سۆڤێتیش دانیان بەو مافەدا ناوە، بەڵام بەو رەهاییە نا. بەڵکو ئەوەندە مەرجو سنووریان بۆ داناوە کە ئەو چارەنووسە ناوبرێ بەمافی کۆیلەیەتی، ئەوە بوو لینین ساڵی 1914 واتا پێش ئەوەی دەسەڵات بگرێتە دەست، وتی: (رزگاربوونی نیشتمانی تەواو بەدەست نایەت بەسەرکەوتنی چینی کرێکار نەبێ)، کەچی ستالین لە 1918دا واتا دوای دەسەڵات، لەو راپۆرتەدا کە پێشکەش کۆنگرەی سێهەمی سەرجەمی روسیا بۆ نائبو کرێکارو سەربازو جوتیاری سۆڤێتی کرد، وتی: (نابێ بنەمای مافی چارەنووس وا لێك بدرێتەوە کە مافێکە بۆ بۆرجوازییەکان، بەڵکو ئەوە مافێکە بۆ کارکەرانو بنەمای مافی چارەنووس ئەبێ هۆکارێك بێ لەتێکۆشاندا بۆ سۆشیالیستی[13]. هەروەها لینین ئەڵێ: (نابێ مەسەلەی مافی گەلان بۆ جیابوونەوەی خۆویست (اختیاری) و مەسەلەی سیاسەتی جیابوونەوەی هەلپەرستانە (الانتهازیة) تێکەڵاوکەین بۆ هەر گەلێك لەهەر کاتێکدا. ئەوە پێویستە لەلایەن پارتییەکی پرولیتاریانەوە چارەسەر بکرێ. بێجگە لەوە ئەبێ لەڕووی باری سەرنجی بەرژەوەندیی گشتی کۆمەڵو

---

[13] بڕوانە: نووسینەکانی ستالین بەشی چوار چاپی بەرلینی رۆژهەڵات ساڵی 1953 ل 27.

جەنگی چینایەتیی پرولیتاریا لەپێناوی سوشیالیتیدا چارەسەر بکرێ)[14].
دیسان ستالین سالی 1920 ئەلێ: (ئێمە بەرهەلستی جیابوونەوەی ناوچە سنوورییەکانی روسیا ئەکەین چونکە جیابوونەوە واتا بەکۆیلەکردنی ئیمپریالیزمانە بۆ ناوچە سنووریەکان، هەروەها واتا لاوازکردنی هێزی شۆڕشگێڕانەی روسیاو بەهێزکردنی ناوەندی ئیمپرایالیزم)[15].

بەو جۆرە لەگەلێ بۆنەی تردا قسەو کرداری هەموو چەپەکانی دنیا وەك یەك نەبوونو نین، لەلایەك دان بەمافەكدا ئەنێنو لەچەندین لای ترەوە ئەو مافە رەت ئەکەنەوە. چەپی کوردیش، بەشیوعیەکانو مارکسییەکانی ناو حیزبە کوردییەکانەوە، ئەو بڕو بیانووانە، چوو بەگوێیانداو چەمکی هەلەی پێکەوە ژیانی کوردو داگیرکەرەکانیان بەناو نەتەوەی کوردا بلاوکردەوە بەناوی دیموکراتی بۆ ولاتی ئەو داگیرکەرانەو ئۆتۆنۆمی یاخود موختاری یا فیدرالی بۆ کوردستان. بەوە ستراتیجی کوردیان لەسەربەخۆییەوە گۆڕی بۆ ئەو نیمچە مافانە.

ئێستا بابزانین لەو گۆڕینی ستراتیجەوە چی کەوتەوە؟ یان بەدەربڕینێکی تر، **ئایا پێکەوە ژیانی کورد لەگەل داگیرکەرەکانی، کاری کردەیە یا ئەستەمە؟**

راستە نەتەوەی کورد، پێش ئەو گۆڕینی ستراتیجە، فەرشی سووری سەربەخۆیی بۆ رانەخرابوو، بەلام لەماوەی ئەم شەست سالی رابردووەدا گەلێ نەتەوەی دیلو ژێر دەستە رزگاریان بوو. ئنجا ئێمە ئەو هەموو قوربانیانەی دامان بۆ ئەو نیمچە مافانە، بۆ سەربەخۆییش هەر ئەوەندە قوربانیمان ئەدا. لەجێگەیەکی تری ئەم نووسینەمدا، ئەوەم رۆشن

---

[14] بڕوانە: هەلبژاردە لەنوسینەکانی لینین بەشی دووەم چاپی موسکو 1947 ل51.
[15] بڕوانە: نوسینەکانی ستالین بەشی چوارەم چاپی شتوتگارت 1951 ل 327.
هەروەها بڕوانە: (الاتحاد السوفیتی وحق الشعوب والامم في تقرير المصير ـــ بحث في القضية الالمانية ــ الناشر وزراة شؤن عموم المانيا)

کردۆتەوە کە ئەگەری سەربەخۆیی هەمیشە لەئەگەری ئەو نیمچە مافانە زیاترە بۆ کورد، ئنجا بەتێڕوانینو بەکردەییش ئەوە دەرکەوت کە نەتەوە سەردەستەکانی کورد هی ئەوە نین دان بەهیچ مافێکی کوردا بنێن. بابزانین چۆن؟

**لەڕووی تێڕوانینەوە:**

1– دوای هەرەسی راپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیرانو گرتنی شێخ، سەرەك وەزیرانی تورکیا عیسمەت ئینەنۆ لەراگەیاندنێکدا وتی:

(راستییەکەی ئێمە نەتەوەیین، نەتەوایەتی رەگەزی یەکگرتنمانە، رەگەزەکانی تر لەئاستی زۆربەی تورکدا کاریگەرێتیەکیان نیە، پێویستە بەهەر نرخێك بێ دانیشتوانی ئەم ولاتە بکەین بەتورك، هەموو ئەوانەی بەرهەڵستیی تورکو بەتورککردن ئەکەن لەناویان ئەبەین، ئەوەی ئێمە لەوانەی داوا ئەکەین ئەوەیە بەر لەهەموو شتێك ببنە تورکو لایەنگیری بەتورککردن). جگە لەو، وەزیری ناوخۆی تورکیش مەحمود ئەسەد بوزکورت، دوای شۆڕشی ئارارات ساڵی 1930وتی:

(تەنیا نەتەوەی تورك بۆی هەیە داوای مافی نەتەوایەتی بکات لەم ولاتەدا، هیچ رێگەیەك نیە بۆ کۆمەڵە رەگەزەکانی تر کە دان بنرێ بەم مافەدا بۆیان. پێویست نیە راستی بشارینەوە. تەنیا تورك تاکە خاوەنی ئەو ولاتەیەو تاکە پایەیەکیان هەیە تێیدا. ئەوەیە خزمەت بکەنو ببنە کۆیلە بۆ نەتەوەی خانەدانی تورك بەبێ هیچ بەرهەڵستییەك)[16].

2– لەناوەندە عەرەبیەکانیشدا، ئەوە هەر لەکۆنەوە کورد بەوەچەی دێوو جنۆکە ناسراوە، مێژوونووسێکی وەك مەسعودی، هەزار ساڵ لەمەوبەر لەکتێبەکەیدا (مروج الذهب ومعادن الجوهر ـ طبع بیروت 1966 ص 249) ئەڵێ: (گەلی کورد لەدەستێکەڵ کردنی شەیتانو کەنیزەکەکانی سلیان

---

[16] بڕوانە/ روبەرت ئولسن ـ المسألة الكوردية في العلاقات التركية ـ الايرانية ـــ ترجمة محمد احسان رمضان ، دار ئاراس للطباعة والنشر 2001 ص 27 و 28.

پێغەمبــەرەوە کەوتوونەتــەوە[17]. لــەوەش خــراپتر بــەمێروو جانــەوەرمان ئەزانن وەك لەپەندێکی عەرەبیـدا هـاتووە: (ثلاثـة في الـدنيا علـى الفـساد ــ الكردي والجريدى والجراد)، هەروەها یاسین العمری کە نووسەرێکی عـەرەبی موسڵاویە لەکتێبی (غرائب الاثر في حوادث الربع الأول من القرن الثالث عـشر) دا ئـەڵێ: (معاشرة الأكراد تورث الفساد، حتـى مارأيـت الكـردي امـيراً فارتقـب الـساعة، الحماقـة في الأكراد والجهالة في السواد، سلامة الابدان باجتناب اكراد بهـدينان، معاشـرة الأكـراد تـورث الاحقاد، لاتعاشر كردي ولاتصاهر هندي، اترك الأكراد ما تركوك وابعدهم ماقربوك)[18].

سوریای (گوایە دۆستی کـوردیش!) تـا ئێـستا هــەر سـوریای پـشتوێنی سەوزەو هەرگیز دانی بەوەدا نەناوە کە میللـەتێك لەسـوریەدا هەیـە بـەناوی کوردەوە.

محمـد طلـب الهلالـی کۆنـە وەزیـری سـوریا لەکتێبەکەیـدا (دراسـە عـن محافظـة الجزیـرة) ئـەڵێ: بـا ئێمـەش ئـەوە بـەکورد بکـەین کـە جولەکـە بەعەرەبی ئەکا).

عبدالسلام جلـوتی جێگـری قـەزافیو وەزیـری دەرەوەی لیبیـا وتـوێتی: (میللـەتێك نیـە بـەناوی کـوردەوە، ئەوانـە لەبنەچـەدا عـەرەبن) ئایـەتوڵا حـەکیمی رابـەری شـیعەکانی عێـراق ئـەڵێ: (لـەکۆمارێکی ئیـسلامی پـاش سەدامدا، جێگەی کوردستانێك لەو خاکەدا نابێتەوە.[19]

3- هەستیار (شاعر)ێکی فارسیش ئەڵێ:

زبان عەرەبی أولو اخراست
فارسی سکر است
ترکی هنر است

---

[17] بڕوانە د. جەمال نەبـەز ــ المستـضعفون الكـرد واخـوانهم المـسلمون مـن منـشورات کوردنامە لندن ــ 1997 ص21.

[18] هەمان سەرچاوە ــ ل24.

[19] هەمان سەرچاوە ــ ل107.

کردی گوز خر است[20]
واتا: زمانی عەرەبی یەکەمو ئاخرە
فارسی شەکرە
تورکی هونەرە
کوردی گووی کەرە.

ساڵی 1991 رەفسنجانیو ئوزال لەسەر یەکپارچەیی خاکی عێراقو نەهێشتنی دەسەڵاتی کوردیو گەڕانەوەی مەسەلەی کورد بۆ بەغداد، رێکەوتن[21].

جگە لەوانەو لەچاکترین باردا، ئەگەر دانێکیان بەبوونماندا نابێ، ئەوا تورك کوردی بەتورکی شاخاوی ناوبردووە، فارس وتوێتی کورد لەرەگەزی فارسە. عەرەبیش باپیرانی کوردیان برۆدتەوە سەر حەسەنو حسەینو عامرو مامر، هەندێ جار لەم بارەیەوە لەناو خۆشیاندا دەمقاڵێیان بووە وەك هەستایرێکی عەرەب لەوەڵامی هەستیارێکی فارسدا کە کوردی بەوەچەی فارس پیشانداوە، ئەڵێ:

لعمرك والاكراد أبناء فارس
ولكنهم أبناء كرد بني عامر[22]
ئەوانە مشتێك بوون لەچەندین خەروار.

راستە تاکو تەراش هەیە لەناو ئەوانەدا کە دان بەهەموو مافێکی کوردا ئەنێ وەك قەزافیو بێشکچی، بەڵام ئەوانە دەگمەنن.

**لەڕووی کردەییشەوە:**

---

[20] بڕوانە د. کوردۆ عەلی، گۆڤاری باسکار ـ بزوتنەوەی کوردایەتی ژمارە 1 ل 36.

[21] بڕوانە د. کەمال عەلی ـ خوارووی کوردستانو دەسەڵاتی کورد، گۆڤاری باسکار، ژمارە 1 ساڵی 1998 ل 59.

[22] بڕوانە: فەرهاد رەسوڵ ـ چارەسەری داگیرکردنی کوردستان، گۆڤاری باسکار ـ لندن ـ ژمارە 2 ساڵی 1999 ـ ل41.

1- لەزەمانی عوسمانیەوە هەرچی خراپە کارییە بەرامبەر کورد کراوە، هەرەسیان بەهەموو میرنشینیە کوردییەکان هێناوە، لەزەمانی ئەتاتورکیشەوە جگە لەوەی بەردەوام شەڕی قەلاچۆکردنی کوردیان کردووە، بەردەوام گوندە کوردییەکانیان راگوێزاوەو ناوی کوردیان قەدەغەکردووە هەروەها زمانی کوردیش.

2- عەرەبیش لەدەوڵەتی ئەمەوی عەباسیەوە تا ئەگاتە دەوڵەتی عێراقیو سوری، خراپە کارییان بەرامبەر کورد کردووە، کوردستانیان زەوت کردووە، کوردیان ئەنفالو کیمیاباران کردووە. ناوچە کوردستانیەکانیان بەعەرەب کردووە.

3-دەسەڵاتدارانی فارسیش لەئێران، لەدێر زەمانەوە، کەمیان نەکردووە بەرامبەر کورد، کۆماری مەهاباد (کانونی یەکەمی 1945- کانونی یەکەمی 1946) لەخود موختاری زیاتری نەئەویست، لەناویان بردو سەردارەکانیان لەسێدارەدا، قاسملۆو شەرەفکەندیو هاوڕێکانیان هەزاران میل لەئێران دوور کەوتبوونەوە، کوشتیانن.

جگە لەوانە، هەزاران نموونەی تر کە لای کەس شاردراوە نین، کەواتە نابێو ناکرێ پێکەوە ژیانی کوردو داگیرکەرەکانی بەراورد بکرێ یا بچوێنرێ بەپێکەوە ژیانی گەلانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو سویسرا چونکە ئەو گەلانەی ئێستا فەرمانڕەوایەتیی ئەمریکاو سویسرا ئەکەن، هیچیان لەنەژادا خەڵکی ئەو دوو وڵاتە نەبوون، هیندیە سوورەکانی ئەمریکاو دانیشتووە دێرینەکانی سویسرا کە ئەوان خاوەنی ئەو دوو وڵاتە بوون، ئێستا بوونێکی ئەوتۆیان نەماوە، بگرە تواونەتەوە، بۆیە دوای تواندنەوەی ئەوانە، گەلە کۆچکردووەکانی تر بۆ ئەو دوو وڵاتە پێکهاتوون لەسەر جۆرە هاوبەشی (شراکە)ێك. هیچیان هەست بەوە ناکەن زوڵم لێکراون، بەڵکو هەموویان خۆیان بەخاوەن دەسکەوت ئەزانن، ئەوە ئێستا سی نەتەوە داگیرکەرەکەی کوردستانیش، تورکو فارسو عەرەب، هەر وان. دوای شەڕی چاڵدێران، دابەشکردنی کوردستان لەنێوان عوسمانیەکانو سەفەویەکانداو دوای شەڕی

جیهـانی یەکـەمیش دابەشـکردنی باشـوورو ڕۆژئـاوایی کوردسـتان لـەنێوان تورکیاو عێراقو سوریەدا، نە بۆتە کێشەیەك لەنێوان ئـەو سـێ نەتەوەیـەدا، هەر یەکەیانو بەبەشی خۆیان گەیشتوون وەك چۆن هەر کام لەولایەتـەکانی ئـەمریکا بەبەشـی خۆیـان گەیـشتوون، یـا وەك چـۆن هـەر کـام لەبەڕەگـەز ئەلمانو فەڕەنسیو ئیتالیەکان بەبەشی خۆیان گەیشتوون لەسویسرادا.

کوردسـتان جیـاوازە لـەو ولآتانـە، لەکوردسـتاندا نەتـەوەی کـورد کـە خاوەنی ئەو نیشتمانەیە، هێشتا زینـدووەو هەسـت بـەوە ئـەکات کـە زوڵـم لێکـراوو داگیرکـراوو مـاف خـوراوە. ئـەو سـێ نەتەوەیـەش ئـەزانن کـە ستەمکارن بەرامبەر بەکورد، لەبەر ئەوە بەردەوام ترسی ئەوەیان هەیـە کـە بەهۆی زیندوێتیی کـوردەوە ئـەو پـارووە چـەورانەی کوردسـتانیان لـەکیس بچێ. بۆیە هەمیشە هەوڵی توانەوەی کورد ئـەدەن، یـا بـەدەربڕینێکی تـر، کـوردو ئــەو نەتەوانــە، دوو لایــەنی ئــەرێو نــەرێ (سـالبو موجـەب)ی مەسەلەکەن. بەپێچەوانەی گەلانی ئەمریکاو سویسرای ئەمڕۆ کە هـەموویان هـەر (ئـەرێ)نو (نـەرێ) یـان تیـادا نـەماوە. کەواتـە ئەسـتەمە کـوردو ئـەو نەتەوانە پێکەوە بژین لەکوردستاندا ئەگەر پێکیـشەوە ژیـان، ئـەوا ژیانەکـە وەك ژیانی گـورگو مـەڕ ئـەبێ پێکـەوە ! . هـەر بـەم هۆیـەوە بـوو یـەکێتیی ســۆڤیەتو یــەکێتی یزغــسلافیا هەڵوەشــانەوە، جــەزایر لەفەڕەنــسا جیابووەوە، بەریتانیا دەستی لەهەموو ولآتە بندەستەکانی خـۆی هـەڵگرت، هــەموو ئیمپراتۆریەتـەکانی جیهـان هەڵوەشـانەوە، ئیـسرائیلو فەلەسـتین لەیـەك جیـا ئەبنـەوە. نەتـەوەی کـوردیش یـا ئـەبێ لـەناو تـوركو فـارسو عەرەبدا بتوێتەوە کە ئەمە ئەگەرێکی ستەم (مستحیل)ە چونکە تازە کـورد لەو مەترسییە رزگاری بووە، یا ئـەبێ لـەو نەتەوانـە جیابێتـەوەو سـەربەخۆ بـژی. ئـەگینا پێکـەوە ژیـان بەهـەر ناوێکـەوە بـێ: برایـەتی، دراوسـێتی، هاومێژوویـەتی، مـافی رۆشـنبیری، لامەرکـەزی، ئۆتۆنـۆمی یـا فیـدراڵی.. ئەوانە بۆ کورد لەخۆ هەڵخەڵەتاندن بەو لاوە چیی تـر نیـە، ئەوانـە هیـچیان ئاسایشی نەتەوەیی کورد ناپارێزێ. بۆ گەلە سەردەسـتەکانیش، بەناچـاری

نـەبێ هـەرگیز مـل نـادەن بـۆ هـیچ کـام لـەو نیمـچە مافانـە، ئەگـەر ملـی ناچاریـشیاندا، ئـەوا بـۆ تـەنیا ماوەیـەك ئـەبێ هـەتا هـەلێکی تریـان بـۆ ئەڕەخسێ بۆ دیشکەم (نکول)ێکی تر، بۆ زۆرو ستەمێکی تـر، بـۆ بەکۆمـەڵ کوشتنێکی تر، بۆ کوردستان وێرانکردنێکی تر.

لەوەڵامی ئەو پرسیارە نامۆیەشدا کـە هەمیـشە فەریکـە سیاسـەتگارانی کورد ئەیکەن، گوایە ئێمە ئەگەر نیمچە مافێکی هەتا سەرمان بۆ دەسـتەبەر نـەکرێ، سـەربەخۆیی چـۆن! ؟ ئـەڵێین: ئـەو پرسـیارە ئەگـەر لـەرابردوودا، روویـەکی هـەبووبێ (کـە ئەوسـاش بـەو رەهاییـە نـەبووە) ئـەوا ئێـستاو بـۆ ئاینـدەش ئـەو رووەی نیـەو نایبـێ. لـەرژێمی تـازەی جیهـانی ئەمڕۆمانـدا، سەربەخۆیی ئاسانترە، ئەوەشی بژی، ئەبینێ.

دروشمـی (مـافی چـارەنووس لەچوارچـێوەی وڵاتـە داگیرکـەرەکانی کوردستاندا یا فیـدراڵی بـۆ کوردسـتانو دیمـوکراتی بـۆ ئـەوان) دروشمێکـی سەیرو سەمەرەو ناکردەییانەیـە ! دروشمێکـی نـامۆو دژە بـەدروشمی مـافی چارەنووسـی گــەلان. رەتکردنــەوەی مــافی چارەنووســە، درێژەدانــە بەکۆیلــەکردنو بندەســتکردنی نەتــەوەی کــوردە بــۆ داگیرکــەرەکانی. (رەوایەتی دان) بەدابەشکردنی کوردستانە، تەوق کردنە ئەستۆی نەتـەوەی کوردە بۆ داگیرکەرەکانی. پێچەوانەی بنەمای ئازادییە. بەربەرستێکە لەڕێی سەربەخۆییو یەکگرتنەوەی پارچەکانی کوردستاندا، ئەم دروشمـە کێـشەی کورد هەمیشە بەکێشەیەکی ناوخۆیی ئەهێڵێتەوە. دان پیانانێکی ئاشـکرایە بەوەدا کە عێراق بەکوردستانیشەوە بەشـێکە لـەخاکی عـەرەبو بەشـەکانی تــری کوردســتان بەشــێکن لــەتورکیاو ئێــرانو ســوریەو ئەرمەنــستانو ئازەرسـتان. بـەپێی ئـەم دروشمـە ئـیتر ئـەو دنیایـە چ مـەجبورە یـا بـەچ هیوایەك پشتگیری مەسەلەی کورد بکات؟

ئــەم دروشمــە، رۆژ لــەدوای رۆژ مەســەلەی کــورد لەئاســتی جیهــانیو لەئاستی ناوخۆییشدا بەرەو لاوازبوونو کوژاندنەوە ئەبا، رێگرێکە لەبـەردەم دەستنیشانکردنی ستراتیژی سەرجەمی نەتەوەی کـوردا، لەمپەرێکـە لـەڕێی

دەربازکردنی مەسەلەی کورد لەتەنگژەی ناوخۆییو ناوچەگەری. زیاتر کەسێتی تاکەکانو کۆمەڵەکانی کورد دائەڕمێنێو بێ هیوایان ئەکات. ئەشێ ئەم جۆرە دروشمانەو پێداگرتنی سەرانی ئێستای کورد لەسەریانو پاکانە کردن لەجوداخوازی، هەلومەرجەکانی سەربەخۆیی بەگشتیو ناوچەی سەربەخۆی باشوورمان لەدەست بدات! بەهۆی ئەو دیدوبۆچوونانەوە کە لەم دروشمەوە ئەکەوێتەوە سەرانی ئێستای کورد زیاتر ملکەچی فەرمانەکانی بەغدادو دیمەشقو تارانو ئەنقەرە ئەبنو زیاتر بەوانە فریو ئەخۆن، ئەم دروشمە ئەگەری زمانێکی ئەدەبی کوردیی یەکگرتوو ناهێڵێ، ئەگەری پارچە پارچەکردنێکی زیاتری کوردستانی لەدوایە، ئەم دروشمە ڕێگە بەوە نادا کورد ببێتە خاوەنی هێزێکی بەرگری ئاسمانیو ئەرزیی سەربازیانەی هاوتا لەگەڵ هی داگیرکەرەکانیدا، ڕێگە بەوە نادا نەتەوەی کورد لەناو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کورسیەکو دەنگێکی هەبێ، بەهۆی ئەم دروشمەوە کوردستان بۆتە کاروان سەراو بۆتەماڵێکی ئازاد بۆ دەزگا سیخوڕییەکانی داگیرکەران. بەندو باوی برایەتیو دیموکراتیو یەکپارچەیەتی دەوڵەتەکانی ئێستای داگیرکەرانی کوردستان ڕێگە بەوە نادا ڕۆژێك لەرۆژان ناوچە بەعەرەبو تورکو فارس کراوەکان لەخەڵکە هێنراوە نامۆکان پاك بکرێنەوە. ئەو دروشمە هەمیشە ژینگەیەکی گونجاوو لەبارە بۆ هەڵهێنانی ڤایرۆسی جاشو نۆکەرو سیخوڕی داگیرکەران. بۆ گێرەشێوێنیو تەقینەوەو ناکاوکوژیو تیرۆر. بۆ گەشەسەندنێکی زیاتری ئایدۆلۆجیە نامۆکانو زیانبەخشەکان بەبوونی نەتەوایەتیمان. بۆ چەواشەکردنی جەماوەری کورد. بۆ دووبارەبوونەوەو هەزار بارەبوونەوەی شەڕی ناوخۆی کوردی ئەم پارچەو هی ئەوو خۆ بەخۆی ناو هەر پارچەیەکیش، ئەم دروشمە ڕەوایەتی ئەدات بەو داگیرکەرانە کە ڕۆڵەکانی کورد بەناوی سەربازێتی زۆرە ملێوە بنێرنە شەڕو جەنگەکانیانەوەو بەکوشتیان بدەن. ئەم دروشمە گیانی پشت بەستن بەداگیرکەرانو باوەڕ نەمان بەجەماوەری کورد دروست ئەکات. هاندەرێکە بۆ کۆچکردنی بێ بەرنامەی کورد بۆ

هەندەرانو مانەوەو تواندنەوەی کورد لەناو ناوچەکانی داگیرکەراندا. ئەم دروشمە زیاتر بیانوو ئەداتە دەست ئەوانەی ئەڵێن کورد خەسڵەتی نەتەوەییو سەربەخۆیی تێدا نە. پێکەوە ژیان هەرێتی (حتمیە)ی چەندین شەڕو پێکدادانی نێوان کوردو داگیرکەرەکانی ئەبێو کۆکوژیو وێرانکردنی تری کرودستانی بەدوادا دێ. لەهەمووشیان چارە رەشتر: ئەم بەندوباوی پێکەوە ژیانو برایەتیو هاونیشتمانیە رێگە نادا هوشیاری نەتەوەیی کورد گەشە بکات کە ئەمە کێشەی کێشەکان بووە تا ئێستا بۆ نەبوونی قەوارەیەکی کوردیی سەربەخۆی بەردەوام.

ئنجا گوریس بەیەك لا نەئەگەیشتەوە کردیان بەدوولانە !هەڵگرانی ئەم دروشمەش ئوتونومیەك یاخود موختاریەکیان بۆ دەستەبەر نەکراوە، ئەیانەوێ دیموکراتیش بۆ وڵاتە سەردەستەکانیان دابین بکەن! ! وەك ئەوانە لەناو کوردستانەکەی خۆماندا تا ئێستا هەموو کێشەکانی ناوخۆیان لەڕێگەی سنووقی هەڵبژاردنەوە چارەسەر کربێ تا رووی ئەوەیان هەبێ بڵێن: ئەی تورکو فارسو عەرەب وەرن ئێوەش وەك ئێمە بکەن! !

منیش ئەوە ئەزانم هەڵگرانی ئەو دروشمە، ئەوانیش وەك من لەناخیاندا خوازیاری سەربەخۆیین. بەڵام ئەوان بیانوویان: بنەمای (سیاسەت هونەری توانایە)و ئەشێ پێیان وابێ بەدەستخستنی فیدراڵی یا ئوتونومی یا تەنانەت لامەرکەزییەکیش ئاسانتر بێ لەسەربەخۆیی کە لەڕاستیدا پێچەوانەی ئەوە راستە، بەتایبەتی بەرامبەر ئەو نەتەوە دواکەوتووانەی داگیرکەری کوردستان. ئەوانە ئەگەر دەستیان هەبێ رێگە نادەن کورد نینۆکیشی هەبێ سەری خۆی پێ بخورێنێ. ئەگەر دەستیشیان نەبوو، ئەوا بەجوولەکەش ئەڵێن: بەڕیشی مەردانەت قەسەم وەك ئێستا لەڕووی کردەییەوە وایە، یا وەك چۆن ئێستا بەرامبەر ئەو جۆرە سەربەخۆییەی باشووری کوردستان ملی ناچارییان بۆ درێژ کردووەو مامەڵەشی لەگەڵدا ئەکەن!.

لێرەدا جێی خۆیەتی ئەم پرسیارانە ئاڕاستەی ئەو بەڕێزانە بکەین:

ئاخۆ ئەنجامی ئەم ئەگەرانە چی ئەبێ:

– فیدراڵیـەك یـا ئۆتونومیـەك لەكوردسـتاندا (بـێ بـوونی) رژێمێكـی دیموكراتی لەناو ئەواندا؟ دیارە خۆ ئێمە نـاتوانین بـەزۆرو لەشـەوو رۆژێكدا دواكەوتووترین مرۆڤ بكەین بەدیموكراتی.

– بوونی جۆرە دیموكراتیەك لەو دەوڵەتانەدا، بێ رازی بوونو دەنگدان بۆ ئۆتونومیو فیدراڵی بـۆ كوردسـتان؟ ئەمـەش ئـەگونجێ، گریمـان بـەپێی بنـەمای دیمـوكراتی، فیـدراڵی یـا هـەر مـافێكی تریـان بـۆ كـورد خـستە دەنگدانەوەو ئەوان كە زوربەن دەنگیان بۆ نەدا! یا دەنگیان بۆ داو دوایـی بەهەر هۆیەكەوە بێ دیشكەمیان كرد؟

– ئەی ئەگەر نەئەمیانو نەئەویان بوو؟

– ئایـا بـۆ هـەر كـام لـەم ئەگەرانـە، ئـەنجام خـوێن ڕشـتنێكو خـوێن بەربوونێكی تری كورد نابێ؟ راستە كورد وتوێتی: حیزیو سەلامەتی، بەڵام كێشەكە لەوەدایە كورد بەوەش هەر سەلامەت نابێ! (182) هەزار كـوردی دوور لەهەموو سیاسەتێك بران بۆ بیابانـەكانی خـوارووی عێـراق بـۆ ئـەوەی چەكی كیمیاییان لەسەر تاقی بكرێتەوە، هەر هەموو ئـەو رژێمانـە، بـەكۆنو تازەیانەوە، هەرگیز تەڕو وشكی كوردیان لەیەك جیانەكردۆتەوە.

كەواتــە پێكــەوە ژیــان ئەســتەمە، بــەڵام ســەربەخۆیی، وابەســتە بەهوشیاریو بەرنامەیەكی زانستی، ئەستەم نیە.

# ئێستای باشووری کوردستان

لــەرۆژی 1991/10/16وە، رژێمــی بەغــداد، بەکارگێڕییەکانیــەوەو بەهێزە چەکدارەکانیەوە، خۆی لــەپارێزگاکانی دهـۆك و هـەولێرو سلێمانیو قــەزای کفـری کێـشایەوە. ئــەویش لەئـەنجامی راپەڕینـە پیرۆزەکـەو رەوە ملیۆنیەکـەی هــەمان سـاڵی خـەڵکی باشـووری کوردسـتانو بڕیـاری 688ی ئەنجومــەنی ئاسایــشی نەتەوەییــەوە. لــەو رۆژەوە ئــەم ناوچــەیە جــۆرە سەربەخۆییەکی هەیـە، هەلومـەرجیش لـەبارە بـۆ دامەزرانـدنی دەوڵـەتێکی سەربەخۆ.

بەڵگەنەویستە کە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ، لەهــەموو، یــا لەبەشــێکی کوردســتاندا، خواســتو ئــاواتی هــــەموو کوردێکــــە بەســــەرکردایەتیو ئەنــــدامانی پارتــــە کوردیەکانــــەوە، بــــەبێ لایــــەنو بەلایەندارانــەوە. بــەباشو تەنانــەت بەجاشــەوە. ئـەو جاشـانەی لەبـەر هــەر هۆیــەك بــێ پێیــان خزایــە ســەنگەری رژێمــی بەغــدادەوەو ئێستا پــەنجــەی پەشـیمانی ئەگــەزنو ویـژدانیان ئازاریـان ئــەدات.. بـەڵام خواسـتو ئــاوات شتێکەو کـارو ئامـادەبوونو بـڕوا بـەخۆکردنو دەستپێـشکەریو دەرچــوون لەبازانەی سەپاو، شتێکی ترە.

راستە لەرۆژانێکدا کە هەلومەرجی لەبار نەڕەخسابوو بـۆ سـەربەخۆیی، باسکردنی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ، بـەجۆرێك لەخـەیاڵو کــاری نــەکردە ئەهاتــە پــێش چــاوی هەنــدێ پــارتیو ســەرکردایەتیی بزووتنــــەوەی کوردایــــەتی، لەبــــەر ئــــەوە چ لەهەنــــدێك داخوازییــــە جەماوەرییەکانو چ لـەپرۆگرامی ژمارەیـەك لەپارتییـە کوردییەکانـدا، مـافی چارەنووســی کــورد لــەئۆتۆنۆمیو لــەم دواییــەش دا لەفیــدرالی تێپــەڕی نەکردووە، چونکە بەلای ئەوانەوە نە توانایەکی خۆبەخۆیی کوردی هەبووە، نە پەناو پشتگیرییەکی نێو دەوڵەتیش هەبووە بۆ ئەو مەبەسـەتە، تەنانـەت شارێکی رزگارکراویشمان نەبووە کە ئەگەر وەك رەمزیش بێ، بکرێتە ناوکی

حکومـــەتێکی کـــوردی، لەبـــەر ئـــەوە تێپەڕنـــەکردنی راوبۆچـــوونی ئەوانـــە لــــەئوتونومیو فیــــدرالی، بــــەلای خۆیانــــەوە بیــــانووی هــــەبووە. بــــەڵام نەتەوەییــەکانی کــورد لەگــەڵ کــەمیی ژمــارەو کــەمی تواناییانــدا، چــونکە باوەڕیان وابوو ئەبێ هەلومەرج خۆمـان دروسـتی کـەین، لـەو رۆژگارانەشـدا بەئەوپــــەڕی جەســــوریتییەوە خواســــتی ســــەربەخۆییان لــــەپرۆگرامی پارتییەکانیاندا بەتایبەتی کاژیکو پاسۆک چەسپاندووەو لاوەکـانی کوردیـان بـەو بیرۆکەیـە گـۆش کـردووەو کاریـان بـۆ ئـەو مەبەسـتە کـردووەو هـیچ باکیشیان بـەزەبرو زەنگـی داگیرکـەران نـەبووە، کـە ئـەوە راسـترین کـارو چاکترین بۆچوون بووەو ئەگەر هەموو هێزە سیاسییەکانی تـری کوردسـتان هـــەمان هەڵوێـــستو بۆچـــوونیان پیـــشان بدایـــەو ســـەربەخۆییان بکردایەتـــە ئامانجی شۆڕش، ئەنجام جۆرێکی تر ئەبوو،

هەر چۆنێ بێ ئێستا بارودۆخ جۆرێکی ترە، هەلی لەبارو گونجاو هەیە بۆ سەربەخۆییو دامەزرانـدنی دەوڵـەتێکی کـوردی، ئـەو هەلانـەش بـەجۆرێکی گشتی لەو خاڵانەدا خۆیان ئەنوێنن کە لەژێر ئەم ناونیشانەدا کۆبوونەتەوە:

## هەلو مەرجەکانی سەربەخۆیی[23]

1/ بــوونی ناوچــەیەکی فراوانــی رزگــارگراوی کوردســتانی خــواروو کــە بریتییـــە لـــەپارێزگاکانی دهـــۆك، هـــەولێر، ســـلێمانیو شارۆچـــکەی کفـــری بەپەرلەمانو حکومەتێکەوە.

راستە ئەم حکومەتە هەموو مەرجـەکانی حکومـەتێکی هاوچـەرخی تێـدا نیـە، بـەڵام حکومەتێکـەو فەرمانڕەوایـەتیی دەزگـاو دائیرەکـانی ناوچـەکە

[23] وتەکانی ئەم بەشە ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی چاپی نامیلکەی کوردایەتیو دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ 1994 لەگەڵ هەندێك دەسکاریدا.

ئەکاتو خاوەنی هەموو دەسەڵاتەکانی یاساکاریو راپەڕاندنو دادوەرییەو خاوەنی سوپای پێشمەرگەی خاوەن تاقیکردنەوەی 33 ساڵ شەڕەو خاوەنی دەزگاکانی پۆلیسو ئاسایشەو 3 زانکۆو کۆلیجی سەربازیو چەند پەیمانگای هەیەو لەگەڵ بوونی دوو ئابلۆقەی ئابووریدا توانیوێتی مووچەی فەرمانبەران دابین بکاتو ئەگەر ململانێو شەڕی خۆکوژیی نێوان پارتییەکان نەبێت، هەموو کارێکی فەرمانڕەوایەتی تری بۆ ئەنجام ئەدرێ. زۆریش لەو حکومەتانەی لەم ناوچەیەدا دامەزراون، لەسەرەتادا، لەم حکومەتەی ئێمە چاکتر نەبوون،

راستییەکەی دامەزراندنی ئەم ناوچە ئازادە ئەگەر هەر لەسەرەتاوە بۆ سەربەخۆیی نەبووبێ ئەوا بەتێپەڕبوونی زیاتر لە دە ساڵ بۆتە سەربەخۆ.

2/ لاوازیی داگیرکەرانی کوردستان لەئەنجامی شەڕی عێراق ــ ئێرانو شەڕی کەنداوەوە کە بەدوای ئەو شەڕانەدا ئابلۆوقەی ئابووری خرایە سەر عێراق.

جارێ هەر شەڕەکان خۆیان بەجۆرێکی گشتی توانای سەربازیو توانای ئابووریی هەردوو وڵاتی عێراقو ئێرانیان لاوازکرد. ئنجا داماڵینی چەکە کۆمەڵ کوژەکانی عێراق لاوازییەکی زیاتری بەحکومەتی عێراقدا. دوای ئەوە ئابلۆقەی ئابووریی لەسەر عێراق، جگە لەوەی رژێمی عێراقی لەپەلوپۆ خستووە، حکومەتی تورکیاشی هەڵتەکاندووە. تانۆچیلەری سەرەك وەزیرانی تورکیا، وەك رۆژنامەی حەیاتی لەندەنی [24] ئەیگێڕێتەوە، لەکۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ نائیبەکانی پارتییەکەیدا رۆژی 1994/5/3 وتوێتی زیانی تورکیا بەهۆی ئابلۆوقەی ئابووری سەر عێراقەوە گەیشتۆتە بیست بلیۆن دۆلار. هەر چیلەر خۆی لەسەرەتای پایزی رابووردوودا لیستەیەکی پێشکەش بەکلنتۆن کردووە بە 16 بلیۆن دۆلار زیان. ئەمە

---

[24] بڕوانە رۆژنامەی خەباتی پارتی رۆژی 1994/6/15.

جگە لەوەی لەئەنجامی ئەو ئابلۆقەیەوە ژمارەی لۆریە بارکێشەکانی تورکیا کە لـەخاپور ئەپەڕینـەوە لـە 183 هـەزار بارکیـشەوە لەسـاڵی 1992دا دابـەزیووە بـۆ 7 هـەزار بـارکێش لەسـاڵی 1994 دا، پـەکی وێزگـەی سـووتەمەنیەکانیش کـەوتووە کـە ژمارەیـەکی زۆر لـەخێزانی ناوچـەی رۆژهەلاتی تورکیـای ئـەژیان. ئەوانـەش تێکـڕا دیـاردەی بێکـاریو تاوانیـان زیادکردووە لەو ناوچەیەدا، هەروەها نرخی سەرف کردنی لیرەی تـورکی لـە (100)ەوە بۆ (200) لەسەدا دابـەزیوە. ئەمـە جگـە لـەوەی سـەرکەوتنی پـارتی رەفـاهی تـورکی کـە پارتییـەکی ئیـسلامی ئـسوولییە لەهەڵبـژاردنی شارەوانیەکاندا لە 1994/3/27دا زەنگـی مەترسـی لێـدا بـۆ سـەر رژێمـی تورکی بەجۆرێکی گشتی. ئەم سـەرکەوتنی پـارتی رەفاهـەش هـەر بـەهۆی باری خراپی ئابووریی تورکیاوە بوو، ئەو تورکیایەی کـە سـەرەك ئـۆزال بـۆ شەڕی کەنداو زارێکی گەمەی جـەنگی وای هەڵـدا کـە یـەك بـدۆڕێنیو سـیان بباتــەوە[25]، ئێــستا لەتــەنگو چــەڵەمەیەکی گەورەدایــەو نــە ئابلۆوقــەی ئــابووریی لەســەر عێــراق لائــەبریو نەئەمــەریکاو رۆژئــاوا زیانــەکانی ئــەو جەنگەی بۆ ئەبژێرنەوە. لەهـەمان کاتـدا مەسـەلەی سـەربەخۆیی باشـووری کوردستان لەبەردەوام بوونو زیادبووندایەو شالاوی ئەمەریکاو ئەوروپاش بۆ ســەر تورکیــا لەزیادبووندایــە لــەبارەی پێــشێل کردنــی مــافی مرۆڤــەوە لەتورکیادا.

---

[25] ئەمە دەقی چاپی یەکەمی هەمان نامیلکەمان بوو ساڵی 1994. هەر لەم بارەیـەوە کەناڵی (D) دی تەلـەفزیۆنی تـورکی، شـەوی 2001/11/26 لەبەرنامـەی (تەکەتـە)دا بەدرێژی لەو پرۆژەیەی ئـۆزال دوا.. بڕوانـە نامیلکـەی (یـەك دەدەیـن سـێ وەردەگـرین) وەرگێڕانی زەندیو لەچاپدانی: خاك. 78

لەلایـەکی تریـشەوە گوشـار بەردەوامـە لەسـەر تورکیـا {1} لـەبارەی مەسەلەی قوبرسەوە.

ئێرانیش لەڕووی ئابوورییەوە چەپی لەعێراق و تورکیا نەگەڕاوەتەوە، لەڕووی سیاسیشەوە لەوە ئەچێ ئێران بەرەو قەیرانێکی سیاسی بڕوات بەهۆی ڕەوتی تیرۆریستانەو خواستی پەلهاویشتنیەوە بۆ سەر دەوروبەری خۆی.

کەواتە ئەم سێ وڵاتەی بەشی زۆری کوردستانیان داگیرکـردووە، ئێـستا ئەو سێ وڵاتەی ساڵانی رابردوو، تەنانەت پارو پێـراریش نـین، ئـەتوانم بڵـێم ئەوەنـدە باریـان کـەوتووە کـە شـەڕی پێـشمەرگەی کوردستانیـشیان پـێ ناکرێـت چ جـای شـەڕی حکومـەتێکی کـوردی، شـەڕی تورکیـاو پەکەکـەش بەڵگەی ئەم ڕاستیەیە کە چۆن تورکیا داماوە بەدەست پەکەکەوەو بـەهاری رابـردووی دانـابوو کـە دواهێـزی پەکەکـەی تیـا لەناوبـەرێ کەچـی پەکەکـە ئێـستاش هـەر لەجێگـەی خۆیـەتی و بـەهێزتر بـووە، لاوازتـر نـەبووەو وا بەناچاری تورکیا خەریکە هەنگاو هەنگاو دان بەمافەکانی کوردا بنێ[26].

لەعێراقیشدا ئەگەر خۆمان یەکبین، بەبێ چەکوشی ئامادەو بەم دارایی و توفاقە کەمەی جەنگەوە، ڕژێمی بەغداد ناتوانێ لەشـارەکانی کوردسـتانیش

---

[26] ئـەوە قـسەی پەڕاوەکـەمان بـوو سـاڵی 1994، ئێـستاش کـە سـاڵی (2002)ەو پەکەکە بەلاوازتر ئەبینین لەوسای، هـۆی ئـەم لاوازییـەی ئەگەڕێتـەوە بـۆ لێ نـەهاتوێتی ئۆجەلانی سەرۆکەکەی کە چۆن دوای گرتنی، ڕووخاو پەکەکەشی دووچاری گـەلێ هەڵـە کرد، لەڕاستیدا ئۆجەلان پێش ئەو بەدیل گرتنەش، هەر سەرکردەیەکی لێ نەهاتوو بـوو، چونکە لە (سهل البقاع) پاڵی لێدابووەوەو ئەیویست هەر بەتەلەفۆن رابەرایەتیی پەکەکە بکات، ئەگەر ئەو هەر لەسەرەتاوە لەچیاکانی کوردستاندا ئەو رابەرایەتییەی بکردایە، نە بەو جۆرە بەدیل ئەگیرا، نە پەکەکـەش وا لاواز ئـەبوو، ئەمـەش ڕاسـتی ئـەو قـسەیەمان ئەسەلمێنێ کە سەرکردایەتی کورد لەئاستی پێویستدا نین.

بنکەو بارخانەی خۆی بخات چ جای شاخەکان. وردە راپەڕینـەکانی خـەڵکی کوردستانی باشوور بەڵگەی ئەم راستیەن کە لەشارێکی وەك سلێمانیدا بـۆ نموونـە نـەك دوای راپەڕینــە گەورەکــە، بــەڵکو دوای رەوەکــەش هــەزاران سەربازی عێراقی بەچەکەکانیانەوە دەسگیر ئەکران‌و دەیان تانك‌و زرێپـۆش ئەگیران‌و ئەسووتێنران لەسەر شەقامەکانی ناو شـاری سـلێمانیدا بەمـەرجێ سلێمانی لەناو هێڵی ($36$)ی پارێزراویشدا نەبوو، دووریش بـوو لەچەکوشـی ئامــادەوەو هــیچ فڕۆکەیــەکی هاوپــەیمانانیش بــەئاسمانی ســلێمانیدا هاتوچۆیان نەئەکرد.

$3/$ بڕیــاری $688$ و $986$و ناوچــەی پــارێزراوو چەکوشــی ئامــادەو فڕۆکەکانی هاوپـەیمانان‌و بـوونی ئـەو هـەموو رێکخـراوە بیانیانـە دڵنیـایی‌و ئارامیەکی باشی داوە بەخەڵکی کوردستان. رادەیەکیشی داناوە بـۆ هـەموو رژێمەکانی دەوروبەر کە نەتوانن دەسدرێژ کەن بۆ سەر ناوچەی رزگارکراوی کوردستان‌و حکومەتی کوردستان.

$4/$ هەر لەبواری هەلی رەخساودا بۆ سـەربەخۆیی کـورد، سـۆزو بـەزەیی گـەلانی جیهـان بەگـشتی‌و رۆژئـاوا بەتایبـەتی کـە دوای رەوەکـەی بـەهاری $1991$ بووە پشتگیرییەکی بـاش بـۆ نەتەوەکـەمان کـە ئـەو گەلانـە ئێـستا ئامرازێکی گوشارن بۆ سەر حکومەتەکانیان بۆ پاراستنی کوردو ماوە نـەدان بـەرەوێکی تـری ئـەم گەلـە، ئێـستا لەوڵاتـە دیموکراتیـەکان بـەرگری کـردن لەکورد بۆتە یەکێك لەبابەتەکانی پروپاگەندەی هەڵبژاردن.

$5/$ ئەو هەموو یارمەتیە مرۆییانەی لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا روویان کردە کوردستان‌و ئێستاش هـەر بەردەوامـە کـە جگـە لەخواردەمـەنی گـەلێ بابەتی وەك دەرمان‌و کەرەسەی خانوبەرەو بابەتی کشتوکاڵیـشی گرتـەوەو بووە هۆی ئاوەدانکردنەوەی ژمارەیەك دێهات. ئەمانـەش زامنێکـی تـرن بـۆ کوردستان کە ناگونجێ‌و ناشێ ئەو وڵاتانە هـەروا بەئاسـانی دەسـبەردارمان بن‌و رێگـە بـدەن داگیرکـەرانی کوردسـتان جـارێکی تـر ئـەم وڵاتـە پێـشێل بکەنەوەو ریسەکەی ئەوانیش بکەنەوە بەخوری.

6/ هەنـدێك گـۆڕانی جیهـانیش هەیـە وەك هەڵوەشـاندنەوەی یـەكێتی سۆڤێتو چارەسەركردنی كێشەی فەلەستین كە كارێكی ناڕاستەوخۆ ئەكاتە سـەر چارەنووسـی ژمارەیـەك گـەلانی تـری جیهـان بەگـەلی كـوردەوە بـۆ رزگاربوونو سەربەخۆیی.

7/ ناتـەبایی نێـوان داگیركـەرانی كوردسـتانیش لـەرابردوو لەئێـستاشدا هەمیشە هۆیەك بووە بۆ بەردەوام بوونی بزووتنـەوەی رزگرایخـوازی كـوردو مانـەوەی گـەلی كـوردو ئەشـێ لەئایندەشـدا هۆیـەك بـێ بـۆ چەسـپاندنی دەوڵەتێكی كوردیی سەربەخۆ.

8/ شوێنی ستراتیجی كوردستانو بوونی سەرچاوەی نـەوتو ئـاوو گـەلێ كـانی تـری بـەپیتو بەرەكـەتیی خاكەكـەی، رێزێكـی تایبـەتی ئـەدەن بەكوردسـتانو بەنەتـەوەی كـورد لەلایـەن ولأتـانی دنیـاوە كـە ئەگـەر بـۆ مەبەستی بەرژەوەندیی ئایندەی خۆشیان بێ، ئەم ولأتە بپارێزن بەتایبـەتی ئـەمڕۆ كێـشەی پـیس بـوونی ژینگـەو تەنگوچـەڵەمەی ئـاوو پێویـستی زۆر بەنــەوتو بەكەرەســەی خــاوی تــر بــۆ پیــشەسازی، كێـشەیەكە ولأتــە پیـــشەسازییەكان دووچـــاری بـــوونو بـــیر لەگواســـتنەوەی كارگـــە پیشەسازییەكان ئەكەنەوە بۆ زەمینەیەكی باشـتر لەناوچـەكانی خۆیـان كـە ئـەمڕۆ ئـەگونجێ ناوچـەیەكی وەك كوردسـتان لـەبارترین جێگـەبێ بـۆ ئـەو مەبەستە. هەڵبەت بۆ نەتەوەی كوردیش كە تا ئێستا خۆی شتێكی ئـەوتۆی لەباردا نەبووە بۆ سوود وەرگرتن لەكەشو خاكو ئاوو نەوتو كانەكانی تـرو وزەی لاوەكانیو.. هتد، نەك هەر زەرەرمەند نابێ لەكارو لەئـەنجامێكی وادا بـەڵكو ئەشـبوژێتەوە، ئـەوەشمان لـەیاد نەچـێ كـە تـا ئێـستا بـەروبوومی كوردستان نـەك هـەر بـۆ كـورد نـەبووە بـەڵكو هەمیـشە كراویـشە بەچـەكی كوشندەو كێشراوەتەوە بەسەری كوردا لەلایەن عەرەبو فارسو توركەوە.

9/ رژێمـی تـازەی جیهـانیش وەك جـورج بـوش لـە 1990/9/11 دا بانگەشەی بۆ كـردو دوایـیش گوربەشـوفـو ژاپـۆنو فەڕەنـساو ئەنجومـەنی ئاسایشی نەتەوەییش پشتگیریان كرد، هاندەرێكە بـۆ رزگـاربوونی نەتـەوە

دیلو داگیرکەراوەکان کە ئەشێ لەم رووەشەوە کورد بۆی هەبێ لەدەرگای سەربەوخۆیی بداتو بەرۆکی رۆژئاوای لەسەر بگرێ.

10/ زیادبوونی هەستی نەتەوایەتیو هوشیاریی نەتەوەی کوردو پەرەسەندنی بیروباوەڕی کوردایەتیو بەهێزبوونی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لەسەرتاپاسەری کوردستاندا کە دۆستو دوژمن حساب بۆ ئەم لایەنە ئەکاتو هێزیش نیە خۆی بگرێ لەبدرەم خواستی سەرجەمی گەلدا.

11/ وا بۆ سێ سالْ ئەچێ دەنگوباسی پرۆژەی ولایەتی موسلْ {2} لەئارادایە لەلایەن کۆمەڵەیەکەیەوە بەناوی کۆمەڵەی کۆششی دروستی دەستەی ئەوروپی بۆ دارشتنی یاسا، کە لەشەست ئەوروپیو ئەمەریکی پێکهاتووە. ئەوانە بریتین لەپەرلەمانتارو مێژوونووسو پسپۆرو پارێزەرو زۆر توانای تر کە لەئەیلولی 1990ەوە دەسبەکارنو لەسەر داوای حکومەتەکانی هاوپەیمانان بۆ ئامادەکردنی دوو راپۆرت لەسەر شەڕی کەنداوو مەسەلەی کورد، زانیاری پێشکەش بەو حکومەتانە ئەکەنو ئەوانیش لەزمان ژمارەیەك گەورە لێپرسراوانیانەوە بەو کۆمەڵەیەیان راگەیاندووە کە ئەو زانیاریانەی دۆزیویانەتەوەو کۆیان کردوونەتەوە، بەچاوی پەسەندییەوە سەیر ئەکرێنو خواستی پشتگیریی پرۆژەی (یارمەتیی خۆیی، دەرگای دواوە) و پرۆژەی ولایەتی موسڵیان هەیە بەمەرجێ ئەو پرۆژەیە بەئاشکراو یەکگرتوویی‌و بێ تەمومژ لەلایەن هۆزە کوردەکانو سەرۆکەکانیانو مامۆستایانو پەرلەمانیەکانو پارتییە سیاسیەکانەوە پشتگیری بکرێ.

ئەم کۆمەڵەیە هەندێك بەڵگەنامەی کۆمەڵی نەتەوەکان (عصبة الامم)ی دۆزیوەتەوە کە پەیوەندارە بەقەووارەی عێراقیەوەو بەچوونیەتی لەیەکدانی ولایەتی موسڵو عێراقەوە.

ئەو لیژنەیە تا ئێستاش بەردەوامە لەسەر کارکردن لەو پرۆژەیەدا.

بیرۆکەی پرۆژەکەش بریتیە لەوەی ولایەتی موسڵ لەعێراق

جیاکرێتەوەو بۆ ماوەی چەند ساڵێك بخرێتە ژێر دەسەڵاتی نەتەوە

یەکگرتووەکانەوەو دوای ئەوە را وەرگرتنێکی گشتی بکرێتو خەڵکی

سەرپشك بن لەوەی

أ- بچنەوە پاڵ عێراق؟
ب- بچنە پاڵ تورکیا؟
ج-بچنە پاڵ ئێران؟
د-سەربەخۆ بن؟

بێگومان سەربەخۆییەکە کارتی زۆربەی دەنگداران ئەبێت، بۆیە هە لەسەرەتای دەسبەکار بوون لەم پرۆژەدا (طارق عزیز)ی جێگری سەرەك وەزیرانی عێراق، وەك دەستپێشخەرییەك لەلێدوانێکی رەسمی لەگەڵ نوێنەرێکی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا وتویتی: (عێراق یەکەم دەوڵەت ئەبێ دان بەسەربەخۆی کوردا بنێ) ئی. س. ئین 4/31/1992-108 کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەمەش هێمایەکی ترە بۆ ئەوەی لەم رووەشەوە ئەستێرەی سەربەخۆیی کورد لەجریوەی گەشەدایە، کەچی سەرکردایەتیی سیاسی کورد وەك پێویست بەدەم ئەم پرۆژەیەوە ناچنو زیاتر هەر سەرگەرمی یەکێتیی خاکی عێراقن!!

12/هێمایەکی تر بۆ ئەگەری چارەسەرکردنی کێشەی کوردو دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ، کۆبوونەوەی 1994/3/10ی ئەنقەرەیە لەنێوان تورکیاو نوێنەرانی ئەمەریکاو بەریتانیاو فەرەنسادا. لەم کۆبوونەوەیەدا نوێنەرانی ئەو سێ دەوڵەتە بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆیان خستۆتە بەرباسو لێکۆڵینەوە

لەکوردستانی باشوورو کوردستانی رۆژهەڵاتدا، بۆ کوردستانی باکووریش تا فیدراڵی بۆی چوون.

13/ جگە لەو دوازدە خاڵەی نامیلکەکەی ساڵێ 1994مان، هەندێ دیاردەی تریش لەماوەی هەشت ساڵی رابردوودا کەوتوونەتە بەرچاو، وەك:

أ-جارە ناجارێ لەمیدیاکانی جیهانەوە قسە لەئەگەری بەشکردنی عێراق ئەکرێت.

ب-بەردەوام بەڵێنەکانی کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی دووبارە ئەکرێتەوە بۆ پاراستنی کورد.

ج- جارە ناجارێ دەنگی ژمارەیەك لەکەسایەتیە سیاسییەکانی جیهانەوە بەرز ئەبێتەوە بۆ پاراستنی مافی کوردو چارەسەرکردنی سیاسیانەی کێشەی کورد. بۆ نموونە: لبێپرسراوی لیژنەی کاروباری دەرەوەی ئەنجومەنی کونسەی ئەوروپا ستیڤپەنەر کۆیچەر رایگەیاند کە کێشەی کورد کێشەیەکی سەرەکیی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەو داوای کرد دان بنرێت بەهەموو مافە سیاسییەکانی کوردا[27].

بەو جۆرە دەیانو سەدان لێدوانی لەو جۆرە لەماوەی دە ساڵی رابردوودا بەر گوێ کەوتوون بی ئەوەی سەرکردایەتیی سیاسی کورد چووبن بەدەنگ ئەو لێدوانانەوە وەك پێویست.

د. وتارێك لەکوردستاندا بڵاوەکرایەوە بەناوی (وتاری سەرۆکی ئەمریکا بیل کلنتون لەپەرلەمانی تورکیا بەبەرواری 1999/11/15) ئەم وتارە تا ئێستا لەنێوان بڕوا پێکردنو بڕوا پێ نەکردندا ماوەتەوە. بەبۆچوونی من وتارەکە زیاتر لەڕاستی ئەچێ. ئەشیا سەرکردایەتی سیاسی کوردی، ئەو وتارەیان بکردایەتە کارتێك بەدەستیانەوە بۆ رووبەڕووبونەوەی هەردوو حکومەتی ئەمریکاو تورك. بێگومان یەکەم وەڵامی تورك ئەوە ئەبوو کەشتی وا نیەو راست نیە، بەڵام ئەگونجێ وەڵامی ئەمەریکا دان پیانان بێ

---

[27] بڕوانە، ئاژانسی وەزارەتی رۆشنبیری کوردستان ژمارە (5) رۆژی 1997/6/28.

بەو وتـارەدا، ئەگـەر بنـچینەیەکی راسـتی هـەبووبێ، ئەوسا سـەرکردایەتی سیاسی کورد ئەیتوانی نەخشەی هـەنگاوەکانی خـۆی لەبـەر رۆشـنایی ئـەو وتـارەدا بکێـشێ بـۆ ئاینـدەی کوردسـتان بەگـشتیو باشـوور بەتایبـەتی ئەگەرچی ئەوەش ئاشکرا ببوایە کە ئەوە دروسـتکراوەو راسـت نیـە، ئـەکرا سـەرکردایەتی سیاسـی کـورد بـەلۆجیکی ئـەو وتـارە لەگـەڵ لێپرسـراوانی ئەمەریکادا قسە بکەنو هانیان بدەن بۆ هەنگاوێکی لەو جـۆرە کـە ئـەمریکا ئاڕاستەی تورکیاو عێراقو ئێرانو سوریای بکات.

لەو وتارەدا دوو خاڵی زۆر گرنگی تێدا هاتووە:

یەکەم: پێشنیار بۆ دروسـتکردنی یەکێتییـەکی گـومرگی کوردسـتان کـە باکوورو باشوور بگرێتەوە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هـەرێمی کوردسـتاندا، کە ئەوە ئەبێتە هۆی گەشەکردنی  ئابووریی کوردو تورکیش.

دووەم: لابردنی ئابڵووقەی ئابووری لەسەر عێراق مەرجە بـەدان پیانـانی حکومـەتی بەغـداد بـەم قـەوارەی باشـووری کرودسـتانەو بـەمافی کـوردیو دیاری کردنـی چارەنووسـی خـۆی بەمـەرجێك هـەموو زەوییـەکانی ولایـەتی موسڵی جاران بخرێتە سەر زەوییەکانی حکومەتی هەرێم.

هـ- جگە لەوانە، کۆمەڵێك هێمای تر هـەن بـۆ هەلومـەرجی سـەربەخۆیی وەك: تێپـەڕبوونی نزیکـەی یـازدە سـاڵ بەسـەر تاقیکردنەوەکـەی هـەرێمی باشـــووری کرودســـتاندا وەك قەوارەیـــەکی ســـەربەخۆ کـــەوا وردە وردە دەوڵەتانی دنیاو بگرە دراوسێکانیش جۆرەها مامەڵـەی لەگەڵـدا ئەکـەن کـە ئەوانە دانپیانانن بەم قەوارەیەدا.

و- ئەگــەری لێــدانی عێـراق دوای کارەســاتەکەی 11/ئــەیلولی 2001 لەولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

هەڵبەت ئەم ئەگەرە، گرنگییەکی تایبەتیی هەیە بـۆ ئاینـدەی باشـووری کوردستان، بگرە ئەشێ هەلێکی زێڕین بێ بۆ کـورد، چـونکە لێـدانێکی لـەو جۆرە لەعێراق بەمەبەستی خستنی رژێمی ئێستای بەغـداد، بـێ بەشـداریو هەرەوەزی کورد نابێ، لەبەر ئەوەی ئێستا تەنیا هێزێکی رێکخـراوو خـاوەن

جـەماوەرێکی زۆری جـەنگاوەر لەعێراقـدا تـەنیا کوردەکەیـە، بۆیـە هـەر لایەنێك، ئەمریکا یا هەر هێزو دەسـەڵاتێکی تـر، بیـەوێ ئـەم رژێمـە بخـات، پێویستی بە کورد ئەبێ، کوردیش ئەگەر ژیرانە هەڵسوکەوت بکـات ئـەتوانێ ئەم هەلە بقۆزێتەوە بۆ دابین کردنی ئایندەیەکی باش بۆ خۆی، قۆزتنەوەی هــەلێکی لــەو جــۆرەش پێویــستی بــەخۆئامادەکردن هەیــە بــۆی، خــۆ ئامادەکردن بۆ هەر کام لەم دوو هەنگاوە:

أ–گرتنــی هــەموو ناوچــە رزگارنــەکراوەکانی باشــووری کوردســـتانو دەرکردنـی هـەموو ئـەو بێگانانـەی نیـشتەجێ کـراون تیایانـداو گێڕانـەوەی ئاوارەکـان بۆیـان لەماوەیـەکی زۆر کورتـداو بـەخێرایی لەگـەڵ دامەزرانـدنی دەزگا حکومەتیەکانی حکومەتی هەرێم تیایاندا.

ب– ئەگەر هێزی چەکداری کورد گەیشتە بەغدادی پایەتەخت بۆ خستنی رژێم، ئەوا ئەو هێزە هەوڵ بدات دەست بەسەر زیاترین شوێنە ستراتیجییەکاندا بگرێت، بەتایبەتی شوێنە سەربازییەکانو هەوڵ بدات دەسەڵات بگرێتە دەست، یا زیاترین بەشی هەبێ لەو دەسەڵاتەدا.

ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی کورد، هەنگاونانێکی لەو جۆرەی نەبێ ئەوا دیـسان ئـەبێ چـاوەڕوانی ئـەوە بکـات ئـاخۆ دەسـەڵاتدارانی دوای صـەدام نیمچە مافێك ئەدەن بەکورد یا نا؟ کێش ئەزانێ ئـەو دەسـەڵاتدارانە خـراپتر نابن؟ ئەوسا مەگەر هەر بڵێین رەحمەت لەکفن دز!

گەورەترین هەڵەیەکیش ئەوە ئـەبێ، کـورد چـاوەڕوانی ئـەوە بکـات کـە رژێمێکی دیموکراتیانە ببێتە جێگری رژێمی بەعس، چونکە دیموکراسی واتـا پەیڕەوی کردنی رای زۆربە، ئاشکراشە لەعێراقدا زۆربەی زۆر عەرەبـە، هـیچ گومـانیش لـەوەدا نیـە ئـەو زۆربەیـە هـەرگیز بەخواسـتی خـۆی دان نانـێ بەمافێکی وەك فیدراڵی یا ئۆتۆنۆمیدا بۆ کورد. گریمان چـەند کەسـێکی وك مشعان جبوریو ئەحمەد چەلەبی نەك هەر فیدراڵی، بـەڵکو سەربەخۆییـشی

بەکورد ڕەوا ببینن. بەڵام ئەو چەند دەنگە کەمە چی ئەبن لەچاو ئەو زۆربەیەدا کە هیچ مافێك ڕەوا نابینن بۆ کورد؟!

لێرەدا خاڵێك زۆر گرنگە: جار جار بەر گوێ ئەکەوێ کە سەرکردایەتی کورد داوای گەرەنتی لەئەمریکا ئەکات بۆ مافی کورد لەکاتی کردەوەیەکی وەك ئەوەی ئەفغانستاندا، داواکردنێکی لەو جۆرە خراپ نیە، بەڵام نابێ بکرێ بەمەرجێکی نەگۆڕ بۆ بەشداربوون لەکردەوەیەکی وادا، چونکە لەسیاسەتدا گەرەنتیو مەرجی نەگۆڕ نیە، سیاسەت لێهاتوویی‌و قۆزتنەوەی هەل‌و خۆسەپاندن‌و شکاندنەوەی ڕووداوەکانە بەلای خۆدا، سیاسەتکاران خۆیان گەرەنتی بردنەوە یا دۆڕانی گەمەکانی سیاسەتن. ئەوە بەندە بەزیرەکی‌و ئامادەباشیی پێش‌و کات‌و دوای ڕووداوەکان. ئەمڕۆ لەعێراقدا تاکە هێزێکی بەرهەڵستکاری جەنگاوەر، تەنیا کوردەکەیە، ئەمە هەلێکی زێڕینە ئەگەر گەورە هێزێکی وەك ئەمەریکا پەنا بۆ ئەم هێزەی کورد بەرێ، دوای ئەوە گەرەنتییەکە بەندە بەو هێزەی کورد خۆیەوە کە ئەتوانێ لەهەلێکی وادا ئەو فەرمانڕەوای پایتەخت بێ‌و دوایی لەو ڕێگەیەوە چارەنووسی کورد بسەپێنێ نەك تاقیکردنەوەکەی ئەبو موسلمی خوراسانی دووبارە بکاتەوە. هەموو هێماکانیش ئەوە ئەگەیەنن کە تێکڕا گەلانی عێراق لە ئەنجامێکی ئاوا نیگەران نابن، چونکە ئەم گەلانەی عێراق تا ئێستا لەماڵوێرانی بەولاوە، پیت‌و فەڕێکی ئەوتۆیان لەڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق وەرنەگرتووە، ئەشێ وڵاتە عەرەبیەکانی دەوروبەری عێراقیش کە ئەوە زیاتر لەپەنجا ساڵە لەژێر هەڕەشەو مەترسی ڕژێمەکانی عێراقدان، ئەنجامێکی ئاوایان لا پەسەند بێ، ئنجا سەرنجێکی تر.. هەموو ئاگادارین کە تورکیا لەم بەینەدا چەند جار ئەوەی دەربڕیوە کە نیگەران ئەبێ لەوەی خۆی بۆ گۆڕینی ئەو ڕژێمە ئەبەستێتەوە بەو مەرجەوە کە کورد بەشدار نەبێ تیایدا، ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە بەشداربوونی کورد لەهەولێکی وادا بەقازانج ئەگەڕێتەوە بۆ کورد، بۆیە پێویست بەگەرەنتی ناکات!.

# ئایا سەرکردایەتی کوردی
# لەئاستی هەلی سەربەخۆییدایە؟

**دوای ئەوەی لەو خاڵانەی سەرەوەدا هێمامان کرد بۆ ئەو هەلومەرجانەی ڕەخساون بۆ دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ، ئەگەڕێینەوە سەر پرسیارەکەمان کە ئایا سەرکردایەتیی سیاسی کوردی لەئاستی ئەو هەلومەرجانەدان؟**

لەوەڵامدا ئەڵێین نا.

ئەم خاڵانەی خوارەوەش ئەبنە پەراوێزی شیکردنەوەو بەڵگەنامەی ئەو نەئە،

1/ لەگەڵ ئەو هەموو ڕاستیانەی لەسەرەوە پیشانماندان، سەرکردایەتیی سیاسی کوردی کە خۆی لەسەرکردایەتیی پارتییە سیاسیەکاندا ئەنوێنێ، لەبازنەی یەکێتی خاکی عێراقو برایەتیی داگیرکەرو داگیرکراوو لەفیدراڵی تێپەڕی نەکردووە ! ئەم تێپەڕنەکردنەش لەدوو شێوەدا خۆی ئەنوێنێ:

شێوەی یەکەم: پەیڕەوو پرۆگرامو ئەدەبیاتو ڕاگەیاندنی ئەو پارتیانە هەر هەمان تاسو گەرماوی شەستەکانو حەفتاو هەشتاکانە.

شێوەی دووەم: کۆششو هەوڵی کردەییانەی ڕاستەوخۆ بۆ ڕاهێنانو ئامادەکردنی جەماوەری گەل لەئاستی ناوەوەدا، هەروەها کۆششو هەوڵی کردەییانەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ میللەتانو دەوڵەتانی دنیادا بۆ بەدەستخستنی لایەنگیریو پشتگیرییان بۆ سەربەخۆیی کوردستان: ئەگەر لەئاستی سفردا نەبن لەئاستێکی زۆر نزمدان.

جارجارێکیش کە ئەبیستن ئەم سەرکردەیە یا ئەو سەرکردەیە بەشەش حەوت مانگ جارێك ڕوو لەهەندەران ئەکەن، لەوێش هەر هەمان قەوانی یەکێتیی خاکی عێراقو برایەتیە سەیرو سەمەرەکەی گورگو مەڕو فیدراڵیە

یـەك لایەنییەکـە{3}، لی ئەدەنـەوە ! !. وەك نـە ڕاپـەڕین بووبێـتو نـە هـیچ سەربەخۆییەکمان هەبیّ لەناوچەی ڕزگارکراوداو نە پەرلـەمانو حکومـەتمان هەبیّو نەداگیرکەرانی کوردستان بەو مەرەیە چووبنو نـە چەکوشـی ئامـادە بەرزکرابێتەوەو نە ئەو هەموو یارمەتیو پشتگیریانەمان هەبێتو نەنەخشەی هیچ وڵاتێکی وەکـو سـۆڤێتو یۆغوسـلافیاو ئیـسرائیل گۆڕابێـتو نـە هـیچ ناتەباییـەك هــەبێت لــەنێوان داگیرکــەرانی کوردســتانداو نــە هــیچ چـاوێکی ئەوینو دڵـداری بڕابێتـە کوردسـتانی سـەر دەریـای نـەوتو خـاوەنی ئـاوی سازگارو خاکی بەپیتو پڕ لـەکانی گـران بـەهاو نـە ڕژێمـی تـازەی جیهـانی لـەئارادا بـیّو نەکوردایەتیەکـەش هـیچ پێـشکەوتبیّو نـە دەفتـەری کـۆنی ولایەتی موسـڵ دەرهێنرابێتـەوەو خرابێتـە سـەر مێـزی لـەتو پـەت کردنـی عێراقـەوەو نـە سـیّ کەڵـە دەوڵـەتی وەك ئەمـەریکاو بـەریتانیاو فەڕەنـسا لەمشتومڕی دامەزراندنی دەوڵـەتێکی کـوردیی سـەربەخۆدابن! نـە ئەگـەری لێدانی عێراقو بەشکردنی هەبیّ.

من تیّ ناگەم کەسێك بەم هەموو شریخەی هەورە بروسکانە بەئاگا نەیەت، بە چ بۆمبایەکی ئەتۆم لەخەوی غەفڵەت خەبەری ئەبێتەوە ! ؟

2/ بەبیرەوەری من، سەرکردایەتیی سیاسی کوردی لەسـەرەتای شۆڕشـی ئەیلولەوە تا ڕاپەڕین، ئەوپەڕی حەماسـیان هـەبووە بـۆ فـشە مـافێکی وەك ئۆتۆنـۆمی، لـەو پێنـاوەدا کوردیـان بەئـەنفالو کیمیابـارانو کوردسـتانیان بەکاول کردن گەیاندووە. کەچی ئێستا لەگـەڵ ئـەو هـەموو هەلومەرجانـەی رەخساون بۆ سەربەخۆیی، بیّ ئەوەی ترسو چاوەڕوانی ئەو مەرگەساتانەی لیّ بکریّ، ئەو حەماسە نابینرێت لەسەرکردایەتیی کوردیدا بـۆ سـەربەخۆیی کوردســتان! ئەمــە لەکاتێکــدا کــە ئەبوایــە هــەر لەســەرەتای شۆڕشــی ئەیلوولــەوە دروشمــی ئــەو شۆڕشــە ســەربەخۆیی بوایــەو ئــەو پارتیانــە سەربەخۆییان بچەسپانایە لەپرۆگرامەکانیانداو ئەندامانو جەماوەی ر گەلیان بەبیرۆکـەی سـەربەخۆیی گـۆش کردایـەو بـۆ ئـەو مەبەسـتە رایـان بهێنایـە، چونکە ئەگەر لایەنە نەیار (سلبی)ەکەی وەرگرین ئەوا ئەوەی بە کورد کـرا

لەسەر (ئوتونومی بۆ کوردو دیموکراتی بۆ عێراق) لەوە زیاتری پێ نەئەکرا لەسەر سەربەخۆیی بۆ کوردستان، لەبەر ئەوەی هێزێکی زیاترو چەکێکی ترسناکتر نەبوو کە بۆ سەربەخۆیی بەکاربهێنێرێت لەدژمان! من لەو باوەڕەدام رژێمێکی دیکتاتۆری ئەوەندەی سڵ لەدروشمی دیموکراتی بۆ عێراق ئەکاتەوە، ئەوەندە سڵ لەدروشمی جیاکردنەوەی چەند پارێزگایەك لەعێراق ناکاتەوە. چونکە لەدروشمی دیموکراتیەکەدا ئەو رژێمە دیکتاتۆریە مەرگی خۆی ئەبینێ، بەڵام دابڕانی چەند پارێزگایەك لەعێراق هەرەس بەکورسیەکەی ئەو ناهێنێت.

ئنجا رێوی خۆی بەکونەوە نەئەچوو هەژگێکیشی بەست بەخۆیەوە! سەرکردایەتیی سیاسیی کوردیش مافی نەتەوەکەی خۆی بۆ بەدەست نایەت کەچی لەپێناوی دیموکراتیدا بۆ نەتەوەی وڵاتە داگیرکەرەکەی، رۆڵەکانی وڵاتەکەی خۆی بەئەنفالو کیمیاباران ئەگەیەنێتو کرودستان بەکاولکردن ئەدات!!

ئاخۆ براکانی سەرکردایەتی سیاسی کوردی لەعەرەبستان هیچ فرمێسکێکیان بۆ 182000 شەهیدی کورد رشت!؟ هەمان پرسیار ئاراستەیە بۆ ئۆپۆزسیۆنی عێراقی. دوای ئەوە ئەگەر لایەنە بەیار (ایجابی)ەکەی دروشمی سەربەخۆیی وەرگرین، ئەوا ئەم خاڵانە ئەبنە تەوەری ئەگەرو نەگەر لەنێوان بەدیهاتنو بەدینەهاتندا:

أ- لەئاستی داگیرکەراندا، لەو کاتانەدا کە ئەوان شەکەت ئەبوونو ملیان درێژ ئەکرد بۆ وتووێژ (مفاوضات) ئەشیا ئەوان لەترسی سەربەخۆیی بەفیدراڵی بیانژەندایە. لەوانە بوو خۆشیان بەسەرکەوتوو بزانیایەو بیانوتایە لەسەربەخۆییەوە دامان بەزاندن بۆ فیدراڵی!

ب- لەئاستی جیهانی دەرەوەدا، ئەو دنیایە کە بیاندیایە کورد بۆ سەربەخۆیی ئەجەنگێ، هیواو تەماعێکی ئایندەییان پێمان ئەبوو و لەو گۆشە نیگایەوە هەڵوێستی خۆیان دیاری ئەکرد بۆ دەستپێشخەری کردنی دۆستایەتی لەگەڵ کورداو لەو پێناوەدا ئەگەر یارمەتیەکیشیان

بدایە، خۆیان بەڕەنج بەخەسار نەئەزانی بۆ یارمەتیی کوردستانی نەوتو ئاوو زێڕ.. ئێستاش من ئەتوانم بەڕاشکاوی سەرکردایەتیی سیاسی کورد دڵنیا بکەم لەوەی ئەو هەموو یارمەتیو بەرگریو پشتگیرییەی کورد، بۆ هەریسەکەی کوردستانێکی سەربەخۆیە کە قوڵپەقوڵپی دێ لەسەر ئاگرو خەریکە دەم ئەکێشێت، نەك بۆ کوردستانی هەرێمو فیدراڵی! ئەو دنایە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی ئایندەی خۆیان هەڵوێستەکانیان دیاری ئەکەن، ئاخۆ کەی کرودیش فێری ئەوە ئەبێتو لەوە زیاتر ناگری بۆ هەموو کەس بێجگە لەخۆی!!

ج- کێشەکەمان لەکێشەی ناوخۆیی (محلی) تێپەڕی ئەکرد، میللەتانو دەوڵەتان خۆیان بەڕەنج بەخەسار نەئەزانی ئەگەر یارمەتییەکیان بدایانایە.

لەم بارەیەوە جێی خۆیەتی ئەم سەرگروشتەیە بگێڕینەوە:

لەئەڵمانیا کوردەکان ئەبنە دۆستی سیاسیەکی ئەڵمانی، بەڵێن ئەدات ئەگەر دەسەڵاتیان کەوتە دەست کارێك بۆ کوردان بکات، بەڕێکەوت هەڵبژاردن ئەبەنەوەو ئەویش بەڵێنەکەی لەبیرە. لەکۆبوونەوەیەکی سەرکردایەتیاندا داوا لەراوێژکاری ئەڵمانی ئەکات یارمەتی کوردان بدات. لەوەڵامدا راوێژکار ئەڵێ مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی رەوایە، یارمەتی دانیان هەڵەیە! ئەوان شۆڕش لەپێناوی ئاشتبوونەوەدا ئەکەن. ئەیانەوێ بەئوتونومیەك دەست بخەنەوە دەستی حکومەتی عێراق! ئەوسا روو زەردی بۆ ئێمە ئەمێنێتەوە لەبەر ئەوە یارمەتی دانیان رەنج بەخەساربوونەو بۆ ئێمە سوودێکی نابێ!!

د- وەك لەئاستی دەرەوەدا ئەگونجا پشتگیریو یارمەتی دەرمان زۆر بوایە لەئاستی ناوخۆشدا ئەو هەموو جاشو موستەشارو بەعسیانە دروست نەئەبوونو ئەوەندە چاوقایمیان نەئەکرد ئەگەر بیانزانیایە شۆڕشی کورد بۆ جیابوونەوەو سەربەخۆییە. بەڵام لەئاستی شۆڕشێکدا کە لەسەرکەوتنیو

لەژێرکەوتنیدا ئاغای گەورە هەر ئاغاکەی بەغداد بێ، ئیتر بۆچی ئەوانە هەر لەئێستاوە نۆکەرێتییە لەپێشەکە بۆ خۆیان نەبێ!؟

بەڕەچاوکردنی ئەو خالانە، ئەگەری سەرکەوتنی شۆڕشی سەربەخۆیی زیاتر ئەبوو وەك لەئەگەری شۆڕشی ئوتونومی یا فیدراڵی، لەوانەبوو ئەو هەموو خوێنە زۆرەی کوردیش نەڕژایەو کار نەگەیشتایە ئەنفالو کیمیاییو کاول کردنی کوردستان. ئەشێ شۆڕشی پەکەکە بۆ سەربەخۆیی بەڵگەیەك بێ بۆ کەمیی جاش لەکوردتسانی باکووردا. لەڕووی دۆستی دەرەکیشەوە ئەگەرچی پەکەکە شانی خۆی ئارداوی کردووە بەمارکسیزم، بەلاّم دۆستی دەرەکیی زۆرە.

3/ ئێمە هێشتا لەوەلاّمی ئەو پرسیارەداین کە ئایا سەرکردایەتیی کوردی لەئاستی هەلی سەربەخۆیی دایە؟ وتمان نا. هێشتا بەڵگەشمان زۆر ماوە:

دوای راپەڕینە مەزنەکەی بەهاری 1991و دوای رەوەکە، سەرکردایەتیی سیاسی کورد، زۆر بەهەرزانو بەتەنیا زەردەخەنەیەکی تیمساح ئاسایی صدام حسێن، روویان لەبەغداد کردو بەدەستگوشینو بەماچێکی دەموچاوە چەپەڵەکەی صدامی ئەنفالو کیمیابارانو کوردستان کاولکەرو خوێنی 182000 کورد لەئەستۆدا، ملیۆنەها ماچی دەمولێوی پاراوی فریشتە نازدارو ناسکەکانو کوڕە قۆزو رووگەشەکانو کەڵەپیاوە فامیدەو مرۆڤ دۆستەکانی جیهانی دەرەوە بەگشتیو رۆژئاوا بەتایبەتیان لەکیس داین. مەسلەکەمان، مەسەلەی سەربەخۆیی کورد کە چەند میلێك چووبووە پێشەوە، بەو دەستگوشینو ماچە، بەهەمان خێرایی گەڕایەوە دواوە. ئنجا وتووێژی دووەمو سێهەمیش پەردەی تاریکیی زیاتری خستە سەر مەسەلەکەمان، بەتایبەتی کاتێ زانرا ئەنجامی ئەو وتوێژەمان جۆرە کۆیلەیەتییەك ئەبێ بۆ کورد کە هەزار خۆزگە ئەخوازرا بەرۆژانی ئەنفالو کیمیاباران.

4/ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی لەسەر شێوازی رێژەییو دانانی رێژەی 7٪[28] بۆ بەشداربوون لەپەرلەمانداو پەنابردنو بۆ تەزویرو ماوەنەدان بەخەڵکی بۆ دەنگدان بەهۆی پاڵەپەستۆی دروستکراوەو ئنجا لەبریتی سەرژمارێکی گشتی کە ئەتوانرا لەماوەی دوو مانگێکدا ئەنجام بدرێت، پەنابردنە بەر مەرەکەبو مەرەکەب سڕینەوەو مەرەکەب گرتنەوەو ..هتد، هەموو ئەمانە هەڵپەیەکی ناوەخت بوو بۆ دەسگرتنی یەك لایەنی بەسەر دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتی لەکوردستاندا بەهەر هۆکار (وسیلە)یەك بێ کە لەڕاستیدا حکومەتێکی وەك ئەم حکومەتەی هەرێم پێویست بوو حکومەتێکی تێکەڵاو بێ لەهەموو هێزە سیاسیەکانی کوردستانو کەسانی بێلایەنی شارەزا. جارێ کاتی ئەو هەڵپەی دەسەڵات وەرگرتنەمان نەبوو. راستە هەر پارتییەك لای چاکە زۆربەی دەنگ بێنێ، بەلام ئەوە لەسەر حسابی تەزویرو پاڵەپەستۆو پیلان نا، دانانی رێژەی 7٪ ئەوە پیلانێك بوو لەپارتییە بچووکەکان بۆ ئەوەی بەشداریی پەرلەمانو حکومەت نەکەن، لەکاتێکدا ئەو پەرلەمانو حکومەتە ساوایە زۆر پێویستی بەوزەی ئەو پارتییە بچووکانەش هەبوو. دوای ئەوە رێکەوتن لەسەر دابەشکردنی پەرلەمانو دەسەڵات بەڕێژەی پەنجا بەپەنجا لەوەزیرەوە تا فەراش هەڵەیەکی گەورە بوو. لەوەش هەڵەتر دانانی وەزیرو جێگری وەزیر هەر یەکەیان لەپارتییەك کە هەر یەکەیان بتوانێ فەرمانی ئەوی تر راگرێ! تا وای لێهات ناونران وەزیرو رێگری وەزیر!.

5/ چاونووقاندن لەئاستی پاشەڵ پیسانو هەلپەرستانو لەئاستی دزیو بەرتیلو راووڕووتو ئاودیوکردن کارێکی ئەوەندە ناشایستەی سەرکردایەتیی کوردییە کە لەهەڵە تێپەڕ ئەکات.

---

[28] ئەگەر ئەو رێژەی 7٪ نەبوایە، ئیسلامی 4 کورسیو یەکگرتن 2 کورسیو شیوعی 2 کورسیو گەل یەك کورسی بەر ئەکەوت، بەوە کێشەی پەنجا بەپەنجا رووی نەئەدا لەوانەبوو شەڕە خۆکوژییەکانیش روویان نەدایە.

ئەو پارتیانەی بەمەبەستی دەسکەوتی پارتایەتیو زۆرکردنی ژمارەیان چاکۆ خراپیان وەك یەك لەخۆکۆکردەوە، ئەوە هەڵەیە، پوخڵەوات کۆکردنەوە نە دەسکەوتە نەهێزە، بەڵکو ماڵوێرانیشە. دابەشکردنی جاشو پیاوانی رژێمو بەخشینی پلەو پایەی پارتایەتیو دەوڵەتی پێ یان دابەشکردنی نەگبەتی بوو بەسەر ئەو پارتییانەداو بەسەر نەتەوەی کوردا. شکاندنو سووك کردنی ناوی پیرۆزی پێشمەرگە بوو. دوور کەوتنەوەی تێکۆشەرو خاوێنو دڵسۆزان بوو لەو پارتییانەو لەخەباتی کوردایەتی. بەربەستێك بوو لەبەردەم رۆشنبیرو پیاوچاکاندا کە رێگەی نزیکبوونەوەی نەدان لەو پارتییانە. کوشتنی گیانی کوردایەتی بوو.

ئەو جۆرە خڵتەو خەوشانەی کۆمەڵ کە لەرۆژانی ئاساییدا بۆ مەبەستی تایبەتییو دەسکەوتی خۆیان لەو پارتیانە کۆئەبنەوە، لەرۆژانی هەڵدێرو نەهامەتیدا نەك هەر پشت ئەکەنە ئەو پارتیانە بەڵکو یەکەم کەس ئەبن کە سەختترین جەزرەبە بگەیەننە ئەو پارتیانەی لەرۆژانی رەشی ئەوانەدا دەرگای ئارامییان بۆ کردنەوە. جگە لەوە لەپشتی سمێڵیشیانەوە تێر بەو پارتیانە پێ ئەکەنن!

کەس لاریی لەوە نیە ئەو جۆرە کەسانە دالدە بدرێن لەئارامگایەکی ئەوتۆدا کە هەست بەمەترسیی لەناوبردن نەکەنو هەلیان بۆ برەخسێنرێ، کە رابردوی خۆیان پاك بکەنەوە، بەلام پێشخستنیان بەسەر کەسانی تێکۆشەرو رابوردوو خاوێنو بەتواناداا، ئەوە هەڵە گەورەکەیەو ئەوە ئەوانە ئەکاتە خۆرەو ئەچنە گیانی ئەو پارتیەو کلۆرو گەندەڵی ئەکەنو ئەبنە مایەی کوێرەوەریش بۆ نەتەوە.

6/ بەرەی کوردستانی یەکێك بوو لەدەسکەوتە گەورەکانی شۆڕشی کورد، ئەم بەرەیە جگە لەوەی کۆتایی بەشەڕی براکوژی هێنا لەکوردستاندا، دەورێکی باشیشی هەبوو لەراپەڕین داو لەدروستکردنی پەرلەماندا. ئەو مافەش کە بەرە دابووی بەئەندامەکانی (مافی ڤیتۆ)

چاکترین متمانه بوو بۆ ئەوەی هیچ پارتییەك لەخۆی بایی نەبێو خۆی نەسەپێنێ بەسەر پارتییەکانی ترداو بیر لەکەڵەگایەتی نەکاتەوە.

پشتگوێ خستنی بەرەی کوردستانی لەلایەن ئەو دوو پارتییەوە کە زۆربەیان بەدەست هێنا لەهەڵبژاردندا، هەڵەیەکی گەورەو لەخۆبایی بوونێکی کورت بینانە بوو، ئەبوایە بەرەی کوردستانی وەك دەسەڵاتێکی یاساکاری (تشریعی) لەپاڵ ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستاندا بمایەو دەوری کۆنگرێس یا ئەنجوومەنی (اعیان)ی ببینیایە، یان وەك دەستەی سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم یا وەك ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە بمایەتەوەو خاوەنی دوابڕیاری سیاسی بوایە لەکوردستاندا دوای فراوانکردنی بەژمارەیەك کەسی بێ لایەنی نیشتمانپەروەری شارەزا لەکاری دەوڵەتیدا. یا ناوی ئەو بەرەیە بگۆڕرایە بەکۆنگرەی نیشتمانیو دەسەڵاتو بەشداربوانی زیاتر کرانایا.

7/ دیاردەی فرە پارتایەتی: دیاردەیەکی ساغڵەمو شارستانیو چاکەو یەکەم نیشانەی دیموکراتیە لەو وڵاتانەدا کە خاوەنی قەوارەی سیاسیی خۆیانن. بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی نرخی دیموکراتێتی ئەزانن‌و ئاستێکی بەرزی هوشیارییان هەیەو ململانێی ئەو پارتیانە دوورە لەزەبرو زەنگ (عنف)ەوە. بەم پێوانەیە، سوودی فرە پارتایەتی بەندە بەم سێ مەرجەوە:

أ– وڵات خاوەنی قەوارە (کیان)ی سیاسیی خۆی بێ.

ب– ئاستی هوشیاری گەل بەرز بێ.

ج– بەکارنەهێنانی زەبرو زەنگ لەنێوان پارتییەکاندا.

بەڵام لەوڵاتێکدا کە هێشتا قەوارەی سیاسیی خۆی نەبێو لەقۆناغی پێش رزگاریدا بێو پارتییەکان خاوەنی میلیشیای خۆیان بن‌و ململانێی نێوان پارتیەکان بەزەبرو زەنگو لەڕێی چەکەوە ئەنجام بدرێ ئەوا ئەوسا ئەو دیاردەیە نەك هەر سوودی نابێ بەڵکو زیانیشی ئەبێ. ئنجا لەوەش بەلاتر ئەوەیە بۆ هەر رێبازو بیروباوەڕێك زیاد لەپارتییەك هەبێ کە ئەوسا ئەوە

ناشێ پێی بوترێ فره پارتایەتی بەڵکو ئەبێ پێـی بـوترێ فـره دووبـەرەکی (اشـنقاق)ی ریزەکـانی گـەل. ئنجـا فـره پارتایـەتیو دیمـوکراتیێتیش ئـەبێ زەمینەی رەخساوی خۆی هـەبێ کـە ئـەویش ئاسـتێکی بـەرزی هوشـیارییە لەناو گەلدا، بـەبێ هوشـیاری، ئـەنجام پێـچەوانە دەرچـێ، خـەڵکی بـەزۆری بەڕێکراو (مسیر) ئەبن وەك لـەوەی بەڕێکـەری خۆیـان بـن. (خـەڵکی کـەمتر رەشو سپی لەیەك جیائەکەنەوە کە ئـەوەش توانـای هەڵبـژاردنی چـاکترین پارتی پـەك ئـەخاتو زووزووش درزو دووبـەرەکی ئەکەوێتـە ریزەکـانی هـەر یـەکێك لەپارتیـەکانو دوو لـەتو سـێ لـەت ئـەبن. بەتاقیکردنـەوەش دەرکەوتووە کە ئاگری رقو قینو شەڕی براکوژی زیاتر لەنێوان ئەو کـەرتو پارچـانەدا بڵێـسە ئەسـەنێ کـە خۆیـان بـەخاوەنی یـەك رێبـازو بیروبـاوەڕ ئەزانن. ئنجا ئەگەر لەهەر وڵاتێکدا دوو یا سێ یـا زیـاتر رێکخـراوی سیاسـی هەبێ بۆ یەك مەبەستو رێبـازو بیروبـاوەڕ، ئـەوا بەلایـەنی کەمـەوە لـەدوان یـەکو لەسـیان دوانو لەچـوار سـیانیان هەڵـەو لادەر (منحـرف)ی ئـەو مەبەستو رێبازو بیروباوەڕن.

ئەبێ ئەوەشمان لەیاد نەچێ کـە گوللـەو وشـە هـەرگیز دانوویـان پێکـەوە ناکوڵـێ، کـە پارتییـەکانیش خـاوەن چـەكو میلیـشیابن، زمـانی نێوانیـان لەجیاتی وشە ئەبێتە گوللە. وڵاتێکیش کە هێشتا رزگاری نەبووبێو خـاوەن قەوارەی سیاسی تەواوی خۆی نەبێو لەقۆناغی شۆڕشـی چـەکدارانەدا بـێ، فرە پارتایەتیی بۆ چیەو لەسەرچی ململانێی یەك ئەکەن؟!

لێرەدا هەڵەی سەرکردایەتی سیاسی کوردی لەم سێ خاڵەدا ئەبینرێ:

* لەپێش قۆناغی رزگاری‌دا، کارکردنی پارتییـەکان هەریـەك لای خۆیـەوە بەکەرتو پەرتی هەڵەیـەو ئـەبێ خـەباتیان یـەك خـەن. یەکخستنی خـەبات مانای تواندنەوەی پارتییەکان نیـە لـەناو یەکدا. هـەر پارتییـەك پارێزگـاری قــەوارەی خــۆی ئــەکات، بــەڵام یــەك ســەرکردایەتی رابــەری خــەباتی رزگاریخوازانــەیان ئــەکات لــەژێر ئــالای یــەك رێکخــراودا وەك رێکخــراوی رزگارکردنی فەلەستین، یا وەك جەزایر پێش سەربەخۆیی، بەرە (جبهە) ئەو

کاریگەرێتییەی نیە وەك رێکخراوێك یا کۆنگرەیەکی فراوان کە لوتکەی رابەریکردنی بزووتنەوەیەکی رزگاریخواز بێ.

* لەدوای رزگاربوون، هێشتنەوە میلیشیای پارتییەکان هەڵەیەکی ترە. کە حکومەت دروست کرا، میلیشیا بۆچی؟

* لەهەردوو قۆناغی پێش‌و پاش رزگاری‌دا، بوونی زیاد لەپارتییەك بۆ یەك مەبەست‌و رێبازو بیروباوەڕ، هەڵەیەکی گەورەترە.

8/ کارێکی هەڵەی تر سەرکردایەتیی سیاسی کوردی لەکوردستانی باشووردا دوای راپەڕین، بەخشینی پلەو پایەی پارتایەتی‌و دەوڵەتیە بەڕادەیەکی زۆرو لەبەرچاوو زیاد لەپێویست، بەو کەسانەی لەرۆژانی خەباتی سەختی ئەم نەتەوەیەدا کوردستانیان بەجێهێشت‌و روویان کردە هەندەران‌و دوای راپەڕین هاتنەوە سەر حازری. بەتایبەتی ئەوانەی باروبنکەیان لەهەندەران ماوەو خێزان‌و منداڵیان هەر لەوێن‌و دوای تێپەڕبوونی 11 ساڵ بەسەر راپەڕیندا هێشتا خۆیان بەمیوان ئەزانن لەنیشتمان داو پەساپۆرتەکانیان هانیان ئەدات بۆ بەجێهێشتنی کوێرەوەری‌و مەرگەسات لەسەر خەڵکی نیشتەجێی وڵاتدا بەتاقیکردنەوەش دەرکەوتووە کە زۆربەی ئەوانە توندڕەون لەکاری سیاسیاندا. بەتایبەتی لەخۆشکردنی شەڕی براکوژی‌و لەململانێی نێوان پارتییەکاندا. چونکە ئەگەر:

مالّی هەموو کەس لەکوردستاندا کاول ببێ، مالّی ئەوان لەهەندەرانە.

منداڵی هەموو کەس لەکوردستاندا بکوژرێ، منداڵی ئەوان لەخۆرئاوای نەرم‌و نیانە.

گیرفانی هەموو کەس هەڵتەکێ گیرفان‌و حسابی ئەوان لەبانکەکانی دەرەوە ئاوەدانە.

رێگەوبانی دەربازبوون لەهەموو کەس داخرێ، بۆ ئەوان فرۆکە چاوەڕوانە.

بەکورتی:

لەسایەقەدا جووتیان گوڕ سەندووی وەردی پاوانە

لەڕەهێڵەدا ئاشیان بین گرتووی ئاوی بارانە

ئەوە لەکاتێکدا کە لەناوەوەی وڵاتدا پەك لەسەر ئەو توانایانەی ئەوان نەکەوتووە. لەگەڵ ڕێزمدا بۆ ژمارەیەك لەو بەڕێزانەی تەنیا بۆ خزمەتگوزاری گەڕاونەتەوەو دەربەستی پلەو پایە نین‌و چاویان لەگەڕانەوە نیەو چارەنووسی خۆیان بەستۆتەوە بەچارەنووسی نەتەوەکەیانەوە.

9/ هەڵەیەکی تری دوو پارتییە حوکمڕانەکەی هەرێمی کوردستان، دەستگرتنە بەسەر داهاتەکانی کوردستاندا. دابەشکردنی داهاتەکان لەنێوان پارتەکاندا، دان پیانانێکی ئاشکرایە بەتاوانێکی دارایی‌دا، داهاتەکانی کوردستان پێویستە بچێتە گەنجینەی حکومەتێکی یەکگرتوو یا گەنجینەی دوو ئیدارەکەوە نەك هی پارتەکان!!.

10/ هەڵەیەکی تر باوەڕ ناکەم لەوڵاتانی تر بیگڕییتەوە باوەڕت پێ بکەن! هەر پارتییەو ئیزگەی رادیۆو تەلەفزیۆنی خۆی هەیە، بەڵام حکومەتی هەرێم تا یەك دوو ساڵ لەمەوبەر ئەوانەی نەبوو!

11/ ئەوانە هەڵەکانی باسکراو لەنامیلکەکەی 1994ماندا، ئێستا دوای تێپەڕبوونی (8) ساڵ، دوولەتکردنی حکومەتی هەرێمیشی چووە سەر.

12/ هێشتنەوەی میلیشیای پارتیەکان بەجیاوازی دوای دروستکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کێشەی کێشەکانەو لای کەسیش شاردراوە نیە، نەتەوەی کورد بەچاوی خۆی زیانەکانی ئەوەی بینی لەئایاری 1994دا.

# گۆڕینی ستراتیجی کوردی

**هەموو ئەو خاڵانەی سەرەوە بەڵگەی ئەوە بوون کە سەرکردایەتی سیاسی کوردی نە لەئاستی هەلومەرجی سەربەخۆیی کوردستاندان، نە لەئاستی پارێزگاری کردن و پێشخستنی حکومەتی هەرێمی کوردستادان ئەگەر هەر لەم پێستەی ئێستایاندا بمێنێتەوەو لەبازنەی دەق گرتوو، یا سەپاو دەرنەچن، ناشتوانن لەو بازانەیە دەرچن ئەگەر ستراتیجی مەسەلەی کوردی لەچارەسەرکردنێکی نیوە ناچڵانەی چەندجار تاقیکراوەی سەرنەکەوتووەوە نەگۆڕن بۆ چارەسەرکردنێکی کاریگەر بەڕەنگ ڕشتن بۆ یەکێك لەم دوو ئامانجە:**

– دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ.

– فەرمانڕەوایی کردن لەپایتەختی داگیرکەراندا. بابزانین چۆن؟

پارتییە سیاسیەکانی کورد، لەپەنجاکانی ئەم چەرخە بەدواوە، بێجگە لەچەند پارتییەکی کەمی وەك کاژیك‌و پاسۆك‌و پەکەکە، لەبازنەی یەکێتی خاکی وڵاتە داگیرکەرەکان‌و برایەتیی لەگەڵیانداو ئۆتۆنۆمی‌و فیدراڵی تێپەڕیان نەکردووەو ئێستاش بەزمانی پەنجا تا هەشتاکان ئەدوێن! رەوڕەوەی بزووتنەوەی رزگاربوونی گەلانیش زۆر بەخێرایی ئەڕوات. هۆی ئەم تێپەڕنەکردنەش لەئەگەرو نەگەری ئەم بوارانەدا هەڵ ئەسەنگێنرێن:

1– باوەڕنەبوونیان بەسەربەخۆیی، کە ئەمە هەرگیز ناشێ وابێ‌و وەك وتمان سەربەخۆیی لەناخی هەموو کوردێکدا هەیەو هیواو ئاواتێتی.

2– ترساندنە لەکاردانەوە (رد الفعل)ی رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان.

ترسێکی لەو جۆرەش جێگەی خۆی نیە چونکە ئەو داگیرکەرانە تا ئێستا هیچ جۆرە چەکێکیان نەماوە بەکاری نەهێنن لەدژمان بۆ مافێکی وەك رۆشنبیری یا ئیداری یا ئۆتونومی یا هەر بۆ هیچ مافێك بەڵکو هەر لەبەر

ئەوەی ئەو تاوانە گەورەیەمان لەئەستۆدایە کە کوردین! ئەوانە لـەوە زیـاتر بەکوردی قسەکردنمان لێ قەدەغە بکەن یا بماندەنە بەر چەکی کیمیایی، یـا ئـەنفالمان بکـەن‌و چـەکە بەکۆمـەڵ کوژەکانمـان لەسـەر تـاقی بکەنـەوە یـا بەزیندوویـەتی خـوێنی لـەشمان چـۆڕ بـڕ کـەن‌و رایکێـشن، یـا شـارو گونـدەکانمان کاولکـەن، یـا بەزیندوویـەتی‌و بەکۆمـەڵ بەکەوچـکی چـۆفڵ فڕێمان دەنە چاڵی مەرگەوە، یا لەفڕۆکەوە بەرمان دەنە خوارێ یا بەتورك‌و فارس‌و عەرەبمان کەن، یا دەست بۆ ناموسمان درێژ کەن.. یا.. یاو دەیان یای تر.. چی ماوە لەگەڵماندا بەکاری بێنن بۆ کۆششی سەربەخۆیی! ؟

لەسەر سەختیمان یا لەخۆش بەختیمان ئەوانە هەمووی نەك هەر ئامانجـە گڵاوەکانی ئەوانیان بەدی نەهێنا، بەڵکو رق‌و قینی نەتەوەی کوردیان زیـاتر هەسـتان‌و بزووتنـەوەی رزگـاریخوازی کوردیـان بـەرەو پێـشتر بـردو سـۆزو پشتگیریی زیاتری جیهانیان بۆ نەتەوەکەمان بەدەست هێنا.

نەتـەوەی کـورد نابـێ دیـواری خـۆی لەسـەر بناغـەی خواسـت‌و ویـستی داگیرکەرەکانی دروست بکات، بەوان بێ نینۆکیشمان نەبێ سـەری خۆمـانی پێ بخورێنین، کە خواست‌و ویستی خۆمان لەگەڵ هەلومەرجدا یـەکی گـرت، ئەوان هیچ نین، ئەوە دە ساڵە لەباشووردا سـەربەخۆییەك هەیـە، ئـەوانیش نەك هـەر سـیرو زوڕنـا، بـەڵکو ملـی ناچاریشیان داوەو مامەڵـە لەگـەڵ ئـەو قەوارەیەدا ئەکەن!.

3–رووپـا مـاڵی‌و مـەرایی (مجاملـە) کردنـی هەنـدێك بـەناو دۆسـتی نـاو ئۆپۆزسیۆنەکان‌و ژمارەیەك جل خوراو هەندێك وشـکە ئیـسلامی‌و برێـك ابـو فلانە!

خـۆی جـارێ لەسیاسـەتدا نەدۆسـتی هەمیـشەیی هەیـە نـە دوژمنـی هەمیـشەیی. ئەوانـە ئەگـەر دۆسـتیش بـن دۆسـتێکی کـاتین. ئەگـەر ئـەو دۆستایەتیانەش کاتی نین، با لەکوردستانێکی سەربەخۆشدا بـەردەوام بـن. لای ئێمەشـەوە بـا دەرگـای کوردسـتانی سـەربەخۆش هـەر کـراوە بـێ بـۆ دۆسـتان‌و ئۆپۆزسـیۆنەکان[4] بـەلام ئەگـەر دۆسـتایەتیەکەی ئـەوان هـەر

بەمەرجی دیلێتی ئێمەو نیمچە مافێك بێ دوای ئـەو هـەموو گۆڕانکاریانـەی جیهان، ئەوا با ئەو دۆستایەتیە هەر لەئەمڕۆوە نەمێنێ.

4–ئـەنجامی کاریگـەرێتی بەچەترسـێنیو سـەرکوت کردنـە. سـاڵەهای سـاڵمانە کـە گرێیـەکی دەرونیـی بـاوەڕ بەخۆنـەکردنێکی ئـەوتۆی لای سەرکردایەتیی سیاسی کورد دروست کردووە کە پـەکی وزەی بیرو پـەکی توانـای بزوانـدنی زیـاتری خـستوونو دەرچـوون لەبازنـەی یـەکێتی خـاکی زەوتکراوی ئێمەو ئەوان بـەکارێکی سـتەم (مـستحیل) بـزانن! ئەمـەش هـەر نابێ وابێ یا وابمێنێتەوە چونکە نەخۆشیی دەرونیش چارکردنی هەیە.

5– پـشتگوێ خـستنی سـەرکردایەتی سیاسـی ئـەمڕۆی کـورد لەلایـەن خـاوەن بڕیارەکـانی نێـو دەوڵەتیـەوەو گرنگـی پـێ نـەدانیان، یـان بـاوەڕ پێنـەکردنیان، لەئـەنجامی سـاڵەهای کـارکردنو هەڵـسوکەوتیانەوە. ئەشگونجێ ئەوان پێچەوانەی خواسـتو مەبەسـتەکانیان بـەمان رابگەیـەنن، بۆ نموونە دوای کۆبوونەوە چوار قۆڵیەکەی ئەمەریکا، بـەریتانیا، فەرەنـساو تورکیـا لەئەنقـەرە رۆژی 1994/3/10 هۆکارەکـانی راگەیانـدن ئـەوەیان بڵاوکـردەوە کـە بەشـدارانی ئـەو کۆبوونەوەیـە سـوورن لەسـەر پاراسـتنی یەکێتی خاکی عێراق. کەچی ئەوەبوو دوای چەند مانگێك رۆژنامەی حـەیاتی لەنـدەنی ئـەنجامی کۆبوونەوەکـەی پیـشانداو ئـەوەی بڵاوکـردەوە کـە ئـەو کۆبوونەوەیـە بـۆ بـەش بـەش کردنـی خـاکی عێـراقو بـۆ دروسـتکردنی دەوڵـەتێکی کـوردی بـووە لەرۆژهـەڵاتو باشـووری کوردسـتاندا. واتـا کوردستانی لای ئێرانو کوردستانی لای عێراق. ئەگەرچی لایـەنی تورکیـاش بـەوە قایـل نـەبووبێ، یـا خـۆی وا پیـشان ئـەدات بـەوە قایـل نیـەو لەکۆبوونـەوەی سلۆپیدا هـانی سـەرکردایەتیی سیاسـیی کـوردی باشـوور ئەدات بۆ وتووێژ لەگەڵ رژێمی بەغدادا!

ئەگـەر پـشتگوێ خـستنێکی لـەو جـۆرە هـەبێ، ئـەوە لەئـەنجامی هەڵـە زۆرەکـانی ئـەو سـەرکردایەتیەدایە کـە هەڵەیـەکی تـریش ئەخاتـە سـەر

هەڵــەکانی پێــشووی بــەوەی هانــدان و داخوازییەکــەی تورکیـــای ڕەت نەکردۆتەوە بۆ وتووێژ لەگەڵ بەغدادا.

هەڵوێستی سەرکردایەتی دوو پارتییە فەرمانڕەواکەی باشووری کوردستان هەڵوێستێکی ڕاستو گونجاو نـەبوو لەگـەڵ بـارودۆخو هەلومـەرجی ئـەمڕۆی ناوچەکەو ویستی هاوپەیمانان و خواستی نەتەوەی کورد، بابزانین چۆن؟

جارێ ئەوەی تورکیا بەنوێنـەرانی کـوردی ڕاگەیانـدووە لەکۆبوونەوەکـەی سلوپیدا ماوەیـەك لەمەوبـەر بـۆ وتووێـژ لەگـەڵ بەغـدادا، ئـەوە تـەنیا ڕای تورکیا خۆیەتی. ڕای ڕۆژئاوا نیە بەپێی ئەو بەڵگانەی سەرەوەو دواجـاریش بەپێی ئەنجامی کۆبوونەوە چوار قۆڵیەکـەی ئەنقـەرە ڕۆژی 1994/3/10، تورکیاش کـە لەگـەڵ دامەزرانـدنی دەوڵـەتێکی کوردیدا نیـە لەڕۆژهـەڵاتو باشووری کوردستانداو بەپەرۆشی یەکێتی خاکی عێراقەوەیە. ئەوە شـیوەن بۆ هەریسەکەی خۆی ئەکاتو ترسی باکووری کوردسـتانی هەیـە. هـەروەها تورکیا کە بەپەرۆشی لابردنی ئابڵووقەی ئابورییەوەیە لەسەر عێـراق، ئـەوە ئابوورییەکەی خۆی هەرەسی هێناوە بەهۆی ئابڵووقەی سەر عێراقەوە.

ئەبوایــە وەڵامو هەڵوێــستی دوو پارتییەکــە لەئاســتی بــاری کــەوتووی تورکیاو گوشاری ڕۆژئـاوا بـۆ سـەر تورکیـاو پێشکەوتنی مەسـەلەی کـوردو هێماکانی سـەربەخۆیی کوردسـتاندا بوایـە. مـرۆڤ ئەگـەر لـەکاتی جەڕانـدنی بەرامبەرەکەیدا نەیەتـە دەسـتو نەیەتـە گفتـارێکی وا کـە مـافی خـۆی تیـا پیـشان بـداو تیـا ئـەنجام بـدا، ئـەی کـەی ئـەوە بکـات؟ ئەبوایـە وەڵامـی داخوازییەکەی توکیا بۆ وتووێژ لەگـەڵ بەغـداد لەکۆبوونەوەکـەی سـلوپیدا بەم جۆرە بوایە:

– ئێوە بۆچی ئەو داوایە لەئێمە ئەکەن؟

ئەشێ ئێوە دوو مەبەستتان هەبێ لەم داوایەدا:

یەکەم: پارچـەکانی کوردسـتان هـەر بـەلکاوی بمێنێتـەوە بەدەوڵەتـەکانی ناوچەکەوەو سەربەخۆییەك بەدەست نەیەت.

دووەم: پەلەی لابردنی ئابلۆوقەی ئابووریتانە بۆ ئەوەی زوو نەوتەکەی کەرکوك بکەوێتەوە گەڕو ئێوە زەرەرو زیانەکانی خۆتان وەرگرنەوەو ئابووری تورکیا ببوژێتەوە.

لەبارەی مەبەستی یەکەمەوە ئێوە ئەبێ بزانن مەسەلەی کورد لەوە تێپەڕی کردووە کە پارچەکانی کوردستان هەر بەلکاوی بمێنێتەوە بەو دەوڵەتانەوە. سەربەخۆیی کوردستان هەرێتی (حەتمیەتی) مێژووەو هەر ئەبێو کورد خەباتی بێ وچانی بۆ ئەکاتو هەقو ڕای گشتیی جیهانیش لەگەڵماندایە. نەتەوەی کورد ئەوە وەبیر تورکیا ئەهێنێتەوە کە دوای شەڕی جیهانی یەکەم تورکیا بووە هۆی گۆڕینەوەی پەیمانی سیڤەر بەپەیمانی لۆزانو لەباربردنی هەلی سەربەخۆیی کورد. ئەمڕۆ چاك وایە تورکیا ئەو هەڵەیەی خۆی ڕاست بکاتەوەو نەبێتەوە ڕێگر لەبەردەم سەربەخۆیی کوردستاندا. ئێوە ئەبێ بزانن کە نەتەوەی کوردی ئەمڕۆو بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەی، ئەوەی بیستەکان نیە، ئەمڕۆ نەتەوەی کورد بزانێ هە رکام لەدەوڵەتەکانی ناوچەکە ئەبێتە هۆی بەدەس نەهێنانی سەربەخۆییمان، ئەوا کورد هەموو تواناکانی خۆی لەهەموو بەشەکانی کوردستاندا یەك ئەخات بۆ بەگژا چوونەوەو هەڵتەکاندنی ئەو دەوڵەتەو لەم پێناوەدا دەس بۆ شەیتانیش درێژ ئەکاتو هەموو کوردێکیش ئەبێتە فیداکارێك لەو پێناوەدا. ئنجا ئەگەر ئەو دەوڵەتە تورکیا بێ، ئەوا ئەو تورکیایەی چاری تەنیا پارتییەکی وەك پەکەکەی پێ ناکرێ، بەڵگەنەویستەکە چاری هەموو نەتەوەی کوردی پێ ناکرێ.

لەبارەی مەبەستی دووەمەوە تورکیا لەجیاتی ئەوەی دەستی هەرەوەزی لەڕژێمی عێراقەوە بخوازێ، ڕاست وایە ئەو دەستی هەرەوەزییە لەکوردەوە بخوازێ. ڕژێمی عێراق کۆتایی هاتووەو ئێوە چاوەڕوانی ڕاستکردنەوەی باری ئابووریتان لەمردوو ئەکەن. یا چاوەڕوانیی بەگەڕکەوتنەوەی نەوتەکەی کەرکووك لەکەسێك ئەکەن کە خاوەنی ئەو نەوتە نیە. نەوتی کەرکوك نەوتی خەڵکی کوردستانەو خەڵکی کوردستانیش لەتەواوی گوڕو

هەڵـچوونی راپەڕینداییەو رژێمـی بەغـداش لەگیانەڵادایـە. جگـە لەوانـە بەرژەوەندی تورکیا لەوەدایە کە جارێکی تر نەوتی کەرکووك نەچێتەوە ژێـر دەستی رژێمی عێراقەوە، رژێمی صـدام یـا دوای صـدام، چـونکە عێـراق بـۆ گەیاندنی نەوتەکەی بۆ سەر دەریا، جگە لەخـەتی تورکیـا، خـەتی کەنـداوو خەتی سوریاو خەتی سعودییەشـی هەیـە. ئـەتوانێ بیگەیەنێتـە عەقەبـەش. بەڵام کوردستان جگە لەخەتی تورکیا رێگەیەکی تـری نیـە بـۆ سـەر دەریـا. لەبـەر ئـەوە نـەوتی کـەرکووك لـەکاتی سـەربەخۆیی کوردسـتاندا هـەمووی بەتورکیادا ئەڕوات بۆ سەر دەریاو باجی ئـەو تێپـەڕکردنی نەوتـە بەسـە بـۆ ئەوەی نەك هەر ئابووریی تورکیـای پـێ ببوژێتـەوە، بـەڵکو دەوڵەمەندیـشی بکات.

لەبەر ئەوانـەو بـۆ ئـەوەش کـە تورکیـا رووی خـۆی سـپی کـات لەبـەردەم کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی‌دا لـەبارەی رێزگرتنـی مـافی مرۆڤـەوەو بـۆ ئـەوەش رێگەی بۆ ئاسان ببێ بۆ بوونە ئەندام لەبازاڕی ئـەورووپی هاوبەشـدا کـە ئـەو بازاڕە وڵاتێك ئەکاتە ئەندام لای خۆی دوو مەرجی تیابێ. یەکەم رێزی مافی مرۆڤ بگرێ، دووەم وڵاتێکی دەوڵەمەند بـێ. ئـەو دوو مەرجـەش بـۆ تورکیـا وەك وتمان بەسەربەخۆیی کوردستان دێتەدی، بۆ تورکیا راست وایە دۆستی دراوسێی خۆی بێ. کوردستان دراوسێی تورکیایـە نـەك عێـراق. فیـداکارانی کـورد هێـزی کاریگـەرن نـەك سـوپا شکـستەکەی عێـراق، کوردسـتان دەوڵەمەنـدی زێـڕی رەش‌و سـپی‌و ئـاوی سـازگاری هـەڵقوڵاوو بارانـە نـەك عێراقی وشك‌و بێ پیت‌و بێ سامان.

راستە رۆژانێك بووە بۆ کورد ناچاری بووبێ بەداگیرکەرەکانی بڵێ بەڕیشی مەردانـەتان قەسـتەم کـە لـەو رۆژانەشـدا ئـەوەی هـەر نـەوتووەو مـەرگی لاپەسـەندتر بـووە لـەو ناچـاری‌و سەرشـۆڕییە، بـەڵام ئـەمڕۆ ئـەو رۆژانـەی جارانی کورد نیەو ئەو رۆژانەی جارانی دەوڵەتەکانی ناوچەکەش نیە.

کەواتە وەڵامی برایـانی مەکتـەبی سیاسـی هـەردوو پارتییـە کوردییەکـەی کوردستانی باشوور لەسلوپی کە بریتـی بـووە لـەوەی گوایـە ئـەوان وتووێـژ

رەت ناکەنەوە لەگەڵ بەغدادا، بەڵکو صەدام نایەوێ ڕێزی مافی مرۆڤو بڕیاری (688) بگرێو ئەمان هەر سوورن لەسەر یەکێتی خاکی عێراق.. ئەوانە وەڵامێکی ڕاستو دبلۆماسیانە نەبوون. وەڵامێك نەبوون لەئاستی گۆڕانکارییەکانی ئەمڕۆدابن. هەڵوێستێك نەبوو هاوتای خواستو ویستی نەتەوەی کورد بێ. نەتەوەی کورد سەربەخۆیی ئەوێ، سەرکردایەتیی هیچ پارتییەك بۆی نیە مساوەمە لەسەر سەربەخۆیی کوردستان بکات. نەتەوەی کورد تا ئێستا وەکالەتی بۆ سەرکردایەتی هیچ پارتییەكو هیچ کەسێك نەکردۆتەوە کە ملکەچ بێ بۆ ئەوەی بستێك لەکوردستان بەلکاوی بمێنێتەوە بەوڵاتی داگیرکەرانەوە وەك بەشێك لەو وڵاتە.

ئایندەی کورد هەر ئەبێ سەربەخۆیی بێ، چونکە ئەوە خواستو ویستی نەتەوەی کوردە. لەبەر ئەوە خەباتی کوردایەتی ئەبێ ئاڕاستەکرێ بۆ ئەو ئامانجە ستراتیجییە. هەموو کارکردنێکی رامیارییانە تەنانەت کاتێ کە بارودۆخ ناچارمان ئەکا لەگەڵ یەکێك لەداگیرکەرانی کوردستاندا جۆرە پێکهاتنی پێك بێین، ئەبێ بەر لەهەموو شتێك ئەوە بخەینە پێش چاو کە ئایا ئەو پێکهاتنە تا چ رادەیەك لەسەربەخۆیی نزیك یا دوورمان ئەخاتەوە. هەموو پێکهاتنێك کە دوورمان بخاتەوە لەسەربەخۆییەوە، نادروستە.

ئێمە کە گەشبینی زۆرمان هەیە بۆ نزیك بوونەوەی سەربەخۆیی بەپێی ئەو راو بۆچوونانەی سەرەوەمان، ئەوەش بەدوور نازانین کە لەئایندەیەکی نزیکدا ئەو سەربەخۆییە بەدەست یەت. بەتایبەتی بۆ ئایندەیەکی نزیکی کوردستانی باشوور. ئەمڕۆ گومان لەنێوان سەربەخۆییو نا سەربەخۆییدا، لەئەگەرو نەگەردایە. سەربەخۆیی لەئەگەری بووندایە بەپێی ئەو هێماو ڕووناکیانەی پەنجەمان بۆ راکێشان. لەئەگەری نەبووندایە کاتێ پیلانو کۆششی داگیرکەرانی کوردستان سەرکەوێ بەسەر ئەو هەلومەرجانەدا کە رەخساون بۆ سەربەخۆیی، یا کاتێ سەرکردایەتیی کوردی نەك هەر ئامادەی قۆزتنەوەی هەلی سەربەخۆیی نەبێ، بەڵکو شایانو لێهاتووی ئەوەش نەبێ ئیدارەی نیمچە حکومەتێکی وەك ئەمەی هەرێمیش بکات!

وەك لەتاقیكردنەوەی سێ ساڵی [29] رابردوودا دەركەوت كە ئەنجامەكەی بەشەڕێ براكوژیو خۆكوژیو كوردكوژی شكایەوە. هەروەها پارچەكانی تری كوردستان ئەوانیش ئەمڕۆ هەر لەبەردەم ئەو دوو ئەگەرەدان.

هەر كامیان بێ، سەربەخۆیی یا نەبوونی سەربەخۆیی، هەردوو ئەگەرەكە پێویستی بەبەرنامە هەیە، ئەمڕۆ گۆترەكاریو خۆدانە دەست قەدەر، لەدنیای زانستو چەرخی بیستو یەكدا نەماوە. بۆیە ئەگەرێمەوە سەر پێویستی:

## بەرنامە

**من لەگەڵ ئەوەدا نیم هەر رۆژەو رێكخراوێكی سیاسی تازە قوتكرێتەوەو نەتەوەی كوردی پێ لەتوپەتكرێ. ئەوانەشی ئێستا هەن، لام چاكە هەموویان یا زۆربەیان لەڕێكخستنێكی سیاسی یەكگرتوودا یەكگرن. یا هیچ نەبێ بەلایەنی كەمەوە هەموو رێكخراوە سیاسیە نەتەوەییەكان بەجیا، هەموو رێكخراوە سیاسییە موسوڵمانەكان بەجیا، هەموو رێكخراوە سیاسییە چەپەكان، هەر یەكەو لەیەك رێكخراوی سیاسی یەكگرتوودا یەكگرن. هەر بەو جۆرە ئەوانەی توركمانو دیانەكانیش. ئەوە بۆ خۆیانو بۆ میللەتیش وا باشترە، بەتایبەتی لەقۆناغی خەباتی رزگاریماندا، دوای رزگاری زیانی نییە هەر چەنێ رێكخراو دروست بكرێ.**

لەو دیدو بۆچوونەوە، ئەم نووسینەم زیاتر ئاڕاستەی رێكخراوە سیاسییە كوردستانیەكان كردووەو رەمەكی خەڵكەكەش زیاتر داوای چاكسازیو داوای ئەنجامدانی خواستەكانیان لەوان ئەكەن. بەڵام ئەگەر وادەرنەچوون.

---

[29] وابوو بەیازدە ساڵ! ناوچەكەش كرا بەدوو كەرتو دوو ئیدارەوە.

ئەوا بێگومان ئەوسا رێکخراوی سیاسی تازە دروست ئـەبیٚو ئەشـیٚ کۆتـایی بەدەوری ئەمان بهێنیٚ.

ئەمڕۆ بوونی بەرنامە، کارێکە بۆ هەر پرۆژەیەکی بچووك، بگرە بۆ کۆبوونەوەیەکیش پێش دەستییەکی پێویستە، چ جای پرۆژەی رزگارکردنی نەتەوەیەکی کێشە ئالۆز، ئەوەبوو نازییەکانی ئەڵمانیا، بەر لەوەی فەرمانڕەوایەتی بگرنە دەست، بەرنامەیەکیان لە (25) خاڵدا داڕشت. کارە سیاسیەکانی رۆژئاوا بەتایبەتیو هی وڵاتانی تریش بەگشتی، هەمووی بەپێی بەرنامەی پێشەکییە. بارودۆخی نەتەوەی کوردو پرۆژەو ئایندەییەکانی پێویستیان بەچەندین بەرنامەی تایبەتی هەیە. دارشتنی ئەو بەرنامانەش کارێکی بەکۆمەڵی ئەویٚ، بەڵام بەداخەوە رێکخراوە سیاسییە کوردییەکان تا ئێستا زیاتر کاری یەك لایەنەیان کردووە جگە لەهەندێك هەوڵدانی کەم وەك کارەکانی بەرەی کوردستانی، لەبەر ئەوە ئەرکی داڕشتنی بەرنامەیەکی لەو جۆرە، بەناچاری ئەکەوێتە سەر تاکەکانی کۆمەڵ، ئەمەش خراپ نیەو بڕینی هەزاران میل لە هەنگاوێکەوە دەست پیٚ ئەکات، ئەوە من لێرەدا پێشکەشی ئەکەم، هەنگاوە یەکەمەکەیە، ناڵێم بیٚ کەموکوڕییەو بەزۆریش نایسەپێنم بەسەر کەسدا. ئەگەر نیشانم پێکابیٚ سوودێکم بەخشیوە. نەشم پێکابیٚ زیانم نەداوە، خەڵکیش ئازادن بۆ هەڵسەنگاندنو رەخنەو بەدواداچوون.

هـــەنگاوی دووەم پێکهـــاتنی هـــەموو یـــا ژمارەیـــەك لایـــەنو کەســـی پەیوەندیدارە لەسەر بەرنامەیەکی لەم جۆرە.

وا لێرەدا پرۆژەی ئەو بەرنامانـە پێـشنیار ئەکـەین، کـە بـۆ ئـەوە دەسـت ئەدەن بەرەیەك یا کۆنگرەیەکی نیشتمانی کوردی لەسەریان پێك بێنن.

# پرۆژەی بەرنامەی سەربەخۆیی
# کە ئەشێ بکرێ بەچەند بەشێکەوە:

**بەشی یەکەم: بنەما ستراتیجی‌و گشتییەکانی نەتەوەی کورد**

1– نەتەوەی کورد یەك نەتەوەیە لەسەرتاسەری کوردستانداو خاوەنی مافی چارەنووسی خۆیەتی بۆ سەربەخۆیی، ئەشگونجێ بۆ ماوەیەك هەر جۆرە فیدراسیۆنێك لەگەڵ نەتەوەیەکی تردا ئەنجام بدات کە مافی نەتەوەیی‌و قەوارەی خۆی تیا پارێزراوبێ. بڕیاردانیشی لەسەر مافی چارەنووس ئەرکی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگای کوردەوارییە لەراپرسییەکی گشتی‌دا.

2–کوردستان بەخاك‌و ئاوو هەواو سامانی سەرزەوی‌و ژێر زەوی‌و هەموو ئەو ناوچانەشیەوە کە بەعەرەب یا بەتورك یا بەفارس کراون، موڵکی خەڵکی کوردستانە.

3–هەر پێکهاتن‌و رێکەوتننامەیەك، ناوخۆیی یا نێو دەوڵەتی، لەسەر هەر کارێکی وابەستە بەکوردو کوردستانەوە بێ رەزامەندیی نەتەوەی کورد، نادروستە.

4–هەر دەستدرێژییەکی بێگانە بۆ سەر هەر چەمك‌و بەشێکی کوردستان، دەسدرێژییە بۆ سەر هەموو کوردستان.

5–دانیشتوانی کوردستان ئازادن لەهەر بەش‌و ناوچەیەکی کوردستاندا نیشتەجێ بن بەمەرجێ وابەستەبن بەیاسای قەوارە کوردییە نیشتمانیەکان‌و پاراستنی ئارامی‌و ئاسایشی ئەو ناوچانەوە.

6–کوردستان مەیدانێکی ئازادە بۆ پیادەکردنی دیموکراتێتی‌و مافی مرۆڤو سەروەریی یاسا.

7–هەموو هاووڵاتیەکی کوردستان لەماف‌و ئەرکدا یەکسانن.

8–مافی موڵکدارێتی لەکوردستاندا مافێکی پارێزراوە بۆ خاوەنەکانیان لەسنووری یاسادا.

9–دەسەڵاتەکانی یاساکاری‌و راپەڕاندن‌و دادوەری لەکوردستاندا لەیەك جیاوازو سەربەخۆن.

10–مافی کەمینە نەتەوەیی‌و ئایینیەکانی ناو کرودستان پارێزراون.
11– مـافی دایکێتـی‌و منـداڵپارێزی‌و بیمـەی بێکـاری‌و پـەك کەوتـەیی‌و خانەنشینی پارێزراوە.
12– رێز لەبەندەکانی جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ ئەگیرێ.
13–نەتەوەی کورد دابەشـکردنی کوردسـتان‌و سـنوورە دەسـتکردەکانی رەت ئەکاتەوە.
14–ئاڵای کوردستان ئاڵای چوار رەنگی سوور لەبەشی سـەرەوەی سـپی لەناوەڕاستیا کە لەناوەندەکەیدا وێنەی رۆژێك بەرەنگی زەرد، دامێنەکەشـی سەوز
15–بیروباوەڕو ئاین‌و ئاینزا ئازادن.
16–ئازادی مافێکی پارێزراوە لەسنوری یاسادا.
17– ئاسایشی نەتەوەیی کورد لەپێشترینی هەموو ئاسایشێکی ترە.
18– تـەنیا سـەروەریی نەتـەوەی کـورد بـۆ کوردسـتان سـەروەرییەکی رەوایە.
19–شەڕی کوردو کورد شەڕێکی ناڕەواو رێگـە پێنـەدراوە. ئـەبێ کێـشە ناوخۆییەکان لەرێی‌و وتووێژەوە چارەسەر بکرێ.

**بەشی دووەم: کارە هەنووکەییەکان**

1–گرنگی دانی هەموو نەتـەوەی کـورد بەناوچـەی رزگـارکراوی باشـووری کوردستان‌و کێشە دروست نـەکردن بـۆی‌و یارمەتیـدانی لـەپێناوی مانـەوەو گەشەکردن‌و فراوانکردنیدا.
2–بەستنی کۆنگرەیەکی نیشتمانی، یا پێکهێنانی بەرەیەکی سەرتاسەری کوردسـتانی، کـە لێیـەوە یـەکێتیی‌و یەکـدەنگی کـورد ئـەنجام بـدرێت‌و سوپایەکی رزگاری کوردستان، بەئاشکرا یا بەنهێنی دروست بکرێـت لەگـەڵ پێکهێنانی ئەنجومەنێکی ئاسایشی نەتەوەیی بـۆ سەرتاسـەری کوردسـتان‌و ئەنجومەنێك بۆ هەر بەشێك.
3–گرنگـــی دان بەیەکـــدەنگی نەتـــەوەی کـــورد لـــەدەرەوەی وڵات‌و دروستکردنی لوبیەکی کوردی.

4–گۆشــکردنی لاوان‌و جوانــان‌و تێکــڕا خــەڵکی کوردســتان بــەبیری سەربەخۆیی‌و هوشیاری نەتەوەیی.

5–هەوڵـدان بـۆ بەرزکردنـەوەی ئاسـتی کەسـێتی کـورد، وەك تـاك‌و وەك کۆمەڵیش.

6–گرنگی دان بـەژێرخانی کـوردەواری‌و هەوڵـدان بـۆ دەسـتگرتن بەسـەر سەرچـاوەکانی سـامان‌و بازاڕەکـان‌و بازرگانیـەکان‌و پیـشەسازییەکان لـەو وڵاتانــەدا کــە کوردســتانیان خراوەتــە پــاڵ بەتایبــەتی‌و لەهەنــدەرانیش بەگشتی.

7–گرنگــی دان بەبەرزکردنــەوەی ئاشــتی رۆشــنبیری‌و وەرزشــی‌و ژینگــە لەکوردستاندا.

8–قەدەغــەکردنی شــەڕی کــورد ـــ کــوردو چارەســەرکردنی کێــشەکان بەئاشــتی لەڕێگــەی وتوویــژەوە یــا لەڕێگــەی ئەنجومــەنی ئاسایــشی نەتەوەییەوە.

9–ئاشکراکردنی خواستی سەربەخۆیی لەکات‌و جێگەی گونجاودا بـێ دوو دڵی.

10–وازهێنان لەبەرژەوەندی تەسـکی پارتایـەتی لـەپێناوی بەرژەوەنـدی گشتی‌دا.

11–هەوڵدان بۆ بەدەسخستنی زیاترین دۆست‌و کەمکردنەوەی دوژمنان.

12–یەکخستنەوەی دوو ئیدارەکەی هەولێرو سلێمانی، بۆ ئـەم مەبەسـتە ئەم پرۆژەیە پێشکەش ئەکەین بەناوی:

**پرۆژەی ئاشتی‌و سەروەریی یاسا لەباشووردا**

أ–بەستنی کۆنفرانسێك لەنوێنەرێکی پارتی‌و یەکێتی‌و ئیسلامی‌و شیوعی‌و کەسـێتییەکی نەتــەوەیی بــێ لایــەن، ئــەم کۆنفرانــسە بەزۆربــەی دەنــگ ئەنجومەنێکی وەزیرانی کاتی دیاری کات لەکەسانی تـەکنوکراتی بـێ لایـەن بۆ ماوەی شەش مانگێك.

ب–پەرلەمانی کوردستان یـەکجار کۆبێتـەوە بـۆ بـاوەڕدان بـەو وەزارەتـە کاتییەو باوەڕکێشانەوە لەدوو وەزارەتەکەی هەولێرو سلێمانی.

ج—ئەو وەزارەتە کاتییە لەماوەی کارکردنیدا سەرژمێرێكو هەڵبـژاردنێکی گشتی ئەنجام بدات بەشێوازی بازنەیی نەك رێژەیی. هەموو داهاتەکان بچنە گەنجینەی ئەو حکومەتە کاتییەوە. چەکدارەکانی هەموو پارتییەکان تێکەڵ بـەهێزەکانی وەزارەتـی پێـشمەرگەو نـاوخۆ بکـرێن. ئاوارەکـان بگەڕێنـەوە جێگاکانی خۆیانو باربوو بکرێن، لەگەنجینەی حکومەتەکاتییەکـەوە. دەس بەسەر هەموو رادیـۆو تەلەفزیۆنەکانـدا بگـرێ، پـرۆژەی دەسـتورێکی کـاتی ئامادە کاتو لەگەڵ هەڵبژاردنـە گـشتییەکەدا دەنـگ بـۆ ئـەو دەسـتوورەش وەرگرێ. ئەشکرێ زیاتر لەپرۆژەی دەستورێك بخرێتە بەردەم دەنگدەران.

ئیتر دوای هەڵبژاردن، پەرلەمانی نوێ ئەکەوێتە کار. سـەرۆکی پەرلـەمانو دەستەکانی پەرلـەمان بەزۆربـەی دەنـگ دیـاری ئـەکرێ، بـاوەڕ بەکابینـەی نوێی وەزارەت بەزۆربەی دەنگ ئـەدات، حکومـەتی دەسـتورو یاسـا ئەبێتـە فەرمانڕەوای ئەم باشووری کوردستانە.

شـایانی وتنـە، ئـەوەی چـاوەڕوان ئـەکرێ، ئـەمجارە پارتییـەکانی تـرو بێلایـەنیش نوێنـەریان ئـەبێ لەپەرلەمانـدا. هـیچ تاکـە پارتییـەك رێـژەی نوێنـەرانی ناگاتـە 50٪ واتـا حکومـەت نابێتـە حکومـەتی هـیچ پارتییـەك بەتـەنیا. هەمیـشە حکومـەتی پێکهـاتن (ائـتلاف) فـەرمانڕەوا ئـەبێ. ئـەو حکومەتەش هـەر کـات سـەرکەوتوو نـەبوو، بـۆ پەرلـەمان هەیـە بـاوەڕی لێ بسەنێتەوەو باوەڕ بداتەوە بەکابینەیەکی تر.

**ئەی پارتییەکان بەچی بژین؟**

راستییەکەی ژیانی پارتییەکان لەسـەر مـاڵی میللـەتو لەسـەر گەنجینـەی حکومەت نیـە، لـەدنیای یاسـاو دیموکراتیێتیـدا، پارتییـەکان خۆیـان خۆیـان ئەژێنن. ئنجا دوای ئەوەی پارتییەکانی ئێمە، پێـشمەرگەکانیان ئەچـنە نـاو هێزەکـانی وەزارەتـی پێـشمەرگەو نـاوخۆوەو زۆربـەی ئەندامەکانیـشیان لەفەرمانگەکانـدا دامـەزراون یـا دائەمـەزرێنو خـەرجیی رادیـۆو تەلەفزیۆنەکانیشیان لەکۆڵ ئەکەوێتـەوە. ئـیتر پێویـستییان بـەدراوێکی زۆر نابێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەکرێ بەبڕیارێکی پەرلەمان بڕێك پارە تەرخان کـرێ بۆ پێداویستی بارەگاو رۆژنامەکانیانو بـۆ وردە خەرجییـەکی تـر. ئـەو بـڕە

پارەیەش بەرێژەی دەنگەكانیان، یا بەڕێژەی نوێنەركانیان لەپەرلەماندا، دابەش كرێ بەسەریاندا.

ئەوە چارەسەری كردەییانەی كێشەی دەسەڵاتە لەم ناوچەیەدا، جا ئەشێ دوای هەڵبژاردن لایەنێك لەلایەنەكان بەو ئەنجامانە قایل نەبن، ئەوسا دوو رێگە ئەكەوێتە بەردەم ئەو لایەنە:

- یا ئەكەوێتە بەر زەبری حكومەتو سزای گەل، ئەگەر سەرپێچی كرد.
- یا ئەو بەسەر حكومەتدا هەڵئەگەڕێتەوە (انقلاب ئەكات)، دیارە ئەوساش ناكرێ ئەو لایەنە ناوی حكومەتی دیموكراتیو یاسا لەخۆی بنێ.

گومانیش لەوەدا نیە كە شەڕی ناوخۆ دووبارە ئەبێتەوەو ئەو لایەنە شەڕەكە ئەدۆڕێنێ، چونكە هەقی لەگەڵدا نابێو میللەتیش پشتی تێ ئەكات. واتا ئەو لایەنە، بەهەردوو ئەنجامەكە سەری شكاوو رسوایی بۆ ئەمێنێتەوە ئەگەر سەرپێچی بكا لەیاساو خواستی گەل.

بەو جۆرە كۆتایی بەكێشەكە ئەهێنرێ، دوای ئەوە وەك هەر وڵاتێكی تری دیموكراتی، حكومەت ئەبێ بەحكومەتی دەستورو یاسا، جەماوەری گەلیش ئەبێتە سەرچاوەی دەسەڵاتو پارتییەكانو كەسانی نیشتمانیش باوەڕو دەنگ لەجەماوەر وەرئەگرن بۆ فەرمانڕەوایەتی لەهەر هەڵبژاردنێكی ئایندەدا.

جا ئەگەر كێشەی دەسەڵات لەباشووری كوردستاندا بەو جۆرە یا بەهەر رێگەیەكی تر چارەسەر كرا، ئەشێ ئەم دەسەڵاتە ببێتە بنكەیەكو ئامڕازێك لەو ئامڕازانەی سەربەخۆیی كوردستان ئەنجام ئەدەن، هەروەها ئەو كاتە بەسەركردایەتیی سیاسی باشوور بڵێین: لەئاستی هەلی سەربەخۆییدایە.

بەڵێ هەموو ئەو خاڵانەی پێشتر هێمامان بۆ كرد، بەڵگەی ئەوەن كە سەركردایەتیی سیاسی كورد، ئەگەر هەر لەم بارەی ئێستایاندا بمێننەوە ناتوانن لەخولگەی ئێستایان تێپەڕ بكەن، هەروەها ئەگەر ستراتیجی كورد لەچارەسەركردنێكی نیوە ناچڵانەی چەندجار تاقیكراوەی

سەرنەکەوتووەوە نەگۆڕن بۆ چارەسەرکردنێکی کاریگەر بەرەنگ ڕشتن بۆ یەکێك لەم دوو بەرنامەیە:

1- بەرنامەی قەوارەی سیاسی نەتەوەیی تایبەت بەکورد کە پێشتر کردمان بەچەند بەشێکەوەو دوابەش بەرنامەی کاری بەکۆمەڵە بۆ سەربەخۆیی.

2-بەرنامەی ئەگەری نەڕەخسانی سەربەخۆیی.

# پرۆژەی بەرنامەی کاری بەکۆمەڵ بۆ ڕەخساندنی کەش‌و هەوای دیموکراتی‌و نەتەوەیی لەپێناوی سەربەخۆیی کوردستاندا

**بزووتنەوەو بیروباوەڕی نەتەوایەتیی کوردی (کوردایەتی) ئەمڕۆ لەکوردستاندا بەگشتی‌و لەباشووردا بەتایبەتی لەهەر ڕۆژێکی تر، زیاتر لەنوشستیدایە، هۆو بەڵگەی ئەم قسەیەمان لەم خاڵانەدا بەدیار ئەکەوێ:**

1- بەر لەراپەڕین‌و بەر لەگرتنی ئۆجەلان، واتا ئەو کاتانەی زۆربەی پارتییە رامیارییەکانی کوردستان خەباتی نهێنی ژێر زەمینی‌و شۆڕشی ئاشکرای ناو شاخیان ئەنجام ئەدا، کوردایەتی پیرۆزمەندییەکی هەبوو بەڕادەیەك کە خەڵکی خۆیان بۆ بەکوشت ئەدا، لەو پێناوەدا ئاگریان بەر ئەدایە خۆیان، لەبەندیخانەکانی داگیرکەراندا ئەشکەنجەو چاو هەڵکۆڵین‌و ریشەکێشی‌و کوشتن سەری بەرزیانی نەوی نەئەکرد، کارە دڕندانەکانی داگیرکەران، وەك ئەنفال‌و کیمیاباران‌و تێکدانی گوندەکان‌و ڕەشەکوژی‌و ئابلّووقەی ئابووری‌و.. هتد، گیانی کوردایەتیان بەهێزتر ئەکرد، ئەم

دیاردەیە، لەکاتی راپەڕینو رەوەکەدا زیاتر جۆشی سەند، دوای راپەڕینو رەوەکەش، هەڵوێستە مەردانەکەی مامۆستایانی کوردستان بەخۆڕاگریانو سەرنەوی نەکردنیان بۆ مووچەو ئنجا پەرۆشیی خەڵکەکە بۆ هەڵبژاردنە گشتییەکەی 1992/5/19 لەباشووردا، رەنگدانەوەیەکی زیاتری گیانی کوردایەتیەکە بوو، لەباکوریشدا بەهەمان شێوە کارە دڕندانەکانی رژێمی تورکیا کڵپەی زیاتری ئەدا بەئاگری پیرۆزی کوردایەتی تا کار گەیشتە رادەیەك کە دەیان ئافرەتو لاوی کورد خۆیان ئەکردە شاپڵیتەی ئەو ئاگرە پیرۆزە.

ئەمڕۆ لەباشووردا هەندێ رەفتاری خراپی ژمارەیەك لە پارتییە رامیارییەکان وەك لەدوای راپەڕینەوە تالانیو ئاودیوکردن، دوایی شەڕە ناوخۆییەکانو دوولەتکردنی ناوچە رزگارکراوەکان، هەروەها دیاردەی گەندەڵی کارگێڕیو خۆ دەوڵەمەندکردنی ناڕەواو بەتەنگەوە نەهاتنی پاراستنی دەسکەوتەکانی راپەڕینو باجو گومرگی زۆر بێ ئەوەی بزانرێ چییان لێ ئەکرێ، یا لەبوجەیەکی گشتیی سالانەدا بخرێنە بەرچاوی جەماوەری گەلو.. هتد. ئەوانە لەباشووردا خەڵکیان دڵ شکستو بێ هیوا کردووە، لەباکوریشدا چۆك دادانی ئۆجەلانو گۆڕینی ستراتیجی پەکەکە لەسەربەخۆییەوە بۆ نزیك هیچ، رۆژهەلاتو رۆژئاوای کوردستانیش بێ ئاگانین لەم راستیانە.. لەوانەش خراپتر، کوردایەتی لای زۆربەی پارتییەکانی کوردستان نەبۆتە بیروباوەڕو ئایدیۆلۆجی، مەسەلەی سەربەخۆییو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیش نەچۆتە بەرنامەی ئەو پارتیانەوە، یا خەڵکی بۆ رابێنن، بەپێچەوانەوە زیاتر خەڵکی بەبیرۆکەی ژەهراویی پێکەوە ژیانی کوردو داگیرکەرەکانی رائەهێننو بەربەرەکانی کۆمەڵو کەسانی سەربەخۆیی خواز ئەکەن، بەڕادەیەك کە کوردستانیان کردۆتە مەیدانی رمبازێنو تەراتێنی هەموو جۆرە بزووتنەوەو بیروباوەڕو خەڵكو دەستەو گروپی نامۆ بەکورد بەڵکو دژو نەیار بەنەتەوەکەمان..

هـەموو ئەوانـەو گـەلێ دیـاردەی تـریش کـە شـاردراوە نیـە لای کـەس، کوردایەتییەکـەیان لەهـەر ڕۆژێکـی تـر، زیـاتر تووشـی نوشـستی کـردووە، خەڵکیشیان لەم هەڵکەوت (واقع)ەی ئەمڕۆی کوردستان بێ هیـواو ڕەشـبین کردووەو کەلێنێکی گەورەیان لـەهزری کوردایەتییـدا دروسـت کـردووە بۆیـە بەئاشکرا هەست بەوە ئەکرێ خەڵکی ئەو کەلینەیان بەبیروباوەڕی دژو نـامۆ بەکوردایـەتی پـڕ ئەکەنـەوە، یـا تووشـی بێـزاریو بـێ بـاوەڕیو بـەرەڵاییو کەنارکەوتن ئەبن، یا بەها ڕەوشتیەکان ئەگۆڕنەوە بە مادەپەرسـتیو چـێژو خۆشییە کاتییەکانی مەیو سێکسو خۆنواندن.

ئەوە لەبارەی کوردایەتیەوە، لەبارەی دیموکراسیشەوە، گومـان لـەوەدا نیە کە دیموکراسی باشـترین سیـستمی بـەڕێوەبردنو فەرمانڕەواییـە، بـەڵام وەك پێـشتر وتمـان، ئـەم سیـستمە جـارێ بـەکورد ئاشـنا نـەبووە، چـونکە نەتەوەکەمان لەدێر زەمانەوە ژێر دەستەو داگیرکـراوی ژمارەیـەك نەتـەوەی تـرە. دیمـوکراتیش لەئازادیـدا پیـادە ئـەکرێ نـەك لـەژێر دەسـتەیەتیدا. لەلایـەکی تریـشەوە، دیموکراسـی کـەشو هـەوای تایبـەتی خـۆی ئـەوێ، دیموکراسـی پـەگـشتی ڕەنگدانـەوەی قۆنـاغێکی پێـشکەوتووی هەنـدێك کۆمـەڵگای مرۆڤایەتیـە. پێـشکەوتن لـەڕووی خوێنـدەواریو زانیـاریو ڕێزگرتنی مافی مرۆڤو زانینی نرخی ئـازادیو زانینـی بایـەخی بەرژەوەنـدیی گشتیی نەتەوەو سەرجەم مرۆڤایەتیو ڕێزگرتنی ڕای بەرامبـەر، نەتەوەیـەك هێـشتا سـەربەخۆو ئـازاد نـەبێ، بەشـی زۆری نەخوێنـدەوار یـا نیمـچە خوێندەوار، دوور لەزانستو زانیاریو گوێ نـەداو بەبنـەماکانی مـافی مـرۆڤ، هەڵپەی بەرژەوەندیی تایبەتی تیـا بـڵاو بـێ گوێدانـە بەرژەوەنـدیی گـشتی، ڕێزنـەگرتووی بنـەماکانی مـافی مـرۆڤ، ڕێـز نـەگرتووی ڕای بەرامبـەرو پـەنا بردوو بـۆ زمـانی چـەكو زەبـرو زەنـگ، دیـاردەی نۆکەرایـەتیو خـۆ بەکـەم زانینو ناپاکیو بێگانە پـەرستیو..هتـد تیـا بـڵاوە بـۆ ئـەوە دەسـت نـادات یەکسەر بەڕەی دیموکراتێتیی بۆ ڕاخەیتو فرە پارتایەتیی تیا پیادە کەیت. بەدەربڕینێکی تر: دیموکراسیو فرە پارتی وەك ئاوو خواردن وان بـۆ ژیـان،

بەڵام ئەو ئاوو خواردنە ئەگەر لەکەشی گونجاودا نەبن، ئەوا بۆگەن ئەکەن‌و ئەبنە ژەهری کوشندە.

هەر چۆنێ بێ ئێستا ئێمەی کورد لەبەردەم بارێکی سەپاوداین، زۆربەی کوردستانی داگیرکراو، بەشێکیش لەباشوور رزگارکراو، فرە پارتیش هەیە، لەبەشە رزگارکراوەکەدا هەندێ هەوڵدان بۆ پیادەکردنی دیموکراسی هەیە کە من پێشتر بەبۆرە دیموکراتیەك ناوم برد نەك بەدیموکراسی تەواو، چونکە تا ئێستاش لەم بەشەدا زەبرو زەنگو شەڕی ناوخۆو میلیشیای پارتییەکان ماون کە ئەوانە دانوویان لەگەڵ دیموکراسیدا ناگونجێ، یا ڕاستتر دیموکراسی دانووی لەگەڵ ئەوانەدا ناکوڵێ.

ئنجا بۆ ئەوەی کاروانی کوردایەتیش بگاتە قۆناغی دیموکراسی، ئەبێ سەرەتا کاری بەکۆمەڵ بۆ سەربەخۆیی بکرێ، کارەکانیش ئەبێ بەپێی نەخشەو بەرنامەی پێشەکی بن. لەم نووسینەماندا، پێشتر لەبەرنامەکانی سەربەخۆیی‌و پێکهاتن لەسەر بنەما ستراتیجی‌و گشتییەکان‌و کارە هەنووکەییەکان‌و پرۆژەی ئاشتی‌و سەروەری یاساو بەرنامەی نەبوونی سەربەخۆیی دواین. هەموو ئەوانەش کاری بەکۆمەڵیان ئەوێ، کاری بەکۆمەڵ تا پێش راپەڕین، کاری بەرەیی بوو، کاری بەرەییش تەنیا لەنێوان پارتییە رامیارییەکاندا بوو کە دواترینیان بەرەی کوردستانی بوو. بەرەی کوردستانی ژمارەیەك ئەنجامی چاکی لێکەوتەوە وەك نەهێشتنی شەڕی ناوخۆو دووبەرەی، سەرپەرشتی کردنی راپەڕینە گەورەکەی باشوور، ئەنجامدانی هەڵبژاردنە گشتییەکەی 1992 کە لەوەوە پەرلەمان‌و حکومەتی هەرێمی کوردستان کەوتنەوە، بەڵام بەرەی کوردستانی سەربەخۆیی کوردستانی بەدەست نەهێنا. بەڵکو سەربەخۆیی هەر لەبەرنامەی بەرەدا نەبوو.

بۆ سەربەخۆیی‌و رەخساندنی کەش‌و هەوای دیموکراسی‌و نەتەوەیی، کاری بەکۆمەڵ لە (بەرە) زیاتری ئەوێ، کاری کۆنگرەیی پێویستە، کۆنگرە لەبەرە فراوانترە، کۆنگرە کارێکی بەکۆمەڵە لەنێوانە پارتییە رامیارییەکان‌و

ڕێكخراوه دیموكراسیو پیشەییەكانو زۆربەی تاكەكانی كۆمەڵ لەپێش هەموویانەوه ڕۆشنبیران بەگشتیو ڕۆشنبیرانی نەتەوەیی بەتایبەتی.

لەم دیدوبۆچوونەوه، ڕۆشنبیره نەتەوەییەكانی كورد بەگشتی وازیان لەچالاكیی پارتایەتی تایبەت بە نەتەوەییەكان هێنا. بەتایبەتی لایەنگرانی كاژیكو پاسۆك وەك پێشتر ئەوەمان باسكرد كە چۆن كاژیك خۆی ئاوێتەی شۆڕشی ئەیلول كردو پاسۆكیش تێكەڵ بەیەكگرتنو پارتی دیموكراتی كوردستان بوو. ژمارەیەكیشیان بێ لایەن مانەوەو كەوتنە چالاكیی بیریاریانەو ژمارەیەك ڕۆشنبیری نەتەوەیی كوردیش لەدەرەوەی وڵات كۆنگرەی نیشتمانی كوردستانیان لەساڵی (1985)[30] وه پێكهێناوەو كۆششی نەتەوەییانە ئەكەن بۆ كۆكردنەوەی تاكو كۆمەڵە رامیارییەكانی كورد لەژێر یەك چەتر لەپێناوی ڕزگاركردنی نەتەوەی كوردو سەربەخۆیی كوردستانێكی دیموكراتدا.

# كۆنگرەكان

بیرۆكەی دامەزراندنی كۆنگرەیەك، بیرۆكەی تەنیا یەك كۆڕو كۆمەڵ نیە لەناوەوەی وڵاتدا هەندێ جار قسە لەسەر بەستنی كۆنگەرەیەك كراوه، بەڵام هەنگاوی بۆ نەنراوه، لەدەرەوەی وڵاتدا، تا ئێستا هەنگاو بۆ چوار كۆنگره نراوه:

كۆنگرەی نیشتمانیی كوردستان، كۆنگرەی نەتەوەیی كورد، كۆنگرەی گەلی كوردستان، ئەوانه لەئەوروپا، لەئەمریكاش كۆنگرەی نیتشمانی كورد KNC.

---

[30] جواد ملا ــ كوردستان والكورد ــ وطن مقسم وامة بلا دولة ــ تقديم د. جمال نەبەز ص6 .

کـۆنگرەی نەتــەوەیی ماوەیــەك لــەبرەوو چـالاكیدا بــوو، پەرلــەمانێكی رەهەندەی پێك هێناو گەلێ كەسی بێ لایەنیش بەشدارییان تیـا کـرد، بـەڵام دوایی دەركەوت ئەم كۆنگرەیـە سـەر بەپەكەكەیـە، ئـەوەش لەگـەڵ رەوتو مەبەستو حیكمەتی كۆنگرەدا ناگونجێ، ئەوەبوو لەگەڵ شكستی پەكەكەدا ئەو كۆنگرەیەش شكستی هێنا.

كـۆنگرەی گـەلی كوردسـتان تـا ئێـستا چـالاكییەكی ئـەوتۆیان نـەبووەو كەمتر ناویان بەرگوێ ئەكەوێ.

كــۆنگرەی نیــشتمانیی كــورد تایبەتــە بەژمارەیــەك رۆشــنبیری كــورد لەئەمریكا، بەردەوام چالاكییان هەیە، بەڵام كار بۆ ئـەوە ناكـەن كـە هـەموو تاكو كۆمەڵانی كورد لەژێر چەتری خۆیاندا كۆبكەنەوە.[31]

ئەوەی بەردەوام لەچالاكیدایەو سەر بەهیچ پارتیو لایەنێك نیەو لـەوانی تر دێرینترەو لەپێناوی سەربەخۆیی كوردستاندا كۆششی نەتەوەیی ئەكاتو خوازیـاری دامەزرانـدنی دەوڵـەتی كـوردیی سـەربەخۆیە بـۆ سەرتاسـەری كوردستان، ئەو كۆنگرەیەیە كە ناوی ئەبرێ بە:

## كۆنگرەی نیشتمانی كوردستان

ئــەم كۆنگرەیــە لــە 1984/4/14 دا دامــەزرا، یەكــەم دەســتەیەك كــە بیرۆكەی دامەزراندنی كۆنگرەی نیشتمانیان ئاشكرا كـرد، ژمارەیـەك كەسـی نیتـشمانپەروەرو نەتـەوەیی ناسـراوبوون وەك بـەڕێزان (جـەواد مـەلا)و (د. جەمال نەبەز)و (جەنەراڵ عەزیز عـەقراوی)و (د. محەمـەد سـاڵح گـابووری)و (شێخ لەتیفی شێخ سەلام).

دوای ئـــەوەی ژمارەیـــەكی زۆر لەكەســـایەتییە كوردییـــەكانی دەرەوەو ناوەوەی كوردستان لایەنگرییان كردن، دەستیان كرد بەبەستنی كۆبوونەوە گشتییەكانیان بەناوی كۆنگرەی نیشتمانی كوردستانەوە بەم جۆرە:

---

[31] هاوڕێ باخەوان ـ ئالای كورد، ل 198 و 199.

– 19و1989/8/20 یەکەم کۆنگرەیان لەلەندەن بەست
– 30و1991/8/31 دووەم کۆنگرەیان لەلەندەن بەست
– 18و 1996/9/19 سێهەم کۆنگرەیان لەپاریس بەست
– 10و 1998/10/11 چوارەم کۆنگرەیان لەلەندەن بەست [32]

ئــەم کۆنگرەیــە هــەر لەســەرەتاوە بەمەبەســتی کــاری سیاســیانەو دبلۆماسیانە دروست بوو لـەپێناوی سـەربەخۆییو دامەزرانـدنی دەوڵـەتێکی کوردی بۆ سەرتاسەری کوردستان.

ئەم کۆنگرەیە لەو بـاوەڕەوە هاتـە ئـاراوە کـە گەیشتن بـەو ئامانجانـە، بەبێ ناوەندێك یا چەترێك نابێ بۆ نەتـەوەی کـورد کـە هـەوڵ بـدات هـەموو حیــزبو رێکخــراوو کەســێتی کــوردیی سیاســیو زانــستیو رۆشــنبیریو کۆمەڵایەتی کۆبکاتەوەو بیانکاتە خاوەنی یەك وتارو یەك بڕیـارو خـەباتێکی یەکگرتوو، بەوەش هەم بزووتنەوەی کوردایەتی کاریگەرتر ئـەبێ، هـەم ئـەو بزووتنەوەیە ئەبێتە جێگە رێزی ئەو دنیایەو جێگـە بـاوەڕی کـوردیش، ئـەم کۆنگرەیــە لــەپێناوی ســەربەخۆییو دامەزرانــدنی دەوڵــەتی کــوردیی سەرتاسەریدا، بەنیازە جارێ لەدەرەوەی وڵات حکومـەتێك بـۆ کوردسـتانی گـەورە دامــەزرێنێ تــا لــەنزیکترین هەلــدا ئەنــدامێتی رێکخــراوی نەتــەوە یەکگرتووەکان دەستەبەر کاتو دوای ئەوەش بارەگای خۆی بگوێزێتەوە بۆ کوردســتان بــۆ سەرپەرشــتیکردنی هەڵبــژاردنێکی گــشتی لەدەوڵــەتی کوردستانی ئـازادا، ئـەو ماوەیەشـی کـە ئـەو حکومەتـە لەهەنـدەران ئـەبێ، لەهەموو بۆنەیەکدا وەك دەنگی نەتەوەی کورد بەشێوەیەکی ڕەوا، ئـەدوێو کـار ئـەکاتو بارگـەی گـوڕو تـین ئـەدا بەبزووتنـەوەی کوردایـەتی. ئەوەیـە دەرچوون لەبازانەی سەپاو، وەك لەسەرەتای ئەم نوسینەماندا هێمامـان بـۆ کرد.

---

[32] بڕوانە: د. جواد ملا ــ کوردستان والکورد ــ وطن مقسم و أمة بلا دولـة، دار الحكمـة، من منشورات المؤتمر الوطني الكوردستاني ــ الطبعة الثانية 2000 لندن.

ئەم کۆنگرەیە بەهیچ جۆرێك نابێتە جێکار (بدیل)ی هیچ حکومەتو پەرلەمانێك لەناو هەر بەشێکی کوردستاندا، ئەوانە پەرلەمانو حکومەتی هەرێمایەتی ئەبن. ئەوەی هەندەران حکومەتی سەرجەمی کوردستان ئەبێو کۆنگرەی نیشتمانی کوردستانیش پەرلەمانی سەرجەمی کوردستان ئەبێ. حکومەتی کوردستان لەتاراوگە (منفی) ئەبێتە دەسەڵاتی جێبەجێکردن (السلطة التنفیذیة) بۆ کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان، ئەندامێتیش لەکۆنگرەی نیتشمانیدا، سێ شێوە وەرئەگرێ: یا ئاشکرا، یا نهێنی، یا رانەوەستان دژی ئەو کۆنگرەیە. ئنجا دانپیانانی نێو دەوڵەتی بەو حکومەتەدا، ئەوە لەبەرەوە ئەبێو ئەوە بەند ئەبێ بەیەکگرتووی کورد خۆیەوە، ئێمە ئەگەر سەرنجێکی ئەو بەشداربوونو نامەو بروسکەو پیرۆزباییی بوونانە بدەین بۆ کۆنگرەی چوارەمی لەندەن (10و1998/10/11 ئەبینین چەندین کەسانی سیاسی خاوەن دەسەڵات یا پیرۆزباییان لەو کۆنگرەیە کردووە، لەوانە: تۆنی بلێری سەرۆکی حکومەتی بەریتانی. یا بەشداریی راستەوخۆیان کردووە. ئنجا ئەگەر یەکسەرو دەسبەجێ دان نەنرا بەو حکومەتەدا، ئەوە نابێ نیگەرانو بێ هیوابین. کەس لەپڕێ نابێتە کوڕێ. لەوانە هەمووی گرنگتر، ئەوەیە: ئەو وەهمە لەسەری خۆمان دەرکەین کە تورکیاو ئێرانو عێراقو سوریا رازی نابن بەدروستکردنی حکومەتێکی لەو جۆرە یا بەسەربەخۆیی کوردستان. ئەبێ ئێمە هەمیشە گەشبینو دڵنیابین لەهەرێتی (حتمیە)ی سەربەخۆیی کوردستان، ئەوە بەندە بەهەندێك بارودۆخی جیهانیو ناوچەییەوە، یا بەرێکەوتی هەندێك هەلەوە، یا بەخواستو ویستو پێداگرتنو کۆڵنەدانی نەتەوەی کورد خۆیەوە. با ئێمە وانەیەك لەهەرێمی ئازادی باشووری کوردستان وەرگرین. تۆ بڵێی ئەو دەوڵەتە هەرێمیانەی دەوری ئەو ناوچە ئازادەیان داوە، لەخۆشیو خواستی خۆیانەوە رازی بن بەحکومەتی هەرێمی باشووری کوردستان؟ ئەوانە چەندین کۆڕو کۆبوونەوەیان بەست لەناو خۆیاندا بۆ نەهێشتنی ئەو ئازادیو حکومەتە، کەچی ئێستا ئەوەتا

ملی ناچاریان درێژ کردووه بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم حکومەتە کوردییەدا کە ئەگەر ئێمە خۆمان هەڵنەخەڵەتێنین، ئەوە دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆیە لەم ناوچەیەدا.

بەشداربوونی هەر حیزبو رێکخراوو کەسێتییەك لەکۆنگرەی نیشتمانی کوردستانیدا، هیچ لەسەربەخۆیی خۆیان کەم ناکاتەوە، ئەم کۆنگرەیە باوەشی خۆی بۆ هەموو ئایدیۆلۆژیەتێك کردۆتەوە لەکوردستاندا، تەنیا مەرجێك بۆ بەشداربووان ئەوەیە دژی بەرژەوەندییە گشتییەکانی نەتەوەی کورد نەبن.

پێکهێنانی حکومەتی کوردی لەدەرەوە، لەکۆنفراسێکی ئایندەی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستاندا ئەنجام ئەدرێ، کۆنگرە لەچالاکییەکی بەردەوامدایە بۆ ئەو مەبەستە، جارێ وای لاچاکە ئەوە بەڕەزامەندیی زۆربەی لایەنە کوردییەکانی ناوەوەو دەرەوەی وڵات بێ.

**تێکڕا ئامانجەکانی ئەم کۆنگرەیە، وەك لەدەستوورەکەیدا دیاریکراوەو لەکۆنگرەی چوارەمیدا پەسەند کراوە، بریتییە لە:**

1-رزگارکردنی نەتەوەی کورد لەمەترسی قەلاچۆکردنی نەتەوەییو کوشتاری بەکۆمەڵو یەك لەدوای یەكو جەنگی بێ کۆتاییو داگیرکردنی سەربازیو سوکایەتی پێکردنی بەردەوامیو هەڵگرتنی چەوسانەوەی رامیاریو ئابووریو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیری لەسەر کورد.

2-رزگارکردنی کوردستان لەدەست داگیرکەران.

3- هەوڵدان بۆ وەدەست هێنانی هەلومەرجی لەبار بۆ گەلی کورد بۆ ئەوەی بتوانێ بڕیاری چارەنووسو پاشەڕۆژو ئازادی رامیاریو ئابووریو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیری خۆی بۆ خۆی بدات.

4- بەدیهێنانی مافی خاوەندارێتی نەتەوەیی کورد لەسەر خاکی مێژوویی خۆی، و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانو هەڵبژاردنی نوێنەرانی راستەقینەی گەلی کوردستان لەنێو کۆنگرەی نیشتمانی کوردستاندا بەشێوەیەکی دیموکراتی.

5–بەکارهێنانی سامانی نەتەوایەتیمان بەتایبەتی نەوت، بۆ سەربەخۆیی و گەشەپێدانی کوردستان.

6– بەدیهێنانی ئاشتیو ڕێزگرتن لەشەرەفو ئابڕووی تاکە کەس و هەروەها ئازادی تەواو بۆ هەموو هاوڵاتییەك لەکوردستاندا، بێ جیاوازی لەنێوانیاندا بەهۆی ئایین یان ڕەگەز یان چین یان ژن بێت یان پیاو.

7–داننان بەمافی کەمە نەتەوەییەکانو ئاینییەکانو ئاینزاکاندا کە لەکوردستاندا هەن لەنێو چوارچێوەی ئامانجو ڕێبازی ئەم دەستوورەدا.

8–سڕینەوەی هەموو ڕواڵەتێکی دواکەوتنو دادۆشین، گۆڕینی ئەو بارودۆخەی ئەمڕۆی نەتەوەکەمان کە لەئاکامی داگیرکردندا لەلایەن بێگانەوە خوڵقاوە.

9– گەشەپێدانی کوردستان لەهەموو بوارێکدا.

10–دامەزراندنی پێوەندیی ئاشتیو ئاسایش لەگەڵ گەلانی هاوسێ لەسەر بناغەی یەکسانیو بەرژەوەندی هاوبەش.

11– ڕێزگرتن لەو پەیمانو ڕێکەوتنە جیهانییانەی کە بۆ سوودی ئازادیو یەکسانی مرۆڤن.

12– بەشداری کردن لەبەدیهێنانی ئاشتیو ئاسایش لەنێوچەکەو جیهاندا.

13–کوردستان تێگەیەکی دیرۆکیو دجوگرافیاییو فەرهەنگییە، دەست لەهیچ بەشێکی هەڵناگیرێ هەموو هەوڵو پەیمانو ڕێکەوتنێك کە بۆ پارچەکردنو ژێر دەستەکردنو ناوخۆیی کردنی کوردستان پێ دەدرێتە دواوە سنوری کوردستان بەپێی شەرەفنامەی بەدلیسی دیاری دەکرێ کە لەساڵی 1597/1596دا نووسراوە.

جێبەجێ کردنی ئامانجەکان لەلایەن کۆنگرەوە.

أ–بانگی مافی چارەنووسی گەلی کورد بدات، یانی مافی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لەسەر هەموو خاکی نیشتمانی کوردستان.

ب- یەکخستنی هەموو تێکۆشانو توانا نیشتمانیەکان،و هەموو ڕێبازێک بۆ ڕزگارکردنی کوردستان لەژێر دەستی داگیرکەرانی بێگانە،و مافی بەکارهێنانی هەموو ڕێگایەکی خەبات.

ت- گرنگی دان بەگفتوگۆو پێوەندی لەسەر بناغەی دانپێدانان بەمافی سەربەخۆیی کوردستاندا، لەسەر بنەمای مافی یەکسانی گەلی کورد، لەگەڵ هەموو گەلانداو بێ دەست تێوەردانی کاروباری نێو خۆی هیچ لایەک بەئامانجی پشتگیریو بەدیهێنانی ئاشتیو ئاسایش لەنێوچەکەو جیهاندا.

ح- دەستخستنی پشتگیریی جیهانی بۆ بزووتنەوەی ڕزگاری کوردستانو وەرگرتنی ناساندنی جیهانی بۆ مافی ڕەوای دەستێنەدراوی گەلی کورد بۆ بڕیاردانی چارەنووسی خۆی بەدەستی خۆیو دروست کردنی دەوڵەتێکی کوردستانی دیموکراتی بێ لایەن.

ج-گەشەدان بەپێوەندی برایەتی لەنێوان هەموو هاونیشتمانەکانو هەموو ڕێکخراوە ڕامیارییەکانو ڕۆشنبیرییەکانو کۆمەڵایەتیەکانو ئامادەکردنی هەلێکی گونجاو بۆیان بۆ هاوبەشی کردن لەچالاکی خەباتی سەربەخۆییدا.

خ-دیتنەوەی بناغەیەکی دیموکراتی بنەڕەتی بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی کوردستان بتوانن نوێنەری شەرعی خۆیان هەڵبژێرن بۆ کۆنگرەکەو ئامادەکردنی هەلومەرجێکی نێوخۆییو دەرەکی گونجاو بۆ دروست کردنی دەوڵەتێکی دیموکرات بێ لایەن لەکوردستاندا.

د- کردنی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان بەدەزگایەکی سەرەکی بەرز بۆ کوردستان کە تێدا نوێنەرانی بۆچوونو خەباتی هەموو ڕێکخراوە ڕامیارییەکانو ناڕامیاریەکانو کەسایەتیە نیشتمانیەکان بەشدار بن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆنگرە.

هـ- داننان بەکۆنگرەی نیشتمانی کوردستاندا، وەك تاکە دەزگایەکی بەرپرسیار لەکوردستاندا لەلایەن هەموو نەتەوەکانو دەوڵەتەکانو

ڕێکخراوه نێوچەییەکانو جیهانییەکانەوە، بەتایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

ئەو کۆنگرەیەی لەندەن بایەخێکی زۆری هەبوو بۆ ناساندنو برەوپێدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لەپێناوی ئازادیو سەربەخۆییو دیموکراسیدا. دەنگێکی دلێرانە بوو بەرامبەر هەندێك چەمكو بۆچوونی هەڵەی وەك برایەتیی داگیرکەرو داگیرکراوو یەکێتی خاکی داگیرکەرانو بۆرەمافێکی وەك ئۆتۆنۆمیو فیدراڵی.

داواکردن یا قایل بوون بەئۆتۆنۆمیو فیدراڵی بەبێ هیچ مەرجێکی وەك ئاشکراکردنی ئەوەی ئەم بۆرەمافە بۆ ماوەیەکی کاتییە تا هەلێکی رەخساو بۆ سەربەخۆیی، ئەوە دانپیانانێکی راشکاوانەیە بەبەشکردنی کوردستانو داگیرکردنیدا.

کۆنگرە گشتییەکانی ڕێکخراوی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان، بەتایبەتی کۆنگرەی چوارەمو دواییش هی پێنجەم، ئەو تەلیسمەی شکاند. بەتایبەتی لەکۆنگرەی چوارەم دا، جگە لەکوردەکان، ژمارەیەکی زۆر لەرۆشنبیرانی بیانیش بەوتارو بروسکەو نامە بەشدارییان تیا کرد، وەك:

وتاری بەڕێز دێڤید ماکدۆڵ، نووسەرێکی بەریتانی، نووسەری پەرتووکی (مێژووی کورد)، وتاری بەڕێز براس کنت، کە کەسایەتیەکی بەریتانیەو گرنگی بەمەسەلەی کورد داوەو، خاتوو سۆنیا واتس، توێژەرەوەی ئەکادیمی لەکێشەی کوردو بەڕێز میریا کولتەلاتی، خێزانی بەهەشتی رەهبەر جەلال مامەش، و بەڕێز مادام کارین دابروسکا، نووسەرو رۆژنامەنووسی پسپۆڕ لەکاروباری کوردو رۆژهەلاتی نێڤیندا، ووتاری بەڕێز جێرمی کۆرین، ئەندامی پارلەمانی ئینگلستان.

ژمارەیەکی زۆر میوانی بێگانەی دۆستی کورد لەبەریتانیاو دەرەوەی بەریتانیا ئامادە بوو بوون.

لەکاتی ئەو دانیشتنەدا بەڕێز لورد جێڤری ئارچر ئەندامی ئەنجومەنی لوردانی ئینگلستان، وتەیەکی کورتی بەتەلەفۆن ئاڕاستەی کۆنگرە کردو پیرۆزبایی لەبەستنی کۆنگرەکە کردو داوای سەرکەوتنی بۆ کرد.

پاش ئەوە هێندەك نامەو پەیامی تەلەفۆنی پیرۆزبایی لەبەستنی کۆنگرە: کە لەڕێکخراوو کەسایەتییە کوردیو بیانییە دۆستەکانەوە نێردرابوون، خوێندرانەوە، لەوانە:

نامەی بەڕێز تۆنی بلێر، سەرۆکی حکومەتی بەریتانیا، خاتوو ماك دۆنا لەپارتی کرێکاری بەریتانیاوە، خاتوو ئەلیزابیس جۆنسۆن لەپارتی دیموکراتی لیبرالی بەریتانیاوە، نامەی بەڕێز لۆرد هیلتۆن، ئەندامی ئەنجومەنی لۆردانی بەریتانیا، نامەی مادام بارۆنیس کۆکس، ئەندامی ئەنجومەنی لۆردانی بەریتانیا، نامەی بەڕێز ستان نهونز، ئەندامی پارلەمانی ئەوروپی، خاتوو ڤان کلاود ئەندامی پارلەمانی بەریتانیا بەرێز مادام کلێر شورت، وەزیری دەوڵەتو ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا، نامەی بەڕێز م. وایتلام، سکرتێری گشتی خاجی سوور Red Cross، نامەی بەڕێز دکتۆر مبریلا گیلاتی ئیتالی توێژەرەوە لەکاروباری کورد، بەڕێز دێڤید ادوسۆن، نووسەری کتێبی (شەڕی کوردو کەرتبوونی 1964)، بەڕێزان دکتۆر ئەندرسۆنو دکتۆر خەلیل رەشیدیان، پرۆفیسۆری زانستگەی درهام لەبەریتانیا، بەڕێز مایکل جاکسۆن تەلەفیزیۆنی بەریتانیا کەناڵی چوار، بەڕێز محەمەد ئەلفاید، خاوەنی بازاڕی هارۆدز، بەڕێز دکتۆر کارلۆ بولردینی، سەرۆکی کۆمەڵەی کلتووری کورد لەئیتاڵیا، خاتوو لۆرا شریدر نووسەری ئیتاڵیایی کە (25) ساڵە پسپۆڕ لەکاروباری کورددا. نامەی بەڕێز جولی گرین بەناوی کۆمەڵەی نیشتمانیی جوگرافیاناسانی ئەمریکاوە، بەڕێز مادام ان برنیت، نووسەرێکی سویسری، بەڕێز لیڤیۆسوسا نووسەرێکی ئیتاڵیایی، بەڕێز محەمەد عەلی لەڕێکخراوی کاردری لەبەریتانیاوە. کۆنگرە ژمارەیەك بروسکەی (بەفاکسو تەلەفۆن) لەکۆمیتەکانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستانەوە لەناو نیشتمانەوە لەچەندین شارو ناوچەی

باكوورو باشووررو ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوای کوردستانەوەو لەکوردستانی سوورەوە (ئەرمینیاو ئازەربایجان پێگەیشت، هەروەها نامەی ئەم بەڕێزانەش:

شێخ عەبدولمەلیك فرات کوڕەزای شێخ سەعیدی پیران، پێشەوای شۆڕشی کورد لەساڵی 1925 دا.

بەڕێز شێخ دارا شێخ بابا عەلی حەفید، (باشووری کوردستان) نەوەی شێخ مەحمود مەلیکی کوردستان لە 1919–1924.

بەڕێز عەلی قازی (ڕۆژهەڵاتی کوردستان) کوڕی پێشەوای شەهید قازی محەمەد سەرۆکی کۆماری کوردستان 1946.

بەڕێز هۆشەنگ سەبری (ڕۆژئاوای کوردستان) کوڕی تێکۆشەرو نیشتمان پەروەری گەورە (ئاپۆ عوسمان سەیری) 1993/19/5.

پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عێراق، پارتی سۆشیالیستی کوردستان ـ عێراق پارتی دیموکراتی کوردستان ـ تورکیا پارتی دیموکراتی کورد ـ سوریا. ڕێکخراوی (هەڤکاری) ئەڵمانیا، پارتیا یەکێتی کورد ـ سوریا، پرۆفیسۆر شێخ محەمەد ساڵح گابۆری سەرۆکی پارتی ئیسلامی کوردستان، بەڕێز شێخ عەبدولرەحمان دوورە (دامەزرێنەری بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان)، بەڕێز حوسێن یەزدان پەنا، سکرتێری گشتی یەکێتی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان، بەڕێز ڕێکار ئەحمەد سەرۆکی حیزبی ڕزگاری کوردستان، بەڕێز شێخ دەروێش حەسۆ سەرۆکی مەڵبەندی یەزیدییان لەئەڵمانیا، بەڕێز سەلاح ڕەشید، بەرپرسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەئەڵمانیا، بەڕێز هاشم کەریمی، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەڕێز خالید دلێر ئەندامی کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان کە لەسلێمانی لەڕۆژانی 4و1997/12/5دا بەسترا بوو، بەڕێز سامان شاڵی ئەندامی سەرکردایەتی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان لەباکووری ئەمریکا، بەڕێز چالاك جوانڕۆیی سەرۆکی مەڵبەندی دۆستە ئەمریکیەکانی کورد، بەڕێزان لەسەرکردایەتی

یـەکێتی سۆشیالیـستی خوێنـدکارانی کـورد لەئـەورووپا (سۆکـسە)، بـەڕێز مـەروان عـەلی سـکرتێری کۆمەڵـەی ڕۆژئـاوای کوردسـتان لەهۆڵەنـدا، بـەڕێز مەمەد تاوەلەردە سەرۆکی جڤاتی کورد لەئەڵمانیا (بۆروکورد) بەڕێز دکتـۆر حەسەن حەمە عەلی سەرۆکی جڤاتی کـورد لەبـەرلین، بـەڕێز دکتـۆر خـەجێ یەشار، ڕۆژنامەنووس‌و سـەرۆکی پێـشی پـارتی ئـاڵای ڕزگـاری کوردسـتان، بەڕێز مەحمود هەکۆ سـکرتێری کۆمەڵـەی ڕۆژئـاوای کوردسـتان لەئـەڵمانیا، بەڕێز برایم فەرشی بەڕێوەبەری شانۆی کۆچەر لەئەڵمانیا، بەڕێز عەبدولقادر محەمـەد ئـەمین، سەرنووسـەری ڕۆژنامـەی بـارزان لەئـەمریکا، بـەڕێز دلێـر ڕەشید سەرۆکی مەڵبەنـدی کـوردی لەئەمـەریکا، بـەڕێزان پێـشڕەوی سـەید برایمی‌و عەبدولمئمین دەشتی سەرپەرشتکارانی ڕۆژنامەی سەکۆ لەئەڵمانیا، بەڕێز شێخ هۆمەر غەریب، زانایەکی کورد لەپاکستان، بـەڕێز خالیـد یـونس خالیـد توێـژەرەوەو نووسـەر، پرۆفیـسۆر بـارام ڕەسـول، بـەڕێز ئیـبراهیم جەعفەری، بەڕێز هاوڕێ زەندی، دکتـۆر جەمـشید حەیـدەری، هونەرمەنـدی بەناوبانگ قادر دیـلان دکتـۆر ئەرشـەد مـەعروف، دکتـۆر شـەعبان مـزوری، دکتۆر کەمال عـەلی، بـەڕێز ئەمجـەد شـاکەلی لەسـویدەوە، دکتـۆر خورشـید ڕەوانـدوزی، دکتـۆر سـەلاح جمـور، لەسویـسرەوە، بـەڕێز عەبـدولڕەحمان ڕەحـیم، دانمـارك، بـەڕێز عەبـدی محەمـەد، بـەڕێز حـاجی شـێخانی، بـەڕێز وەیسی زاوێتەی، بەڕێز محەمەد سەلیم حەسەن، لەهۆڵەندا، بـەڕێز حەسـەن زەند، بەڕێز عەبدوڵڵا چوارتایی، بەڕێز عەبدولڕەحیم ئایـار، دکتـۆر نـەشمیل قاسملو، دکتۆر هەنە کویشلەرو خـاتوو ئاسـۆ ئاگاچـا، سـەرۆکی ڕێکخـراوی هینبوون، بەڕێز عەباس عەلی لەئەڵمانیاوە، شێخ جەلال حەفید، بەڕێز وریا سـاڵح، دکتـۆر ئـالان قـادر، دکتـۆر میکائیـل عـەلی، دکتـۆر ئاشـتی کـەرمی لەنەمـساوە، هۆزانڤـان دکتـۆر عەبـدوڵێ پەشـێو، بـەڕێز فـەرەج وەهـاب لەفنلەندەوە، دکتۆر کامیل مەجید لەمیرنشینی قەتەرەوە، دکتـۆر فەیـسەڵ خەڵـەف لەمۆسـکۆ، دکتـۆر عـەلی کەلـەچ، بـەڕێز زەهـاوی، پـارێزەر هـاوڕێ باخەوان، بەڕێز بارام ساتو، پارێزەر ئەنوەر عوسمان، بـەڕێز حـاجی حـاجی

ئیبراهیم، بەڕێز هەڵۆ ئەحمەد کوردە لەهۆڵەندەوە، ئەندازیار عززەت عوسمان، بەڕێز عەبدولحەلیم مستەفا لەئەمەریکاوە، بەڕێزان بورهانی مام تۆفیق‌و دکتۆر ئەکرەم محەمەدو شێخ عومەر بەرزنجی‌و عەتا قەرەداغی لەمەڵبەندی رۆشنبیری نەتەوەیی کوردییەوە لەسلێمانی.

ئەو رێکخراوو کەسایەتییە کوردیانەی بەشداریان لەئیش‌و کاری کۆنگرەدا کرد:

دکتۆر جەمال نەبەز راوێژکاری کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان، بەڕێز سیروان کاوسی‌و بەڕێز عەلی رەحیمی نوێنەرانی پارتی سەربەخۆیی کوردستان، بەڕێز محەمەد قەرەداغی نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەڕێز جانکورد نوێنەری رێکخراوی هڤکاری لەئەڵمانیا، بەڕێز بەکر دیکۆ نوێنەری پارتی یەکگرتووی کورد لەسوریا، شێخ لەتیف مەریوانی نوێنەری کۆمەڵەی (کاك)، ئەندازیار بروسك ئیبراهیم‌و خاتوو ئیرمگارد نوێنەرانی ئەکادیمیایی کوردی بۆ زانست‌و هونەر، دکتۆر موزەفەر پارتۆما نوێنەری پارتی ئیسلامی کوردستان، بەڕێز شێرکۆ زینعەلووش سکرتێری کۆمەڵەی رۆژئاوایی کوردستان لەبەریتانیا، خاتو غەزال سیدۆ، نوێنەری یەکێتیی دیموکراتی کوردستان سوریا، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، بەڕێز خالید رەشید بەڕێوەبەری بەشی کوردی لەتەلەفزیۆنی سویدەوە، بەڕێز محەمەد ژووری، بەڕێوەبەری بەشی کورد لەرادیۆی ئەڵمانیادا، بەڕێز حەمە رەشید هەرەس، پارتی نەتەوەیی کورد، بەڕێز ئالان کاکاحە نوێنەری گۆڤاری میدیا لەکەنەدا، دکتۆر ئەحمەد بابەکر سەرۆکی مەڵبەندی رۆشنبیری کورد لەکەنەدا بەڕێز باوکی تارا، سەرنووسەری رۆژنامەی دەنگی کوردستان لەنەمسا، بەڕێزان محەمەد مەحمودو سەرتیپ قادر نوێنەرانی گۆڤاری ئالای ئیسلام، ئەندازیار رزگار سالح نوێنەری یەکێتی قوتابیان‌و لاوانی کوردستان، بەڕێز عەزیز عەقراوی (ژەنراڵ‌و ئەنجامی پێشینی سەرکردایەتی شۆڕشی کورد) بەڕێزان عەتا

موفتیو سالار حەمەڕەش نوێنەرانی رۆژنامەی پەیام، بەڕێز ئومێد سەعید گەوهەر سەرۆکی کۆمەڵەی منداڵانی کورد لەئەڵمانیا.

چەندین کەسایەتی نیشتمانپەروەری کورد لەزۆر شوێنی دنیاوە ئامادەی کۆنگرە بوو بوون لەوانە:

بەڕێز قوتبەدین ئوزەر، بەڕێز محەمەد دەوران، بەڕێز غەفوور ئەمین، دکتۆر پۆڵا خانەقا، بەڕێز فەرهاد خانەقا، بەڕێز وەلید ئاسۆ، دکتۆر کەمال سەیدۆ لەئەڵمانیاوە، بەڕێز خالید کاوان لەوڵاتە یەکگرتووەکانەوە، خاتوو فەریدە جواریو خاتوو دەلال رەسول لەکوردستانی سوورەوە/ ئەرمینیا، هونەرمەند شێرکۆ جەلال مامەش، دکتۆر محەمەد جەمۆو خاتوو زینێ جەمۆ، بەڕێز حەسەن ئاکسن لەفەڕەنسەوە:

دکتۆر عززەت سەیدۆ، هونەرمەند سەردار عەلی لەئیتاڵیاوە، دکتۆر جەمال رەشید ئەحمەد، بەڕێز لەتیف ئەحمەد لەهۆڵەندەوە، دکتۆر شێخ مەزهەر نەقشبەندی، شێخ ئەسعەد نەقشبەندی خاتوو پەروین مشیر وەزیری، خاتوو مەلیکە سمیس، بەڕێز نوری نوری، بەڕێز نوری بەشیر، بەڕێز عەبدوقادر دەباغی، بەڕێز عەلی کەریمی، بەڕێز ئاسۆ عەزیز، خاتوو ئەمینە دەباغی، بەڕێز مامۆستا ئامین خرازی، بەڕێز دکتۆر رزگار ئەمین، بەڕێز دکتۆر ئازا عەبدوڵڵا، بەڕێز مولازم شێرزاد جبرائیل، بەڕێز مولازم مەنسوور حەفید، بەڕێز شێخ دارا جەمیل، بەڕێز دکتۆر گۆڤان حەفید، بەڕێز حوسێن قادر، بەڕێز دکتۆر سامی خەفافو خاتوو کوێستان خان، بەڕێز مامۆستا شیروان رەشید، هونەرمەند بەڕێز کەریم رەشید بەڕێز بابەکر دورەیی، بەڕێز دکتۆر مەریوان عومەر، بەڕێز سەباحی غالب، بەڕێز تەها محەمەد، تۆفیق، بەڕێز تاهیر محەمەد تۆفیق، بەڕێز ئاوات مستەفا، بەڕێز یەکتی گوڵباران، بەڕێز هۆمەر ئەحمەد، بەڕێز کاردۆ خانەقا، بەڕێز محەمەد جەزا، بەڕێز موشیر گەلاڵی، بەڕێز کارزان کرێکار، بەڕێز سەباح یاسین بەڕێز ئیسماعیل لاوە، بەڕێز سەروەر میرزا غەفوور، بەڕێز خالید شیخولئیسلامی، خاتوو نگین شێخولئیسلامی، بەڕێز ئارێزو خاتوو ئیڤا خان، بەڕێز لوقمان

محەمـەد، بـەڕێز زارا، خـاتوو ناریمـان، خـاتوو سـوفی تـود، خـاتوو خـەجێ ئەحمەد، بەڕێز فەرهاد ئەحمەد، دکتـۆر ئیـبراهیم عەبـدوڵڵا، بـەڕێز ئۆرخـان عەبـدوڵڵا، بـەڕێزان شـابازو ئـارێزو ئیڤـا خـانو زاهـدو شـەماڵو داراو زانـا، ئامانجو کەمالو رۆستەمو حەسۆو کەسانی دیکەش.

لـەئێوارەی رۆژی یەکـەمی کۆنگرەکـەدا هونەرمەنـدانی بـەڕێز (خالیـد رەشیدو دڵشاد سەعیدو نەورۆز) بەبۆنـەی بەسـتنی کـۆنگرەوە ئێوارەیـەکی هونـەریی فۆلکلـۆریی کوردییـان سـازکرد کـە زیـاتر لـە 300 لەمیوانـەکان ئامادەی بوو بوون.

ئێوارەی رۆژی دووەم دکتۆر جەمال نەبەز سیمینارێکی بەزمانی کـوردی پێـشکەش کـرد لـەژێر نـاوی (بـارودۆخی ئێـستەی نەتـەوەی کـوردو پێشبینییەکی دوارۆژی)دا کە بەپرسیارو گفتوگۆوە چوار سەعاتی خایاند.

رۆژی دووەمی کۆنگرە

ئەندامانی کۆنگرە پاش شیکردنەوەی بارودۆخی کوردستان ئـەم بڕیـارە کردەییانەی خوارەوەیاندا:

1- پاش لێدوانو چاك کردنی بەشی ئامانجەکانی دەستووری کـۆنگرە، دەنگـی لەسـەر دراو وەك دەسـتووری هەمیـشەیی پەسـەند کـرا کـە لـەو بەرەوارەوە کاری پێ بکرێت.

2-لەبەر ئەوەی بەشدارانی کۆنگرە کە رێژەیـەکی کـەمیان لەئەنـدامانی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان، ناو وولاتو دەرەوەی کـۆنگرەی نیـشتمانی کوردستان، ناو وولاتو دەرەوەی وولات پێك دەهێنـا، دەنـگ لەسـەر ئـەوە درا کە سکرتێری گشتیو راوێژکاری کۆنگرە سەرپـشك بنـە بـۆ هەڵبـژاردنی کەسانی لەبار لـەناو ئامـادەبووانو ئەنـدامانی دیکـەی کـۆنگرەدا لـەناوەوەو دەرەوەی کوردستان بۆ کارکردن لەو کۆمیتە جۆراوجۆرانی کۆنگرەکەدا کـە لەدەستوورەکەدا دەست نیشان کراون.

**3-پێکهێنانی کۆمیتەیەك بۆ بەدواداچوونی مەسەلەی پێکهێنانی حکومەتی کوردسـتان لەتاراوگـەدا، ئـەم کۆمیتەیـە پەیوەنـدی بـەڕێکخراوو کەسـایەتیە**

**کوردستانیەکانی ناو کوردستانەوە دەکاتو ماوەیەکی زیاتریان دەداتێ بۆ باسکردنی پێداویستی پێکهێنانی حکومەتی کوردستان لەتاراوگەو بانگهێشتیان دەکات بۆ بەشداربوون لەکۆنگرەی پێنجەمدا کە تایبەت دەبێت بەمەسەلەی راگەیاندنی حکومەتێکی کوردی لەتاراوگە کە گشت ناوچەکانی کوردستان بگرێتەوە تا بتوانێ نوێنەرایەتی نەتەوەی کورد (40 ملیۆن کەس) بکات لەمەحفەلە دەولیەکاندا، وەك نەتەوەیەك کە مافی سەربەخۆیی هەیە یان هەر نەبێت ئەو کۆمیتەیە قەناعەت بەو کەسایەتیو رێکخراوانە بکات ئەوانەی کە جۆرە پەیوەندییەکیان هەیە رێیان پێ دەگرێت، نەبنە کۆسپ لەرێی دروستبوونی دەوڵەتێکی کوردیدا، واتە هەر نەبێت کە وەکو ناتوانن کار بۆ دروست کردنی دەوڵەتی کوردی بکەن با دوژمنایەتیشی نەکەن.**

4–داواکاری ئەم رێکخراوانەی دیکەش بۆ بوونە ئەندام لەکۆنگرەدا پەسەند کرانو ئەوانیش وەك رێکخراوە کوردستانیەکانی ناو کۆنگرە بوونە ئەندامی کۆنگرە.

رێکخراوی منداڵانی کورد لەئەڵمانیا، ئەکادیمیای کوردی بۆ زانستو هونەر لەسوید، مەڵبەندی رۆشنبیری کوردی لەکەنەدا.

**ئامۆژگارییەکانی کۆنگرە**

1–کۆنگرە داوا لەگشت رێکخراوە کوردستانیەکان دەکات، لەهەر کوێیەك بن، گیروگرفتەکانیان بەشێوەیەکی ئاشتیانە لەرێی وتووێژەوە چارەسەر بکەنو شەڕی ناوخۆ نەهێڵن.

2– کۆنگرە داوا لەپارتەکانی باشووری کوردستان دەکات هەڵبژاردنێکی ئازاد لەهەلومەرجێکی دیموکراسیانەتردا بکەن وەکو (لابردنی رێژەی 7٪ تا زۆرترین لایەنی سیاسی بتوانن بەشداربن لەبڕیاردانی سیاسدا)، وە سندوقی هەڵبژاردن بۆ ئەو کوردانەش مەیسەر بکرێت کە لەتاراوگە دەژین. هەروەها لەسەر هەمان پسوولەی هەڵبژاردن ڕا وەرگرتنێکی گشتی بکرێتو بزانرێت ئایا گەلی کورد دەیەوێت لەگەڵ عێراقدا بمێنێتەوە یان دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆی خۆی دەوێت.

3–کـۆنگرە داوای کـرد سـوود لـەم ڕێککەوتنـەی دوایـی واشـنتۆن وەربگیرێ بەمەبەستی سـەقامگیرکردنی ئاشـتیو ئاسـایشو داوای کـرد کـە ڕێکەوتنەکە بچەسپێنرێو قوڵتر بکرێتەوە بۆ بەدیهێنانی سـەربەخۆیی گـەلی کوردستان.

ئەوەش بـەوەی داوا لەحکومـەتی ئـەمریکا بکـرێ ڕێگـا بـدات فڕگـەکانی کوردستان بەکاربهێنرێن بـۆ پـەیوەنـدی کردنـی راسـتەوخۆ بەجیهانـەوە بـێ ئەوەی پێویستی ببێ بەواسیتەکردن بەوڵاتانی دراوسێ.

4– کۆنگرە سوپاسی هـەموو ئـەو کەسـایەتیو دامـەزراوەو ڕێکخراوانـە دەکات کە لەهەڵسوڕاندنی ئیشوکاری کۆنگرەدا بەشدارییان کرد یان نامـەو پەیامی تەلەفزیۆنیان بۆ کـۆنگرە نـاردبوو لەسـەری هەموویانـە بـەڕێز تـۆنی بلێـر سـەرۆکی حکومـەتی بـەریتانیا، سـەرۆکی حکومـەتی ئـەو ولاتـەی خانەخوێی کۆنگرەکە بوو لەناو پایتەختەکەیدا، لەندەن.

کۆنگرە بەسروودی نەتەوەیی کورد ئەی رەقیب کۆتایی پێهێندرا.

بایەخێکی تری ئەو کۆنگرەیـە ئەوەیـە تایبـەت نیـە بەتـەنیا بەشـێك یـا پارچـەیەکی کوردسـتانەوە، ئەنـدامانی ئـەو ڕێکخـراوەو بەشـداربوانی ئـەو کۆنگرانـە رابەرایـەتیو نوێنەرایـەتی هـەموو پارچـەکانی کوردسـتانو ژمارەیەکی زۆری پارتییە رامیاریەکانی کوردستانن. لەبەر ئەوە بڕیارەکـانی ئەو کۆنگرە گشتیانە، ئەوانەی پێشوو، یا ئەوانەی ئایندە، رەوایەتیی هەیـە وەك رەوایەتی بڕیارەکانی پەرلەمانێکی سەرتاسەری کوردستان.

یـەکێك لـەکارە گرنگـەکانی ئـەو کۆنگرانـە، هەوڵدانـە بـۆ دروسـتکردنی حکومەتێکی کوردی لەرەهەند (منفی) بۆ سەرتاسەری کوردسـتان، کـارێکی لـەو جـۆرە پێـشینەی تـری هەیـەو لەگـەڵ یاسـای نێـو دەوڵـەتی گـشتیدا گونجاوە.

دروسـتکردنی حکومـەتێکی لـەو جـۆرە بـەبڕیارێکی ئـەو کۆنگرەیـە، رەوایەتیی یاسایی ئەبێ، ئەگەر لەگەڵ ئەو هەوڵـەدا، هـەوڵی ئـەوەش بـدرێ

ژمارەیەك لەزلهێزەکانی دنیا بەوە قایل بکرێ، ئەوا ئەگونجێ ئەو حکومەتـە نوێنەری خۆی لەکۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ببێ.

هـــەر چـــۆنێ بـــێ، دروســـتکردنی حکومـــەتێکی کـــوردی رەهەنـــدە، دەنگدانەوەیەکی چاکی ئەبێو کاریگەرێتییەکی زۆری ئەبێ لەئاستی ناوخۆو لەئاستی جیهانیشدا، گوڕوتینێکی زیاتر ئـەدات بەبزووتنـەوەی کوردایـەتی، ئەو دنیایەش بەچاوی رێزو تەماعێکی زیاترەوە ئەڕواننە کێشەکەمان. ئـەوە جۆرێکـە لەدەرچـوون لەبازانـەی سـەپاو، واتـا دەرچـوون لـەو بارودۆخـەی بەسەر نەتەوەی کوردا سەپاوە.

کۆبوونەوەی پارتیو رێکخراوە رامیارییـەکانی کوردسـتانو رۆشـنبیرانی کـورد لـەناوەوەو دەرەوەی کوردسـتان لـەژێر چـەتری کۆنگرەیـەکی لـەو جـۆرەدا، ئەبێتـە هـۆی ئـەوەی بزووتنـەوەی رزگـاریخوازی کـورد یـەك سەرکردایەتیو یەك رابەرایەتی ئەبێ، لەوەشەوە یەك بڕیاری دروست ئـەبێ. دووبەرەکی زۆر کەم ئەبێتەوە، گریمان هەندێك نەهاتنە ژێر ئـەو چـەترەوە، ئەوسـا ئـەو هەنـدە کـە کەمینەیـەك ئـەبێ هیـچی پـێ نـاکرێ لەئاسـتی زۆرینەکەدا.

بایەخێکی تری ئەو کۆنگرەیە، ئەوەیە کە سـەرکردایەتی ئێـستای کـورد لەو تەنگژەیە رزگار ئەکات کەپێی بوترێ لەئاستی هەلی سەربەخۆییدا نیـە، چونکە ئەوە هەروا ئەبێ (تحصیل حاصل)ە کە سەرکردایەتی ئێستای کورد کـە خـۆی لەسـەرکردایەتیی پارتییـە رامیارییـەکانی کوردسـتاندا ئـەنوێنێ لەئاسـتی هـەلی سـەربەخۆییدا نـەبێ بـەو پچڕپـچڕیو لەیـەك دووریو دووبەرەکیەی ئێستایان.

ئنجـا ئـەو بەرنامانـەی پێـشتر لـەم نووسـینەماندا هێمامـان بـۆ کـردن، بەرنامـــەی ئەگـــەری ســـەربەخۆیی، بەرنامـــەی دەستنیـــشانکردنی بنـــەما ستراتیجیو گشتییەکانی نەتـەوەی کـورد، کـارە هەنووکەییـەکان، پـرۆژەی ئاشتیو سەروەریی یاسا، بەرنامـەی پێکـەوە ژیـانی ناچـاری واتـا نـەبوونی

سەربەخۆیی..هتد، ئەوانە هەمووی لەژێر چەتری کۆنگرەیەکی لەو جۆرەدا باشتر ئەنجام ئەدرێن.

ماوەتەوە سەر راستییەکی تر کە رێکخراوی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان ئەنجامی داوە، ئەویش ئەوەیە هاوبیرانی نەتەوەیی کوردە لەکوردستان یا لەهەندەران، ئێستا ئەرکی سەرشانیان لەوە زیاترە کە خۆیان لەپارتییەکی سیاسیدا کۆبکەنەوە. ئەمڕۆ ئەرکی ئەو هاوبیرانە، ئەوانەی پاشماوەی کاژێكو پاسۆك یا هەر مرۆڤێکی کورد کە نەتەوەییانە بیر بکاتەوە، ئەوەیە کۆششی نەتەوەیی بکەن، کۆششی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی نەتەوەیی بکەن بەنووسینو بەکردەوەو بەخۆبەخشکردن، دوور کەونەوە لەبەرژەوەندیی تەسکی پارتیانە. خەباتی کۆنگرەییانە بکەن، کاتیش درەنگ نیە، دنیا ئەوەی ماوێتی زیاترە لەوەی رۆییوە.

گرنگیی یەکبوونو یەك وتاریو یەك ریزی کورد لەژێر چەتری کۆنگرەیەکدا، لەو بارودۆخە نالەبارەوە سەرچاوە وەرئەگرێ کە بەسەر کوردا سەپاوە وەك داگیرکردنو بەش بەشکردنی کوردستانو بەهێزیی دوژمنانو داگیرکەران کە ئەگەر لەهەموو شتێکدا ناکۆك بن لەناو خۆیاندا، لەسەر ئەوە کۆکن کە نەتەوەی کورد بەهیچ مافێکی رەوای خۆی نەگات. ئەم یەکبوونو یەك وتاریو یەك ریزییەش، بەر لەهەموو کەسو لایەنێك، ئەرکی یەکەمی سەرشانی خەباتکارانی رێبازی کوردایەتییە ئنجا تێکڕای هێزە نیشتمانییەکانی تر. لەوەش گرنگتر، چەتری کۆنگرەیەکی نیشتمانی، تاکڕەویی پارتایەتی ناهێڵێ، بەربەستی شەڕی ناوخۆو دووبەرەکییە، یەك وتاریو یەك ریزیی کورد ئەنجام ئەدات، ستراتیجی کورد دیاری ئەکات، ئاسایشی نەتەوەیی ئەپارێزێ، خۆڕاگریو بەرگریان بەهێزتر ئەکات، دۆستو دوژمن بەچاوێکی پڕ بایەخترەوە تێمان ئەڕوانن، هەنگاوەکانی سەرکەوتنمان خێراترو کەمتر ئەکەنەوە، بڕیارە سیاسیەکانمان بەکۆمەڵو بەڕاو تەکبیرتر ئەبێ، گوڕوتینو هیواو گەشبینییەك ئەکاتەوە بە بەر جەماوەری گەلو تێکۆشەرانو خەباتکاراندا، هۆکارێکە بۆ راسکردنەوەی

کەسێتی شکست خواردووی مرۆڤی کورد، ئارامکردنەوەی شڵەژانی دەروونیان، هوشیارییەکی نەتەوەییانە ئەنجام ئەدات و بەگشتی کاروانی خەباتمان بەرەو مەنزڵگای سەربەخۆیی ئەبات.

ئنجا ئاخۆ هەموو پارتی و رێکخراوو کەسێتیەکان بەئاسانی ئەچنە ژێر چەتری کۆنگرەیەکەوە؟ بێگومان نا، کورد ئەگەر ئەوەندە هوشیار بوایە، پێشتر رزگاری ئەبوو، لەبەر ئەوە پێویستە هاوبیرانی کۆنگرەی نیتشمانی کوردستان هەناسە درێژو کۆڵنەدەر بن تا ئەو رۆژەی جەماوەری کورد ئەوانە ئەبێژی و جێکاری رەسەن جێی ئەوانە ئەگرێتەوە کە پەی بەبەرژەوەندیی گشتی نەتەوەکەمان نابەن.

شایانی وتنە، خەباتی کۆنگرەیی بۆتە راستیەکی باوەڕپێکراو لای هاوبیرانی نەتەوەیی و رۆشنبیرانی کورد، بۆیە لەباشووری کوردستانیش، کۆنگرەی نیشتمانی باشووری کوردستان {5} پێکهێنرا کە هاوکارو هاو ئاهەنگە لەگەڵ کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستاندا.

# پرۆژەی بەرنامەی ئەگەری نەڕەخسانی سەربەخۆیی

گریمان هەموو ئەو راوچۆبوونانەی پیشانمان دان بۆ ئەگەری سەربەخۆیی، وا دەرنەچوون، یان وای دابنێین جارێکی تر سیڤەر ئەکرێتەوە قوربانی لوزان و حکومەتەکەی شێخ مەحمود ئەکرێتەوە پاچ و پێمەڕەی هەڵکەندنی چاڵە نەوتەکانی باباگوڕگوڕو کۆماری مهاباد ئەکرێتەوە بەمەزەی بادەی نەوت و دەسەڵاتەکەی باشووری کوردستان بەگورگان خواردووی رێکەوتننامەیەکی تری جەزایر ئەدرێتەوە.

لەئەنجام و ئایندەیەکی لەو جۆرەدا، پێویستە کورد، بەهەموو رێکخراوە رامیاری و بیریارییەکانیەوە، چاوێك بگێڕێتەوە بەخۆیداو بەرنامەیەکی نوێ دارێژێ بۆ ئایندەی خۆی، لەبابەتی بەرنامەیەکی لەم جۆرە:

1–کەمتر پەنا بباتە بەر خەباتی چەکدارانە لەکوردستاندا، مەگەر هەر بۆ ئەوەندەی لەچیاکاندا بنکەیەك هەبێ بۆ پەناو دالدەی ئەوانەی لەئەنجامی چالاکیی رامیاریو مەترسییەك دروست ئەبێ بۆ سەر ژیانیان.

2–زیاتر رێگەی خەباتی سیاسی بگرێتە بەر.

3–هەر چەندێ بۆی بکرێ، زیاترین خێزانی کورد لەپایتەختەکاندا نیشتەجێ بکاتو ئەو خێزانانە پیشەی بازرگانیو پیشەسازی هەڵبژێرنو دەس بگرن بەسەر بازاڕەکانی پایتەختەکاندا ئەگەر رێگەی کۆلێجی سەربازیو دەسەڵاتە شارستانێتییەکانیان لێ گیرا.

4–بەرهەم هێنانی مندالی زۆرو هەر لەمنداڵییەوە گۆشکردنیان بەهەستو هوشیاریی نەتەوەیی کوردی.

5– یانەی کۆمەلایەتیو رۆشنبیریو وەرزشی لەیەکیان نزیك خاتەوە.

6–رێکخستنێکی زۆر نهێنی، لاوە چالاكو جەوامێرەکانی ئەو خێزانانە بگرێتە خۆی بێ ئەوەی هیچ چالاکیەکی رامیاریی ئاشکرا بنوێنن.

7–هەموو ئەوانەو هەر هەوڵو رێگەیەکی تر بۆ خۆنانەوە بۆ قۆزتنەوەی هەلێکی لەبار بۆ دەسگرتن بەسەر دەسەلاتدا لەهەر کام لەپایتەختەکاندا بەهەر رێگەیەکی دیموکراتیانە یا بەو رێگایانەی تا ئێستا پیادەکراون بۆ گەیشتن بەدەسەلات، دوای ئەوە مافی چارەنووسی خۆمان لەدەستی خۆماندا ئەبێ، ئەوەش مافێکە، واتا گرتنە دەستی دەسەلات، وەك بۆ کەسانی تر ڕەوایە، بۆ ئێمەش رەوا ئەبێ.

نەکردەش (مستحیل) نیە. بگرە زۆر ئاسانترە لەخەباتی سالەهای شاخو شۆڕشەکانی ناو کوردستان کە ئەو هەموو قوربانیانەی بۆ درا.

بابزانین چۆن؟

جارێ ئەو حکومەتانەی فەرمانڕەوایەتیی ئەو پایتەختانە ئەکەن، نوێنەری راستەقینەی گەلەکانی خۆشیان نین. ئەوانە بەزۆری لەڕێگەی سەرنخوون (کودەتا)وە یا لەڕێگەی هەڵبژاردنێکی دەستێوەردراوەوە هاتوونەتە سەر کار. فەرمانڕەوایەتیەکانیشیان زیاتر دیکتاتۆریانەو ئەنجامی

کارەکانیشیان زیاتر برسی کردنی گەلەکانیانەو تالآنکردنی سامانی وڵاتە بۆ خۆیان، لەبەر ئەوە گۆڕینیان جێگەی داخ نابێ لای نەتەوەکانی خۆیشیان، چڵکاو خۆرەکانیشیان، کە زانیان گلۆڵەی سەرەکانیان لەلێژییە، ئیتر ئەوانیش ملی هەلپەرستیو کاسەلێسی بۆ دەسەڵاتە تازەکە نەوی ئەکەن. ئەمە ئەنجامی تاقیکردنەوەی هەموو رژێم گۆڕینەکانی بەغدادو دیمەشقو تارانە.

ئێمە ئەگەر دەرگای سەربەخۆییمان لێ دابخرێ، نابێ دەستەوستان دانیشین، ئەبێ لەبازنەی سەپێنراو خۆمان دەرباز کەینو پەلبهاوێژین.

ئەشێ بەم قسانە، هەندێك تاس بیانباتەوەو بڵێن کەمەیەکی وەك کورد چۆن زۆربەیەکی بۆ حوکم ئەکرێ؟!

لەوەڵامی پرسیارێکی وادا ئەڵێین: ئێستا لەبەغداد کەمەی سونیو لەدیمەشق کەمەی عەلەویو لەتاران کەمەی فارس حوکمڕانن. لەتورکیاش خەریکە ژمارەی کوردو تورك یەکسان ئەبنەوە، ئێمەش وە نەبێ لەم قسانە خواستو هەوای داگیرکردنو زەوتکردنی وڵاتو نەتەوەی ترمان بێ. بەڵکو تەنیا مەبەستمان دابینکردنی مافی نەتەوەکەی خۆمانە.

ئنجا ئێمە کە هەر لکاوین بەو وڵاتانەوەو ئەوان هەر شەریکەبەشمان بن لەسامانی کوردستاندا، بۆ نابێ کوردیش جارێك لەجاران فەرمانڕەوای ئەو شەریکێتییەبێ؟.

# دەرخستنی هەڵەکان
# راستکردنەوە ئەنجام ئەدات

لێرەدا وەك راستییەك پێویستە ئەوە بدرکێنم کە دەرخستنی هەڵەکانی سەرکردایەتی سیاسی کوردی لەبایەخی لایەنە چاکەکانی ئەو سەرکردایەتییە کەم ناکاتەوە. ئەوانە خاوەنی مێژوویەکی پڕ لەخەباتو پڕ لەمەترسیو دەربەدەریو کوێرەوەریو ئازارو ئەشکەنجەو قوربانی دانن. ئەوانە کار ئەکەن بۆیە هەڵە ئەکەن، ئێمەش کە رەخنە لەو هەڵانە ئەگرین،

هەڵبەت ئەوە لەڕووی دڵسۆزیمانەوەیە بۆ ئـەو سـەرکردایەتیانە. خواسـتمان ئەوەیە ئەو سـەرکردایەتییە بەڕێزانـە پەنـد لـەو هەڵانـە وەرگـرن‌و هەڵـەکان دووبـاره نەبنــەوە چـونکە بـارودۆخی نەتەوەکـەمان لــەوە زیـاتر هەڵــە هەڵناگرێ. ئنجا وە نەبێ پرژی ئەو هەڵانەش تـەنیا بـۆ ئـەو سـەرکردایەتی‌و ڕێکخراوە سیاسیانە بێ، بەڵکو هـەر کارەسـاتێك لەئـەنجامی ئـەو هەڵانـەوە ڕووبــدات ســـەرجەمی نەتەوەکـــەمان ئەگرێتــەوە، ئـــەو ڕاســتیانەیە پاڵپێوەنەرمان بۆیە ئەو هەڵانە پیشان ئەدەین.

ڕاسـتییەکی تـریش ئەوەیـە کـە تـەنیا پیـشاندانی هەڵـەکان بـەس نیـە. دۆزینەوەی چارەسەرییەکانیش پێویستە، لەوەش گرنگتر بەشـداری کردنـی کردەییانەیە لەو چارەسەریانەدا.

ڕاسـتی سـێهەم ئەوەیـە کـە کوردایـەتی‌و سـەربەخۆیی تـەنیا ئـەرکی سەرکردایەتی‌و ڕێکخراوە سیاسیەکان نیە، بەڵکو ئـەرکی سەرشـانی هـەموو تاکەکانی کۆمەڵەکەشمانە، بەتایبـەتی ڕۆشـنبیران، لـەپێش هەمووشـیانەوە ڕۆشنبیرانی نەتەوەیی.

لـەم گۆشـەنیگایانەوەو دوای پەزمەنـدە بەسـتنی گرفتـەکانی دیـاردەی نالەباری پەنجا بەپـەنجاو دەرکـەوتنی سـەرەتاکانی مەترسـی دووبـەرەکی‌و شـەڕێکی ترسـناکی نـاوخۆ کـە ئـەوە هەمیـشە دەردی کوشـندەی نەتـەوە ستەمدیدەکەمان بـووە، ئێمـە ژمارەیـەك ڕۆشـنبیری نەتـەوەیی، لـەپێناوی دەرخـستنی هەڵـە ترسـناکەکان‌و پیـشاندانی چارەسـەرییەکان‌و بەشـداری کردنی کردەیـی لـەو چارەسـەریانەدا، لیژنـەی کۆشـشی نەتـەوەییمان پێـك هێنا، بەنان‌و ئاوو جلوبـەرگی خۆمانـەوە، واتـا دوور لەخواسـت‌و پـشتگیری هیچ لایەنێك.

یەکەم چارەسەرییەکمان بۆ بەربەسـت کردنـی دووبـەرەکی‌و نەهێـشتنی دیاردەی پەنجا بەپەنجا، پێشنیاری یەکگرتنی دوو پارتییە دەسەڵاتدارەکە، پارتی‌و یەکێتی بوو. بۆ ئەو مەبەسـتە، یەکـەمجار ئەنـدامێکی لیژنەکـەمان، نووسەری ئەم پەڕاوە، ڕۆژی 1994/3/23 دیـدەنیی بـەڕێز مـام جـەلال‌و

رۆژی 1994/3/30 دیـــدەنیی بـــەڕێز کـــاك مەســـعودی کـــرد، رۆژی 1994/4/10 یەکەم راگەیاندنی لیژنەکـەمان دەرکـردو 4/14 لەبرایـەتی‌و 4/27 لەکوردستانی نوێدا بڵاوکرایەوە.

ئێمە وەك لیژنەی کۆشـشی نەتـەوەیی، بەکۆمـەڵ دەس بـەکاربووین، رۆ ژی 1994/4/11 کۆبوونەوەیـەکمان لەگـەڵ ئەنـدامی مەکتـەبی سیاسـی یـەکێتی بـەڕێز فەرەیـدون عەبـدولقادر کـرد لـەژووری بازرگـانی سـلێمانی‌و بیرۆکەکەمان بۆ شـیکردەوەو داوامـان کـرد کـە لەگـەڵ (م.س)ی یەکێتی‌دا کۆبوونەوەیەکمان بۆ ساز بکات. رۆژی 1994/4/12 لیژنەکەمان بەکۆمەڵ چووینە دیدەنی بـەڕێز کـاك مەسـعود بـارزانی لەسـەری رەش. ئـەمجارەیان زیاتر لە یەککگرتن‌و گرنگیەکانی یەککگرتن دواین. ئەویش زیاتر گەش بین بـوو بەم کۆششەی ئێمە. ئنجـا راگەیانـدنی ژمـارە (1)ی لیژنەکـەمان پێـشکەش بەبەڕێزی کرد کە ئەمە دەقەکەیەتی:

## لیژنەی کۆششی نەتەوەیی

راگەیاندنی ژمارە (1) **1994/4/10**

ئێمـە کـە لـەخوارەوە ئیمزامـان کـردووە، وەك کۆمـەڵێك رۆشـنبیرو نیـشتمانپەروەر، بـەماف‌و ئـەرکی سەرشـانی خۆمـانی ئـەزانین کۆشـشمان یەکخـەین لەلیژنەیەکـدا بـەناوی (لیژنـەی کۆشـشی نەتـەوەیی)یـەوە بـۆ بەشداربوون لەچارەسەرکردنی ئەو کێشانەدا کە روو ئەکەنە نەتەوەکـەمان‌و بـۆ پێـشکەش کردنـی هـەر کـارو ڕاو پێـشنیارێك کـە خێـرو خۆشـی نەتەوەکەمانی تێدا بێت.

یەکێك لەو کێشە ئاڵۆزانەی ئـەمڕۆ ئـەم بەشـە رزگـارکراوەی کوردسـتان دووچاری بووە. کێشەی پەنجا بەپەنجایە کە کارێکی ناجۆری کردۆتـە سـەر تێکـڕای دامودەزگاکـانی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان‌و بۆتـە هـۆی بەڕێنەکردنی کارەکان وەك پێویست‌و رێگرێکـە لەبـەردەم کەسـانی کارامـەو شارەزای نەتەوەکەمان کە ئەرکی سەرشانی خۆیـان بـەجێ بهێـنن لـەبواری

تواناكانياينداو بۆته هۆی بەلاوه خستنی گەلێك بەرژەوەندی تر كە كراون بەقوربانی بەرژەوەندی تەسكی پارتایەتی.

**ئەم كێشەیە لەكاتێكدایە كە ئەم بەشەی كوردستان لەژێر زەبری دوو ئابلۆقەی ئابووریدایە، بێكاریو برسێتیو گرانی هەڕەشەی مردن لەزۆربەی هاوڵاتیان ئەكات. ئایندەی قەوارەی سیاسیمان نادیارە. دزیو راوو ڕووتو ئاودیوكردن بەردەوامە جامبازەكانی دراو یاری بەئابووریمان دەكەن. كۆبوونەوەو پیلانەكانی داگیركەرانی كوردستان لەدژمان شاردراوە نین.**

**ئەمانەو گەلێك باری ناهەمواری تر.**

ئەم دیاردەی پەنجا بەپەنجایە، لەئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی كوردستاندا پەیدا بوو كە ئەوسا بۆ پەرلەمان بیانوی گونجاوی هەبوو، بەڵام زۆری نەخایاند. دیاردەكە بوو بەنەخۆشییەكو وەك پەتایەك ئەنجومەنی وەزیرانو هەموو دامودەزگاكانی حكومەتی هەرێمو رێكخراوەكانی گرتەوەو بەرژەوەندییە گشتیەكان تووشی ئیفلیجی بون بەهۆی ئەم پەتایەوە.

ئێمە پێمان وایە هەڵبژاردنێكی گشتی تریش چارەسەری ئەم كێشەیە ناكات. چونكە تازە هەموو دەزگا مەدەنیو سەربازییەكان بەڕێژەی پەنجا بەپەنجا ئاخنراون. گریمان هەڵبژاردنێكی گشتی تر ئەو دیاردەیە نەهێڵێت. بەڵام گومان لەوەدا نیە كە ئەوسا ژمارەیەك كێشەی تازەی ئەوتۆ بۆ نەتەوەكەمانو بۆ حكومەتی هەرێم دروست دەبن كە ئاوات ئەخوازین بەئێستای ئەم كێشەیە. چونكە ئەمڕۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان بەهاوكاری هەردوو پارتی تێكۆشەر (پارتی دیموكراتی كوردستانو یەكێتی نیشتمانی كوردستان) ئەبرێت بەڕێوەو هەردووكیان بارە گرانەكەیان بەشەكەتی هەڵگرتووە. ئەوسا بارە گرانەكە ئەچێتە سەر شانی تەنیا یەكێك لەو دوو پارتەو ئەوی تریان نەك بەشداری هەڵگرتنی بارەكە ناكات. بەڵكو ئەشبێتە بەرهەڵستكارو ئەشێ هەر رۆژەی قورتێك بخاتە رێگەی ئەم

حکومەتە ساوا نیوە ناتەواوەی هەرێمی کوردستانی کاول کراوی نەدارای دوای ئەنفالو کیمیابارانو ژێر دوو ئابلۆوقەی ئابووری. دیارە ئەوەش لەم بارو دۆخەی ولاٌتەکەماندا مەترسی لەباربردنی ئەم رزگاریو ئازادییەمانی لیٌ ئەکرێت کە بەخوێنی دووسەد هەزار شەهید هاتۆتە بەرهەم. هەموو ئەمانەش رێگە لەهەڵبژاردنی گشتی ئایندە ناگرن لەکاتی خۆیدا، جا ڕێگە چارەیەك کە ئێمە پەسەندی ئەکەین بۆ نەهێشتنی کێشەی پەنجا بەپەنجا بیٌ ئەوەی کێشەی تری لیٌ بکەوێتەوە، ئەوەیە کە هەردوو پارتی تێکۆشەر (یەکێتی نیشتمانی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستات) یەك بگرن لەیەك حزبی نویٌدا، ئەوەش نەك هەر کێشەی پەنجا بەپەنجا ناهێڵیٌ، بەڵکو ئەم دەروازانەش لەبەردەم نەتەوەکەماندا ئەکاتەوە.

1–لەئاستی دەرەوەدا: دۆستەکانمان بەڕێزێکی زیاترو گرنگییەکی گەورەترەوە ئەڕواننە مەسەلەکانو دەستی هاریکاریو یارمەتیو بەرگریمان بۆ درێژ ئەکەن.

2– لەئاستی ناوچەییدا: دژانو داگیرکەرانی کوردستان هیوابڕاو دەبن لە سوود وەرگرتن لەدرزو کەلەبەری نێوان باڵە سیاسیەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردو بەرپاکردنی شەڕی براکوژی لەناوماندا کە ئەوە دەردی کوشندەی نەتەوەکەمان بووە بەدرێژایی مێژووی تاریکمان.

3–لەئاستی ناوخۆشدا: جەماوەری گەلەکەمان بەچاوێکی گەشبینترەوە ئەڕوانێتە حکومەتی هەرێم، بازووی بەرگری نەتەوەکەمان بەهێزتر دەبێتو توانای زاڵبونمان بەسەر کێشەکاندا زیاتر ئەبێت. رێگە لەو هەلپەرستو رابردوو خراپو بەکرێگیراوو ناپاكو دزو درۆزنانە ئەگرێت کە ئێستا لەدرزی نێوان ئەو دوو پارتیەدا خۆیان شاردۆتەوە، دەرگا والاٌ دەبێت بۆ وزەی کارامەو شارەزایان. دەزگا سەربازییەکانو دەزگاکانی راگەیاندنو دەزگا پەیوەندییەکانی ناوخۆو دەرەوە یەك تەن ئەبن، بەکورتی لەئاسۆیەکی

نوێوە خۆرێکی گەش بەستەڵەکو تاریکیمان ئەڕەوێنێتەوەو بوار بۆ چرۆو خونچەکان ئەڕەخسێت بۆ پشکوتونو کردنەوەو بەرهەمدان.

ئێمە ئەمڕۆ هیچ بیانویەك نابینین بۆ ئەوەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەییانەی کورد لەم کوردستانە ئازادە بارودۆخ ناسکەدا لەدوو لایەنەوە (کە هەردووکیان دوو لقی یەك درەختن) سەرکردایەتیو رابەرایەتی بکرێتو هەر یەك بەلایەکدا رایکێشێتو ئەو خەڵکەش هەمیشە بەدڵەڕاوکێوە چاوەڕوانی ئەوە بن کەی ئەم تاقیکردنەوەیەشمان لەبار ئەچێت بەهۆی ئەو کێشمەکێشەوە.

جیاوازی ئایدیۆلۆجیش (ئەگەر هەبێت کە ئێمە لەو باوەڕەداین نیە) نابێتە کۆسپێك لەڕێگەی ئەو یەکگرتنەدا چونکە دوای هەرەسی سەربازگەی سۆشیالیستی لەجیهاندا، شەڕی ئایدیۆلۆجی لەسەرتاپا سەری گێتیدا گۆڕدرایەوە بەململانێی بەرژەوەندیی نەتەوەیی، بەرژەوەندی کوردیش بەهەموو ناوچەو چینو تاكو کۆمەڵو باڵە سیاسییەکانیانەوە لەکوردستانێکی یەکگرتووی سەربەخۆی دیموکراتدایە.

دوای بەدیهێنانی ئەو ئاواتو ستراتیجە، زۆربەی نەتەوە لەژێر سێبەری دیموکراتیدا خاوەنی دەسەڵاتو بڕیار ئەبێت بۆ دیاریکردنی جۆری فەرمانڕەوایەتیو رژێمی ئابووریو کۆمەڵایەتیو..هتد.

لەکۆتاییدا هیوادارین ئەم ڕاو پێشنیارەمان جێگەی پەسەندی ئەو دوو پارتیە تێکۆشەرە بێت. هاندەرێکیش بێت بۆ هەموو رێکخراوە سیاسیەکانی ترو کەسانی بێلایەن بۆ بەشداری کردن لەو یەکگرتنەدا. یەکگرتن خواستی جەماوەری کوردستانەو پێویستی ئەم قۆناغە ناسکەی ئەمڕۆی نەتەوەکەمانە.

داواکاریشین لایەنو کەسانی نەتەوەکەمان هەڵوێستی ئیجابیان هەبێت لەئاستی ئەم ڕاو داخوازییەداو بێنە وەڵامو دەنگیان بخەنە پاڵ ئەم داواکارییەو هەمیشە دەنگی ڕای گشتی جەماوەر بڵند بکرێتەوەو رەخنەگرو

رێپیشاندەرو پاڵپشتی پەرلەمانو حکومەتی هەرێمو رێکخراوە سیاسیو ئابووریو کۆمەلایەتیو رۆشنبیرییەکانمان بێت. ئامادەیی خۆشمان پیشان ئەدەین بۆ جێبەجێ کردنی هەر کارو کۆششێك کە بەدی هێنانی ئەو خواستو پێویستیە نەتەوەییە ئاسان بکات.

هەر بژین بۆ کورد

| | |
|---|---|
| 1-کامل ژیر | نووسەر |
| 2-شێخ سالار حەفید | پارێزەر |
| 3-رەفیق تۆفیق قەزاز | سەرۆکی ژووری بازرگانی |
| 4-خالد شێخ محەمەد خاڵ | عەمیدی کۆلیجی کشتوکاڵ |
| 5-مامۆستا مەلا مەجید | زانای ئاینی ئیسلام |
| 6-متران عبدالاحد یعقوب ربان | زانای ئاینی مەسیحی |
| 7-جەلال عومەر سام ئاغا | ئابووری ناس |
| 8-جەمال شالی | پارێزەر |
| 9-هوشیار بابان | ئەندازیار |
| 10- د. نهاد فازل | پزیشك |

بەڵام وەك مەولەوی ئەڵێ:

من لەرێی زەحمەت نوختەم ئەکڕان

بەڕێی رەحمەتا مێشێ پیا ڕیان

ئێمە ئەمانویست یەکگرتن ئەنجام بدەین، چارەسەری کێشەی پەنجا بەپەنجا بکەین، برایەتیو تەبایی بەهێز بکەین، زامەکان سارێژ کەین، ئەزموونی پەرلەمانو حکومەتی باشوور سەرخەینو بەرەو سەربەخۆیی هەموو کوردستانی بەرین.. کەچی کارەساتە دڵتەزێنو جەرگ بڕەکانی مانگی ئایارو 13/ حوزەیرانی 1994 هەموو ریسەکەی کردینەوە بەخوری!! بەداخەوە ئەوەی ئێمە لێی ئەترساین روویداو جارێکی تر جۆگەلەی خوێنی کورد بەدەستی کورد هەستایەوە! کاری لیژنەکەی ئێمە

گرانتر بوو، ئنجا هەوڵو کۆششمان زۆر بەچڕیو بەرگەمی ئاڕاستەکرد بۆ وەستانی ئەو شەڕە.

بەڵێ لە 2/ ئایاری 1994دا شەڕێکی ناوخۆی ماڵوێرانکەر لەنێوان پارتیو یەکێتیدا روویدا.

شەوی 4/3ی ئایاری 1994 کات یەك سێ ئەندامی لیژنەکەمان خوالێخۆشبوو رەفیق قەزازو جەلالی سام ئاغاو کامیل ژیر بەیاوەری مامۆستای تێکۆشەرو خەمخواری کوردایەتی جەمال عەبدول، وەك هەولێك بۆ ڕاگرتنی ئەو شەڕە چاوەڕوانکراوە، لەسەر داوایەکی تەلەفۆنی لەلقی چواری پارتییەوە بۆ کاك جەلال، چووینە دیوانی پارێزگای سلێمانی.

ئەو شەوە شار بۆنی خوێنی لێئەهات، هەموو شتێك سامناك، کەم کەس لەشەوێکی وادا ئامادەیە خۆی بهاوێتە ناو ئاگربارانێکی چاوەڕوانکراوەوە، بەتایبەتی کە ئەبینرا سەری فلکەکانو کەناری شەقامەکان چەکدار ڕێژکرابوون.

کە گەیشتینە دیوان، لەلایەن پارێزگارو ژمارەیەك ئەندامانی مەڵبەندی سلێمانی یەکێتیو ژمارەیەك ئەندامانی لقی چواری پارتیو نوێنەرێکی حیزبی شیوعیو شێخ مەحمودی کارێزەو شێخ کامیلی چوێسەو مەلا ساڵحی مزگەوتی گەورەو چەند کەسێکی ترەوە پێشوازی کراین.

قسەو باس لەسەر کارەساتەکەی عەلی حەسو میرخان بوو لەقەڵادزێ، وتیان پارتیش لەئەنجامی ئەوەدا ئابلووقەی مەڵبەندی دهۆکی یەکێتیی داوە. وتووێژەکان ئەوەیان ئەگەیان کە بۆ رۆژی دوایی ئەو شەوە یەکێتیش ئابلووقەی لقی چوار بدات، ئەوانەش هەمووی هێمای شەڕێکی کاولکارانە بوو.

تێکڕا ئامادەبووان رووی تکایان کردە نوێنەرانی یەکێتیو پارتی کە ئەو شەڕە روو نەدات، وتمان سلێمانی لەزۆر بۆنەدا پێشەنگو نموونە بووە. وەرن بابڕیار بدەین لەم بۆنەیەشدا هەر وابێ. با سلیانی بێ لایەن بوەستێو

ببێ بەو بەشەی کە ئـەوترێ (بەشـی خۆشـیی تیـا بمێنـێ)و بەشـداری ئـەم شەڕە نەکات، خۆ هەموو شەڕێك هەر بەئاشتی کۆتایی دێت.

تێکڕای ئەو ئامادەبووانەی تری وەك ئێمە بۆ ناوبـژی هـاتبوون، داوایـان کرد فەرمانی شەڕ جێبەجێ نەکرێ، هەرچی قسەی چاکو خێـر هـەبوو کـرا. مامۆستا جەمال عەبدول گەلاڵەی بروسکەیەکی بۆ کاك مەسعود ئامـادەکرد، پارێزگـار پەیوەنـدیی بەبەدالـەی سـلێمانیەوە کـرد کـە بەتەلـەفۆن ئـەو بروسکەیە بگەیەنرێ، بەڵام بەدالـە کەسـی لێ نـەمابوو، کورتـەی بروسـکەکە ئەوە بوو (بەناوی بەشداربووانی کۆبوونەوەکەوە داواکـارین شـەڕ ڕوونـەدا، ئابلۆوقـەی دەوری مەڵبەنـدی یـەکێتی لـەدهوك نـەمێنێ بـۆ ئـەوەی شـەڕ پەرەنەسـێنێ، کـاك جـەلال سـام ئاغـا داوای لـەکاك قـادر قـادر کـرد ئـەو لەڕێگەی خۆیەوە بروسکەیەك بنێرێ بۆ کاك مەسعود کە ئابلۆوقەکە لابرێت. قادر وتی تا ئەو هێزانـەی هاتوونەتـە شـارەوە نەگەڕێنـەوە ئـەو بروسـکەیە ناکات. ئیتر بەنائومێدی لەبەرەبەیانـدا بڵاوەمـان لێکـرد. زۆری نـەبرد تەقـە لەگەڵ لاوە دەستی پێکردو بوو بەو شەڕە.

لەلایەکی ترەوە، هاوبیرمان جەلالی حاجی حسێن، ئـەویش لای خۆیـەوە لەپەرۆشیو چالاکیدا بوو بۆ ڕاگرتنی شەڕەکە.

بەڵام بەداخەوە لەکاتی 8.40 ئێوارەی 1994/5/4 دا شەهید بوو!.

شـــایانی باســـە ڕۆژی 1994/5/2 لـــەژووری بازرگـــانیی ســـلێمانی لەسـیمینارێکدا بـووین دەربـارەی تونـدڕەویو شـەڕی نـاوخۆ، لـەکۆتایی سـیمینارەکەدا ئـەم بروسـکەیە ئامـادەکراو هـەموو ئامـادەبووان دەنگیـان لەسەردا.

ئەمە دەقی بروسکەکەیە:

## بروسکەو پەلە

ژمارە:1 رۆژ: 1994/5/2

بۆ/ بەڕێزان کاك مەسعود بارزانی + (م.س)ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان + (م.س)ی پارتی دیموکراتی کوردستانی یەکگرتوو

لەم کاتەدا کە سیمینارێکی گشتی هەیە لەسلێمانی بەهاوبەشی نێوان رێکخراوی مافی مرۆڤ لەکوردستانو کۆنگرەی نیشتمانیی یەکگرتووی عێراق دەربارەی توندوتیژیو توندڕەویو شەڕی ناوخۆ (العنف والحرب الاهلیە)، زۆر بەداخەوە توندڕەویی جەرگبڕ خەریکە بەرپا ئەبێو پەرە ئەسێنێ، کە ئاشکرایە لەم کاتە ناسکەدا، لەدوژمنانی نەتەوەکەمان زیاتر کەس سوودی لێ وەرناگرێت، بۆیە بەناوی هەموو ئامادەبووانی سیمینارەکەی هەردوولاوە تکاو داواتان لێ ئەکەین کە بەچاوی چاکەو پاشەڕۆژی گەلەکەمانو هەستی برایەتیو هاوسەنگەریو سنگی فراوانی دڵسۆزیتانەوە، بڕواننە ئەم کێشە ترسناکەو بەزووترین کات بنەبڕی بکەن.

| | |
|---|---|
| غانم جواد | جەمال عەبدول |
| رئيس مكتب حقوق الانسان | سەرۆکی رێکخراوی مافی مرۆڤ |
| في المؤتمر الوطني العراقي الموحد | لە کوردستان |

# کۆششەکان بەردەوام بوون

لیژنەکەمان، لیژنەی کۆششی نەتەوەیی، هاوکات لەگەڵ کۆششی گەلێ لایەنو لیژنەو کەسانی تر، بەردەوام بوو لەسەر کۆششەکانی، رۆژی 1994/5/13 لەهەولێر لەبەیانیەوە تا نیوەشەو لەهاتوچۆیەکی مەکۆ ئاساییدا بووین لەنێوان کاك مەسعود لەسەری ڕەشو مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەناو شاری هەولێردا، لەدرەنگ کاتێکی شەودا لەکاتێکدا هێزەکانی هەردوولا لەسەر بەرزاییو سەربانی خانووەکاندا سەنگەریان لەیەك گرتبوو و هیچ گیانلەبەرێك بەسەر شەقامەکانەوە نەبوو، ئێمە کەوتینە بەر مەترسی

بۆسەیەکەوەو هەندەی نەما دەزرێژمان لێ بکەن، بەڵام چونکە کۆششەکانی ئەو رۆژەمان روو لەسەرکەوتن بوو، دەربەستی هیچ مەترسییەك نەبووین.

دیارە قسەی لیژنەیەکی ناوبژیکەر هەر ئەبێ قسەی نەرمو نیان بێ، لەو قسانەمان زۆر کردو زۆر نووسی، بەڵام کاتێك بێ هیوا ئەبووین لەئەنجامی کۆششەکانمان، قسەی تریشمان ئەکرد، لەوانە:

کاك جەلال بەکاك مەسعودی وت: بەئابلۆوقەدانی مەڵبەندی یەکێتی لەدهۆك ئێوە بەدەستپێشکەر ئەژمێردرێن.

کاك مەسعود وتی: من نیازی شەڕم نەبوو، ئەگەر ئەو نیازەم ببوایە، پێشەکی ئەو بەزراییانەم ئەگرت کە ئەڕوانن بەسەر سەلاحەدینو سەری رەشدا.

لەمەکتەبی سیاسی پارتی بەقادر قادری وت: ئەگەر تۆ ئەو بروسکەیەت بکردایە، لەوانە بوو شەڕەکە رووی نەدایە.

کاك عەلی عەبدوڵڵا پشتگیری قسەکەی کردینو وتی: ئەوە قسەیەکی راستیەو نابێ لەقسەی راست زویر بین.

لەمەکتەبی سیاسی یەکێتی لەهەولێر بەجەبار فەرمانی وت: تۆ وتووتە وەك مەلا عوسمان کاك مەسعودیش ئەگرم!، وتی: ئەوەی ئەو قسەیەی بۆ ئێوە کردووە بێ ئەدەبە، ئەگەر منیش کردبێتم بێ ئەدەبم.

بەکاك مەسعودمان وت: لەئەنجامی هەوڵەکانی ئەمڕۆماندا گەیشتووینەتە ئەو ئەنجامەی ئەگەر بەڕێزت لەرادیۆوە بانگەوازێك بدەی بۆ راگرتنی شەڕ، یەکێتی بەڵێنیان پێ داوین ئەوانیش شەڕ رائەگرن.

کاك مەسعود وتی: ئەوە ناکەم، چونکە دووجاری تر، بەیانی لەو جۆرەیان پێ خوێندمەوە شەڕیشیان رانەگرت.

کاك جەلال وتی: ئەی ئەگەر زۆرت لێ بکەین! ؟ [33]

کاك مەسعود وتی: ئەوە جیایە، زۆر ناوی خۆی بەخۆیەوەیە، باشە فەرموون ئێوە نوێنەری منیش بن، بچن لەسەر بانگەوازەکە پێك بێن، منیش ئەیخوێنمەوە.

بەپەلە گەڕاینەوە بۆ مەکتەبی سیاسی یەکێتیو پێکهاتین لەسەر ناوەڕۆکی بانگەوازەکە، ئەمە دەقەکەیەتی:

**بانگەواز**

لەبەر بەرژەوەندی بەرزی کوردو کوردستانو لەبەر مەترسی گەورەی ئەو بەرامبەر یەکتر وەستانەی هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان کە ترسی لەناوچوونی هەموو شتێکی باشو هەموو دەستکەوتێکی گەلەکەمانی هەیە، بۆیە لەو ئاستە بەرزەی هەست کردن بەمەسئولیەتەوە:

1- داوا لەهێزەکانی هەردوو لا یەکێتیو پارتی ئەکەم هەردوولا لەیەك کاتدا بەپەلە سەعات 10ی سەر لەبەیانی شەممە 1994/5/14 شوێنەکانی خۆیان چۆڵ بکەنو بگەڕێنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان لەشارەکانی خۆیان.

2- نابێ هیچ هێزێکی زیادە بمێنێو هەمووی ئەبێ بگەڕێتەوە دهۆكو ناوچەکانی تری بادینانو ئەوانەی تریش بۆ ناوچەکانیان لەکەرکوكو سلێمانی.

3-هێزەکانی ناو شاری هەولێر سەربانو شوێنە بەرزەکان لەهەمان کاتی دیاری کراودا سەعاتی 10 بەر بدەنو بگەڕێنەوە بارەگاکانی خۆیان.

---

(33) شایانی باسە ئەندامی لیژنەکەمان جەلالی سام ئاغا بەدەم ئەم قسەیەوە وتی: من بەتەمەن لەهەموو ئەندامانی ئەم لیژنەیە بچوکترمو ژنو منداڵیشم نیە، لەبەر ئەوەی دەربەستی کوشتنیش نیم لەپێناوی ئەم زۆرلێکردنەدا.

4–هەموو کارمەندانی حکومەتی هەرێم لەرۆژی شەممەوە دەوام بکەن پەرلەمانو وەزارەتەکان، دانیشگاو قوتابخانەکان هەموو دەوامی ئاسایی بکەن. هەروەها بازاڕو بازرگانی ئاسایی کاری خۆیان بکەن، وەزعەکە بۆ رۆژانی پێش 1994/5/1 بگەڕێتەوە.

5–بازرگانیو هێنانی ئازووقە لە (ئیبراهیم خەلیل)ەوە بۆ هەموو شارەکان رێگەی پێ بدرێو کەس رێگە بەهاتوچۆ نەگرێ.

6– هەرچی ئەم بڕیارانە جێبەجێ نەکا، هەر لایەنێك یەکێتی نیشتمانیو پارتی دیموکراتی کوردستان ئیلتیزام بەبەندەکانی نەکا لەبەردەمی گەلی کوردا ئۆبالی خوێن ڕشتنو کارەساتەکە ئەکەوێتە ئەستۆی.

**مەسعود بارزانی**

بەڵام کە گەڕاینەوە سەلاحەدین، خوالێخۆشبوو فەرەنسو هەریری رێگەی نەداین بچینەوە لای کاك مەسعود، وتی ئەمە پێویست نیە، چونکە ئێستا ئەو لەکۆبوونەوەدایە لەگەڵ وەفدێکی تردا بەسەرۆکایەتی د. فوئاد مەعسومو ئامادەبوونی ئەحمەد چەلەبی، کاك عەلی عەبدوڵڵا بانگەوازەکەی پێخۆشبوو، حەزی ئەکرد بچینەوە لای کاك مەسعود، زۆرمان چاوەڕوان کرد، بەڵام کۆبوونەوەکە درێژەی کێشا تا درەنگ کاتی شەو، فەرنسۆش سوور بوو لەسەر قسەکەی خۆی، ناچار گەڕاینەوە.

ئێمە ئێستا لەم پەڕاوەماندا، زیاتر بۆ خزمەتی مێژوو، گرنگی ئەدەین بەکۆششەکانی لیژنەکەمان، هیواداریین لایەنو لیژنەکانی تریش هەوڵو کۆششەکانی خۆیان لەو پێناوەدا، بەچاپ بگەیەننو بڵاوبکەنەوە بۆ ئەم مەبەستانە:

1–تا نەوەکانی ئایندە ئەوە بزانن کە هەوڵەکانی ئاشتی هەر تەنیا بریتی نەبوون لەهەوڵەکانی پاریسو درۆگیداو لەندەنو ئەنکەرەو واشنتۆن.

2–بۆ ئەوەی چارەسەرییە کوردییەکان کە لەراگەیاندنەکانی ئەو لایەن‌و لیژنـەو کەسـانەدا دیـاری کـراون‌و زۆر چـاکترو دڵسۆزانەترو کردەییانـەترن لەچارەسـەرییە بیانیـەکان، ببنـە وانەیـەك بـۆ نـەوەکانی ئاینـدەمان‌و بەربەستێك بۆ روونەدانەوەی شەڕی ناوخۆ.

3–بێگومـان رێکخـستنی نـاو مـاڵی کـورد، لـەپێش هـەموو شتێکیـشدا ئاشـتی‌و برایـەتی‌و یـەکێتی ریزەکـانی نەتـەوەی کـورد، یەکـەم هـەنگاوی پێویست‌و بنەڕەتییە بەرەو سەربەخۆیی کە جێگە باسی ئەم پەڕاوەمانە.

بۆیـە وا لەدوابەشـی ئـەم پـەڕاوەدا، راگەیاندنـەکانی لیژنـەی کۆشـشی نەتەوەیی پێشکەش بەخوێنەرەوەی بەڕێز ئەکـەین. هـەروەك سـپاردەیەکی مێژوویش ئەوە پیشاند ئەدەم کە بۆ یەکەمجار مامۆسـتایان جـەمال شـاڵی‌و شێخ سـالار حەفیـد بەدەنگمـەوە هـاتن بـۆ دروسـتکردنی لیژنـەی کۆشـشی نەتەوەیی بەو هۆیـەوە کـە هـەردووکیان پـارێزەربوون‌و نزیکبـوون لێمـەوە. ئەوانیش مامۆستایان خالد خـاڵ‌و رەفیـق قـەزازو د. نیهـاد محەمـەد فـازل‌و جەلال سام ئاغـاو هوشـیار بابـان‌و مـەلا مەجیـدو مـتران عەبدالاحـد یعقـوب ربانیان دیاری کرد.


کە کەوتینە کار، گەلێ بەڕێزی تر داوایان لێکردین کە هاوکاریمان بکـەن‌و ببنە ئەندام، بەڵام ئێمە هەر وامان بەباش زانی کـە لیژنەکـە فـراوان نەکـەین چـونکە کارەکانمـان بـەو ژمارەیـە جێبـەجێ ئـەکرا. لـەبارەی نووسـین‌و داڕشـــتنی راگەیاندنەکانمانـــەوە، بیرۆکـــەکان هـــی هـــەموومان بـــوو، دوا داڕشتنەوەی بەمن ئەسپێردرا.

ئـەو راسـتیەش پیـشان ئـەدەم کـە هـیچ کـەس‌و لایـەنێك یارمەتیـدەری لیژنەکەمان نەبووە. هەموو خەرجیەکانمان بۆ نوسـینەکان‌و سـەفەرەکانمان لەگیرفانی خۆمان بووە.

شایانی وتنە هەردوو بەڕێز مامۆستایان مەلا مەجیدو مـەتران عبدالاحـد، تـەنیا تـا ڕاگەیانـدنی ژمـارە یـەکی 1994/4/10 هاوکارمـان بـوون، دوای

ئەوە روانیمان ئەوان بۆیان ناکرێ ئەو هەموو هاتوچۆیە بکەن، لیژنەکەمان مایەوە هەشت کەسەکەی تر.


# راگەیاندنەکانی لیژنەی کۆششی نەتەوەیی



رەفیق قەزاز



هوشیار بابان




خالد خاڵ



جەمال شاڵی



شێخ سالار حەفید



د. نیهاد فاضل



جەلال سام ئاغا



کامیل ژیر

# لیژنەی کۆششی نەتەوەیی
## راگەیاندنی ژمارە ( 2 )

هاوکات لەگەڵ راگەیاندنی ژمارە (1)ماندا لیژنەکەمان لیژنـەی کۆشـشی نەتـەوەیی لـەپێناوی بەرجەسـتەکردنی کارەکانیـدا بەگـشتیو لـەپێناوی درێـژەدان بـۆ کۆشـشەکەی بـۆ یـەکێتیو تـەباییو یـەکگرتن ئـەم کارانـەی ئەنجام دا:

1- رۆژی 1994/3/23 ئەندامێکی لیژنەکەمان کامل ژیر لەقەڵاچـوالان لەگەڵ بـەڕێز مـام جـەلال سـکرتێری گـشتی یـەکێتی نیـشتمانی کوردسـتان کۆبـووەوەو لـەپیرۆزیو گرنگێتـی تـەبایی نەتـەوەو خواسـتی جـەماوەر بـۆ یەکگرتنی (یەکێتی نیشتمانی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان) دوا وەك لەڕاگەیاندنی ژمـارە (1)ی لیژنەکـەمان رەنگـی داوەتـەوە. بـەڕێز مـام جەلال بەجۆرێکی گشتی یەکێتیو یەکگرتنی باڵە سیاسیەکانی بزووتنـەوەی رزگـاریخوازی کـوردی لەلاپەسـەند بـوو، پێخۆشـحاڵی خۆشـی بەرامبـەر کۆشـشەکە پیـشاندا، ئەوەشـی خـستە ڕوو کـە یـەکگرتنێکی لـەو جـۆرە پێویتـسی بەیەکخـستنی هەڵوێـست هەیـە بەرامبـەر ئاینـدەی کوردسـتانو بەرامبەر رژێمو ئۆپۆزسیۆنی وڵاتو دراوسێکانو بەرامبەر بەهەموو لایەنێکی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیمان داوای بەردەوام بوونو سـەرکەوتنی ئـەم جۆرە کۆششەی کرد.

2-رۆژی 1994/3/30 هــەر هــەمان ئەنــدامی لیژنــە، لــەجیاتی لیژنەکەمان، لەسـەری رەش لەگـەڵ بـەڕێز کـاك مەسـعود بـارزانی سـەرۆکی پارتی دیموکراتی کودستان کۆبووەوەو بەهەمان شێوە لەپیرۆزیو گرنگێتی یەکێتیو تەبایی دواو پێشنیاری یەکگرتنی (پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتانو یـەکێتی نیـشتمانی کوردسـتان)ی کـرد وەك لەهـەمان راگەیاندنـدا هـاتووە، ئەوەشی درکان کە بۆ هەمان مەبەست لەگەڵ بەڕێز مام جەلالدا کۆبۆتـەوەو سـەرنجو بۆچـوونەکانی ئـەوی بـۆ گێڕایـەوە، بـەڕێز کـاك مەسـعود رێـزی

لەکۆششەکە گرتو وتی من نازانم کۆشش بۆ یەکگرتنێکی لەو جۆرە تا چ ڕادەیەك سەرکەوتوو ئەبێت.

بەڵام ئەگەر سەرکەوت ئاخۆ چ خێرێك دەسگیری ئەم نەتەوەیە ببێت، ئنجا بەڕێزی داوای سەرکەوتنو بەئەنجام گەیشتنی کۆششەکەی کردو ئەوەشی پیشاندا کە پرۆژەکە گرنگەو کاری زۆرو بەردەوامو وردی ئەوێتو ئەمیش هەر لەپێویستی یەکخستنی هەڵوێست دوا بەرامبەر بەئایندەو دەوروبەرو دیاردەکان.

3- ڕۆژی 1994/4/11 لەژووری بازرگانی سلێمانی لیژنەکەمان لەگەڵ کاك فەرەیدون عەبدولقادر ئەندامی مەکتەبی سیاسیو لێپرسراوی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ك) کۆبووەوەو ڕاگەیاندنی ژمارە (1)مانی خرایە پێش چاوو چۆنیەتیو ئەرکەکانی پێویستی دروست بوونی لیژنەکەمانی بۆ باس کراو لەگرنگی یەکگرتن دوایـنو ئەوەمان وت کە بەتاقیکردنەوە دەردەکەوێت یەکبوونو تەبایی تەواو دروست نابێت بەبێ یەکگرتن، ئەو یەکگرتنەش کە ئێمە داوای ئەکەینو خواستی گەلی کوردە، دژی دیاردەی فرە پارتایەتی نیە، ئێمە تەنیا مەبەستمان یەکگرتنی هەردوو باڵە سیاسیەکەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردە نەك هەموو بزوتنەوەیەکی سیاسی لەکوردستاندا، ئنجا ئەوەشمان درکان کە ڕۆژی 1994/4/12 لیژنەکەمان بەتەمایە بەکۆمەڵ لەگەڵ بەڕێز کاك مەسعود بارزنی کۆببێتەوە بۆ هەمان مەبەستو داوامان لێکرد کە لەهەمان ڕۆژدا بمانگەیەنێت بەمەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك).

بەڕێز کاك فەرەیدون پیرۆزبایی لەکارەکە کردو وتی بەلای منەوە کارێکی موستەحیل نیە، زۆریش پێم تاقە ڕێگە نیە، یەکێتیو پارتی بێ یەکتری هیچیان پێ ناکرێت، کاك مەسعودو مام جەلال بێ یەکتری هیچیان پێ ناکرێت، کارێکی چاکە ئەگەر ڕایەکی گشتی میللی دروست بکەن وەك هێزێکی دەسەڵاتی مەدەنی، پێموایە کۆششی وا ئەنجامی چاکی ئەبێت، مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) ڕێزی کاك مەسعودی زۆر لەلایە، ئێوە بڕۆن

وەکیلی ئێمەش بن. بـەڵام بـەهۆی ئـەوەوە کـە ئێـستا ئەنـدامانی مەکتـەبی سیاسیمان بڵاوبوونەتەوە بۆ کارەکانیان. لـەتوانادا نیـە سـبەینێ بیـانبینن. هەوڵ ئەدەم ئایندە بەیەکتان بگەیەنم.

4-رۆژی 1994/4/12 لەسـەری رەش لەگـەڵ بـەڕێز کـاك مەسـعود بارزانی کۆبووینەوە لەراگەیاندنێکی داهاتووماندا، ئـەنجامی ئـەو دانیـشتنەو کۆبوونەوەکان لەگەڵ مەکتەبی سیاسی یەکێتی ئەخەینە پێش چاو.

هەر بژین بۆ کورد

# لیژنەی کۆششی نەتەوەیی
# راگەیاندنی ژمارە ( 3 )

ئاشکرایە بوونی چەند رێکخراوێـك بـۆ هـەر یـەکێك لەکەرتـەکانی کۆمـەڵ وەك کەرتی قوتابیان یان خوێندکاران، ئافرەتان یان ژنان، بەدوور نیـە لـەم زیانانەی خوارەوە:

1-دروست بوونی دووبەرەکی لەناو هەر یەکێك لەو کەرتانەی کۆمەڵدا.

2-لاوازبوونی ئەو کەرتو رێکخراوانە بەهۆی پارچە پارچە بوونیانەوە.

3-لەبیرچـوونەوەی ئامانجـە بنەڕەتییـەکانی ئـەو کـەرتو رێکخراوانـە بەهۆی کێشمەکێشمی نێوان خۆیانەوە.

4-دروسـتبوونی بۆشـاییەك لـەنێوان ریزەکـانی کۆمەڵـدا کـە دوژمـنو داگیرکەرانی کوردستان سوود لەو بۆشاییە وەردەگرن.

ئەوانـەو گـەلێك دەرئـەنجامی خراپـی تـر کـە نـەك هـەر پێـچەوانەی بەرژەوەندی گشتییە بەڵکو پێچەوانەی بەرژەوەنـدی تایبـەتی ئـەو کـەرتو رێکخراوانە خۆشیانە.

ئێمـە وەك لیژنـەی کۆشـشی نەتـەوەیی بەئـەرکی سەرشـانی خۆمـان دەزانین کە ڕای گشتی جەماوەر رابهێنین بۆ پێویستی یەکخستنەوەی وزەو چالاکیە تاکەکانی کۆمەڵ تەنیا لەیەك رێکخراودا بـۆ یـەك کـەرتو داواکـارین لایەنە پەیوەندیـدارەکان لـەم راگەیاندنـەمان بکۆڵنـەوەو بـەدەنگ خواسـتی

جەماوەرەوە بێن بۆ یەکسختنی ئەو رێکخراوانە هەر وەك چۆن ئێستا بۆ کەرتەکانی تری کۆمەڵ (مامۆستایان، پزیشکان، ئەندازیاران، پارێزەران، کرێکارانو جوتیاران، نووسەران) تەنیا رێکخراوێك هەیە بۆ هەر یەکێکیان.

پێشمان چاکە وەك پێشنیارێك ئەم خالانەی خوارەوە رەچاوکرێت بۆ ئەو مەبەستە:

أ- رێکخراوی کەرتی قوتابیو لاو ناوبنرێت (یەکێتی فێرخوازانو لاوانی کوردستان) رێکخراوی ئافرەت ناوبنرێت (یەکێتی خانمانی کوردستان).

ب-هەڵبژاردنی لیژنەکانی ئەو رێکخراوانە لەسەر شێوەی بازنەیی بێت، نەك رێژەیی بۆ ئاسانکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن.

ج- خۆپالاوتن بۆ لیژنەکان تاکە کەسی بێت نەك بەلیستە، بۆ ئەوەی بوار برەخسێت بۆ تواناو کەسێتی تاکە کەسی، بێ لایەن بێ یا لایەندار، لیژنەکەی ئێمە ئامادەیی خۆی پیشان ئەدات بۆ هەر کارێك کە یەکگرتن ئەنجام بدات.

چاوەڕوانی وەلامو بڕیاری جەوامێرانەی پارتیە سیاسیەکانو رێکخراوە پەیوەندارەکانین.

1994/4/20

## لیژنەی کۆششی نەتەوەیی
## راگەیاندنی ژمارە ( 4 )

شاردراوە نیە کە لەم رۆژانەدا دیاردەی شەڕە پەڕۆ شێوەیەکی ناشرینی گرتۆتەوەو بۆتە هۆی نیگەرانی جەماوەری گەلو ترسی بەیەکدادانی چەکدارانەشی لێ ئەکرێت سەرباری برسێتیو بێکاریو کۆستکەوتنی هەزاران ماڵی خاوەن شەهید.

ئەم دیاردەیەش لەڕاستیدا یا کردارێکی هەرزە گێلانەیە، یا بەدەسیسەو پیلانی دوژمنانی گەلەکەمانەو بۆ لەبەرچاوخستنو لەباربردنی ئەم کەشی ئازادییەی نەتەوەکەمانە، بەلام بێ دەنگ بوونی سەرکردایەتی پارتیە سیاسیەکان لەئاستی ئەم دیاردەیەدا خەڵکی ئەبات بۆ گومانی تر! ئەو

گومانــەش بــەزیان ئەگەڕێتــەوە نــەك تــەنها بــۆ بزووتنــەوەی رزگــاریخوازی گەلەکــەمان بەگــشتی، بــەڵکو بــەزیان ئەگەڕێتــەوە بــۆ پارتیــە سیاســیەکان خۆیشیان بەتایبەتی. لەکاتێکدا مەسەلەی رەنــگ تــەنیا نیــشانەیەك بــوو بــۆ ناســینەوەی لیــستەی پارتیــە سیاســیەکان لــەکاتی هەڵبــژاردنی گــشتی داو هەرگیز ئایدیاو پیرۆزمەندیی هیچ پارتیەك نەبووە.

ئێمــە دەنگــی نــاڕەزایی جــەماوەری گــەل رائەگەیــەنین بەرامبــەر بــەم دیاردەیەو داواکارین هەر پارتیەو لەلای خۆیەوە فەرمانی قەدەغەکردنی ئەو کــرداره دەرکــاتو بەتونــدی ســزای سەرپێــچیکەران بــداتو مەســەلەی بەدیارخستنی رەنگ تایبەت بێت تەنیا بۆ کاتی هەڵبژاردنی گشتی.

چاوەڕێی وەڵامو بڕیاری جەوامێرانەی پارتیە سیاسیەکانی کوردستانین.

1994/4/25

# لیژنەی کۆششی نەتەوەیی
# راگەیاندنی ژمارە ( 5 )

**بۆ بەڕێزان:**

**کاك مەسعود بارزانی**

**مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان**

**مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان**

ئێمــە کــە لیژنــەی کۆشــشی نەتــەوەیین پــشتگیری ئــەو کۆشــشو خاڵــە پێشنیارکراوانە ئەکەین کە یازدە حیزبو رێکخراوی سەرتاسەری کوردستان پێــشکەش بەهــەردوو حیزبــی هاوپــەیمانیان کــردووە بــۆ راگرتنــی شــەڕی براکوژیو ئاسایی کردنەوەی باری سیاسیو سەربازی نێوان ئەو دوو حیزبــە هاوپەیمانە. ئامادەیی خۆشمــان پیــشان ئــەدەین بــۆ جێبــەجێ کردنــی هــەر کارێك کە رێکەوتنو تەباییو یەکێتی ئەنجام بدات.

بەناوی جەماوەری برسیو رەشو ڕووتی کوردستانی ژێــر دوو ئابلۆقــەی ئابووریی دوای ئەنفالو کیمیابارانەوە داوای وەستانی ئەم شەڕە بێ هۆو بێ

ئەنجامە ئەکەین کە جگە لەماڵوێرانی، نە سـەرکەوتوو، نەژێرکـەوتووی تێـدا نابێ‌و هەموو لایەك زەرەرمەند ئەبن تێیدا. ئەوەش ئەخەینە پێش چاو کەوا گرانی‌و برسێتی‌و قـاتو قـڕی هەڕەشـە لەدانیـشتوانی وڵاتەکـەمان ئـەکاتو ئەگـەر دەسـتبەجێ ئـەم شـەڕە رانـەگیرێ‌و بـارودۆخ ئاسـایی نەکرێتــەوە، مەرگەسـاتێکی بەکۆمـەڵ چـاوەڕوانی نەتەوەکـەمان ئـەکاتو دوژمنـیش زەفەرمان پێ ئەباتو دۆستانیش دەسبەردارمان ئەبن. لەئەنجامیشدا مێژوو شەڕخوازانو تاوانکاران تاوانبار ئـەکاتو هـەموو خـوێنێکی ڕژاوو برسـێتی‌و لـەباربردنی کەشـی ئازادیمـان لەئەسـتۆی هـەر لایـەنێك دایـە کـە هەسـت بەلێپرسراوی مێژوویی ناکات.

دانیشتوانی کوردستان چاوەڕوانی ئەوەیان لـەم دوو حیزبـە هاوپەیمانـە ئـەکرد کـە زیـاتر یـەکبوونو تـەبایی ئـەنجام بـدەن بـۆ گەشـەپێدانی ئـەم تاقیکردنەوەیەی نەتەوەکەمانو هەنگاونان بۆ زرگارکردنی ناوچـەکانی تـری کوردسـتان، نـەك پـەنابردن بـۆ شـەڕێکی ئـەوتۆ کـە لـەباربردنی کەشـی ئازادیمانی تێدا بێت.

جەماوەری کوردستان بەسەرسامیەوە بـەراوردی قسەو لێـدوانی چـاکی لێپرسراوانو کرداری نامەسئولانەی کەسـانی شـەڕخواز ئـەکات لـەڕیزەکانی ئەو دوو هێزە سیاسیەداو توڕەیی خۆی پیشان ئەدات بەرامبەر بەیەکدادانی چـەکدجارانەو حـساب نـەکردن بـۆ بەرژەوەنـدیی گـشتی نەتـەوەو نـەفرەت لەشەڕی براکوژی ئەکات.

جارێکی تـر داوای وەسـتانی شـەڕ ئەکـەین‌و ئامـادەیی خۆمـان دووبـارە ئەکەینەوە بۆ ناوبژی‌و بۆ هەموو کارێکی خێر کە ئاسایی کردنەوەو تەبایی‌و یەکێتی ئەنجام بدات.

1994/5/9

# راگەیاندنی ژمارە ( 6 )

**پرۆژەی لیژنەی کۆششی نەتەوەیی**

**بۆ ئاسایی کردنەوەی باری ئێستاو پتەوکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و چەسپادنی حوکمی یاسا**

1/ گێڕانەوەی بارودۆخی سیاسی بۆ وەك پێش 1994/5/1 لەهەموو رووبەکەوە.

2/ راگەیاندنی حاڵەتی نائاسایی "طواریء"و وەستانی چالاکی حیزبەکان لەهەرێمی کوردستاندا لەرۆژی پێك هاتنەوە لەسەر ئەم پرۆژەیەو تا کۆتایی هاتنی باری ئاڵۆزی کوردستان، ئەمەش بەبڕیارێك لەئەنجومەنی وەزیرانەوە.

3/ دامەزراندنی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لەهەرێمی کوردستاندا بەم جۆرە:

أ-کەسی یەکەمی ئەو حیزبانەی بەشداری هەڵبژاردنی گشتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانیان کردووە ساڵی 1992.

ب- سەرۆکی دادگای تەمیزی هەرێم.

ج- چوار کەسێتی بێ لایەنی رۆشنبیری رابردوو خاوێن کە لەهەڵبژاردنیاندا نوێنەرێتی چوار پارێزگاکە رەچاوبکرێت و ناوبراوانی بڕگەی (أ،ب)ی سەرەوە هەڵیان بژێرن.

4/ سپاردنی دەزگاکانی رادیۆو تەلەفزیۆنی هەموو حیزبەکان بەوەزارەتی رۆشنبیریو راگەیاندنو چالاکی راگەیاندنی حیزبەکان تەنیا لەڕێگەی رۆژنامەو گۆڤاری رێگە پێ رداوەوە بێت دوای لابردنی حاڵەتی نائاسایی.

5/ قەدەغەکردنی دیاردەی چەکداریو یەکخستنی پێشمەرگەی هەموو حیزبە کوردستانیەکان لەوەزارەتی پێشمەرگەی هەرێم دا بەتەواوی چەکەکانیانەوەو سپادرنی کۆلیجی سەربازی لەقەلاچوالان بەوەزارەتی پێشمەرگە.

6/ سپاردنی ئەركی بازگەكان (نقاط السیطرة) لەهەرێمدا بەپۆلیسی ناوخۆو ئاسایشو پۆلیسی گومرگ.

7/ سپاردنی ئەركی ئاسایشی ناوخۆ بەوەزارەتی ناوخۆ.

8/ سپاردنی ئەركی ئاسایشی سنوور بەوەزارەتی پێشمەرگە.

9/ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی كوردستان بكرێتەوە دوای ماوەیەكی گونجاو بۆ سەرژماردنو ئامادەكردنی هەموو ئەو هۆكارانەی كە هەڵبژاردنێكی ئازادو خاوێن زامن ئەكات.[34]

1994/5/12

## راگەیاندنی لیژنەی كۆششی نەتەوەیی ( 7 )

### بەبۆنەی وەستانی شەڕەوەو چەند پێشنیارێك

1- كورتەی كۆششەكانمان: لیژنەكەمان لەرۆژی 1994/6/23 دا یەكەم چالاكی خۆی ئەنجام دا بەكۆبوونەوەی یەكێك لەئەندامەكانی لەگەڵ بەرێز مام جەلالداو دوای ئەوە لەگەڵ بەڕێز كاك مەسعود بارزانیدا رۆژی 1994/3/30 بەمەبەستی هەوڵدان بۆ تەبایيو نزیكخستنەوەو یەكێتیو یەكگرتن، ئەو هەوڵدانەش لەئاكامی مەترسی كێشەی پەنجا بەپەنجا بوو كە كارێكی ناجۆری كردبووە سەر دامودەزگاكانی حكومەتی هەرێمو كارەساتی خراپو ترسناكی لێوە چاوەڕوان ئەكرا، هەر بۆ ئەو مەبەستە لیژنەكەمان بەكۆمەڵ رۆژی 1994/4/11 لەگەڵ كاك (فەرەیدون عەبدولقادر)، رۆژی 1994/4/12 لەگەڵ كاك مەسعود بارزانی كۆبووەوە، دوای ئەوانە راگەیاندنی ژمارە (1) یەكمان لەرۆژنامەی برایەتی رۆژی 1994/4/14 و لەرۆژنامەی كوردستانی نوێی رۆژی 1994/4/27 بڵاوكردەوە بۆ چارەسەركردنی كێشەی پەنجا بەپەنجاو بەربەست كردنی كارەساتی دڵ

---

[34] ئەم راگەیاندنەمان 1994/5/15 لەكوردستانی نوێو برایەتیدا بڵاوكرایەوە.

تەزێن، بەداخەوە ئەوەی ئێمە پێشبینیمان کردو لێی ئەترساین، لەمانگی مایسی رابردوودا رووی داو جارێکی تر جۆگەلەی خوێن هەستا، نوێنەرانی لیژنەکەمان بۆ راگرتنی ئەو خوێنەو رزگار کردنی ئەوەی بەبەریەوە ماوە رزگار کرێ، شەوی 3/2-5-1994 لەدیوانی پارێزگاری سلێمانی تا بەرەبەیان لەگەڵ نوێنەرانی هەردوو هێزەکەدا لەکۆششدا بووین بەهاوکاری نوێنەرانی حیزبی شیوعی کوردستانو ژمارەیەك زانایانی ئاییتیو کەسانی تری خێرخواز.

رۆژی 1994/5/13یش لیژنەکەمان لەهاتوچۆیەکی مەکۆ ئاسایی‌دا بوو لەنێوان هەردوو مەکتەبی سیاسیو بارزانی‌داو بەیانێكو پرۆژەیەکی پێشکەش کردن بۆ ئاسایی کردنەوەی بارەکەو پتەوکردنی حکومەتی هەرێمو چەسپاندنی حوکمی یاسا وەك لەرۆژنامەی کوردستانی نوێو برایەتی‌دا رۆژی 1994/5/15 بڵاوکرایەوە.

رۆژی 1994/5/20 یش لیژنەکەمان بەکۆمەڵ لەگەڵ کاك مولازم عومەرو کاك عومەری سەید عەلی بۆ هەمان مەبەست کۆبووەوە.

2-<u>ئەنجامی کۆششەکان:</u> ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان بوو ئەم دوو هێزە، لەگەڵ ئەوەدا کە ڕاوبۆچوونو پێشنیارەکانی ئێمەیان پێ راگەیەندراو نوسینەکانمانیان بڵاوئەکردەوە هیچ هەڵوێستێکی روونو رایەکی دیاریکراویان پیشان نەئەدا بەرامبەر خاڵە پێشنیارکراوەکانی ئێمەو هی دەیان لیژنەو کۆڕو کۆمەڵو کەسانی خێرخوازو ناوبژی کەری تر بۆ چارەسەری کێشەکان، ئەگەرچی لەئەنجامدا شەڕەکە وەستێنراو وا خەریکە هێزەکان لەیەکتر جیائەکرێتەوەو ئەکشێنەوە، بەڵام تەنیا وەستانی شەڕو جیاکردنەوەی هێزەکانو کشانەوەیان بەس نیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان کێشەیەکی لەو جۆرە پێویستی بەچارەسەرکردنی ریشەیی هەیە، ئەبێ زامەکە وا سارێژکرێ کە جارێکی تر هەڵنەداتەوە، بۆ ئەو مەبەستە لیژنەکەمان لەڕاگەیاندنێکی پێشووی‌دا چەند خاڵێکی پێشنیار کرد وەك لەرۆژنامەی هەردوو حیزبدا رۆژی 1994/5/15 بڵاوکرایەوەو لێرەدا، دوای

هەندێك ئاڵوگۆڕ بەپێی بارودۆخەکەی ئێستا بەچڕی‌و بەکورتی دووبارەی دەکەینەوە، لەڕاگەیاندنێکی ترماندا زیاتر رۆشنایی ئەخەینە سەر ئەو پێشنیارانەو درێژتر لێیان ئەدوێین. داوا لەهەردوو حیزب ئەکەین کە ڕای خۆیان لەرۆژنامەکانیان دا دەربڕن بەرامبەر بەو پێشنیارانەو بەرامبەر هەر ڕاو پێشنیارێکی تری کۆڕو کۆمەڵ‌و کەسانی تری بەتەنگەوە هاتووی بەرژەوەندیی نەتەوەکەمان، چونکە لەڕاستیدا ئەوانە راوبۆچوون‌و خواستی گەلن‌و هەر حیزبێکیش گوێ لەڕاو خواستی گەل ئەگرێت، گەل ئەدۆڕێنێت.

3- پێشنیارەکان:

1- گێڕانەوەی بارودۆخی سیاسی بۆ وەك پێش 1994/5/1 لەهەموو روویەکەوە.

2- دامەزراندنەوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لەهەرێمی کوردستاندا بەم جۆرە:

أ. کەسی یەکەمی ئەو حیزبانەی بەشداری هەڵبژاردنی گشتی ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانیان کردووە ساڵی 1992.

ب. سەرۆکی دادگای تەمیزی هەرێم.

ج. چوار کەسێتی بێ لایەنی رۆشنبیری رابردوو خاوێن کە لەهەڵبژارنیاندا نوێنەرێتی چوار پارێزگاکە رەچاو بکرێت‌و ناوبراوانی برگەی (أ،ب)ی سەرەوە هەڵیانبژێرن.

3-دروستکردنی حکومەتێکی کاتی لەکەسانی پسپۆڕو خاوێن‌و بێلایەن تا هەڵبژاردنێکی تری پەرلەمان ئەمەش بەڕاو رێکەوتنی هەردوو حیزبەکە.

4-سپاردنی دەزگاکانی رادیۆو تەلەفزیۆنی هەموو حیزبەکان بەوەزارەتی رۆشنبیری‌و چالاکی راگەیاندنی حیزبەکان تەنیا لەڕێگەی رۆژنامەو گۆڤاری رێگە پێدراوەوە بێت دوای لابردنی حاڵەتی نائاسایی.

5-قەدەغەکردنی دیاردەی چەکداری‌و یەکخستنی پێشمەرگەی هەموو حیزبە کوردستانیەکان لەوەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمدا بەتەواوی چەکەکانیانەوەو بەکارنەهێنانی پێشمەرگە بۆ شەڕی براکوژی.

6–سپاردنی ئەرکی بازگەکان (نقاط السيطرة) لەهەرێمدا بەپۆلیسی ناوخۆو ئاسایش‌و پۆلیسی گومرگ.

7–سپاردنی ئەرکی ئاسایشی ناوخۆ بەوەزارەتی ناوخۆ.

8–سپاردنی ئەرکی ئاسایشی سنوور بەوەزارەتی پێشمەرگە.

9–هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان بکرێتەوە دوای ماوەیەکی گونجاو بۆ سەر ژماردن‌و ئامادەکردنی هەموو ئەو هۆکارانەی کە هەڵبژاردنێکی ئازادو خاوێن زامن ئەکات.

10– گرنگی دان بەبەرەی کوردستانی‌و فراوانکردنی سنوورو دەستەڵاتی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نێوان حیزبەکان.

هەربژین بۆ کورد

1994/6/11

## راگەیاندنی لیژنەی کۆششی نەتەوەیی ( 8 )

## شەڕی براکوژی مەسەلەی کورد بۆ کوێ ئەبا

بەدرێژایی مێژووی گەلی کورد،ـ زۆر کەم بگرە بەدەگمەن هەلی وارەخساوە بۆمان کە تیایدا ئاسۆی مەسەلەی کورد بەڕووناکی ئەبینرێ، بۆیە سەرجەم لەناو گەلەکەمان هیواو خۆشی رزگاربوون‌و هاتنەدیی ئاواتی ساڵەهای ساڵ بەدی ئەکرا لەدڵو دەروون‌و کرداری خەڵکانی کوردستاندا، خۆ ئەگەر بتوانین بەتۆزێك عەقڵو هوشیاری‌و دەرس وەرگرتن لەبەسەرهاتەکانی نەتەوەکەمان، لەگەڵ کەمێك سنگ فراوانی‌و دووربینی‌و زیرەکی‌و هەڵسەنگاندنی کێشەکەمان لەبواری ناوەوەو دەرەوەداو پێشخستنی بەرژەوەندی مەسەلەکەمان بەسەر بەرژەوەندیی حیزبایەتی تەسکداو ڕادەیەکیش لەڕێزگرتن لەهەستو ئامانجی میللەتو بەزەیی هاتنەوە پێیدا، بەمانە هەموو بێ گومان ئەتوانین کەڵك وەرگرین لەم هەلە بەنرخەو بەشداری‌یەکی چالاکانە بکەین بۆ سەرکەوتنی ئەم ئەزموونە، کە ئاواتی هەموو کوردێکە لەسەرانسەری کوردستانی گەورەدا بڕوا ناکەین

فرسەتی وا ئەگەر لەکیس خۆمانی بدەین جارێکی تر دووبارە بێتەوە، هەر نەبێ لەکوردستانی عێراقدا.

پارتە سیاسییەکانی کوردستان بەگەورەو بچوکیانەوە ئەبێ ئەو راستییە باش بزانن کە چارەنووسی مەسەلەکەمان چارەنووسی هەموو کوردێکە، سەرکەوتنیشمان لەم تاقیکردنەوەیەدا هەر بەهەوڵو کۆششی هەموان دێتەدی، جگە لەوەی هەموو دەسکەوتێکی نەتەوەکەمان ئەنجامی بەشداری کردنی هەموو لایەکە بەتێکڕایی. بۆیە کوردایەتی موڵکی هیچ لایەنێکی سیاسی نیە بەتەنها، تەنها هەر ئەوەیە کە پارتە سیاسییەکانمان لەبەر ئەوەی هێزێکی رێکخراونو خۆیان تەرخان کردووە بۆ خەبات لەپێناوی هێنانەدی ئامانجەکانی نەتەوەکەمان ئەبێ زیاتر لەکەسانی تر هەست بەبەرپرسیاری بکەنو دڵسۆز بن بۆ مەسەلە ڕەواکەمان کە ئەمانەتێکە لایانو ئەبێ بیپارێزن. کەمتەخەمی لەو بوارە گرنگەدا زیاتر شانی پارتە سیاسیەکانمان ئەگرێتەوە وەك لەوەی کەسانی بێلایەنی تر، چونکە ئەوان پێشڕەون لەم مەیدانەدا، بۆیە لەسەرکەوتندا ئەوان زیاتر بەروبوومی ئەخۆن، هەموو شکستییەکیش ئەگەر رووبدات مێژوو حساب زیاتر لەگەڵ ئەواندا ئەکاتو گەلی کوردیش ئۆباڵەکەی ئەخاتە ملیانەوە.

گەل داوا لەپارتە سیاسییەکانمان ناکات کە ببن بەفریشتە، چونکە ئەوانیش وەك ئێمە بەشەرن، بەشەریش ئەکەوێتە هەڵەوە، بەڵام هەڵە لەگەڵ هەڵەدا جیاوازی هەیە، هەڵەی گەورە چاوپۆشی لێ ناکرێ، شەڕی براکوژی نەك هەر هەڵەیە بەڵکو تاوانێکی گەورەشە کە لەخەیاڵی دوژمنانی کوردیشا نەبوو کە ئاواتیان پێ ئەخواست کە جارێکی تر رووبداتەوە، وا بەداخەوە بەچاوی خۆمان دیمانەوە. یەکێك لەکەمتەرخەمی هەردوو پارتە سیاسیە گەورەکە لەوەدایە کە بەردەوام لێپرسراوانیان دووپاتیان ئەکردەوە کە شەڕی براکوژی خرایە گۆڕەوەو دوژمنانمان لەخەویشدا نایبیننەوە. ئەمە لەبەرژەوەندی کێیە راستی لەگەڵ بشارێتەوە؟

بەڕووکەش پێیان ڕائەگەیاندین کە پەیوەندی ئەم دوو پارتـە سیاسـیەیە زۆر بەهێزەو هاوپەیمانی یەکترین، لەکاتێکدا لـەژێرەوە شـیروتیریان لەیـەك ئەسو تا تەقیەوەو دەستیان جارێکی تر چووەوە خوێنی یـەکتری، باشـتر نەبوو ئەگەر هەموو ڕاستیەکیش نەخرایەتە بەردەم جـەماوەر، هـیچ نـەبێ بەشـێك لـەو ڕاسـتیەیە بەگـەل بوترایـە کـە لەوانـەبوو میللـەت بیتوانیایـە هیممەتێك بکاو نەی هێشتایە کار لەکار بترازێو بگاتە ئەم قۆناغـە ناخۆشـە سـامناکە، کـەی سـەرکردایەتی ئـەم دوو پارتـە هاوپەیمانـە ئەگەنـە ئـەو قەناعەتـەی کـە ئـەبێ هـەموو ڕاسـتیەك دەربـارەی بـارودۆخی ئـەمڕۆی کوردسـتان لەهـەموو بوارێکـدا بەهـەموو ئەمانەتێکـەوە بخرێتـە بـەردەم میللەت.

جەماوەر کە خاوەنی بەرژەوەندی ڕاستەقینەیە لـەم دەسکەوتانەی کـە گـەلی کـورد دەسـتگیری بـووەو پاڵپـشتی دڵـسۆزی حکومـەتی کوردسـتانە لەهەموو هەوڵو تەقەلایـەك کـە بەرژەوەنـدی کوردەکـەی تیادابـێ، وا بـزانم مافی خۆیەتی کە ئاگای لەهەموو یا زۆر ئەو کێشانە بـێ کـە لەئارادایـە، بـۆ ئەوەی وەك میللەتێکی زینـدووی پێـشکەوتوو شـارەزای تەنگوچـەڵەمەکانی بـێ لەهـەموو بوارێکـداو بتوانـێ دەورێکـی ڕاسـتی کاریگـەری ببـێ لەچارەسەرکردنیا. تۆ ناتوانیت هەڵوێستت بەهێزتر بێت بەرامبەر دوژمنـانو دۆسـتانت ئەگـەر گەلەکـەت دوور خەیتـەوە لەبەشـداریەکی چـالاکانە بـۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ژیان جگە لەکێـشە سیاسـیو نەتەوایەتیـەکان بەهـەر بیانوویەکـەوە بـێ، ئازایـەتی، ئەوەیـە کـە بەئاشـکرا هـەموو ئـەو کێشانەی کە بـوون بەکۆسـپو گـرێ کـوێرە لـەڕێی پێـشکەوتنماندا بخرێتـە بەردەم میللەتو داوای لێ بکرێ بەشداری بکـا لەچارەسـەرکردنی، ئازایـەتی ئەوە نیە هەرچی بڕوات پێیەتی بیڵێی، بەڵکو ئازایەتی ئەوەیە بـڕوات هـەبێ بەوانەی ئەیڵێی، چـەند جوانـە ئـەم قسە بەنرخـەی فەیلەسـوفی فەڕەنـسی بەناوبانگ (ڤـۆڵتێر) کـە ئـەڵێ (مـن نـازانم خـەڵکی چـی ئـەڵێن.. بـەڵام مـن بەردەوام دووپاتی ئەکەمەوە یا ئەبێ بڕۆن بۆ پێشەوە یا ئەبێ نەمێنن).

چی بلێین بەگەلە بریندارە شەکەتەکەمان؟ بەدوژمنانو دۆستانمان کە دوای (28)ساڵ بەسەر یەکەم شەڕی براکوژی دا جارێکی تر ئەم کارەساتە جەرگ بڕە دووبارە ئەبێتەوە. ئێمە لەو باوەڕەداین هەردوولا ئەگەرچی بەڕێژەیەکی جیاوازیش بێ خەتابارن لەهەڵگیرساندنی ئەم شەڕە، چۆن ئەم برینە سارێژ ئەبێ؟ کەی باوەڕو متمانە دروست ئەبێتەوە لەنێوان هەردوو حیزبی هاوپەیمانـدا؟ شەهیدان لەپای چی خۆیان دا بەکوشتو چی بەکەس‌وکاریان بلێین؟ ئەم خەتا گەورەیە چۆن ئەسڕێتەوەو لەمێشکی خەڵکان لائەبرێ کەی بەخێرێ ئەم دوو حیزبە کەڵك وەرئەگرن لەهەڵەکانیان بۆ ئەوە دووبارەی نەکەنەوە کەی بەکردەوە نەك هەر بەقسە لایەنی هەق ئەگرن؟ ئیتر ئەو هەقە لەگەڵ هەر کەسێك یا لایەنێکدا بێ، راستە هەروا ئاسان نیە کە بەردەوام مرۆڤ پشتگیری لەحەق بکات، بەڵام سەرەڕای ئەوەش وەستان لەگەڵ هەقدا پێویستی‌یەکی سەرشانی هەموو ئەوانەن کە ویژدانیان زیندووەو بەرژەوەندی جەماوەریان لا گرنگە.. پێوانە بۆ دڵسۆزی هەر بارتێکی سیاسی خزمەتگوزاری ئەو پارتەیە لەپێناوی هێنانەدی ئامانجو هیوای میللەتەکەیداو مسۆگەرکردنی دوارۆژێکی خۆشتر بۆی لەگەڵ بۆچوونی سیاسی راستدا. بۆیە ئەمڕۆ سەنگی محەك کردەوەیە نەك قسە، بەردەوام قسەی باشی بێ کردەوە زۆر ئەکەوێ لەسەر مرۆڤ، زیاتر لەسەر رێکخراوە سیاسی‌یەکان کە متمانەی گەلیان پێ کەم ئەبێتەوە.

مەترسی هەڵگیرساندنەوەی شەڕی براکوژی، یان بەردەوام بوونی بەلای ئێمەوە ئەم ئەنجامە خراپانەی خوارەوەی ئەبێت:

1-متمانەو بڕوای کەسانی خەڵکی کوردستان تەنانەت ئەندامانی هەردوو حیزبەکەش زۆر کەم ئەبێتەوە بەهەردوو پارتە سەرەکی‌یەکە کە ئەمەش، نە لەبەرژەوەندی گەلەکەمان نە لەبەرژەوەندی هەردوو پارتە تێکۆشەرەکەیە.

2-مەسەلەی کورد کە ساڵەهای ساڵە هەوڵی بۆ ئەدرێو رەنگی ڕشتووەو بەخوێنی هەزاران شەهیدان گەیشتۆتە ئەم قۆناغە، ئەکەوێتە

مەترسىیەكی گەورەوە كە لەوانەیە لەدەستمان بچێو ئـەو رووناكییـەی كـە هیوای هەمووانە بكوژێتەوە.

3–خــەڵكی كوردســـتان تووشــــی مەینەتیـــەكی گـــەورە ئـــەبنو ورە بەرئەدەنو براویان نامێنێ بـەخۆیانو هیوایـان بەمەسـەلەی نەتەوایـەتیمان زۆر كز ئەبێ، ئەم بارودۆخەش هەر لەبەرژەوەندی دوژمنانی گەلەكەمانە كـە لەوانەیە زەفەرمان پێ بەرنو میللەتی كورد تووشی كارەسـاتێكی گـەورەی تر بكەن.

4–دۆسـتانمان ئەگەنـە ئـەو قەناعەتـەی كـە باوەڕیـان پێمـان نـەمێنێو دەستمان لێ بەردەن چونكە ئەمە ئەوە ئەگەیەنێ كە كورد ناتوانێ حـوكمی خۆی بكاو ئەم هەلەی كە بۆی ڕەخسێنراوە خۆی بەدەستی خـۆی ئەیخاتـە گۆڕەوە.

5–بەكرداری خۆمان بەدۆستانو دوژمنانمـان ئەسـەلمێنین كـە میللـەتی كورد میللەتێكی دواكەوتووی شەڕا نیەو ئیمانی بەدیموكراتیەت نیـە بـەوەی كە كێشەكانی لەجیاتی بەگفتوگۆو ئاشتیانە چارەسەر بكا بەشـەڕو لوولـەی تفەنگ ئەیەوێ بیسەپێنێ بەسەر لایەنە سیاسیەكانی تردا.

6–پەیوەنـدیی نێـوان هــەردوو پارتــە ســەرەكییەكەی كوردســتان كــە هاوبەشـــی ئەكـــەن لەپەرلـــەمانو حـــوكمڕانی كوردســـتاندا نیـــوە بـــەنیوە، لەڕاســـتیدا پەیوەندییـــەكی كـــزو لاوازە، ئـــەتوانین بڵـــێین پەیوەندییـــەكی ناچارییە زیاتر لەوەی كە پەیوەندییەك بێ لەسەر بنـچینەی هەڵبـژاردنێكی سەربەسـتانە، شــەڕی براكـوژیش ئـەبێ بــەهۆی بـچڕانی ئــەو پەیوەندییــە لەبنەڕەتەوە.

7–سەرنەكەوتنی ئەزموونە دیموكراتییەكەی كوردسـتان، ئـەبێ بـەهۆی نیگەرانی خەڵكانی بەشەكانی تری كوردسـتانو نـەمانی هیوایـان بەمەسـەلە رەواكەیان، ئەمەش بێگومان لەبەرژەوەندی گەلی كوردمان نیە لەپارچەكانی تری كوردستانا.

8–لەهەمووی سامناك تر ئەوەیە ناكۆكیو شەڕی براكوژیمان وڵاتانی دەوروپشمان هان ئەدا كە فرسەت بێنن‌و ئاگرەكە خۆش كەن‌و دەست بخەنە ناو كێشەكەمانەوە بەئومێدی لاوازكردنمان‌و رووخاندنی حكومەتی هەرێم‌و گەڕانەوەمان بۆ بارودۆخێكی خراپتر لەجاران. ئەبێ ئەو راستیەش بزانین هەندێ لەو وڵاتانەی دراوسێمان لەسەرووی لیستەی ئەو وڵاتانەیە كە ئیمانیان بەتیرۆر هەیەو رۆژانە چالاكانە ئەنجامی ئەدەن. جگە لەوەی كە گەلەكانی خۆیان ئەناڵێنن بەدەست جەورو ستەمیانەوە چونكە هەرچی بڕوا هەیە نیانە بەدیموكراتیەت‌و شارستانیەتی، لەخراپە زیاتر هیچی تریان لێ چاوەڕوان ناكرێ، جگە لەوەی كە بەخوێنی سەری كورد تینوون. دەستدرێژی ئەوان بۆمان كە تا ئێستا بەردەوامە باشترین بەڵگەیە بۆ ئەوەی وتمان، ئێمە بۆمان نیە گلەیی لەم دراوسێ خراپانەمان بكەین لەكاتێكدا كە خۆمان خۆمان ئەكوژین. هەل ئەڕەخسێنین بۆیان كە دەستدریژی بكەنە سەرمان.

بۆ چارەسەركردنی ئەم بارودۆخە ئاڵۆزەو بنەبڕكردنی، بەتایبەتی لەنێوان پارتی دیموكراتی كوردستان یەكگرتووو یەكێتی نیشتمانی كوردستان‌و نزیك كەوتنەوە یان لەیەكتری‌و پتەوكردنی هاوكاری لەنێوانیانداو دارشتنی پەیوەندییەكی تازە برایانە لەسەر بنچینەی رێز لەیەكگرتن‌و چارەسەركردنی كێشەكانیان بەگیانێكی برایانەو هەست بەبەرپرسیاری‌و بەشێوەیەكی دیموكراتیانە، كە جارێكی تر مەترسی شەڕ هەڵگیرساندن نەیەتە كایەوە بەهیچ جۆرێك، ئێمە ئەم پێشنیارانە پێشكەش هەردوولا ئەكەین، هیوادارین كە بەگیانێكی پاك‌و هەستێكی دڵسۆزانەوە لێمان وەرگرن، ئێمەش دووپاتی ئەكەیتەوە بۆ هەردوولا كە مەبەستمانە بەشدارییەكی دڵسۆزانەیە بۆ نەهێشتنی شەڕی براكوژی‌و خۆشەویستمان بۆ هەردوو پارتە تێكۆشەرە كورد پەروەرەكە، بەهیوای زیاتر نزیك كەوتنەوە لەیەكتری لەڕێی خزمەتی گەلی كوردمان‌و گەیشتن بەهەموو دەسكەوت‌و ئامانجە ڕەواكانی.

1–سەرکردە سیاسییەکانی هەردوو پارتە سەرەکییەکە ئەبێ گەورەترین لەوەی کە هەر لەگۆشەی بەرژەوەندی خۆیانەوە یان ئەو هێزە سیاسییەی کە پشتگیری ئەکەن سەیری مەسەلە گرنگەکانی گەلەکەمان بکەن. بەرژەوەندی گەلو نیشتمان ئەبێ لایان گرنگ تر بێ، لەو باوەڕەدا بن کە جیاوازی بیروڕا شتێکی بەجێیە، تەنها ڕێگەیش بۆ بەرهەڵستی دیکتاتۆریەت، کە سەپاندنی یەك بیروباوەڕە بەسەر میللەتدا، جیاوازی بیروڕایە. ئێمە ناتوانین لافی ئەوە لێ بدەین کە دژی هەموو ڕژێمێکی دیکتاتۆرین، ئەگەر خۆمان ڕێز لەجیاوازی بیروڕا نەگرین. چونکە ئەگەر وا نەکەین ئێمەش هەر بەکردار دیکتاتۆرین با بەقسەش بەجۆرێکی تر خۆمان پیشان بدەین.

2–سەرکردایەتی پارتە سیاسیەیە کوردستانیەکان، بەتایبەتی دوو پارتە سەرەکییەکە ئەرکێکی گرنگیان لەسەرە لەبواری ڕوونکردنەوەی باری سیاسی کوردستان بۆ هەموو ئەنجامەکانیانو پاڵ پێوەنانیانو هاندانیان بۆ نزیك کەوتنەوە لەیەكو لەهێزە سیاسییەکانی تری بەرەی کوردستانی لەگەڵ هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەیەکتریو ڕێکەوتن بەلای کەمەوە لەسەر مەسەلە سەرەکییەکانمان کە پەیوەندی هەیە بەپاراستنی ئەمنی نەتەوایەتی کوردەوە، کە لەسەرو هەموویانەوە شەڕی براکوژییە کە ئەبێ بەهیچ جۆرێكو لەهیچ بارودۆخێکدا ڕێ بەهیچ لایەنێك نەدرێ کە یاری بەم مەسەلە سامناکە بکاو بەیاسا قەدەغە کرێ. ئەندامانی سەرکردایەتی پارتە سیاسییەکانمان ئەبێ خۆیان بەقسەو کردار سەر مەشق بن لەم ڕێگایەدا تا کەسانی تر چاویان لێ بکەن بۆ گەیشتن بەم مەبەستە ئەبێ بەرنامەی تایبەتی تەرخان بکرێ لەتەلەفزیۆندا بۆ ئەم ئامانجە، لەگەڵ سازکردنی تۆڕی ڕۆشنبیری بەیناو بەین بەبەشداربوونی لێپرسراوە گەورەکانی بەرەی کوردستانی، لەم کۆبوونەوانەدا زۆر لەمەسەلە نهێنیەکانی نێوان ئەم دوو هێزە سیاسیە کە جیاوازی بۆچوونی سیاسیان هەیە لەسەری ئەبێ ڕوون کرێنەوە بۆ جەماوەر، بۆ ئەوەی هیچ شتێك لە گەل نەشارێتەوەو ئەوانەی

بەشداری ئەکەن لەچارەسەرکردنی ئەو کێشانەدا ئەبێ لەنزیکەوە کێشەکان بزانن چین، ناکۆکیو جیاوازی نێوان پارتە سیاسیەکانمان ئەگەر بگاتە ڕادەی بەیەکدادانو تێکدانی تەبایی نێوانیان هەر چەندە زەرەری هەموو لایەك ئەگرێتەوە، بەڵام باجەکەی زیاتر هەر جەماوەری کورد ئەبێ بیدا.

بەرەی کوردستانی بەتایبەتی دوو پارتە گەورەکە ئەبێ ئەو ڕاستیە بزانن کە هەموویان لەیەك سەنگەردان بەرامبە بەدوژمنانی تینو بەخوێنی هەموو لایەك بێ جیاوازی بیروباوەڕ، بۆیە ئەبێ لەبنەڕەتەوە گۆڕینێك رووبدات لەسەرنجمان بۆ یەکتری لەچوارچێوەیەکی تەسکەوە بۆ ڕوانینێکی فراوانترو ئەو راستیە دەرخان کە ئەبێ کوردایەتی ڕاستو بەرژەوەندی گەلی کورد لەسەرو هەموو مەسەلەیەکی ترەوە بێت.

3–زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەسەرسامیەوە هەواڵی شەڕی براکوژیان بیست، لەڕاستیدا هەموو واقیان وڕمابوو بڕوایان نەئەکرد کە ئەم کارەساتە بەبەرچاویانەوە ڕوو ئەدات لەنێوان ئەو دوو حیزبەی کە هەموو دەزگاکانی حکومەتی هەرێمو بەروبوومی وڵاتیان دابەش کردووە لەناو خۆیاندا، ئەم ئەزموونە دیموکراتیەی کە وا سێ ساڵی بەسەردا تێپەڕیووە بەداخەوە بەشەڕی براکوژی شکایەوە، پاڵ بەهەموو پارتە هاوپەیمانەکەوە ئەنێ کە بەقووڵی بیر بکەنەوە لەهۆکانی کە لەو باوەڕەداین ئەگەر نیەت پاك بێت لەنێوانیاندا هەردوولا هۆکانی ئەزانن و چارەسەرکردنیشی هەر ئەزانن، بۆیە پێویستە ئەگەر بیانەوێ سەرکەوتن بەدەست بێنن ئەبێ ئەو هۆیانەی بوو بەشەڕی براکوژی جارێکی تر دووبارە نەبێتەوە. بەکردەوەش دەرکەوت شەڕکردن لەسەر دەسەڵات (سلطة) شەڕێکی بێ هودەیەو هیچ لا سەرکەوتوو نابێ تیایدا.

4–ئەوەی ئاشکراو روونە بۆ هەمووان ئەوەیە کە گەلی کوردمان نەفرەت لەشەڕی براکوژی ئەکات، بەتایبەتی زۆربەی جەماوەری کوردستان کە بێ لایەنی سیاسین، بەتایبەتی رووناکبیرانو خوێندەواران کە بەهەموو توانایەکیانەوە دەنگی ناڕەزایی خۆیانیان دەربڕی دژی شەڕی براکوژی.

ئەم دیاردەیە جارێکی تر دووپاتی کردەوە کە تەجروبەی پەنجا بەپەنجا جگە لەوەی کە میللەت لەگەڵیا نیە تەجروبەکەش خۆی بەخۆیدا پووچەڵ بووەوەو بەنابووتی لێی هاتە دەرەوە، ئەگەر هەردوو حیزبی هاوپەیمان بیانەوێ ئەم ئەزموونە دیموکراتییەی کوردستان ڕێگایەکی تازە بگرێو سەرکەوتن بەدەست بێنێ ئەبێ:

أ. حکومەتێکی کاتی پێك بهێنرێت بەڕای هەردوو حیزبەکە لەکەسانی پسپۆڕو بێ لایەنو خاوێن هەتا هەڵبژاردنی ئایندەی پەرلەمان.

ب. پەیوەندییەکی تازە دروست ببێ لەنێوان هەردوو حیزبی هاوپەیماندا لەسەر بنەمایەکی تازە کە سوودیان وەرگرتبێ لەهەڵەکانیان بۆ ئەوەی دووبارەی ئەکەنەوە.

ج. چارەسەرکردنی کێشەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی. بەم بۆنەیەوە ئاماژە ئەکەین بۆ ئەو پرۆژەیەی کە لە (9) خاڵ پێك هاتبوو و لیژنەکەمان پێشکەش هەردوو پارتە سەرەکییەکەی کردو کاتی خۆی لەرۆژنامەی هەردوولاوە رۆژی 1994/5/15 بڵاوکرایەوە.

د. دامودەزگای دەوڵەت ئەبێ بدرێ بەوانەی کە شارەزاییان هەیە هەر کەسە لەبواری پسپۆڕی خۆیدا بێ گوێدانە پەیوەندی سیاسی لەگەڵ بایەخ دان بەبڕوانامەو دڵسۆزیو نیشتمان پەروەری، ئەگەر بیانەوێ حکومەتی هەرێم لەخزمەتی گەلدا بێو ئیشوکارەکانی بەرێکوپێکی بڕوا بەڕێوە.

هـ. نابێ وەزیرو جێگری وەزیر دژ بەیەك بن، جگە لەوەزیر کە پلەیەکی سیاسییە، پلەکانی تر لەجێگەی وەزیرەوە تا فەرمانبەرێکی بچووك ئەبێ بەپێی بنەمای پسپۆڕیو شارەزاییو بڕوانامە بێت.

و. هەرچی مقەراتی پارتە سیاسییەکان هەیە ئەبێ ژمارەیان کەم کرێتەوە لەشارەکانی کوردستاندا، دیاردەی چەکداری تیایدا نەمێنێو ببێ بەنوسینگەی حیزبی کە دیاردەیەکی شارستانییە وەك لەوڵاتە پێشکەوتووەکاندا بەدی ئەکرێ.

7. دیاردەی چەكداری بەگشتی نەمێنێ لەكوردستانداو تەنها ئەوانە چەك بەدەست بن كە دەوڵەت ڕێیان ئەدا. هەرچی چەكو جبەخانەی تر هەیە هی هەر لایەنێك بێ ئەبێ كۆبكرێتەوەو بدرێ بەدەوڵەت.

لەكۆتاییدا با هەموو دڵسۆزانە هەوڵ بدەین بۆ سەركەوتنی عەقڵو سەربەستی ڕای سیاسیو ئیمان بێنین كە گفتوگۆكردن هونەری گەلانی پێشكەوتوون. لەبەر ئەوەی پێویستی سەرشانی هەموان ئەوەیە كە بەدوای حەقو ڕاستیدا بگەڕێین، بۆیە فەرمانیشیان ئەبێ ڕێزگرتن بێ لەهەر ڕایەك كە بەڕاستی هەوڵ ئەدات بۆ دۆزینەوەی ئەو ڕاستییە.

1994/6/12

## ڕاگەیاندنی (9)
## لەلیژنەی كۆششی نەتەوەییەوە

**بۆ:**

**سەركردایەتی سیاسی بەرەی كوردستانی بەڕێز**

**م.س پارتی دیموكراتی كوردستان ــ یەكگرتووی بەڕێز**

**م.س یەكێتی نیشتمانی كوردستانی بەڕێز**

**م.س حیزبی شیوعی كوردستانی بەڕێز**

لیژنەی كۆششی نەتەوەیی پشتگیری پێشنیاری بەڕێز كاك مەسعود بارزانی ئەكات بۆ بەستنی كۆنگرەیەكی نیشتمانی. هەروەها پشتگیری ئەو پێشنیارانەش ئەكات كە م.س (ی.ن.ك) پێشكەشی كردووەو 1994/6/18 لەكوردستانی نوێدا بڵاوكراوەتەوە بۆ هەمان لایەن بخرێتە بەردەم كۆنگرەكە، ئێمەش هەر لەو بارەیەوە پرۆژەیەكمان هەیەو ئامادەی بەشداریی كۆنگرەكەین. تكایە ئاگادارمان بكەن لەكاتو جێگەی كۆنگرەكە.

لەگەڵ ڕێزماندا — سلێمانی

1994/6/20

# راگەیاندنی لیژنەی کۆششی نەتەوەیی (10)

لیژنەی کۆششی نەتەوەیی بێزاری خۆی دەرئەبڕێ بەرامبەر بەشەڕی راگەیاندنی نێوان یەکێتیو پارتی، کە لەئەنجامی کارەساتە جەرگبڕەکەی 6/13ی سلێمانیەوە ئاگرەکەی خۆشتر بوو. ئەم شەڕی راگەیاندنە جگە لەوەی کە خەڵکی کوردستانی تەواو بێزار کردووەو ئەشێ بشبێتە سەرەتایەك بۆ روودانی کارەساتی خراپتر، ئاستی راگەیاندنی هەردوو حیزبەکەشی هێناوەتە خوارەوە.

ئەم شەڕی راگەیاندنەو کارەساتەکەی 6/13 بەڵگەیەکی تری راستێتی راو بۆچوونەکانی لیژنەکەمانە کە لەراگەیاندنەکانی پێشوومانداو تبوومان ئەبێ کێشەی نێوان ئەم دوو حیزبە چارەسەرێکی ریشەیی بکرێ بەداماڵینی چەکی حیزبەکانو حکومەتێکی کاتی بێ لایەنو رادیۆو تەلەفزیۆنی حیزبەکان بدرێت بەوەزارەتی رۆشنبیریو تەنیا وەزارەتی ناوخۆ بەرپرسیاری ئاسایشی ناوخۆ بێتو وەزارەتی پێشمەرگەش تەنیا بەرپرسیاری ئاسایشی سنوور بێتو هەرگیز پێشمەرگە بەکار نەهێنرێ بۆ شەڕی براکوژی، ئەنجومەنی سەرکردایەتی هەرێمیش لەکەسی یەکەمی حیزبەکانو ژمارەیەك کەسی بێ لایەن دروست بکرێتەوە.

جارێکی تر داوا لەحیزبەکان ئەکەین کە لەکەشکەلانی بەرز بێنە خوارێو گوێ لەڕای جەماوەر بگرن بەر لەوەی جەماوەر پشت گوێیان بخات، لەکۆتاییدا:

1- داوای راگرتنی ئەم شەڕی راگەیاندنە ئەکەین کە سەرجەم خەڵکی کوردستانی بێزار کردووە.

2- داوای لێکۆڵینەوەیەکی یاسایی لەکارەساتەکەی 6/13 ئەکەین، لەگەڵ سزادانو رسواکردنی تاوانکارانو زیاندا نەوەی خێزانی شەهیدەکانو بریندارەکان.

3- داوای کۆتایی هێنان بەتۆقاندن ئەکەین لەهەر لایەنێکەوەو لەهەر کونجێکی کوردستاندا.

1994/6/20

## راگەیاندنی (11)

## رونکردنەوەیەك لەلیژنەی كۆششی نەتەوەییەوە

سەر لەبەیانی 1994/6/26 رادیۆی دەنگی كوردستانی عێراق ئەوەی بڵاوكـــردەوە كـــە گوایـــە ئەنـــدامێكی لیژنـــەی كۆشـــشی نەتـــەوەیی لەتەلەفیۆزنێكدا قسەی كردووە وەك لایەنگری لایەنێكی سیاسـی لەكاتێكـدا خەڵكی ئەوەی لێ چاوەڕوان ئەكرد وەك بێلایەنێك قسە بكـات. بـەدوای ئـەم هەواڵەدا هەموو ئەندامێكی لیژنەكەمان كۆبووینەوەو بەخۆمان دا چـووینەوە لەئەنجامدا دەركەوت هیچ كام لەئەندامانی ئەم لیژنەیەی ئێمە كە بریتین لە: كامل ژیـر، رەفیـق تۆفیـق قـەزاز، خالـد شـێخ محەمـەد خـاڵ، شـێخ سـالار حەفید، جەلال عومەر سام ئاغا، د. نیهاد فازل، جەمال شاڵی، وشیار بابان، نـە لایـەنگیری هـیچ لایـەنێكی سیاسـیمان كـردووە بەگـشتی نـە هـەر چاوپێكەوتنی تەلەفزیۆنیشمان بـووە لـەم ماوەیـەدا، ئێمـە بـۆ راسـتیو بـۆ مێژوو بڵاوی ئەكەینەوە كە هەمیشە بەگژ هەنگاوو هەڵوێستی هەڵەی هەموو لایەنێكی سیاسی لەكوردستاندا چـووینەتەوەو ئەچـینەوەو تـەنها لایـەنگری راستیو لایەنگری ئەو كارو كردارانەین كـە خزمـەتی مەسـەلەی نەتەوایـەتی گەلەكـــەمان بكـــات هـــەر كـــاركردنێكیش پێـــچەوانەی ئـــەوە بـــێ دژی ئەوەستینەوە.

لەهەمان كاتدا رێزیشمان بۆ رادیـۆی نـاوبراو هەیـە كـە هـەر خـۆی دانـی بەبێ لایەنیی لیژنەكەماندا نـاوە بەگـشتیو وەك بەڵگەنامەیـەكیش پـەنجەی راكێشاوە بۆ راگەیانـدنی لیژنەكـەمان كـە رۆژی 1994/6/25 لەرۆژنامـەی برایەتیـدا بڵاوكراوەتـەوە كـە بریتیـە لـەوەی بێـزاری خۆمـان لەشـەڕی راگەیاندن دەربڕیـوەو داوای لێكۆڵینـەوەی یاسـاییمان كـردووە لەكارەسـاتە جـەرگ بڕەكـەی 6/13 سـلێمانیو سـزادانی تاوانكـارانو كۆتـایی هێنـان بەتۆقاندن.

ئەم روونكردنەوەیەمان بەپێویست زانیو پێشمان خۆشە ئەگـەر رادیـۆی ناوبراو سوورە لەسەر هەواڵەكەی با ناوی ئەو كەسەو ئەو تەلەفزیۆنەو رۆژی بڵاوكردنەوەیو ناوەرۆكی چـاوپێكەوتنەكە بخاتـە ڕوو، ئەگـەر هەڵەیـەكیش

هەیە یا کەسێکی تر بەئەندامی لیژنەکەی ئێمە زانراوە یا کۆمەڵەیەکی تر کە ناوی نەتەوەیی هەڵگرتبێ.. با رادیۆی ناوبراو ئەویش هەر بڵاو بکاتەوە.

لەگەڵ رێزماندا و

هەر بژین بۆ کورد

1994/6/27

## راگەیاندنی (12)

## پێشنیاری لیژنەی کۆششی نەتەوەیی

**لەبارەی ئەزموونی ئەمساڵی خوێندنەوە**

**بۆ بەرچاو بەڕێز وەزیری پەروەردەو ئەنجومەنی وەزیران**

شاردراوە نیە لای بەڕێزتان کە ئەمساڵ قوتابیانی کوردستان بەهۆی تەنگوچەڵەمەی ئابووری لەلایەکەوەو بەهۆی شەڕو ئاژاوەی ناوخۆوە لەلایەکی ترەوە رۆژانێکی سەختو دژواری خوێندنو تاقیکردنەوەیان بەسەربردو بگرە بەهۆی ئەو بارو دۆخەوە ژمارەیەکی زۆر قوتابی نەیانتوانی بەڕێکوپێکی بخوێنن یا لەرۆژانی تاقیکردنەوەی کۆتایی‌دا کۆسپو گرێ هاتە ڕێگەیان یا بەلایەنی کەمەوە لەبارێکی دەروونی شکاوو شکستدا تاقی کرانەوە. هەموو ئەوانەش هۆی رەوان بۆ ئەوەی هەلێکی تریان بدرێتێ لەبریی ئەو بارە ناهەموارە.

لەبەر ئەوە لیژنەی کۆششی نەتەوەیی ئەم دوو داخوازییە دەخاتە بەردەم بەڕێزتان:

1–ئەمساڵ بەساڵی دەرنەچوون نەژمێردرێت.

2– هەموو دەرنەچووەکان بۆیان هەبێ لەگەڵ ئیکمالەکاندا، جارێکی تر تاقی بکرێنەوە. ئەمەش بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن بێت. دیارە بەڕێزتان لەوەش ئاگادارن کە لەزۆر وڵاتدا بڕیاری لەو جۆرە دراوە هیواداریین ئێوەش لەو بارەیەوە درێغی نەکەن.

لەگەڵ رێزماندا و هەر بژین بۆ کورد

1994/7/1

## راگەیاندنی ( 13 )
## لەلیژنەی کۆششی نەتەوەییەوە
## بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی بەڕێز

لیژنەی کۆششی نەتەوەیی بەڕێزەوە ئەڕوانێتە هەڵوێستی ئێستای ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان‌و گشت خێرخوازانی تر بۆ راگرتنی شەڕی خۆکوژی‌و پشتگیری ئەو هەوڵانە ئەکات کە لیژنەکانی ئاسایی کردنەوە ئەیدات بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کوردستان.

ئێمە لەکاتێکدا پێخۆشحاڵیی خۆمان پیشان ئەدەین بۆ وەستانی ئەو شەڕە، ئەوەش وەبیر لایەنە شەڕکەرەکان ئەهێنینەوە ئەگەر هەر لەسەرەتاوە گوێیەکیان بەو هەموو کۆشش‌و پێشنیارانەی لیژنەکەی ئێمەو لایەنە خێرخوازەکانی تر بدایە ئەوا ئەو هەموو خوێنی کوردە ناڕەوا نەئەرێژراو ئەو هەموو زیانەش لەنەتەوەکەمان نەئەکەوت.

هیوادارین ئیتر پەند لەرابردوو وەرگرین‌و گوێ لەڕای گشتی نەتەوە بگرین‌و ژێرێتی رابەری کارکردنمان بێت‌و تەبایی‌و برایەتی دروشمی هاوبەشی نێوان لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بێ. هەر بژین بۆ کورد

1994/8/31

## راگەیاندنی ( 14 )
## نامەی کراوەی دووەم
## لەلیژنەی کۆششی نەتەوەییەوە

بۆ سەرکردایەتی (ی.ن.ك) و (پ.د.ك)و جەماوەری گەل

ئێمە ئەگەرچی رادەی دڵسۆزیمان بۆ نەتەوەو خۆشەویستیمان بۆ هەردوو حیزبی ناوبراو وای کرد کە داوای یەکگرتنیان بکەین‌و لەو پێناوەدا کۆششێکی زۆرمان کرد. بەڵام کاردانەوەی ئەم شەڕە خۆکوژیە کوردکوژییەی ئەم جارە ناچاری کردین کەنامەی یەکەممان

1994/12/26 [35] بەو شێوە توندوتیژە ئاڕاستە بکەین کە ئەوەش لەڕوانگەی ئەو پەندە کوردییەوە بوو کە ئەڵێ دۆست ئەوەیە ئەتگرێنێ‌و دوژمنیش ئەوەیە ئەتخاتە پێکەنین.

ئێستاش دوای ئەوەی هەموو هەوڵە خێرخوازەکانی ناوەوە دەرەوەی وڵات شەڕیان رانەگرت‌و مەترسییەکانی ئەو شەڕەش رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر هەڕەشە لەبوونی نەتەوایەتیمان ئەکەن، بەپێویستی سەرشانی خۆمان‌و هەموو دڵسۆزێکی نەتەوەی کوردی ئەزانین کە شەکەت‌و نائومێد نەبن لەکۆششەکانیان بۆ راگراتنی شەڕو ئاسایی کردنەوەو پاراستنی قەوارەی نەتەوایەتیمان. بۆیە وا ئێمەش جارێکی تر لەو پێناوەدا پرۆژەیەکی نوێ ئەخەینە بەردەم تێکۆشەران‌و دڵسۆزان‌و خێرخوازانی ناو ئەو دوو حیزبەو جەماوەری گەل. دڵنیاشین لەوەی زاڵی‌و سەرکەوتن هەر بۆ فریشتەی ئاشتیە بەسەر مێردەزمەی شەڕدا.

## پرۆژەکە

بەشی یەکەم بۆ راگراتنی شەڕ:

1–پێش جاڕدانی راگرتنی شەڕ، هەردوو لایەنەکە پێك بێن لەسەر کشانەوەی هێزەکانیان لەناو شارەکاندا، ئنجا لەژێر سەرپەرشتی لیژنەی بەدواداچوون‌و بەرەی کوردستانی‌وI.N.C دا ئەو کشانەوەیە ئەنجام بدەن لەماوەیەکی دیاری کراوداو ئەو سێ لایەنە جێگەی هێزی هەردوولا بگرنەوە.

2–دوای ئەو کشانەوەیە، هەردوو لایەنەکە لەزمان سەرکردەکانیانەوە لەیەك کاتدا جاڕی راگرتنی شەڕ بدەن لەسەرتاسەری کوردستاندا، لەگەڵ راگرتنی هەڵمەتی راگەیاندن‌و لابردنی تەشویش لەسەر رادیۆکانی یەکتری‌و کردنەوەی رێگەوبانی نێوان شارەکانی بۆ هاتووچۆو هێنانی ئازووقەو سەربەستی بازرگانی.

---

[35] بڕوانە رۆژنامەی ئاڵای ئازادی 2694 رۆژی 1995/1/22 و پەڕاوی پەرلەمانی شەهید.

3– هەردوو لایەنەکە، پەرلەمان خاوەن دەسەڵات بکەن بۆ پێکهێنانی کابینەیەکی کاتی لەکەسانی بێ لایەنی پسپۆڕو شارەزا بەزووترین کات تا وەزارەتو فەرمانگەو زانکۆو قوتابخانەکان بکەونەوە گەڕ. ئەم کابینەیە بەردەوام بێ تا کاتی پێك هاتنیان لەسەر کابینەی سێیەمی چاوەڕوانکراو.

4–هەوو داهاتێکی کوردستان بخرێتەوە ژێر دەستی حکومەتی هەرێمو مووچەی فەرمانبەرانو خانەنشینانو شەهیدان سەرف بکرێت.

بەشی دووەم، بۆ ئاسایی کردنەوە

دوای جیبەجێ کردنی ئەو خاڵانەی سەرەوە، نوێنەرانی هەردوو لایەنەکە بەئامادەبوونی نوێنەرانی بەرەی کوردستانیو I.N.C دانیشن بۆ وتووێژ بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کوردستانو داڕشتنی بەرنامەیەك بۆ ئایندەی کوردستانو قەدەغەکردنی شەڕی ناوخۆ.

ئێمەش لای خۆمانەوە بۆ ئەو مەبەستە، پێشەکی ئەم خاڵانە پێشنیار ئەکەین:

1–نەخشەکێشان بۆ پێکهێنانی کابینەی سێیەم وەك لەوەو پێش لەسەری رێك کەوتبوون، چاکتریش وایە کەسی یەکەمی حیزبەکان بەشداری ئەنجومەنی سەرکردایەتی بکەن لەگەڵ سەرۆکی دادگای تەمیزدا.

2–وەزیری داراییو بەڕێوەبەری بانکی ناوەندی هەرێم دوو کەسی بێ لایەنی پسپۆڕ بن.

3–وەزارەتی دارایی خاوەن دەسەڵات بکرێت بۆ لێکۆڵینەوەو پیاوداچوونەوە لەداهاتەکانی گومرگو پارەی بانقەکانو دائیرەکان لە 1994/5/1ەوە تا رۆژی پێکهێنانی کابینەی سێیەمو گێڕانەوەیان بۆ خەزێنەی حکومەتی هەرێم.

4–هەڵوەشاندنەوەی دەسبەجێی میلیشیای حیزبەکانو دامەزراندنی دەزگایەکی سەربازی لەسەر بنەمای تەجنیدی زۆرە ملێو سپاردنی چەكو پێویستیە سەربازییەکانی حیزبەکان بەو دەزگایە.

5–حیمایەی لێپرسراوانو بارەگای حیزبەکان بسپێردرێن بەهێزی پۆلیسی ناوخۆو بارەگای حیزبەکان بگەڕێنەوە جێگاکانی خۆیانو کار بەیاسای حیزبەکانو یاسای چەك بکرێت.

6–دوای هەڵوەشاندنەوەی میلیشیا، یارمەتی حیزبەکان لەوەزارەتی داراییەوە، تەنیا ئەوەندەی پێویست بێ بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری کارگێڕیو راگەیاندنیان، ئەوی تری بۆ گەشەپێدانو پێویستیە گشتییەکانی وڵات تەرخان بکرێت.

7–رێکخراوە جەماوەرییەکان، هەر یەکەو لەتەنیا یەك رێکخراودا یەك بخرێنو هەموویان ملکەچی ئەنجامی هەڵبژاردنی گشتیی ناوخۆیان بن.

8– هەموو دەزگاو ئامێری رادیۆو تەلەفزیۆنی حیزبەکان یەك بخرێنو بسپێردرێن بەوەزارەتی راگەیاندن، چالاکی راگەیاندنی حیزبەکان تەنیا لەڕێگەی رۆژنامەو نوسینەوە بێت.

9– هەموو ئەو کەسو خێزانانەی زیانی ماڵیو گیانیان لێ کەوتووە لەئەنجامی شەڕە ناوخۆییەکانی دوای راپەڕینەوە، زیانیان بدرێتەوە بەپێی یاسایەك لەپەرلەمانەوە.

10– ئەنجومەنی خزمەتگوزاری (مجلس الخدمە)و دیوانی چاودێری دارایی پێك بهێنرێنو دەس بەکاربن.

11–ئاماری گشتی ئەنجام بدرێتو هەموو حیزبەکان ملکەچی ئەنجامی هەڵبژاردنی داهاتووبن.

12– هەردوو لایەنەکە پابەندی رێکەوتننامەی پاریسو رێکەوتننامەی 1994/11/21 بن.

13– لەنزیکترین کاتدا کۆنگرەی نیشتمانی کوردستانی پێشنیارکراو ببەسترێتو لەو کۆنگرەیەوە ئەنجومەنێکی ئاسایشی نەتەوەیی کوردی پێك بهێنرێت کە ئەویش لەپاڵ پەرلەمانو ئەنجومەنی وەزیران دا دەسبەکاربێ.

چاوەڕوانی وەڵامین لەگەڵ رێزماندا

1995/2/5

## راگەیاندنی (15)

## لەلیژنەی کۆششی نەتەوەییەوە بۆ بەڕێزان:

1-**مام جەلال سکرتێری گشتی ی.ن.ك.**

2-**کاك مەسعود سەرۆکی پ.د.ك.**

3-**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان.**

4-**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان.**

5- **رێکخراوی مافی مرۆڤ لەکوردستان.**

هەڵگیرساندنەوەی شەڕی ناوخۆی ئەو دوو حیزبە مەترسیەکی زۆری بۆ بەرژەوەندی گشتی نەتەوەیی کوردو مافی مرۆڤو گیانو ماڵی هاولاتیان دروست کردووە. بەناوی جەماوەری کوردستانەوە داواکاری راگرتنی ئەم شەڕە ناهەموارەین کە نەبەرژەوەندی ئەو دوو حیزبەو نە بەرژەوەندی نەتەوەیی تیادا نیە.

داوا لەسەرکردایەتی ئەو دوو حیزبە ئەکەین کە رێزی رێکەوتننامەو ئمیزاکانی خۆیان بگرنو بەزەییان بەم نەتەوە ستەمدیدەیەدا بێتەوە.

داوا لەرێکخراوی مافی مرۆڤ لەکوردستاندا ئەکەین کە پێشێل کردنەکانی مافی مرۆڤ لەئەنجامی ئەم شەڕەدا بخاتە بەرچاوی جەماوەری گەلو بەرچاوی رێکخراوی گشتی مافی مرۆڤ بەمەبەستی ئەنجامدانی کاری پێویست بۆ وەستانی شەڕو پاراستنی گیانو ماڵی هاوولاتیان.

ئێمە لیژنەی کۆششی نەتەوەیی لای خۆمانەوە لەڕاگەیاندنێکی تردا پەنجە ئەخەینە سەر هۆکانی ئەم شەڕەو ڕای خۆمان پیشان ئەدەین بۆ چارەسەرکردن.

پشتگیری پەرلەمانی کوردستان ئەکەین لە اعتصام کردنیانو کۆششیان بۆ وەستانی شەڕو چەسپاندنی سەروەری یاسا.

1994/12/25

# راگەیاندنی (16)
# لەپێناوی یەکگرتن دا:
# لیژنەی کۆششی نەتەوەیی
# کۆششەکانی تر ئەنرخێنێ و درێژە بەکاری ئەدا

ئێمە (لیژنەی کۆششی نەتەوەیی) کە زۆر بەپەرۆشەوە یەکەم راگەیاندنمان بەبانگەواز بۆ یەکگرتنی پارتیو یەکێتی دەست پێکرد، ئەمانزانی جەستەی کوردایەتی بەچ دەردێکەوە گرفتارە. تارمایی مەرگەساتێکی نوێی بەیەکدادان بەبەرچاوماندا ئەهاتو ئەچوو.. زەنگی جەنگی براکوژییەکی تر لەگوێماندا ئەزرنگایەوە.. نزوولەی چاوەڕوانکراوی دەیانو سەدان منداڵی بێ باوكو ئافرەتی کۆست کەوتوو ویژدانی ئەهەژاندین.. سەدای تەپڵی بازرگانانی دووبەرەکیو ناکۆکی ئارامی لێ بڕیبووین.. سەرباریو برسێتیو نائارامییەکی زیاتری خەڵکی و هەڵپەیەکی فراوانتری جەردەو چاوچنۆکانو پیاوانی رژێمی بەغدا.

هەموو ئەوانەو گەلێ راستی تریش هانیان داین کە کارەکەمان بریتی نەبێ لەتەنیا راگەیاندنێکی رۆژنامەنووس، بەڵکو بەکرداریش هانامان بردە بەر بەڕێزان مام جەلال لە 1994/3/23و کاك مەسعود لە 1994/3/30و 1994/4/12 بەدوای ئەوانەدا ژمارەیەك لەئەندامانی سەرکردایەتی هەردوولایەنەکە، ئنجا ئەگەرچی بەڕێزان کاك مەسعودو مام جەلالو زۆربەی سەرکردەکانی تر کارو پرۆژەکەی ئێمەیان لاپیرۆز بوو، بەڵام بەداخەوە مێردەزمەی شەڕ لەکۆششەکەی ئێمەو خواستی گەل بەهێزتر بوو! ئەوە بوو نەك شەڕی براکوژی، بەڵکو جەنگی خۆکوژیش بەرپا بوو!!.

ئێستاش دوای کۆتایی هاتن بەو جەنگە ناڕەوایە، هەڵبەت مایەی خۆشنوودیی ئێمەیەو بەختەوەریی نەتەوەکەمان کە دەنگو خواستی یەکگرتن جارێکی تر بەرز ئەبێتەوە.

گرنگـی بەدەنگـەوە هـاتنی مامۆسـتایان د. رۆژ شـاوەیس‌و فەلەکـەدین کاکـەیی لەرۆژنامـەی خـەباتی 11 و 1994/11/18 دا لەوەدایـە کـە ئـەو بەدەنگ هاتنە لەدوو لێپرسراوی سەرکردایەتیەوەیە. ئەمـەش جگـە لـەوەی گوزارە لەراستگۆیی‌و هەست بەلێپرسینەوەی مێـژوویی‌و نەتـەوەیی ئـەکات، ئازایەتی‌و دەست پێشکەرییە کە نـاکرێ بایـەخی پـێ نـەدرێ‌و نـەنرخێنرێ. بــەڕێزان یــەحیا بــەرزنجی لەخــەباتی 11/18 و حەســەن نەقــشبەندی‌و نیزامــەدین گلــی‌و شــوکری عەبــدولباقی‌و ئــەبو ود لەخــەباتی 11/25 دا هەریەکەو شارایەکی تریان خستە سەر کۆششی یـەکگرتن‌و جـارێکی تـریش مامۆســتایان فەلەکــەدین‌و ك. ســاڵەیی لەخــەباتی 12/2 دا باســەکەیان دەوڵەمەند کرد بەتایبەتی کە مامۆستا فەلەکەدین هێمای بـۆ ئـەوە کـردووە کـە ناترسـێ لـەئازادی بڵاوکردنـەوەی رای جیـاوازیش، ئەمـەش کـارێکی باشەو ئەشێ بگاتە رایەکی چاکتر کە تا ئێستا بـەبیردا نـەهاتبێ لەئـەنجامی پیشاندانی رای جیاواز جیـاوازەوە. دیـارە بەدواداچـوونی تـریش چاوەڕوان ئـەکرێ. هیـوادارو داواکـارین لـەڕیزەکانی یـەکێتی نیـشتمانی کوردسـتان‌و لایەن‌و رێکخراوە سیاسییەکانی ترو کەسانی تریشەوە بەئەرێتی (ایجـابی) یانــەرێتی (سـلبی) پێنووسـەکانیان بخەنــە کاروبـاری سـەرنجیان لـەبارەی یەکگرتنەوە دەربـڕن لەگـەڵ پیـشاندانی بیـانووی گونجـاودا بـۆ هـەر رایـەك ئەوەش بەمەبەسـتی والآکردنـی دەرگـای وتوویـژ بـۆ بەرجەسـتەکردنی ئـەم پرۆژە پیرۆزە.

ئێمـەش لای خۆمانـەوە، ئەگەرچـی لـەکاتی شـەڕەکەدا کۆشـشەکانمان ئاڕاستەی راگرتنی شەڕو ئاسایی کردنەوە کرد، بەڵام هەر گەشبین بووین بۆ یەکگرتن‌و لەمەودواش کۆششی کردەیی‌و بەدواداچوونی بەردەوامان ئەبێ.

ئێستاش بۆ بەیادهێنانەوەی لایەنگران‌و داواکارانی یەکگرتن، لـەدووبارە بڵاوکردنــەوەی راگەیانــدنی ژمــارە (1) مانــەوە دەســت پــێ ئەکەینــەوەو یەزدانی بزورگیش پشتیوانی هەموو هەوڵ‌و کۆششێکی خێرخوازانەبێ.

# راگەیاندنی ( 17 )
# بروسکەنامەیەك لە
# لیژنەی کۆششی نەتەوەییەوە
# بۆ کۆنگرەی نیشتمانی کورد ( K.N.C ) لەئەمەریکا

بەڕێزان

پرۆژەکەتان بۆ راگرتنی شەڕی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، جێگەی پەسەندیو بایەخ پێدانی لیژنەکەمانە، ئێمە کە لەو بارەیەوە خاوەنی چەندین پرۆژەو هەوڵی ئاشتیخوازانەینو لەنزیکەوە ئاگاداری کێشەکانین، ئامادەیی خۆمان پیشان ئەدەین بۆ پێشوازی کردن لەنێردراوەکانتان بۆ کوردستان بەمەبەستی یەکخستنی پرۆژەو کۆششەکانمان، بەتایبەتی کە دیدوبۆچوونی ئێوەش لەو پرۆژانەوە نزیکە کە ئێمە لەئازاری 1994ەوە ئەیانخەینە پێش چاوی ئەو دوو پارتیە سەرەکیە بۆ ڕاگرتنی شەڕو ئاسایی کردنەوەو تەنانەت یەکبوونیشیان لەیەك رێکخراوی سیاسیدا کە ئەوە چاکترین چارەسەرییە بۆ ئەم قۆناغەی خەباتی نەتەوایەتیمان ئەگەر سەرکردایەتی ئەو دوو لایەنە قازانجو دەسکەوتی تەسکی پارتایەتی بەلاوە نێن لەپێناوی بەرژەوەندیی گشتی نەتەوەکەماندا.

هیوادارین هەرچی زووترە دەسبەکاربن بەتایبەتی ئێستا دەسکەوتەکانی راپەڕینو ئەزموونی پەرلەمانو فەرمانڕەوایی هەرێم، زیاتر لەهەر کاتێکی تر، لەمەترسیدایە لەئەنجامی ئەو شەڕەدا کە بۆتە هۆی پێشێلکردنی یاساو مافی مرۆڤو تۆقاندنو بێ کاریو نائارامیو تالانیو برسێتیو.. هتد بەڕادەیەك کەمەترسی بەکۆمەڵ مردنی خەڵکی کوردستانی لێ ئەکرێ. ئەمە جگە لەوەی ئەم شەڕە هەلیشی رەخساند بۆ سوپای داگیرکەری تورك کە سنوورمان ببەزێنێو سەروەریمان پێشێل بکات هەروەك چۆن دەوڵەتە داگیرکەرەکانی تری کوردستان خۆیان لەبۆسەناوە

بۆ لەباربردنی ئەزموونەکەمان لەدرزو دەلاقەی ناکۆکیو شەڕی ناوخۆوە کە ئەوە دەردی کوشندەی کورد بووە بەدرێژایی مێژوو.

ئەو راگرتنی شەڕەش لەم رۆژانەدا، ئەگەرچی هەنگاوێکی دڵخۆشکەرە، بەڵام بەبێ چارەسەرکردنێکی ریشەیی کێشەکان، لەسەرووی هەمووشیانەوە هەڵوەشاندنەوەی میلیشیاو سپاردنی داهاتەکانی کوردتسان بەدەستی پاکو بێلایەنو چەسپاندنی سەروەریی یاسا، مەترسی هەڵگیرسانەوەی شەڕ هەر ئەمێنێ.

میللەتیش نایەوێ جارێکی تر رێکەوتنەوە لەسەر دابەشکردنەوەی دەسەڵاتو سامان بێت بۆ هێزکێشیو خڕکردنەوەی چەکی زیاتری براکوژیو ویژدان کڕینو لێدانی هێزە سیاسییەکانی تری سەرپانتایی رووبەری کوردستان بەنەخشەو پیلانی داگیرکەران کە ئاشکرایە هەر کات شەیتان ناوبژیکەر بێ هەزار کەلاوە بەپوولێك ئەبێ.

بەردەوام بوونی کۆششی خێرخوازانەی کەسانو لایەنە دڵسۆزەکانی ناو نەتەوەکەمان هەمیشە پێویستەو ئێوەی دانیشتوانی هەندەرانیش، جگە لەم کۆششە، ئەرکی سەرشانتانە کە هەریەکەتان باڵیوزێکی نەتەوەکەمان بن بۆ بەدەست خستنی زیاترین پشتگیری پەیداکردنی دۆستانێکی زیاتر بۆ نەتەوەکەمان.

هەر بژین بۆ کورد

1995/4/10

## راگەیاندنی لیژنەی کۆششی نەتەوەیی ( 18 )
## بۆ ئاشتیەکی هەمیشەیی لەکوردستاندا

بەر لەهەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆی مایسی 1994و لەئەنجامی دیاردەی نابەجێی پەنجا بەپەنجادا، لیژنەکەمان پێشبینی شەڕێکی لەو جۆرەی کردو بۆ بەربەستی ئەو شەڕە، راگەیاندنی رۆژی 1994/4/10ی ئاڕاستەی پارتیو یەکێتیو جەماوەری گەل کردو مەترسی شەڕی خستە

پێش چاویان‌و چارەسەریشی لەئاوێتـەبوون‌و یـەکبوونی ئـەو دوو پارتییـەدا بینی.

دوای هەڵگیرساندنی شەڕ ئێمەو هەندێ لیژنەی ترو کەسێتی نیشتمانی‌و جیهانی‌و پارتییە کوردستانییەکانی ترو ژمارەیەك لەڕێکخراوە کوردییەکان‌و بیانییــەکان لەهەنــدەران‌و ئنجــا تورکیــاو ئێــران‌و فەڕەنــساو بــەریتانیاو ئەمریکاش، هەریەك بەشێوازی خۆی داوای ئاگربەست‌و بنەبڕکردنی شەڕیان کرد.

ئێـستاش دوای دوو سـاڵ کوشـتاری رۆڵـەکانی کـوردی شـەکەتەی دوای ئەنفال‌و کیمیاباران‌و وێرانکردنی جارێکی تری کوردستان‌و برسـی کردنێکـی زیــاتری گــەلی کــوردی ژێــر بــاری دوو ئابلۆقــەی ئــابووری.. وا خەریکــە کۆششەکان دێنە بەرو لایەنە بەشەڕهاتووەکانیش ئەگەنە ئەو ئەنجامەی کـە شەڕێکی لەو جۆرە، نەزاڵبوونە بۆ هیچ لایەکیان‌و نەشـانازی، بـەڵکو خۆیـان لەبەردەم کەمبوونەوەی باوەڕو متمانەی گەلیشدا ئەبیننەوە.

هــەر چــۆنێ بــێ، گەڕانــەوە بــۆ ژێرێتــی‌و گێڕانــەوەی زەرەر لــەنیوەی چــاکترە لەبــەردەوام بــوون لەســەر هەڵــەو لەســەر تــاوانی گــەورەی شــەڕی ناوخۆ، بەڵام بۆ ئەوەی رێکـەوتنی چـاوەڕوانکراوی ئـەم جـارەش نەبێتــەوە بەڕێکەوتنــە ســتراتیجیە تەمــەن کورتەکــەو بەچارەنووســی رێکەوتنــەکانی سلۆپی‌و تـاران‌و پـاریس‌و درۆگیـدا نەچێتەوە، پێویـستە ئـەمجارە بەدیـدو بۆچوونێکی قووڵترو کردەییانەو زانستانەترەوە کێشەکە چارەسەر بکرێت.

ئەوەش بەڕای ئێمە کاتێ ئەبێ کـە کۆتـایی بـەدیاردەی پـەنجا بەپـەنجا بهێنــرێ‌و ســوپایەکی نیزامــی جێگــەی میلیــشیای پارتییــەکان بگرێتــەوەو پەرلــەمانێکی نــوێ لەڕێگــەی هەڵبــژاردنێکی ئــازادەوە دەس بــەکار بــێ‌و کابینەیەکی تـازە لەسـەر بنـچینەیەکی فراوانـی هەمـە لایـەن حـوکمی یاسـا بچەسپێنێ‌و پێشێلییەکانی مافی مرۆڤ نەهێڵێ‌و داهـات‌و دارایـی وڵات بخاتـە ژێر رکێفی خۆەیوەو تەرخان بکات بۆ دەزگا گشتییەکان‌و بۆ پرۆژە بەرهەم هێنــەرەکان‌و بــۆ نەهێــشتنی برســێتی‌و بێکــاری‌و کۆتــاییش بــەرادیۆو

تەلـەفزیۆنی پارتییـەکان بهێنـیّو تـەرخانیان بکـات بـۆ راگەیانـدنی گـشتی دەوڵەتو کاربەیاسای چەکیش بکاتو دەستورێکی بنچینەییش سەرچـاوەی دەسەڵاتو یاسـاکان بـیّو تێکـڕا لەئاسـتی گۆڕانکارییـە نێـو دەوڵەتییـەکان دابــینو پێــشەکی ئامــادەی قۆزتنــەوەی هــەر هــەلێك بــین بــۆ ئــازادیو سەربەخۆیی.

لــەو دیــو هــەموو ئەمانەشــەوە ئەنجومــەنێکی ئاسایــشی نەتــەوەیی لەکەسانی بەتوانان شارەزاو خاوێنو کوردپەروەر، نەخشەکێشی سـتراتیجی نەتـەوەییمان بـیّو خـاوەن دەسـەڵاتی بـەزەبری سـزا بـیّ بـۆ هـەر کـەسو لایەنێکی ناپاك کە ڕیزی یەکێتیو تەبایی ئەم نەتەوەیە تێك ئەدات، یا زیـان بەداراییو ئابوری نیشتمان ئەگەیەنێت.

بەربەرستێکیش بـیّ لەبـەر هـەر هێرشـێکدا بـۆ سـەر قـەوارەی سیاسـی نەتـەوەو سـنوری خـاکی نیـشتمانمان بەگـشتیو بـۆ پاراسـتنی حکومـەتی هەرێمی ئازادکراو لەخوارووی کوردستاندا لەرۆژگاری ئەمڕۆدا بەتایبەتی.

لەگـەڵ ڕێـزی لیژنـەی کۆشـشی نەتەوەییـداو بـەهیوای سـەرکەوتنێکی هەموو کۆششەکان بۆ ئاشتیەکی هەمیشەیی لەکوردستاندا.

1996/4/15

# چی بکریّ بۆ ئەوەی ئـاشتی لەکوردستـاندا بێتەدی؟

ئەشیّ ئـەم پرسـیارە دوو وەڵام بگرێتـە خـۆ: ئاشـتی بەگـشتی، ئاشـتی لەنێوان دوو حزبە دەسەڵاتدارە بەشەڕ هاتووەکەدا بەتایبەتی.

یەکەم: بۆ بەدیهێنانی ئاشتی لەباشووری کوردستاندا:

1-هەڵوەشاندنەوەی میلیشیای پارتییەکان، ئەمـە نـەك هـەر بـەکۆتایی هێنان بەشـەڕی نـاوخۆ، بـەڵکو بـۆ چەسـپاندنی دەسـەڵاتی یاسـاو ڕێزگـرتن لـەمافی مـرۆڤو کۆتـایی هێنـان یـا کەمکردنـەوەی راوو ڕووتو مافیایـەتیو تیرۆرو بـۆ بـڕواو متمانـە بەدەسـەڵاتی فەرمانڕەوایـەتیش، کـارێکی یـەجگار پێویستو بەپەلەیە.

ئەگەر ئەم میلیشیایە بمێنێ، ئەمڕۆش کۆتایی بهێنرێ بەشەڕی ناوخۆ لەنێو هەندێك لایەندا، سبەی چەندین لایەنی تر قوت دەکرێنەوە بۆ تێکدانی ئاشتیو ئارامی کوردستان.

2–خۆماڵیکردنی رادیۆو تەلەفزیۆنی پارتییەکان کە ئاگر خۆشکەری شەڕی ناوخۆن، میلیشیاو رادیۆو تەلەفزیۆنی حزبی، بابەتی پێش دروستبوونی حکومەتن، کە حکومەت پێکهێنراو راگەیاندنو هێزی چەکداری هەبوو، ئیتر میلیشیاو رادیۆو تەلەفزیۆنی حزبی مانای چی! ؟، بەتایبەتی لەوڵاتی وەك ئێمەدا کە دوژمنەکانمان مانەوەی ئەوانە بەهەلی زێڕین دەزانن بۆ تێکدانی هەر قەوارەیەکی سیاسیمان.

3– یەکخستنی رێکخراوەکانی وەك خوێندکارانو ئافرەتانو ئەوانی تر، ئەو رێکخراوانەش هەر بابەتی کاتێکن پارتییە سیاسیەکان بەنهێنی کاربکەن کە هەر یەکێکیان رێکخراوێکی لەو جۆرە دەکاتە هۆکارێك بۆ راکێشانو راهێنانو تەتەڵەکردنی خەڵکی بۆ ناو ئەو پارتییانە، یا بۆ کەمکردنەوەی گوشاری دوژمن لەسەر لایەنگرەکانیان، کاتێ پارتییەکان ئاشکرا کار دەکەن، ئیتر خەڵکی ئازادە بۆ لایەنگرتنی هەر پارتییەكو گوشارەکەش نامێنێ، ئنجا بۆ بەرگریکردنیش لەمافی ئەو توێژانە، یەك رێکخراو بۆ هەر یەکێکیان بەسەو سنوقی دەنگدانیش کارگێڕەکانیان دیاری دەکا.

جێبەجێکدنی ئەو خاڵانەی سەرەوە، بۆ ئەمڕۆی باشووری کوردستان، مەرج نیە وا بەستەبێ بەرێککەوتنی دوو پارتیە دەسەڵاتدارەکەوە لەسەریان، دەشێ ئێستا هەر یەك لەناوچەی دەسەڵاتی لایەکیان دەستپێشخەری لەجێبەجێکردنیاندا بکات، ئەوە ئەم دەسکەوتانە بۆ خۆی دابین دەکا:

أ– هێزێکی زیاتر بەدەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتییەکەی دەدا، کە ناڕاستەوخۆ دەشبێتە هێزێکی زیاتر بۆ ئەو پارتییە خۆیشی.

ب–ئەوە دەسەلمێنێ کە بەڕاستی خوازیاری ئاشتیو دەسەڵاتی یاساو مافی مرۆڤە.

ج- بایەخو ڕێزێکی زیاتری دەبێ لای جەماوەری گەلو لای تێکڕا دۆستو دوژمنیش.

بۆ وەڵامی پرسیارێکیش کە دەشێ بوترێ، ئەی ئەگەر چەپەکان یا ئیسلامییەکان یا لایەنی تر بەبڕیارێکی وا ڕازی نەبوون؟ لەوەڵامدا دەڵێین ڕازی نەبوونێکی لەو جۆرە ناهەقییە، ناهەقیش پێوانەی لەسەر ناکرێ. کاری ڕاستو دروست دەبێ ئەنجام دبرێ سەرکەوتنیش بۆ ڕاستیو دروستییە، ئنجا ئەگەر جێبەجێکردنی ئەو خاڵانە هەموو پارتییەکان بگرێتەوە، یا پارتییە دەسەڵاتدارەکانیشەوە، ئیتر بۆ دەبێ ئەوانی تر ڕازی نەبن؟ بەتایبەتی ئەگەر ئەوانیش بەشداری بکرێن لەدەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتیدا.

4-پەنابردنە بەر سنوقی دەنگدان بۆ گەیشتن بەدەسەڵات، یا بۆ چارەسەرکردنی هەر کێشەیەك وەك ئەوەی لەدنیای پێشکەوتودا هەیەو پەیڕەوی دەکرێ.

5-کۆکردنەوەی پارتییە سیاسییەکانو کەسایەتییە سیاسییە بێ لایەنەکانو توانا سیاسیو سەربازییەکان بەگشتی لەڕێخستنێکی وەك کۆنگرەیەکی نیتشمانی، یا ئەنجومەنێکی ئاسایشی نەتەوەیی یا بەرەیەکدا کە نەخشەکێشی ستراتیجی نەتەوایەتیمان بێو دەسەڵاتێکی زەبر بەدەستیش بێ بۆ لێدان یا ڕاستکردنەوەی هەر لایەنو کەسێك کە لەهێڵی بەرژەوندی گشتی نەتەوەییمان لابدات.

دووەم: لەبارەی ئاشتی نێوان دوو پارتییە فەرمانڕەواکەوەو کۆتایی هێنان بەشەڕی ساردو گەرمی ناوخۆی ئەمڕۆمان، زۆر وتراو زۆر هەوڵی دەرەکیو ناوەکی درا، لەکۆبوونەوەکانی پاریسو درۆگیداو تارانو ئەنقەرەوە بیگرە تا هەوڵەکانی پارتییە بچووکەکانو لیژنەی ئاشتخیوازەکان، بەڵام هیچیان کێشەکەیان بنەبڕ نەکرد، کەواتە دەبێ لەهۆکان بپرسینو بۆ چارەسەریی تر بگەڕێین.

دەشێ هۆکان لەم خاڵانەدا کۆببنەوە:

1- نەبوونی متمانە بەیەکتری.

2- کاملّ نەبوونی ئەقڵی سیاسی.

3-وابەستەبوونی هەریەك لەپارتییەکان بەدەوڵەتێکی دژ بەبەرژەوەندییەکانی کوردەوە.

لەڕاستیدا هیچ کێشەیەك تا سەرو بێ چارەسەر نیە، با لەچارەسەرکرنی ئەو خاڵانە بدوێین:

1-بۆ دروستبوونی متمانە، دەگونجێ ئەم خاڵانە خراپ نەبن:

أ-پەیڕەویکردنی سیستەمی (کۆمۆنەکان) وەك ئەوەی لەهەندێ وڵاتی ڕۆژئاوادا پەیڕەوی دەکرێ، بەپێی ئەم سیستەمە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ هەڵبژاردنی 1992، هەر پارتییەك لەهەر ناوچەیەك، شارێك، شارۆچکەیەکدا زۆربەی دەنگی هێنابێ، ئەوا ئەو پارتییە ئیدارەی ئەو جێگایانە دەگرێتە دەست خۆی، تا هەڵبژاردنی ئایندە.

ب-حکومەتێکی کاتی بێ لایەنی تەکنوکرات، فەرمانڕەوایەتی ناوەندی پایتەخت دەگرێتە دەست تا هەڵبژاردنی ئایندە، بێگومان دەبێ هەموو داهاتی کوردستان بچێتە میزانییەی ئەو حکومەتەوە، دوای هەڵبژاردن، زۆربەی دەنگ بەتەنیا یا بەبەشداری لەگەڵ چەند لیستێکی تر باوەڕی پەرلەمان وەردەگرێ بۆ فەرمانڕەوایەتی کردنی وڵات لەگەڵ ڕەچاوکردنی سیستمی کۆمۆنەکاندا بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکان بەتایبەتی.

ج-تا هەڵبژاردنی ئایندە، هێزو لیژنە ناوبژیکەرو ئاشتیخوازەکان بەردەوام بن.

2-وەك دەوترێ: کەماڵ تەنیا بۆ یەزدانە، ئەقڵی سیاسی کورد بەگشتیو هی پارتییەکانی کوردستان بەتایبەتی، لەچاو نەتەوە پێشکەوتووەکاندا لاوازە، ئەمە ڕاستییەکەو دەبێ دانی پێدا بنێین، چونکە کورد لەتێکچوونی (ماد)ەوە تا ئەم سەردەمە قەوارەی سیاسی تەواوی خۆی نەبووەو تا ئێستا لەڕووی نەزەریو لەڕووی پراکتیکیشەوە هەژارە. بۆیە پێویستە هەر دەسەڵاتێکی کوردیو هەر پارتییەك لەکوردستاندا، پەنا

بباته بەر چەندین کەسانی سیاسی شارەزای دەرەکیو ناوەکی بۆ راوێژو رێنمایی کردنیان.

3-شاردراوە نیە، زۆربەی پارتییە سیاسیەکانی کوردستان، کەم یا زۆر، وابەستەن بەیەکێك یا زیاتر لەدەوڵەتە ناوچەییەکانەوە، دوور نیە ئەوەش رۆژگارو باری ناهەمواری کوردستان ناچاری کردبن، لەبەرژەوەندی ئەو دەوڵەتانەش نیە کورد قەوارەیەکی سیاسی خۆی هەبێ. بۆیە ئەوانە هەر کات نەتوانن لەرێگەی هێزەوە قەوارەیەکی سیاسی کورد بڕوخێنن، پەنا دەبەنە بەر لێدانی کورد بەکورد. ئەمە دیاردەیەکی کۆنە لەرۆژگاری میرنشینە کوردییەکانەوە تا ئەمڕۆی پارتییە کوردیەکان.

لێرەداو بەرامبەر بەم بارە، دیسان ئەقڵی سیاسی کوردو هێزە کوردییەکان ئەگەر کراوە بێ دەتوانێ دەوری خۆی ببینێ. ئەو دەوڵەتانە ساڵەهای ساڵە هێزە کوردییەکانو نەتەوەی کورد بەگەلێ جۆر دائەدۆشن. کوردو هێزە کوردییەکانیش دەتوانن ماوەیەكو بەپای پیلان لەژێرەوە یەك بنو سەرزاریش ناکۆك تا ئەم قەوارە سیاسییەی باشوور بەهێزو پتەو دەکەن. ئەمە خەیاڵ نیەو گەلێ نەتەوە بەقۆناغی لەم جۆرەدا تێپەڕبوون.

وابزانم ئەمەندە وەك ئەلفێك، بەسە بۆ کەسانی هوشیارو نیشتمانپەروەری راست.

کامیل ژیر 1997/8/24

لەوەڵامی پرسیارێکی کوردستانی نوێدا ژمارە 1453

# پەراوێزە سەرەکیەکان

**{1} تورکیـــا لەبـــەردەم را پـــەڕینی کـــوردو لـــەژێر گوشـــاری هاوپەیمانانداـ**

ساڵی 1962 ڕێم کەوتە تورکیاو ماوەیەك لەئەستەمووڵ مامەوە. بەهۆی چەند برادەرێکی خوێندکارمەوە لەوێ ژمارەیەك لەخێزانە کوردەکانم ناسی. بەهۆی ئەوەوە کە چەند ژمارەیەك لەبەشی دووهەمی هەڵبەستەکانم کە بەناوی (کوردایەتی)یەوە چاپ کرابوو و گەیشتبووە ئەستەموڵو بڵاوبووەوە، چەند ماڵە کوردێکی ئەوێ زیافەتیان بۆ کردم. یەکێك لەو ماڵانە ماڵی خوالێخۆشبووی شەهید موسا عەنتەر بوو کە ئەو ڕۆژە ژمارەیەك برادەرو لاوانی ناسیاوی خۆی دەنگدابوو کە ئامادەی ئەو زیافەتە ببن. مامۆستا جەمال عەلەمدار کە ئەوسا لەوێ ئەیخوێند سازدەری ئەو پێناسینە بوو.. لەوتووێژی وێژەییەوە بازماندا بۆ سیاسەت. بۆ کوردایەتی.. هەستم کرد هەستێکی زۆری کوردایەتیان هەیە، بەڵام هیچ ڕێکخستنێکی سیاسیان نیە. وتیان ڕاستییەکەی نازانین چۆن پارتی (حیزب) دروست ئەکرێو چۆن پەیڕەوو پرۆگرامی بۆ دانێین! منیش ئەوەم بەهەلزانیو لەسەر شێوازی بیروباوەڕو پەیڕەوو پرۆرگرامی کاژیك خاڵە گشتییەکانی پەیڕەوو پرۆگرامو بەرنامەیەکی کاری پارتایەتیو سیاسیم بۆ گەڵاڵە کردنو مەسەلەی ناوو وردەکارییەکانی ترم بۆ خۆیان بەجێهێشت. لەساڵی 1982ش دا گەشتێکی کوردستانی باکورم کردو تێکرا ئەوەم ئەبینی کە هەستی کوردایەتی زۆرەو هوشیاریی سیاسی کەمە.

ئێستا کوردستانی باکوور لەئاستێکی بەرزی هوشیاریی سیاسیدایە. لەراپەڕینێکی نەتەوەییانەی رادەردایە. رژێمی تورکی تەواو داماوە بەدەست زەبری بزووتنەوەی کوردایەتیەوە. کوردەکانی باکور لەناوجەرگەی شارە گەورەکانی تورکیادا کاری فیداکارانە ئەدەن، بەرژەوەندییە گشتییەکانی تورکیا هەڵئەتەکێنن، ئارامیان لەکاربەدەستان بڕیوە. گەشتوگوزاریی تورکیایان پەکخستووە، کونە مشکیان لەپیاوانی رژێم کردۆتە قەیسەری. هەموو سنورەکانی باکووری کوردستانیان کردۆتە ئاگر. ئەمە جگە لەوەی هەر ئەو کوردانە قورساییەکی زۆریان لەهەندەران بەگشتیو لەئەوروپا بەتایبەتی دروست کردووەو تێکڕای ئەو کارانە وایان کردووە کە لەهەموو گۆشەیەکی جیهان حسابی تایبەتی بۆ مافی کورد لەباکوری کوردستاندا بکرێت.

ئەوەبوو لەکۆبوونەوە چوار قۆڵیەکەی ئەمەریکاو بەریتانیاو فەڕەنساو توکیادا لەئەنقەرە رۆژی 1994/3/10 ڕای هەر سێ دەوڵەتە گەورەکە ئەوەبوو کە تورکیا چارەسەری مەسەلەی کوردی باکور لەچوارچێوەی تورکیادا بکات دوور لەهۆکاری سەربازیانە کە ئەنجامێکی نابێ. ئەو چارەسەریەش تا فیدراڵی بڕوات ئەگەر پێویستی کرد.

لێرەدا ئەگەر سەرنج بدەین ئەبینین ئەو سێ دەوڵەتە پێشنیهادی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆیان کردووە بۆ کوردستانی باشوورو رۆژهەڵات. بەڵام بۆ کوردستانی باکور تا فیدراڵی بۆی چوون لەبەر هەندێ هۆی تایبەتی ئنجا رۆژنامەی حەیاتی لەندەنی لەوتارێکیدا لەژێر ناونیشانی (بواردنی بەشەکەی تورکیا لەکوردستان بۆ مەوداوی دوور مسۆگەر نیە) کە لەناوەڕۆکی وتارەکەدا باس لەوە ئەکات لەمەودای دوورا ئەو بواردن (استثناء)ەی باکوری کوردستان لەکوردستانی گەورە مسۆگەر

نیە. واتا ئەویش هەر ئەبێ ببێتە بەشێك لەكوردستانی گـەورەی سـەربەخۆو ناشێ تا هەتا هەر لەگەڵ توركیادا بمێنێتەوە ئەگەرچی فیدراڵیش بێ.

ئنجـا ئێـستا توركیـا نـەك هـەر لەبـەردەم راپـەڕینی كـوردو لەكێـشەی ئابووریی سەر عێراقدایە. بەڵكو لـەژێر هەڕەشـەی ئەویشدایە كـە یارمـەتیی دارایی ئەمەریكاشی لێ ببڕدرێ. هەروەها لەبەردەم مەترسـیی دابڕاندایـە لـە سـنوقی نەقـدی نێـو دەوڵـەتی. جگـە لـەوەی لـەژێر گوشـاری كێـشەی قوبرسیشدایە. هێرشـی راگەیانـدنی ئـەوروپاو ئەمـەریكاش بـۆ سـەر توركیـا لەبارەی رێزنەگرتنیەوە بۆ مافی مرۆڤ بەردەوامە كە زیاتر مەبەسـت لـەمافی مرۆڤـی كـوردە. ئنجـا توركیـا هەمیـشە ترسـی ئەوەشـی هەیـە كـە بـەهۆی هەڵسوكەوتی خراپیەوە لەگـەڵ كـوردا، ئـەو خـەوەی نەیەتـە دی كـە ببێتـە ئەندامی بازاڕی هاوبەشی ئەوروپایی.

## 2} ولایەتی موسڵ

لەدێر زەمانەوە موسڵو ناوچەیەكی فراوان بەدەوریدا، ئەو ناوەی خۆی هـەبووە جیـاواز لـەناوی ناوچـەكانی دەوروبـەری، لـەژێر فەرمانڕەوایـەتیی دەوڵـەتی عوسمانیـشدا ئـەو ناوچـەیە نیمـچە قـەوارەی خـۆی هـەبووەو بەولایەتی موسڵ نـاوبراوە. لەسـاڵی 1925دا ئـەو ولایەتـە، بـەپێی هەنـدێ مەرج لەلایەن كۆمەڵی نەتەوەكان (عصبە الامم)ەوە خراوەتـە سـەر عێـراق. عێراقیش بەپێی هەندێ مەرج لەكۆمەڵی نەتەوەكاندا بەئەندام وەرگیراوە لـە 1932/10/3دا دوای ئەوەی دەسەلاتی كۆمەڵی نەتەوەكانی لەسەر لابرا.

ئەو مەرجانە لەبەیانێكی دەستوری عێراقی خۆیدا لـە 1932/5/30دا دركێنراوەو تا ئێستاش جێگـەی كـار پێكـردنن، مەرجـەكانو خۆبەسـتنەوە (التزامات)ەكانی عێراق بریتین لەرێزگرتنی مافی كەمایەتییەكانو پاراسـتنی ملكی تایبەتی كە چاڵە نەوتـەكانی كـەركوك مـوڵكی تایبـەتی گـەلی كـوردەو مەرج ئەوە بوو كە داهاتی ئەو چاڵە نەوتانە بۆ گەلی كورد خەرج بكرێتـەوە. ئەشبێ كۆمەڵی نەتەوەكان زامنی ئەوە بكاتو عێـراقیش بایـەخی تـەواویان پێ بداتو پێش هەموو یاساكانی بخاتو لەدواڕۆژیشدا هەمان گرنگی بداتێ.

ئەگەر عێراق پێچەوانەی ئەوانە جولآیەوە، یا مەترسییەکی هەبوو بۆ ئەوانە، ئەوا ئەبێ لەلایەن کۆمەڵـەی نەتـەوەکان، یـا دادگـای دادی هەمیـشەیی نێـو دەوڵەتیەوە ئەوەی پێویستە بکرێ، ئەمانەش بەپێی مـادەی 10 و مـادەی 16 لەڕاگەیاندن (اعلان)ی عێراقـی 30 مـایس 1932 و مـادەی 36 و 37 لەیاسای بنچینەیی دادگای ناوبراو.

وەك مەســـەلەیەکی یاســـایی گـــشتیش هـــەر کـــام لـــەدوو لایـــەنی رێکەوتننامەیەك سەرپێچییان لەڕێکەوتننامەکە کرد، لایەکەی تر بـۆی هەیـە لەورێکەوتننامەیە دەرچێت. ئنجـا لەبـەر ئـەوەی دەوڵـەتی عێـراق بەهـەموو حکومەتەکانیەوە لەساڵی 1932ەوە تا ئێستاش رێـزی مـافی گـەلی کـوردو کەمایەتیەکانی نەگرتووەو داهاتی بیرە نەوتەکانی نەك بـۆ خـەڵکی ولایـەتی موسڵ خەرج نەکردۆتەوە، بەڵکو داوێتی بەچـەکی کۆمـەڵ کـوژو کێـشاوێتی بەســەری دانیــشتوانی ئــەو ولایەتــەداو خــەڵکی ئــەو ولایەتــەی ئــەنفالو کیمیاباران کردووەو ماڵیانی کـاول کـردووە، بـۆ خـەڵکی ئـەو ولایەتـە هەیـە خۆی جیاکاتەوە لەعێراق. ئەوەش مافێکە هـیچ یاسـایەکی نـاوخۆ، یـا هـیچ یاسایەکی نێو دەوڵەتی ناتوانـێ لەخـەڵکی ولایـەتی موسـڵی بسەنێ. لەبـەر ئــەوە هــەر بڕیارێــك کــە لەدەوڵــەتی عێراقــەوە دەرچــێ یــا لەئــەنجامی کۆبوونەوەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە دەرچێت یا تەنانـەت لەکۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە یا لەئەنجومەنی ئاسایشەوە دەرچـێتو بریتی بێ لەوەی ئەو مافە لەخەڵکی ولایەتی موسڵ زەوت کات یا بریتی بـێ لەوەی ئەبێ یەکێتی خاکی عێاق وەك ئەوەی ئێستا هەیە بپارێزرێت.. ئەوە بڕیارێکی نایاساییەو شەرعیەتی نیـەو خـەڵکی ولایـەتی موسـڵ بۆیـان هەیـە خۆیانی پێوە نەبەستنو پشتگوێی بخەن.

کۆمـەڵی نەتــەوە یــەکگرتووەکانیش بەرپرســی جێبــەجێکردنی هــەموو خۆبەستنەوە (التزامات)ەکانی کۆمـەڵی نەتەوەکانـە بـەپێی بڕیارێـك کـە لـە 1946/4/18 دا دراوە.

بیرۆکـەی زیندووکردنـەوەی ولایـەتی موسـڵو جیاکردنـەوەی لـەعێراق، بـەباوەڕی مـن، لـەوەوە هـاتووە کـە هاوپـەیمانان ئەیانـەوێ لەڕێگـەی ئـەم پرۆژەیەوە چاڵە نەوتەکانی کـەرکوك لـەعێراق بسەننەوەو ئـیتر ئـەو نەوتـە جگە لەوەندەی پێویستییەکانی خـەڵکی کوردسـتان دابـین کـات یـا هەنـدێ زیـانی جـەنگی کەنـداوی پـێ بدرێتـەوە، زیـاتری لێ نـەڕوات‌و وەك یـەدەگ (احتیـاط)ێـك هـەڵگیرێ بـۆ ئاینـدەی بـەکارهێنانی جیهـان یـا هاوپـەیمانان، خەڵکی ولایەتی موسڵیش ئەکرێتە پاسەوانی ئەو نەوتە.

میستەر جی، ئەنتون کیلەر سکرتێری کۆمەڵـەی دەسـتەی ئـەورووپی بـۆ داڕشـتنی یاسـا کـە ئەنجومـەنی ولایـەتی موسـڵیش بەراوێـژکاری خـۆی هەڵبـژاردووەو وەك بـاڵیۆزێکی دەسـەڵات پێـدراو و نوێنـەرێکی تایبـەتی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و وەکالەتە تایبەتەکانی کـار ئـەکات، لەراپۆرتێکی‌دا بەبەرواری 1992/5/3 ئەڵێ: ئەگەر هەڵس‌و کەوتی چاك‌و وردبینانە لەگەڵ کوردەکانـدا بکـرێ لەلایـەن دۆسـتە ئەمـەریکاییی‌و ئەورووپاییەکانیانـەوە یارمەتی بدرێن ئەوا ئەوانە ئەبنە پاسەوان بۆ یەدەگی نەوتی ئیستراتیجی بۆ خزمەتی جیهان.

لەئاسـتی ناوخۆشـدا هەنـدێك هەوڵـدان لـەم بارەیـەوە ئـەنجام دراوە. سـەرەتا لـە (75) سـەرەك هـۆزی کـورد ئەنجومـەنێك بـەناوی ئەنجومـەنی ولایەتی موسڵەوە لەرۆژی 1992/4/29دا پێکهات. ئـەم ئەنجومەنـە رۆژی 1992/5/15 لەئەنقەرە بەرەسمی خۆی بەدیارخـست وەك دەسـەڵاتێکی عیلمانی بەرز بۆ ولایەتی موسڵ‌و جاڕی ئاشـکراکردنی چارەنووسـی خـەڵکی ولایـەتی موسـڵی بەسـکرتێری گـشتیی کۆمەڵـەی نەتـەوە یـەکگرتووەکان راگەیاند بـەپێی مـادەی (1) لەپـەیمانی دەسـتەی نەتـەوە یـەکگرتووەکان. لــەدوای ئەوانــەدا ژمارەیــەك راگەیانــدن‌و راپــۆرتی تریــان ئــەنجام داوەو نوێنــــەریان ســــەردانی دائــــیرە پەیوەندیــــدارەکانی کۆمەڵــــەی نەتــــەوە یــــەکگرتووەکانیان لــــەرۆژئاوا کــــردووەو داوای دەســــەڵاتی نەتــــەوە

یـەکگرتووەکان ئەکـەن بـۆ سـەر ولایـەتی موسـڵو گـەلیَ داخـوازیی تـر بـۆ پاراستنو گوزەرانی خەڵکی ناوچەکە.

ئەم پرۆژەیە هی پارتی پارێزگارانی کوردستان نیە،وەك بڵاوە لەناو خەڵکیدا، پارتی پارێزگاران وەك پارتییەك کە باوەڕی بەسەربەخۆیی کوردستان هەیە، لایەنگری ئەم پرۆژەیەی کردووە وەك هەر کۆمەڵو کەسانێکی تر کە لایەنگیری پرۆژەکەیان کردووە. زیندووکردنەوەی پرۆژەی ولایەتی موسڵ بیرۆکەی هاوپەیمانانە. کوردیش ئەگەر بەتەرازووی قازانجو زەرەر ئەم پرۆژەیە هەڵسەنگێنێ، بێگومان تای قازانجی زۆر قورستر ئەبێو زەرەرمەندی گەورە ئەو دەوڵەتی عێراقە ئەبێ کە بۆ ماوەی نزیکەی (75) ساڵ پارێزگاریی هیچ پێوانەیەکی رەوشتی نەکرد لەگەڵ کوردو کەمە نەتەوەییەکانی ولایەتی موسڵدا. تورکیاش ئەگەر واز لەلووت بەرزیی رەگەزپەرستی بێنێ، ئەویش تای تەرازووی قازانجی سەنگینتر ئەبێ چونکە هەر کاتێ نەوتی ولایەتی موسڵ دەرکرایەوە، هەموو ئەو نەوتە بەتورکیادا تێپەڕ ئەکات بۆ دەریاو رێژەی باجی نەوتانەی تورکیا بەڕادەیەك بەرز ئەبێتەوە کە نەك هەر ئابووریی رووخاوی خۆی پێ راستکاتەوە، بەڵکو ئەشبێتە خاوەن کیسەو باخەڵکی خۆی.

کۆمەڵەی کۆششی دەستەی ئـەوروپی کـە لەسـەرەتادا بەوشـەی نهێنـی (مونالیزا) کاریان ئەکرد, ئێستاش هەر بەردەوامە لەسەر کارەکەی.

### {3} فیدراڵی یەك لایەنی نابێ

یەکێتی فیدراڵی، دەوڵـەتی یەکگرتووشـی پـێ ئـەوترێ کـە لەڕێکـەوتنی چەند دەوڵەتێك پێکدێ بۆ یـەکگرتنێك لەنێوانیانـداو حکومـەتێکی ناوەنـدی

نوێنەریانو ئـەبێو خـاوەنی دەسـەڵاتی بـەرزو جۆراوجـۆر ئـەبێو پێویـستە حکومەتە ئەندامەکانیو خەڵکی ناوچەی ئەو حکومەتانە ملکەچی بن.

وێنەی ئەم یەکێتی فیدرالیە وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئەمەریکایـە لەسـاڵی 1787ەوە، سویـسرا لەسـاڵی 1848ەوە، ئـەڵمانیا لەسـاڵی 1949ەوە، ئاشکرایشە ئەندامەکانی ئەم یەکێتی فیدرالیە واز لەبەشـی زۆری سـەروەری دەرەکـیو نـاوەکی خۆیـان ئـەهێنن تـا ئەگاتـە کەسـێتی نێـو دەوڵـەتیان نامێنێو ئەو کەسێتییە تەنیا ئەبێ بەهی دەوڵەتە ناوەندییەکە وەك ئێستای ئەمەریکاو سویسراو ئەڵمانیا. لەگەڵ ئەوەشدا لـەڕووی دەسـتورییەوە ئـەبێ دوو ئەنجومەنی یاساکاری هەبێ. ئەنجومەنێکی خواروو کە نوێنەری هـەموو وڵات ئەبێ وەك (ئەنجومەنی نائیبەکان لەئەمـەریکاو ئەنجومـەنی نیـشتمانی لەسویسراو رایخشتاخ لەئەڵمانیا)و ئەنجومەنێکی باڵا وەك ئەنجومەنی پیران لەئەمەریکاو ئەنجومەنی دەوڵەت لەسویسراو ئەنجومەنی یـەکێتی لەئـەڵمانیا کە نوێنەری هەر یەك لەدەوڵەتە یەکگرتووەکان ئەبێ بەژمارەیەکی یەکسان کە هەر یەکەو ژمارەی خۆی ئەنێرێ بۆ ئەو ئەنجومـەنی باڵایـە بەیەکسانی. جگـە لـەوە ئـەبێ دادگایـەکی بـاڵای یـەکێتی هـەبێ بـۆ دادگـایی کردنـی ناکۆکییەکانی نێوان ئەندامەکان.

کەواتــە یــەکێتی فیــدراڵێ یــەك لایــەنی نابــێ. بــەبێ بــوونی ئــەو دوو ئەنجوومەنـەو ئـەو دادگایـە، پێـی نـاوترێ فیـدراڵی. لـەبارەی دەسـەڵاتی راپەڕاندنیـشەوە ئەگەرچـی وێنەیـەکی یەکـسان نیـە بـۆ هـەموو دەوڵەتـە فیدرالیــەکان لەجیهانــدا، بــەڵام بــەجۆرێکی گــشتی بــۆ هــەر یــەکێك لەئەندامەکان، حکومەتێکی ناوچەیی پێویستە، بێجگە لەحکومەتی ناوەندی کە ئەمەیان چاك وایە لەنوێنەرانی هەموو ناوچـەکان پێك بێـت بـۆ وڵاتێکـی وەك عێراق. دەسـەڵاتەکانیش، کـە ئەمـەیان گرنگـەو بـۆ وڵاتێـك کـە لـەدوو نەتـەوە پێکهاتبـێو جۆگەیـەکی خـوێنیش لەنێوانـدا هـەبێ، ئـەبێ بـەپێی

ڕێکەوتنێك بێ کە هیچ لایەنێکیان زاڵ نەبێ بەسەر لاکەی تردا. هەر چـەندە ئەنجامی یەکێتی فیدراڵی نێوان دوو یا چەند نەتەوەیەك هەر جیابوونەوەیـە وەك هەڵوەشـاندنەوەی یـەکێتی سـۆڤێتو چیکۆسـلۆفاکیاو یۆغـسلافیا. مانەوەی یەکێتییەکی وەك سویسراش نابێتە پێوانە بۆ وڵاتێکی وەك عێراق، چونکە سویسرا هەندێك تایبەتمەندێتی هەیە کە ئەوانە لەعێراقـدا نـین. وەك بـچووکیی ڕووبـەری زەویەکـەی، کـەمیی ژمـارەی دانیـشتوانی نـەبوونی چەوسانەوەی ئابووریو نەتەوەییو ئاستی بەرزی هوشیاری.

## }4{ ئۆپۆزسیۆنی عێراقیو ئەنجامی کەوتنی ڕژێم

چـاك وایـە سـەرکردایەتی سیاسـی کـوردی بەکاکـە کاکـەی چـوار ئۆپۆزسیۆنی عێراقی دەسبەتاڵ هەڵنەخەڵەتێو لەبەر خاتری خـاتران خـۆی نەبەستێتەوە بەیەکێتی خاکی عێراقەوەو لەبەر بوورەش کەس نەکاتە بـرای هاوپشتی خۆی، چونکە ئەم ئۆپۆزسیۆنە یـا هـەر کورسـی فەرمانڕەوایـەتی نابینـێ لەعێراقـدا، یـا ئەگـەر بینیـشی ئـەوا فەرمانڕەوایەتییەکـەی زۆر بـڕ ناکات!.. بۆچی؟

گریمـــان ئـــەم ئۆپۆزســـیۆنە بـــوو بـــەجێگری ســـەدام حـــسێنو فەرمانڕەوایەتیەکی دیموکراتیانەشـی چەسپاند لەعێراقـدا. ئەوسا ئـەبینین دەیان پـارتی قـوت ئەبنـەوەو هـەر یـەك ئـەڵێ هونـەر هونـەری خۆمـەو مـن خاوەنی خەباتو من خاوەنی جەماوەرم. بێگومان کە ڕژێم دیموکراتیانە بـێ ئەبێ هەڵبژاردن بکرێ بۆ ئەوەی (خاوەنی زیاترین جەماوەر) حـوکم بگرێتـە دەست بەتەنیا یا بەهاوکاری.

**خاوەنی زیاترین جەماوەر!! ئەم ڕستەیەمان بیر نەچێ**

لێـرەدا ململانێـی نێـوان پارتییـەکان ئەبێتـە کێشمەکێـشی ڕاکێـشانی زیاترین خەڵك لەڕیزەکانی جـەماوەردا بـێ گوێدانـە ئـەوەی کـێ باشـەو کـێ جاشـە! چـونکە لەبـەردەم سـنوقی هەڵبژاردنـدا جیـاوازی لـەنێوان بـاشو جاشـدا نیـە، هەریەکـەیان خـاوەنی یـەك دەنگـە. جـەماوەریش هـەر یـەك لەگۆشـەنیگای خۆیـەوە خـۆی ئـەکوتێ بـۆ ژێـر ئـەو سـێبەرەی تیـا

ئەحەوێتەوە ! هەر هەموو کۆنە ئەندامو لایەنگرەکانی لەمەڕ حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکیەکەی صەدام خۆیان ئەکوتن بۆ ناو حیزبی بەعسی سەر بەسوریا. ئەوانیش بەئەوپەڕی سنگ فراوانیەوە دەرگایان بۆ ئەخەنە سەر پشت. چونکە بیروباوەڕ هەر هەمان بیروباوەڕەو هەر پارتییەکیش وەك وتمان پێویستی بەزیاترین لایەنگر هەیە. ئنجا لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ لەعێراقی عەرەبیدا، بەزۆر بێو بەخوایشت، لەبیرو باوەڕەوە بێ یا بۆ دەسکەوتو بەرژەوەندیی تایبەتی، بەعسیەکان ژمارەیەکی زۆری جەماوەری گەلیان گرتۆتە خۆ، ئەوساش چاوەڕوان ئەکرێ هەر ئەوان زۆربە، بەدەس بهێننەوە.

تەنیا گروپێك کە رەنگە بتوانێ مونافەسەی ئەو حیزبە بکات بۆ بەدەست هێنانی زۆربە، گروپی ئیسلامیە لەناو شیعەدا ئەگەر شیعەکان بتوانن هەموویان یەککگرتووبن! جگە لەو دوو گروپە، هەموو گروپە سیاسیەکانی تر ئەمێننەوە دوکانی بەکرو دوو قالّب سابوون! ! بەتایبەتی ئەو دوو گروپە جگە لەجەماوەر هەر یەکەی پشتێکی دەرەکیشی هەیە، ئەویان سوریاو ئەمیان ئێران، ئەوانی تریش نازانن (بأی الاء ربکما یکذبان).

ئنجا بۆ کوردیش نەدار بێو نە پەردوو، نەفرەت لەچارەی هەردوو ئێستا سوریاو ئێران چەند ماف بەکورد رەوا ئەبینن، ئەوسا ئەوانیش هەر ئەوەندە !

ئەمە ئەگەر لەعێراقی حوکمی ئۆپۆزسیۆندا گورگو مەڕ بەیەکەوە ئاو بخۆنەوەو دیموکراسی باڵی دادو ڕەوای کێشابێ بەسەر وڵاتداو حوکم بەهەق بۆ زۆربە بێ.

خۆ ئەگەر شەڕەکانی لوبنانو ئەفغانستانو یەمەنو راوندایەکی تر لەعێراقدا دووبارە بوونەوە، ئەوا ئەوسا کەس نازانێ خەرمانی مافی کورد بەئاگری کام لایان ئەسووتێ. لەبەر ئەوە، مەمان گەیەننە ئەوەی ئەم بەعس بگۆڕینەوە بەو بەعس. یا شیعە بگۆڕینەوە بەشیعە. دوایش هەر

ئەوەمان بۆ بمێنێتەوە بڵێین کەرێکم دا بەکەرێ. سندان لەگوێچکەی دەرێ، یا بەهەناسەی ساردەوە بڵێین: هەزار رەحمەت لەکفن دز.

وەرن با کارێ بۆ سەربەخۆیی کوردان بکەین. با جارێ خۆمان ببینە دێ، ئەوسا دوکەڵمان لێ بێ. ئێمە ئەگەر لەمڕۆوە نەتەوەییانە بیرنەکەینەوەو کارنەکەین‌و بیروباوەڕە نامۆکان پووچەڵ نەکەینەوە، لەئایندەداو بگرە لەکوردستانێکی سەربەخۆشدا ئەو بیروباوەڕانە، ئایندەش‌و سەربەخۆییەکەشمان لەدەست ئەدەن.

لەبارەی ترسی نەیارانیشەوە لەسەربەخۆیی ئەڵێین:

ترسی سەربەخۆیی

کەس لەبەربوورەو لەخۆڕایی ناترسێ، سەرچاوەکانی ترس، یا راستەوخۆ بەرەنگار ئەبنەوە، یا مەزەندە ئەکرێن، ئەوسا ترساوەکان، یا بڵێین ئەوانەی کاریگەرێتی ترسەکە ئەیانگرێتەوە، هاواریان لێ هەڵئەسێت‌و ئەکەونە خۆپاراستن‌و بەرگری.

ئەمە لەترساوەکانی دەوڵەتی کوردی‌و سەربەخۆی کوردستان ڕوی داوە، ترسەکەشیان بێ بنچینە نیە، بەڵکو بەڵگەو هێماکان زۆرن، لەوانە:

– ناوچەی ئازادی باشووی کرودستان بەحکومەت‌و پەرلەمان‌و دەزگا دادوەری‌و سوپاو پۆلیس‌و ئاسایش‌و زانکۆو هەموو پێویستیەکانی تری دەوڵەتەوە کە ئێستا، دوای تێپەڕبوونی زیاتر لەدە ساڵ، بۆتە بووەیەکی سەپاوو هەڵکەوتەیەکی بەرچاوی یاران‌و نەیاران کە سەرجەم ملی ناچارییان بۆ داوەو جۆرەها سەوداو مامەڵەی لەگەڵدا ئەکەن، نەوەکانی ئەم دە ساڵەی ناوچەکەش، راهاتووی ئەو ئازادییەن‌و جارێکی تر ژێر دەستەیەتی‌و کۆیلەیەتییان پێ هەرس ناکرێ.

– ترساوەکانی سەربەخۆیی کوردستان، خۆشیان ئێستا ئەو کوڕەی جاران نین، ئەوانە ئەمڕۆ وەك بەفری بەهار، چۆڕە چۆڕ ئاویان لەبنەو لەبەر هەڕەشەی تواندنەوەدان.

– کوردەکەش ئێستا وەك جاران بێ پشتو پەنا نیە، بڕیارەکانی UN بەتایبەتی 688 و 986، چەکوشی ئامادە، بەرگرییە ئاسمانییەکان، سۆزی گەلان، یارمەتییە مرۆییەکان، بەڵێنەکانی زلهێزەکان بۆ پاراستنی کوردو.. هتد، پشتو پەنامانو گوڕێکی زیاتر بەتێکۆشەران ئەدەن.

– ئەو تەلیسمەش شکا کە نەئەبوو نەخشەی دەوڵەتان بگۆڕرێ. گەلێ دەوڵەتی گەورەو ناونجیو بچووك کەرتو پەرت کران، رژێمە تازەکەی جیهانیش دژی ئیمپراتۆریەتو لایەنگری جیابوونەوەی گەلانی بەزۆر لکێنراون.

– پرۆژەی ولایەتی مووسڵ بۆ جیاکردنەوەی باشووری کوردستان لەعێراقی دەسکردو ناسروشتی، لەگوڕو تینێکی تازەدایەو لۆزان خەریکی خۆئامادەکردنە بۆ سپیکردنەوەی رووی خۆی.

– جەنگی جیهانی سێهەم دژی تیرۆر، لەبەرژەوەندی دۆزی کوردە.

ئەوانەو شتی تریش.. بەڵگەو هێمای سەربەخۆییمانن، بەڵکو نیوەی هەلە رەخساوەکەن بۆ سەربەخۆیی، نیوەکەی تری لەئەستۆی خۆماندایە، یەکەم مەرجی ئەو نیوەی دووەمەش، ئاشکراکردنی خواستی سەربەخۆییمانو دەوڵەتی کوردیە.

کاتی ئەوەش بەسەرچووە پاکانە بکەین لەدەوڵەتی کوردیی سەربەخۆ، بەپێچەوانەوە ئێستا پێویستە زیاتر ئەو خواستە پیشان بدەینو بانگی ئاشکرای بۆ بدەینو کاری کاریگەری بۆ بکەینو گوێی دنیای پێ ڕابێنینو رۆڵەکانی خۆمانی پێ گۆشو پەروەردە بکەین.

ئەی لایەنە سیاسیەکانی کورد، هاوبیرورۆشنبیران، بێلایەنانو کەنارگرتووان: رابن، رابن بۆ قۆستنەوەی هەلی سەربەخۆیی، چەتری کۆنگرەیەکی نیشتمانی بۆ یەکێتیو یەکگرتنو یەك وتاریو یەك ستراتیجی چاوەڕوانتانە. جارێ ناکۆکییەکانتان وەلاوەنێن، هەلەو هاتووە.. ترس ئەژنۆ شکێنە، ورە بەردانە، ترسی دەوڵەتی کوردیی سەربەخۆ لای نەیاران، ئاشکراکردنی خواستی ئەو دەوڵەتەو رابوونی بەکۆمەڵمان بۆ ئەو خواستە

ڕەوایە، تێکـەڵ بـارو دۆخـە لەبارەکـە، دەوڵـەتی کوردییـە سـەربەخۆکە وە بەرهەم ئەهێنێ.

سەرەتای ئیش هەموو یەکبوونە ئەویش نابێ هەتا
هەر ببینێ کە لەدڵدا هەیە سارێژی نەکەی

## 5} کۆنگرەی نیشتمانیی باشووری کوردستان

نەتەوەی کورد، بەهۆی کەمزانینی خۆیەوە بێ یا لەئـەنجامی سـاڵەهای داگیرکردن‌و چاندنی تۆوی دووبەرەکی لەناو کۆمـەڵان‌و تاکەکانی‌دا، کـەمتر کاری سیاسی بەکۆمەڵ‌و بەبەرنامـەی ئـەنجام داوە، ئـەو کارانـە زیـاتر تـاك ڕەوانەو لەخۆوە بووە بێ نەخشەو بەرنامەی زانستیانە، ئەوەش یەکێکە لەو کەلەبەرانەی نەیارانی کوردو داگیرکەرانی کوردستان هەمیشە لێوەی ئەچـنە ناو ماڵی کوردەوەو سیاسەتی کوتی کەو کـۆتی کـەی تیـا ئـەنجام ئـەدەن‌و بزووتنەوەکانی کوردی پێ لەبار ئەبەن بـەهێزە سیاسـیەکانی کـورد خـۆی، لەبـەر ئـەوە، نەتەوەییـەکانی کـورد، هـەر لەسـەرەتای سـەرهەڵدانی سیاسیانەوە، کەمتر گرنگیان بەپارتایەتی داوە.

ئەوەبوو، وەك وتمان، کاژیك ئاوێتەی شۆڕشـی ئـەیلول‌و پاسـۆك تێکـەڵ لەلایەنەکانی تر بوو، ئەو کەسـانەش کـە بـێ لایـەن مانـەوە، چـالاکییەکانی خۆیان تەرخان کرد بۆ کۆششی نەتەوەیی‌و بـۆ کـاری کـۆنگرەیی لـەپێناوی یەك ڕیزی‌و یەك وتاری‌و یەك ئامانجی نەتەوەی کورد لەم قۆناغی ڕزگارییەدا بەناوی کۆنگرەی نیشتمانی کوردستانەوە لـەدەرەوەی وڵاتو لـەناوەوەش، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی یاسـای ژمـارە (17)ی سـاڵی 1993ی پارتییـەکانی هەرێمی کوردستان ڕێگە بەوە نـادات ڕێکخـستنێکی سیاسـی لـەدەرەوەبێ‌و لقـی لێـرە، ئێـستا هـاوبیران‌و ڕۆشـنبیرانی نەتـەوەیی بـەناوی کـۆنگرەی نیشتمانیی باشووری کوردستانەوە وەك ڕێکخستنێکی سەربەخۆ لەباشووردا کار ئەکەن هاوکارو هاوئاهەنگ لەگەڵ کۆنگرەی نیشتمانی کوردستاندا.

لەڕاسـتیدا ئـەم ڕێکخـستنە داهێنـانێکی تازەیـە. لەگـەڵ بەرەیەکـدا، جیاوازییەکەی ئەوەیە کە (بەرە) زیاتر چەترێکە بۆ چـەند پارتییـەك، بـەڵام

کۆنگره پارتییەکانو ڕێکخراوه دیموکراتییەکانو کەسانی سەربەخۆش ئەگرێته خۆی.

لەگەڵ پارتییەك یا ڕێکخراوێکی دیموکراتی، جیاوازییەکەی ئەوەیە پارتیو ڕێکخراو بۆ توێژێك یا بۆ ئایدیۆلۆجییەکی تایبەتین، بەڵام کۆنگره بۆ گشتەو بۆ کۆبوونەوه لەدەوری خاڵە هاوبەشەکانو بۆ کۆششی نەتەوەییانەشو ڕایەکی گشتیش پێك ئەهێنن.

بەشداربوونی پارتو ڕێکخراوەکان لەکۆنگرەی نیشتمانی باشووری کوردستاندا، بەشداربوونێکی ناڕاستەوخۆیه لەڕێگەی نوێنەرێك یا چەند نوێنەرێکیانەوه نەك پارتییەکه یا ڕێکخراوەکە خۆی، بەوەش بڕیارەکانی کۆنگره ئەبنە راسپاردە (توصية) بۆ ئەو لایەنانە نەك وابەستەبوون (التزام)، هەڵبەت لەپرۆگرامو پەیڕەوی ناوخۆکەیاندا، زیاتر جۆرو چۆنیەتیو ئامانجەکانی ئەم کاره نوێیه ئەبینرێ.

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| *وشەیەکی پێویست | 3 |
| * کـورد | 6 |
| * کوردستان | 6 |
| * کوردایەتی | 6 |
| * دەرچوون لەبازنەی سەپاو | 11 |
| * بارودۆخو نەزانین | 16 |
| * هۆی نەبوونی قەوارەیەکی رامیاریی سەربەخۆ؟ | 17 |
| * میرنشینییە کوردییەکانو شۆڕشەکانمان بۆ ئەنجامدار نەبوون؟ | 35 |
| * حکومەتەکەی شێخ مەحمود بۆ سەرنەکەوت؟ | 41 |
| * کاژیکـو پاسۆکـ بۆ بەردەوام نەبوون؟ | 53 |
| * پێکەوە ژیان ئەستەمە | 62 |
| * ئێستای باشووری کوردستان | 74 |
| * هەلومەرجەکانی سەربەخۆیی | 76 |
| * ئایا سەرکردایەتی کوردی لەئاستی هەلی سەربەخۆییدایە؟ | 86 |
| * گۆڕینی ستراتیجی کورد | 96 |
| * بەرنـامە | 103 |
| * پرۆژەی بەرنامەی سەربەخۆیی | 105 |
| * پرۆژەی ئاشتیو سەروەریی یاسا لەباشووردا. | 107 |